کەریم شارەزا

# کاروانی ژیانم

## ... بیرەوەرییەکانی



چاپی یەکەم
هەولێر 2021

# بیرەوەرییەکانی
# کاروانی ژیانم

کەریم شارەزا

هەواڵنامەی کتێب

چاپی یەکەم
هەولێر ٢٠٢١

ناوی کتێب : بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم
نووسینی : کەریم شارەزا
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
نەخشەسازی : نووسینگەی هیــوا
تابلۆی بەرگ: مامۆستا عزیز پیرداود
هەڵەچنی ناوەڕۆک: کامەران کەریم شارەزا
چاپ : چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر
کوردستان/ هەولێر/ ٢٠٢١

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ٣٠٨٤ )ی لە ساڵی (٢٠٢١)ی دراوەتێ

**لەسەر ئەرکی بنەماڵەی کەریم شارەزا چاپ کراوە**

## پێشەکی:

**خوێنەری خۆشەویست..**

ئەو پەرتووکەی لەبەر دەستت دایە پوختەی بیرەوەرییەکانی کەریم شارەزای باوکمانە کەکاتی خۆی بەناونیشانی (بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم) بە (٢٤) ئەڵقە بڵاویکردبووەوە (١٣) سیازدەی لەگۆڤاری (مێرگ)[1] کەخۆی یەکێك بوو لەدەستەی نووسەرانی. بەڵام بەداخەوە لەساڵی ٢٠١١ ئەو گۆڤارە رەنگینە بەبیانووی کەمکردنەوەی خەرجی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەبڵاوکردنەوە وەستا، هەربۆیە (١١) یازدە ئەڵقەکەی تری دوای زیاتر لەساڵ و نیوێك لەگۆڤاری (رامان)دا[2] بڵاو کردەوە کەلەلایەن سەر نووسەرەکەی بەڕێز ئازاد عەبدولواحیدەوە ئاسانکارییەکی باشی بۆ کرا.

شارەزای باوك لەتەمەنی (٨٠) ساڵییەوە دەستی کرد بەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانی، لەسەرەتادا زۆر بەووردی و بەسەلیقەوە دەستی پێکرد و ئەمەش بەخوێندنەوەی ئەڵقەکانی سەرەتادا زۆر بەروونی هەستی پێ دەکرێت تا دەگاتە نیوەی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، لەدوای ئەو کاتەوە هەست بەپەلەکردن دەکەین لەتۆمارکردنی بیرەوەرییەکانیدا ئەوەش بەبۆچوونی ئێمە بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

---

(1) بڕوانە گۆڤاری مێرگ لەژمارە (٥٧)ی مانگی شوباتی ٢٠١٠ تاکو ژمارە (٦٩)ی مانگی شوباتی ٢٠١١.

(2) بڕوانە گۆڤاری رامان لەژمارە (١٨٦)ی تشرینی دووەمی ٢٠١٢ تاکو ژمارە (١٩٧)ی مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠١٢. لەژمارە (١٩١)ی مانگی نیسانی ٢٠١٣ بڵاو نەکراوەتەوە.

یەکەم: لەئەنجامی نووسینەوی زۆر کەشارەزای باوك ناوبانگی پێ دەرکردبوو چ بەنووسینی بەرهەمەکانی خۆی یا نووسینەوەی پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان کەخۆی لەنزیکەی (١٠٠) بەرگ دەدا، یا بەشداری کردنی لەنووسینەوەی پرۆژەی گەورە وەك ( ئەنسکوپیدیای هەولێر) و چەندین بابەتی تر، شایانی باسە نووسینەکانی بەمەرەکەبی چینی ڕەش دەنووسی گەر ئاویش بەسەردا رژابا نەدەسڕایەوە و دەستخەتی زۆر جوان بوو، ئەوانە بوونە هۆی لەکارکەوتنی دەستی ڕاستی و توانای نووسینی نەما ئەوەبوو لەمانگی ئایاری (٢٠١٠) نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووی لەلایەن دکتۆر لاس حەوێزیەوە بۆ ئەنجام درا و داوای لێ کرا کەماوەیەك پشوو بدات .

دووەم: کۆچی دوایی (خێریە عەبدولڕەحمان جەلی زادە) هاوژینی لە ٢٠١٣/٣/١٠ کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەری و وای لێکرد زۆر بەپەلە کۆتایی بەنووسینی بیرەوەرییەکانی بهێنێت.

گەر بەوردی بیرەوەرییەکان بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کەباسی هەموو وێستگەکانی ژیانی کردووە هەر لەقۆناغی منداڵی و خوێندنی سەرەتایی و ئامادەییەوە لەشاری کۆیە و چوونی بۆ خانەی مامۆستایان لەبەغدا و دامەزراندنی بەمامۆستا لەکۆیە و چۆنیەتی پەرەسەندنی بیروباوەڕی نەتەوەیی و چینایەتی کەلەپێناویدا تووشی ئەزیەتێکی زۆر هاتووە و دوورخراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ (١٩٦١–١٩٦٦)، ئەوسا دێتە سەر چەکەرەکردنی حەز و ئارەزووی ئەدەبی لەژێر کاریگەری باوك و دڵزاری برا گەورەی، سەرەتا وەك زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئەوکاتە بەنووسینی شیعر دەستی پێکرد و یەکەمین بەرهەمی شیعری بەناوی (ئازادی و ژیان) لەساڵی ١٩٦٠ بڵاو کردەوە. لەپاڵ شیعر گرنگی داوە بەنووسینەوەی ژیان و بەرهەمەکانی شاعیران

و سەرەتا بەشاعیرە کۆچکردووەکانی شاری کۆیە و دەوروبەری دەستی پێ کردووە و دووەمین بەرهەمی بەناوی (کۆیە و شاعیرانی)– بەرگی یەکەمی لەساڵی ١٩٦١ بەچاپ گەیاندووە، و تا دوا ساڵی ژیانی بەردەوام بووە لەسەر نووسین و توانیویەتی (١٧) حەڤدە بەرهەمی خۆی یا هاوبەشی لەگەڵ نووسەرانی تردا بڵاو بکاتەوە سەرەڕای سەدان بابەتی تر لەرۆژنامە و گۆڤارەکان تەنانەت بەشداری کردووە لەدانان و داڕشتنی چەندین بەرنامەو وانەی قوتابخانەکاندا.

جگە لەو بابەتانەی باسمان کرد شارەزای باوك زۆر چالاك بووە لەبواری رێکخراوە و کۆمەڵەکاندا لەوانە:

– رۆڵی باڵای لەرێکخراوی مامۆستایان.

– رۆڵی لەدامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد بەگشتی و لقی هەولێر بەتایبەتی.

– رۆڵی لەکۆڕی زانیاری کورد.

هەروەها دەستێکی باڵای هەبوو لەرێکخستنی ساڵنامە و رۆژژمێری زاینی و کوردیدا ، بۆ چەندین ساڵ رۆژژمێری ئامادە کردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیری.

لەکۆتاییدا هیوادارین بەبڵاوکردنەوەی ئەو بیرەوەرییانە توانیبێتمان بەرهەمەکی بەسوود پێشکەش بەئێوە و کتێبخانەی کوردی کردبێت.

**کامەران کەریم شارەزا**

**لەجیاتی بنەماڵەی شارەزا**

**شەقڵاوە ١٩–٦–٢٠٢١**

# چاو هەڵێنانی ژیانم

ناوم کەریم کوڕی مستەفاغای کوڕی حەماغای حەوێزییە و ناسراوم بە کەریم شارەزا و دایکیشم ناوی عایشەی کچی مەلا عەبدولعەزیزی کوڕی مەلا وەسمانی خۆشناوی ناودار بەکاکی زێوە و خەڵکی گوندی سەروکانی نزیک بێتواتە بووە، بنەماڵەی (حەوێزی)یانی باوکم خانەوادەیەکی زۆر کۆنە و لە سەردەمێکی زووەوە لە ناوچەی (ئەردەلان)ی کوردستانی ئێرانەوە باپیرە گەورەیان هاتۆتە شاری کۆیە و لێی نیشتەجێ بووە و پتر لە چوار سەد ساڵە پشت و نەوەی حەوێزییان لەم شارە دێرینەی کوردستاندا دەژین و باپیرە هەرە گەورەیان هاتۆتە شاری کۆیە و لێی نیشتەجێ بووە، وا پتر لە چوارسەد ساڵە پشت و نەوەی حەوێزییان لەم شارە دێرینەی کوردستاندا دەژین و باپیرە هەرە گەورەیان ناوی حەوێز بووە، بۆیە ئەو بنەماڵەیە بەناوی ئەوەوە ناونراون حەوێزی و لە حەوێزییان گەلێك پیاوی ئایینی و شاعیر و هونەر پەروەر هەڵکەوتوون و ناودارترینیان حاجی بەکراغای حەوێزی ناسراو بە (قاسید) و ئەمین ئاغای کوڕی کە نازناوی شیعری (ئەختەر) بووە و لەگەڵ رەشید ئاغای برای کە نازناوی شیعری (موجریم) بووە، هەرسێکیان شاعیر و هونەرپەروەر بوون بەتایبەتی ئەمین ئاغای ئەختەر.

حاجی بەکراغا باوکی دایکی باوکم بووە و ئەمین ئاغای ئەختەر و رەشید ئاغاش خاڵی بوون بۆیە باوکیشم بە میرات ئەو ئایین پەروەری و ئەدەب دۆستیەی لەوانەوە بۆ بەجێماوە و خوێندەوارێکی باش و فارسی زانێکی چاك بووە، جگە لە زمانی کوردی و فارسی شارەزاییەکی باشیشی لە زمانی تورکی هەبوو و سەری لە عەرەبیش دەردەچوو و کۆمەڵە کتێبێکی بە نرخی کوردی و

فارسـی و عـەرەبی لـە کتێبخانەکەیـدا پاراسـتبوو بـە زۆری داسـتان و ڕۆمـان و حەکایـەتی میللـی بـوون و بـەردەوام دەیخوێندنـەوە و زۆرجـاریش بـۆ دۆسـت و برادەرانی دەخوێندنەوە و داستانەکانی شانامەی فیردەوسی لەگـەڵ سـەیرکردنی دەقە فارسیەکەی یەکسەر بە کوردی بۆی دەگێڕانەوە.

باوکم لە شیعر و ئادەبیاتیش شـارەزا بـوو بـە سـەدان هـۆنراوەی فارسـی و کوردی شاعیرە کلاسیکیەکانی کـوردی و فارسـی لەبـەربوو، جارجـارەش چـەند دێرە شیعرێکی کوردی بەبۆنەی مردنی گەورە پیاوانی شارەکەی دادەنا. جگە لە ئەدەبیاتیش شارەزاییەکی باشی لە مێژوو و فەلەك و ساڵنامە و گوڵ پـەروەریش هـەبوو. مـن لـەناو ئـەو ئاوهـەوا ئـەدەبی و زانیارییـە وەك بـاوك و لـە بـەرگی داستانەکانی شـانامە نووسـی بـووی (کـەریمی کـوڕم لـە ڕۆژی ١٩٢٨/٣/٤) دا لـە گەڕەکی هەواو لە شـاری کۆیـە لـە دایکبـووە و ئـەو ڕۆژە کـەوتبووە نێـو مـانگی ڕەمەزانی ١٣٤٦ کۆچی. من هەشـتەمین منـاڵی بـاوك و پێنجـەمین کـوڕی بـووم و بچووکترینیانم. باوك لە سـاڵی ١٩٠٦ دایکـی گواسـتۆتەوە لـە سـاڵی ١٩٠٧دا بـرا گەورەکەم کە ناوی (حەماغا) بووە لەدایکبووە و (یاسین)ی برام لە ساڵی ١٩١١دا بووە بەڵام تەنیا دوو ساڵ ژیاوە و مردووە و لە ساڵی ١٩١٤دا خوشکێکی گەورەم کە ناوی (هەمین) بووە لە دایکبووە و لەو ساڵەوەش لەگـەڵ بـەرپابوونی جـەنگی یەکەمی جیهانیدا باوکم دەبرێتەوە عەسکەری کە لەوەو پێش چەند ساڵێکی تری عەسکەری کردبوو. لە ماوەی جەنگدا کە چوار ساڵی خایاند و لـە پـایزی ١٩١٨دا کۆتایی هات لە بەرەکانی جەنگ لە شام و ئـەرزەروم و بـەرەی جـەنگی قـەفقاس بەشداری کردووە و بە زۆری لە بەشی (میرە و تـەموین) کـاری کـردووە و لـە دوا دوای ساڵی ١٩١٨دا گەڕاوەتەوە، کۆیە و لەو جەنگە جیهانیـەدا مامـە (جـەمال)م (١٨٩٠–١٩١٥) لە بەرەی جەنگی شعێبەدا شەهید بـووە. دوای هاتنـەوەی بـاوکم

لەو جەنگە وێرانکەرە، کاکە ئەحمەدی دڵزاری برام لە رۆژی ١٩٢٠/١/٨دا لە دایکبووە و لە ١٩٢٢دا مەحموودی برام بووە، بەڵام هەر بە ساوایی مردووە و لە ساڵی ١٩٢٤دا حەکیمەی خوشکم و لە ١٩٢٦ یشدا خەدیجەی خوشکم کە بە (فریشتە) ناسراوە لە دایک بووە و منیش دووای دوو ساڵ لە ١٩٢٨دا وەك ئاماژەم پێ کرد هاتوومەتە دنیاوە. باوکم بە ناو ئاغا بوو، بەڵام بە کردار کاسب بوو. ژیانێکی هەژارانە دەژیا، چونکە لە سەردەمی جەنگی جیهانی و گرانییەکەی ساڵانی ١٩١٧ و ١٩١٨ هەموو پارە و سامانێکی لە باوکییەوە بۆی بەجێمابوو لە دەستی چوو بوو بۆیە لە جەنگ گەڕایەوە هیچی شك نەدەبرد. تەنیا پارچە زەوییەکی ١٣ دۆنمی رۆخ شار کە بە (زەوی رەزی میران) ناودەبرا و لە باوکییەوە بۆی بەجێمابوو، لەگەڵ دوو باخی داوێنی گەڕەکی هەوا و لە دایکییەوە بۆی مابووەوە. بۆیە خەریکی داچاندنی زەوییەکەی و خزمەتکردن و وەبەرهێنانی باخەکانی بوو و هەموو ساڵان دەچووینە سەر یەکێك لە دوو باخەی کە ناویان (شەمە) و (ئۆمەر خوچان) بوو و هەردووکیشیان سەیرانگای بەهارانی خەڵکی شارەکەی کۆیە بوون، کاری باخەوانیش ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری پێدەویست و هەرچەندە لە سەرەتادا من منداڵ بووم و بە ئاستەم دەمفامی و کار و ماندووەتی خزمەتکردنی باخەکەم بەسەرەوە نەبوو، بەڵام کە دەمبینی دایك و باوکم و برام و خوشکانم ماندوون و بەوە راناگەن خزمەتی من بکەن، منیش هەستم بە ناخۆشی دەکرد بەڵام هەرچەندە ئەرك و ماندووەتی ئەندامانی خێزانەکەمان پەستی دەکردین، بەڵام لەگەڵ داهاتنی پایز و مشتاخی هەنار ماڵمان دەچووەوە شار و لە ماڵە گەورەکەی خۆماندا دەحەساینەوە. ئێمە لە شاردا دوو خانوومان هەبوو، یەکێکی بچووك بەکرێمان دەدا و یەکێکی گەورەش خۆمان تێیدا دەژیاین و بریتی بوو لە دوو بەرە خانوو و باخچەیەکی خنجیلانەی

گوڵی ئەشرەفی و گوڵەباخ و نارنج و کەبات و پرتەقاڵیان لە نێوان دابوو، بەرەخانووی یەکەمیان دوو نهۆمی بوو لە هەر نهۆمە دوو ژووری گەورە و کەڵەگییەك هەبوو، بەرە خانووی دووەمیش دوو ژوورو ناوماڵێکی گەورە و گەڵەگییەکی درێژی هەبوو و لە بن دەرگای گەورەش ژوورێك بۆ نووستنی میوانان تەرخان کرابوو.

ماڵەکەمان لە سەرەتادا بەبۆڕی کونج ئاوی شیرناوی حەماموکی بۆ دەهات و لە سەردەمی باپیرمەوە (٣)سێ حەوزی ئاومان هەبوو، یەکێکیان بۆ ئاودانی باخچەکەی ماڵەوە یەکێکیان لە ناوەڕاستی حەوشەکەمان و یەکێکی دیکەشیان لە ژوورێکی تایبەت بە نوێژکردنی ژنانی گەڕەکەکەمان هەبوو، لە سەردەمی نەنکە (سوراحی) دایکی باوکمەوە ئەو ژوورەی پێیان دەگوت ژووری (قولەتێن) تەرخان کرابوو بۆ دەست نویژ هەلگرتن و نوێژکردنی ژنانی گەڕەکەکەمان و من بەو منالیەشم وام دەزانی ماڵمان مزگەوتی ژنانە و دەستەیەك دەهاتن و دەستەیەکیش دەڕۆیشتن.

ئێمە لە وەرزی هاویندا لەسەر یەك لە دوو باخەکەمان کارمان دەکرد و هەر خەریکی کۆکردنەوەی زاد و زەخیرە بووین، باخچەکەمان هەنار و هەنجیر و ترێ و خۆخ و سێوی زۆر بوو، ئەوەی دەمان فرۆشت بە تەڕی و ئەوەی وشکمان دەکردنەوە، هەردووکیان بۆ ئێمە مایەکی باش و سەرچاوەیەکی چاکی گوزەرانمان بوون و گەنمی باراشی ساڵیشمان لە بەروبوومی زەویەکەی دامێن شار دەهاتە دەست و هەموو هاوینێکیش دوو سێ بەرخمان دەکڕی و لەناو باخەکەماندا بەخێومان دەکردن تاکو قەڵەو دەبوون و لە کۆتایی پایزدا سەردەبڕان و دەکران بە قاورمەی چێشتی زستان.

بەم جۆرە باوکی خەمخۆرم پێویستی ماڵەکەی لە زاد و زەخیرەی زستان

دابین دەکرد و ئەو هەنارەی مشتاخی پایزانیش لە ژوورێکی سەرەوەی ماڵەکەمان دەپارێزرا و ڕۆژ بەڕۆژ لەلای بەقاڵێکی دۆستی باوکم کە ناوی (حاجی صاڵحە سووری خەسرەوی) بوو دەفرۆشرا و منیش کە تەمەنم بووە هەشت نۆ ساڵ ڕۆژانە دوای خوێندنی قوتابخانە سەبەتەیەك لەو هەنارەم دەفرۆشت و بە پارەکەی خەرجی ڕۆژانەی ماڵەکەمان لە کڕینی شەکر و چا و برنج و ڕۆن و ناو بەناویش گۆشت دابین دەکرا.

پایزان کە دەچووینەوە شار وامانـدەزانی جەژنـە، نـەك هـەر لەبـەر حەسانەوەمان، بەڵکو پتر لەبەر ئەوەی کە لەو وەرزەدا بە پارەی هەنار فرۆشتن جلوبەرگی نوێمان بۆ دەکڕدرا و ئێستاش وەك خەون لەبیرمە کە جارێ تەمەنم هەر چوار ساڵان دەبوو، باوکم بردمی بۆ بازاڕ و کراسێکی ئاودامانی کوڕانەی بۆ بەدروون دام جووتە کەوشێکی سووری منداڵانەشی بۆ کڕیم و بردمیە دوکانێکی تر چەنگێك نوقڵی زەرد و سووری خستە گیرفانم ئینجا بردمیەوە بۆ ماڵەوە و من لەو تەمەنە بچووکەمدا فێری گەلێك شت بووم و زانیم قوماش لە کوێ دەفرۆشرێ و جل و بەرگ لە کوێ دەدورێ و پێڵاو لە کوێ دەکردرێ و نوقڵ لە کوێ دەفرۆشرێ؟

ماڵمان لە گەڕەکی هەواو لە نزیك (کۆنە خان)ی مەیدانی خوارێ بوو، لەو تەمەنە بچووکەمدا ڕۆژانە لەگەڵ هاوەڵانم زاهیری جەلال ئاغای حەوێزی و حەمەی سابیراغا دەچوومە گۆڕەپانی ئەو کۆنە خانە و لەوێ چاوم بە وڵاخی بەرزەو کەر ئێسترێکی زۆر و کۆمەڵە حوشترێکی یخ بوو دەکەوت، هەندێك باردەکران و هەندێکیشیان بارەکەیان دەیەخستن و نەم دەزانی ئەم هاتۆباتە چییە و بەترسێکەوە لە بن دیواری خانەکە دەوەستام و نەم دەوێرا بچمە پێشەوە، نەبادا بکەومە بن دەست و پێیان. بەڵام زاهیری جەلال ئاغا لە من با خۆشتر بوو،

دەچوو قورقوشمی مۆری فەردەکانی باری ئەو ولاغانەی لێ دەکردنەوە تاکو بیان توێنێتەوە و لە کونی جگی کونکراوی جگانێی بکات و یاری پێ بباتەوە.

کە جاری یەکەم گەڕامەوەماڵەوە لە باوکم پرسی: باوکە ئەو هەموو ولاخانە چین و بۆ وا بەیەکەوە وەستاون و ئەو حوشترانە لە کوێوە هاتوون و بۆ بەیخ بوونەوە باردەکرێن؟

لە وەلامدا باوکم گوتی: (کوڕم ئەمانە لە شارانەوە هاتوون و کەلوپەل و کالایان هێناوە بۆ شارەکەمان و لێرەش کالا و شتومەکی ئەم شارە دەبەن بۆ شارانی دیکە. حوشتریش لەبەر بەرزی بەیخبوونەوە بار دەکرێ). لەو دەمەوە تێگەیشتم کە هەر شاری کۆیە ئاوەدانی و شار نییە بەڵکو شار و ئاوەدانی دیکەش هەنە وەك شارەکەی ئێمە شتومەکیان بۆ دەچێت و لێیانەوە بۆ شارانی تر دەچن. بەو وتە بەنرخانەی باوکم بازنەی زانیارییە سەرەتاییەکانم فراوان بوو و جیاوازی نێوانی ولاخی بەرزە و گوێدرێژ لەگەڵ حوشترم زانی کە ولاخ بە پێوە بار دەکرێن و حوشتریش بە بەیخ بوون و پالکەوتوویی باریان دەخرێتە سەر پشت ئێنجا راست دەبنەوە سەرپێ و ئەمەش لەلای من کارێکی سەیر و سەمەرە بوو!!

# بیرەوەرییەکی تاڵ لە ڕۆژێکی خۆشدا

هەرچەندە بە جەستە ڕاژیلەو لاواز بووم، بەڵام زۆر نارەحەت و بزێو بووم حەزم دەکرد لە جیاتی خەو و خۆراکم هەر خەریکی گەمە و یاری کردن بم. زۆر چاکم لە بیرە هەموو ڕۆژێك سەر لە ئێوارە لەگەڵ دەستەیەك لە هاوەڵانم لە گۆڕەپانێکی نزیك ماڵەکەمان یاری هەمە جۆری وەك ساپ ساپانێ، جگانێ، کەلایانیێ، پەلیکانێ و لەزستانیش ڕگانێ، بە شەویش لەناو کۆڵانە تەسك و ترووسکەکانی گەڕەکەکەمان لەگەڵ هەمان دەستەی هاوڵانم یاری (حنـدر حۆپـە) و (چاوشارکێ) و (بەردە گەرمووکێ) و (خواجەڕۆیی) مان دەکرد ماندووش دەبووم دەگەڕامەوە ماڵ و سەرم دەخستە سەر سەرینی نوێنەکەم و خەوێکی قووڵ دەیبردمەوە.. تازە تەمەنم گەیشتبووە شەش ساڵان و جارێ نەخرابوومە قوتابخانەوە، باش لە یادمە، مانگی ڕەمەزان بوو و بەرەو جەژن دەچووین، باوکم دەستی گرتم و بردمی بۆ لای وەستایەکی بەرگدروو لە قەیسەری کۆنی کۆیە و دەستی دایە قوماشێکی باش و ئەستوور، پێیان دەگوت قوماشی (تاقە) و بە وەستاکەی گوت: لەم تاقەیە کەوایەکی شۆڕەی بەقەدەر بۆ ببڕە و لە قوماشێکی سادەی شین باو چاکەتێکی لە قەدەری بۆ ببڕە و بەڵکو وادەکەی پێش جەژن بدروێن، تاکو کوڕەکەم لە یەکەم ڕۆژی جەژندا لە بەریان بکات و خەڵکەکە بزانن کوڕە خانەدانە و وەك پیاو ماقوڵان کەواو چاکەت لەبەر دەکات نەك وەکو مسکێن و ڕەعیان کورتەك وشەرواڵ لەبەر بکات و با لە کوڕە خانەدانەکان دانەبڕێ!!

وەستای بەرگ دروو وادەی تەواوکردنیانی پێداین، ئینجا باوکم بردمی بۆ

لای وەستایەکی ئێمەنی درووی ناسیاوی و جووتە ئێمەنیەکی سووری کلکداری بۆ کڕیم و دایە دەستم و پێی گوتم: ها کوڕم هەڵیگرە تاکو جەژن دادێ و دەستە جلەکانت تەواو دەبێ، ئینجا لە پێیان بکە. منیش دڵم زۆر بە کەوشە نوێیەکەم و جلەکە بەڕادان دراوەکەم خۆشبوو، ئەو چەند رۆژەی پێش جەژنم لێ نەدەڕۆیشت و هەر ساتەم لێ دەبوو بە ڕۆژێك و هەر رۆژەکیشم لێ دەبوو بە ساڵێك، تاکو رۆژی عەرەفە داهات و باوکم ناردمیە لای وەستای بەرگ درووی، ئەویش کاری راست بێ لە وادەی خۆی پەشیمان نەبووبووەوە و جلەکانی تەواو کردبوون، منیش بە دڵێکی زۆر خۆش هەڵم گرتن و بەرەو ماڵ بەراکردن گەڕامەوە و لە رێگادا گەز گەزم گۆشتم دەگرت لەبیرم چووبووە کوڕە باخەوانم و لەو دەمەدا شام بە سەپانی خۆم نەدەزانی!!

خۆشم نەمزانی چۆن گەیشتمەوە ماڵ و چووم بەرگەکەم پیشانی دایك و خوشك و برادەرانم دا، ئینجا لە شوێنێکی تەقەت لەگەڵ جووتە کەوشە تازەکەم دانان و خوا خوام بوو زوو شەودابێ تاکو زوو بنووم و زووش لەبەرە بەیانی جەژن لەخەو هەستم!! بەڵام وەك هەستم دەکرد شەو درەنگ دادەهات و خۆر هەر ئاوانە دەبوو و، توانای یاری کردن و خۆ خافڵاندنیشم نەمابوو تاکو لە ئەنجامدا شەو داهات، بەڵام وەك شەوانی دیکە نەدەڕۆیشت و هەردەم بیرم لەلای جلوبەرگە نوێکان و پێڵاوە تازەکەم بوو، وەك شەوانی دیکە نەچوومە دەرەوە بۆ یاریکردن و دوای ماوەیەك بە جوانی شووشتمیان و خستمیانە ناو نوێن، بەڵام من لە خۆشی جەژن و بەرگ و پێڵاوە تازەکەم خەوم لێ نەدەکەوت و لەو شەوەدا خەنەی جەژن گیرابووەوە بۆ پیرۆزیی ئەنگوستی شادەم لە خەنە گرت تاکو بۆ بەیانی خەناوی بێ و جەژنەکەم لێ پیرۆز بکا!!

ئەم کارەش دڵنیای نەکردن و خەوی نەخستە چاوەکانم و دایکم پێی گوتم:

ڕۆڵە دەزانم بۆ خەوت لێ ناکەوێ، تۆ حەز دەکەی جلەکانت لە تەنیشت بێ و هەستا جلە نوێکان و پێڵاوەکەمی خستە تەنیشتم و منیش دەستێکم لەسەر دانان و دەم گوت: ئەوە منم جلی جەژنم بۆ ئامادەکراوە؟ زۆری نەدەما خەوم لێ بکەوێ لەپڕ تەپەیەك دەهات و هوشیاری دەکردمەوە و منیش گورج دەستم دەخستە سەر جلەکانم و کە دڵنیا دەبووم لە جێی خۆیان ماون، دووبارە جڵەوی هەست و هۆشم دەدایەوە دەست پەری خەوو زۆری پێ نەچوو نووستم کەوتمە خەوێکی قووڵ و خەوبینێکی خۆش و وام دەزانی ڕۆژی جەژنە و لەناو دەستەیەك لە دۆست و برادەرانم وەستاوم و سەیری جلوبەرگە نوێکانم دەکەن و چەپەڵەی ڕێز و خۆشەویستیم بۆ لێدەدەن و پیرۆزبایی جەژن و بەرگە نوێکەم لێدەکەن. لە گەرمەی خەودا باوکم بانگی کردم لە خەوی ڕاپەڕاندم و گوتی: (هەستە بەیانی جەژنە!) هەر ئەمەی گوت گورج ڕاپەڕیم، پەرۆی پێچەکی خەنەکەی ئەنگوستم لێکردەوە و دەست و دەموچاوی خۆم بە ئاو و سابوون بە جوانی شووشت و بینیم پەنجەکەم جوان سوور بووە و زۆری پێ دڵشاد بوم و گورج جلە نوێیەکانم لەبەر کردن و دایك و باوکم جەژنە پیرۆزەیان لێکردم و ماچیان کردم و زۆری پێ نەچوو پلاوی جەژن پێگەیشت و چێشت تێکرا و ماوەیەك بوو گۆشت و پلاوم نەخواردبوو، بۆیە بە تاسە و ئارەزوویێکی زۆرەوە مەشکی زگم لەسەردانان و چایەکی شیرینیشم بەسەردا کرد. باوکم سێ ئانەی جەژنانەی بۆ ڕۆژی یەکەمی جەژن پێدام و هەندێك ئامۆژگاری کردم تاکو لە یاریگای جەژن پەیڕەویان بکەم و لە هاوەڵەکانم دانەبڕێم و جل و بەرگە تازەکەم پیس نەکەم و ئێمەنیە نوێکەم نەخەمە ناو قوڕ و چڵپاو منیش گوتم: (باشە باوکە لە قسەت دەرناچم.)

ئینجا هەستام بە گورجی کڵاو و مشکەیەکی مۆرم لەسەرنا و کەوشەکانم لەپێکردن و ٣ ئانەکەی جەژنانەم خستە ناو گیرفانی کەوا کەم و لەو کاتەی کە

لەماڵ دەچوومە دەر، هەستم کرد باوکم بە وردی سەرنجی دەدامێ و تێم رادەما و لەبەر خۆیە دەیگوت: خوایە زۆر شوکر توانیم ئەم جەژنە لەسەر شێوەی جلوبەرگی خانەدانانەی خۆم بەرگێکی نایابی بۆ بکەم و لە منداڵی مسکێن و رەعیانی جودابکەمەوە، تاکو هەر کەسێك ببینێ بزانێ کوڕی خانەدان و وەجاغ زادانە ! !)

منیش بە گورجی خۆم گەیاندە لای یەکدوو برادەری هاوتەمەن و خزمی خۆم تاکو بەیەکەوە بچینە یاریگای شار و ئەو رۆژە پیرۆزە بە خۆشی رابوێرین! ! من لەگەڵیاندا چووم بۆ گۆڕەپانی چەرخ و فەلەك و جۆلانەکانی ناوەندی شار کە لە رۆژانی جەژن دادەمەزران و لە دوای ئەو رۆژانەدا هەڵدەگیران. من کە لەگەڵ هاوەڵەکانمدا بەرێگادا دەرۆیشتم، سەرنج دەدایە جلوبەرگی خەڵکەکە و هاوەڵەکانم و دەمبینی بەرگی ئەوان جیاوازە لەگەڵ بەرگەکەی من، هی ئەوان بریتییە لە کورتەك و شەرواڵ، کەچی تەنیا بەرگەکەی من لەناو هەمووواندا جیاوازە و کەواو چاکەتە ! ! ئەوان جەمەدانە لەسەر دەنێن، منیش مشکی مۆر لە کڵاوەکەم دەئاڵێنم ! ! ئەو جیاوازییەم لا سەیر بوو و خستبوومیە نێو دەریایەکی قووڵی بیرکردنەوە و نەمدەزانی چۆنی لێك بدەمەوە، تاکو لە دواییدا ئەو قسەیەی باوکم هاتەوە یاد کە لەبەر دەرگای ماڵەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: (شوکر کەوا و چاکەتی خانەدانانەم بۆ کوڕەکەم دروستکردووە ! ) کەواتە ئێستا وەڵامی پرسیارەکەی خۆم دایەوە و هەر ئەوەیە هۆی ئەو کارەی باوکم کە کەواو چاکەتی بۆ کردووم چونکە خۆی بە هەمان دەستوور جلوبەرگی خانەدانە لەبەر دەکاتو دیارە باوکی هاوەڵەکانم کورتەك و شەرواڵیان لەبەرە بۆیە کوڕەکانیشیان کورتەك و شەرواڵ لەبەر دەکەن. لێرەدا لە تەلیسمی ئەم گێروگرفتەش رزگاریم بوو. لەو کاتەدا گۆڕەپانی یاریگەکەمان لێ بەدیار کەوت،

کەپتر لێی چووینە پێشەوە بینیمان گۆڕەپانێکی تابلێی پان و فراوانە و هەزاران منداڵ و مێردمنداڵ لەدەوری یارییە سەیرەکانی دا کۆبوونەتەوە و لەناوەڕاستی دا چەرخ و فەلەکێکی گەورە و بەرزی شەش پەڕی دامەزراوە و لە نووکی هەر پەڕەی کورسیەکی دار چەسپێنراوە و جێگەی دوو منداڵان دەبێتەوە، خێرا خۆم گەیاندە بن ئەو چەرخ و فەلەکە عاجباتیە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: من گەر سورای ئەم خەڕەکە سەیرە بم دەگەم بە ئاواتی دڵم و هەستام ئانەیەکم لە دەست خاوەنی چەرخ و فەلەکەکە ناو گوتم: مامە گیان دەی سوارم بکە... وەستا گوتی: رۆڵە ئارام بگرە با نۆرەی دابەزینی دوو منداڵ بێت ئینجا سوارت دەکەم.) دوای سێ سووڕ دوو کەس نۆرەیان تەواو بوو و هێنانیە خوارەوە و من و هاوەڵەکم لە جێی ئەوان سوار بووین و ئینجا دەستی دایە پەڕێکی چەرخ و فەلەکەکە و بای دا، ئێمە چووینە ئاسمان و وامان دەزانی باڵدارین و بەهەوادا دەفڕین، کە هاتینە خوارەوە خورپەمان لە دڵەوە دەهات و وامان دەزانی دەکەوینە سەر زەوی و گیانمان دەردەچێ! بەم جۆرە چوار جار سووڕاینەوە چوار جار فڕین بۆ تاقی ئاسمان و چوار جاریش وەکو مەل نشتینەوە سەر زەوی، ئینجا وەستای خاوەن چەرخ و فەلەک رای گرت و دایبەزاندین و کە کەوتینەوە سەر عەرد لە خۆمان گەیشتین کە ئادەمیزادین نەك مەلی باڵداری ئاسمان!!

من بەش بە حاڵی خۆم یەکەم جار بوو سواری ئەم عاجباتیە بم و بە سەیرترین رووداوی ژیانی خۆمم دەزانی! زۆر نەرۆیشتم لە هاوەڵەکەم جیابوومەوەو چاووم بە چەندە جولانەیەك کەوت لە گۆڕەپانەکە هەڵخرابوون، منداڵان دوو دوو دەچوونە ناوی هەریەکەیان لەسەرێکی سوار دەبوو و خاوەنی جۆلانەکەش بەهەردوو دەستی پەتەکانی جۆلانەکەی رادەژاند و سواربووەکانیش

یەکتریان پاڵدەدا من لەو کاتەدا هیچ هاوەڵێکی خۆم لە دەوروپشتم نەدی چونکە هەریەکەیان بەلایەکدا رۆیشتبوون. وردە وردە لە جۆلانەکە نزیک بوومەوە و بە خاوەنەکەیم گوت: ها مامە ئەوە ئانەیەك سواری جۆلانەکەم بکە و ئەویش کە بەتاڵ بوو خستمیە لایەکی جۆلانەکە و کورێکی دیکەی خستە بەرامبەرم، ئیتر کەوتینە پاڵدان و یەکتر هەڵدان و من بەترسێکەوە خۆم گرتبوو، بەڵام ئەوەی بەرامبەرم لەمن باخۆشتر بوو، زۆر جار هەڵیدام و دەیتۆقاندم، کە نۆرەم تەواو بوو داگیرام و هەرچەندە ئەم یارییەشم پێ خۆش بوو بەڵام پڕ مەترسی بوو و وەکو چەرخ و فەلەکە سەلامەت و خۆش نەبوو، ئینجا بەناو نوقڵ فرۆشەکاندا رۆیشتم و ئەو ئانەیەی کە پێم مابوو دام بە نوقڵ و گونجی و گەزۆ و کە لە خواردنیان بوومەوە و زانیم وا هەرسێ ئانەکەی جەژنانەم خەرج کردن و تێر گەڕام و سووڕام بە ئارەزووی دڵی خۆم سواری چەرخ و فەلەك و جۆلانەش بووم تێر نوقڵ و کونجی و گەزۆ بووم،ماڵەوەم هاتەوە یاد و خۆ نیوەڕۆش نیزك بوو بووەوە، بۆیە بڕیارم دا بگەڕێمەوە ماڵ، بەڵام هیچ هاوەڵێکم لەگەڵدا نەمابوو، هەریەکەیان بەلای یارییەك داچووبوون و لەو دەمەدا ئامۆژگارییەکەی باوکم لەبیر نەمابوو کە پێی گوتبووم بەبێ هاوەڵ و برادەرانت بە ڕێگادا مەڕۆ، بۆیە سەری خۆم هەڵگرت بەرەو ماڵ گەڕامەوە کە ماوەیەك لە یاریگاکە دوور بوو. جارێ زۆرم مابوو بگەمەوە گەڕەك و کۆڵانەکەی خۆمان، لە پڕێك پێنج لە منداڵ و مێرد منداڵانی شەڕانیم لێ پەیدا بوون و لێم هاتنە پێش و لە بەژن و باڵا و کەواو چاکەت و مشکیە مۆرەکەی سەرم ورد بوونەوە، یەکێکیان گوتی: (ئای لەو منداڵە عاجباتیە جلوبەرگ سەیرە!

ئەوەکەی دیکەیان گوتی: (سەیر لەوەدایە بە جلوبەرگ پیاوە و بەتەمەنیش منداڵە!!)

یەکێکی دیکەشیان گوتی: (بەخوای سەیرە! بۆ بەرگی ئەو هەموو منداڵانەی شارەکە کورتەك و شەرواڵە؟ بەرگی ئەمە کەواو چاکەتە؟ دیارە ئەمە کوڕە موسڵمان نیە، یان دیانە یان جوولەکەیە!! چونکە بە زۆری کوڕە جولەکە وەکو ئاغا و بازرگانان کەواو چاکەت لەبەر دەکەن).

ئینجا بە هەموویان کەوتنە سەرم بەلێدان و کوتان، لە سەرەتا دەستوەکەریەکی باشم کرد و هەندێکیانم دایە بەر مشتەکۆڵە، بەڵام دادی نەدا ئەوان تا دەهاتن زۆرتر دەبوون و لە هەموو لایەك پەلاماریان دەدام، یەکێك قۆڵی چەکەتەمی رادەکێشا و یەکێکی دیکەیان کڵاو مشکەکەمی دەرفاندم وەکو رێگر رووتیان کردم. لەوکاتەدا زۆر پەریشان بوو بووم، نەمدەزانی چیبکەم و چۆن خۆم لە دەست ئەو منداڵە نەعلەتیانە رزگار بکەم و لەو کاتە تەنگانەیەدا خەونەکەی شەوم بەبیرهاتەوە کە چۆن بەخۆشی و بە ئافەرین پێشوازی خۆم و بەرگی نوێم دەکرا، کەچی ئێستاکە بە پێچەوانەوە بە شەڕ و تێهەڵدان پێشوازیی دەکرێم!! هەزار لەعنەتم لە کەواو چاکەتەی کوڕە خانەدانان دەکرد، ئەگەر ئەو بەرگە جیاوازە نەبوایە ئەو هەموو لێدانەم نەدەخوارد، بە ناچاری پەنام بردە بەر گریان و هاوار، ئاواتەخواز بووم برادەرێك یان خزمێکم لێ پەیدا بێت تاکو لەو بێچوە شەیتانانە رزگارم بکات. ئەم کارەساتەم زۆری پێ نەچوو، لەپڕ خزمێکی لاوم لەهانا هات و منداڵە لەعنەتیەکانی لەکۆڵ کردمەوە و هەدێکیان داپلۆسین و کڵاو و مشکیەکەمی لێ سەندنەوە، منالەکان دەیانگوت: مامە بۆ لەسەری بەجوابی ئەمە کوڕی جوولەکەیە! ئەویش پێ گوتن: هەتیوی نەفامینە ئەم کوڕە فلان کەسایەتی خانەدانە و لەسەر شێوەی بەرگی خانەدانان کەواو چاکەتی بۆ کردووە!) ... ئینجا ئەم خزمەم پیلی گرتم و فرمێسکەکانی سڕیمەوە و بەرەو ماڵی بردمەوە، کە دایکم چاوی بەم دیمەنەی من کەوت و سەیری چاکەتە

دڕاوەکەی کردم لە چاوە بەفرمێسکەکانی روانیم دەستی کرد بە لەخۆدان و هات و هاواری و گوتی: (چ کافر و بی دینێك وای لە کوڕی من کردووە؟) جارێ لەو پرسیارانە دابوو باوك لە جەژنە پیرۆزەی خزمەکانی و لە قۆناغی پیاو ماقووڵانی شار بەشان و عەبایەوە دەگەڕایەوە ماڵ و کە چاوی بە من کەوت گوتی: ئەوە چی قەوماوە و ئەم منداڵە بۆ وای بەسەر هاتووە وا بەرگ دڕاو و چاو بە فرمێسکە؟ لە وەڵامدا خزمەکەمان گوتی: ئەمە هەمووی سووچی جەنابتە کە ئەم کوڕە بەستەزمانەت وای بەسەرهاتووە!!

باوکیشم گوتی: بۆ من سووچم چییە و پێم بڵێ چی قەوماوە؟ خزمەکەم گوتی: دەستە منداڵێکی شەڕانی لە ڕێگای گەڕانەوەی لە یاریگای جەژن ڕێیان پێگرتووە و بە کەواو چاکەتەکەی بەری وایان زانیوە کوڕە جوولەکەیە!!

باوکم گوتی: (دیارە ئەوانە منداڵی ناوەجاغ و ناکەس بەچەن، نازانن منداڵی خانەدان وەکو باوکیان کەواو چاکەت لەبەر دەکەن؟) خزمەکەمان گوتی: نا بەخوا لەم زەمانەدا منداڵ ئەم حەق و حسێبە کۆنانە نازانن! ئەگەر دەتەوێ کوڕەکەت چیتر لێی نەدرێ و بەساغ و سەلامەتی بچێتە دەرەو و بێتەوە ماڵ، کەواو چاکەتی لەبەر مەکە و وەکو ئەم خەڵك و خوایە کورتەك و شەرواڵی بۆ بکە با لە ناو خەڵکەکە جیاواز نەبێ و تۆش واز لە بیری خانەدانی کەونینەت بێنە!

باوکیشم دوای کەمێك وردبوونەوە و ڕامان سەری هەڵبڕی و گوتی: بۆ جەژنێکی دیکە گەر خودا عەمر بدات کورتەك و شەرواڵی بۆ دەکەم! ئینجا رووی کردە من و پێی گوتم: کوڕم ئەم جەژنە ئەگەر کەواو چاکەتەکەت لەبەر کرد ئەوا بە تەنیا مەچووە بۆ یاریگا و کۆڵانان، گەر هاوەڵ یا خزمێکت لەگەڵدا نەبێ یاخود لەگەڵ کاکی گەورەت بچۆ دەرەوە تاکو نەیەڵن کەسی شەڕانی دەست دەستدرێژیت بکەنە سەر...

هەرچەندە من ئامۆژگارییەکەی باوکمم لا پەسند بوو بەڵام نەمدەویرا جارێکی تر کەواو چاکەتەکەم لەبەر بکەم و بام دایەوە سەر کۆنە کورتەکەم، چونکە ئەو جلە نوێیانەم بۆم بوون بە سەرچاوەی گەڕ و گێچەڵێکی زۆر و بەمایەی دروستبوونی (بیرەوەرییەکی تاڵ لە ڕۆژێکی خۆشدا) و تەنیا پشتم بەو بەڵێنەی باوکم خۆش بوو کە گوتی: خوا عەمر بدات بۆ جەژنێکی دیکە کورتەک و شەرواڵی بۆ دەکەم با جلوبەرگی لەگەڵ بەرگی هاوەڵانی جیاواز نەبێ).

هەواڵنامەی کتێب

# یەکەم هەنگاوی گەشتی خوێندنم

من وەکو خەونێکی خۆش ئەو ڕۆژانەم لەیادە کە لەماڵەوە دایکم و باوکم ئامادەیان دەکردم بۆ چوونە قوتابخانە و تازە تەمەنم بوو بووە ٥ساڵان، سەر لەبەیانی ڕۆژێکی پایز باوکم دەستی گرتم و بردمی بۆ قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان کە ساختمانێکی تا بڵێی گەورە و بڵند بوو، کەوتبووە گەڕەکی بەفریقەندی و وەك لەباوکم بیستبوو لە ساڵی ١٩١٣دا لە سەردەمی حوکمڕانی سوڵتان ڕەشادی عوسمانی بنیات نرابوو، بەڵام لەگەڵ بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی لە پایزی ١٩١٤دا دەرسی تێدا نەخوێندرا تاکو سەردەمی هاتنی ئینگلیزەکان بۆ کۆیە، ئینجا یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان لە شارەکەدا کرایەوە و لە مانگی مایسی ١٩٢٠دا مەلا ڕەسوولی بێتووشی کە نازناوی شاعیری (مەنفی) بوو کرا بە یەکەمین بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانە فەرمییەی کۆیە. باوکم بردمیە بەردەم بەڕێوەبەری ئەو ساڵەی خوێندن (١٩٣٣–١٩٣٤) کە مامۆستا عەبدولرەحمان شەرەف بوو تاکو ناوم تۆمار بکات، کەچی لەبیرمە مامۆستای بەڕێوەبەر کە سەیری تەسکەرەی نفووسەکەی کردم، گوتی: تەمەنی منداڵەکەت بچووکە و جارێ ٥ ساڵانە تاکو نەبێتە (حەوت) ساڵان ناوی تۆمار ناکرێ، بەڵام لەبەر خاتری تۆ با وەك گوێگر لە پۆلی یەکەم دانیشێ، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٣٣دا بە فەرمانی قایمقامی قەزای کۆیە جەنابی ساڵح زەکی بەگی ساحێبقران قوتابخانەی سەرەتای دووەمی کۆیە لە گەڕەکی قەڵات لەگەڵ قوتابخانەیەکی سەرەتایی کچان.

سەر لە بەیانییەك بەڕێوەبەری قوتابخانە لە کاتی ڕیزبوونی قوتابیان ناوی

هەندێ لە قوتابییانی پۆلی دووەم و سێیەمی خوێندەوە لەوانەی ماڵیان لە گەڕەکی قەڵات بوو، لەگەڵ ناوی ئەو قوتابیانەی بە گوێگر لە پۆلە یەکەمدا وەرگیرابوون کە یەکێك لەوانە من بووم، لەگەڵ دوو مامۆستادا کە مامۆستایان عەبدوڵڵا سامی و عومەر جەلال حەوێزی بوون ناردنی بۆ قوتابخانە نوێیەکە کە لە ماڵی ئەسعەدی حاجی محێدینی غەفوری بوو.

من سەبارەت بە دووری ماڵەکەم کە لە گەڕەکی هەواو بوو، تەمەنیشم بچووك بوو، بۆیە لە هەفتەیەك زیاتر دەوامم پێ نەکرا و چ سوودێکم وەرنەگرت تەنیا ئەوە نەبێ، وێنەیەکی گشتی قوتابیانی قوتابخانەکەم گیرا و دانەیەکیم لێ چنگ کەوت کە لەم ئەڵقەیەدا بەرچاو دەکەوێ(*).

لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥ دا لە قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە وەرگیرام چونکە تەمەنم حەوت ساڵان بوو، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان هەر مامۆستا عەبدولرەحمان شەرەف بوو، مامۆستای پۆلی یەکەمیشمان مامۆستا تایەر سادق بوو، ئەلف و بێی عەرەبی (خلدوونیە) و حسێبی پێدەگوتین و خۆی لە گەڵماندا ماندوو دەکرد، بەڵام چەند قوتابییەك نەبێ دەنا ئەوانی تر باش فێری وانەکان نەدەبوون. من لە حسێب باش بووم بەڵام هەستم دەکرد لە خەڵدوونیەی عەرەبی سەوادم ناکرێتەوە و فێرنابم، بۆیە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ دەرنەچووم و ئەوانەی وەکو من مانەوە مەحمود فەقێ و تاهیر مەعرووف و عەزیز مەغدید و حەمیدی فەقێ سمایلی حاجی رەسوول و سلێمان حەمەد نەجار و رەسول فەقێ و هی دیکە بوون.

---

(*) لەگۆڤاری مێرگ وێنەکە لەگەڵ بابەتەکە بڵاوکرابۆوە بەڵام ئێمە وێنەکەمان لەگەڵ ئەلبوومی وێنەکان بڵاوکردۆتەوە.

بەر لە کۆتایی ساڵی خوێندنی ١٩٣٦ و لە مانگی نیسانی ئەو ساڵەدا وەك لە بیرمە قوتابییانی قوتابخانەیەکی سەرەتایی سلێمانی بە گەشتێکی دوورو درێژ لە سلێمانیەوە بە پێیان هاتن بۆ کۆیە و ئێمەی قوتابیانی قوتابخانەکانی یەکەم و دووەمی شارەکە تاکو رێگای چنارۆك بەپیریانەوە چووین، کە گەیشتن بە ئاوازی تەپڵ و کەڕەنا و تاس مەعروف پێشوازی کران کە تیپی موزێکی قوتابخانەکان لێی دەدا.

هاتن بۆ ناو شار و لە قوتابخانەکەماندا دابەزین و زۆر چاك لە بیرمە بۆ شەو ئاهەنگیان بۆ دەگێڕدرا و یەکێك لە قوتابیانی پۆلی شەشەممان خوالێخۆشبوو کامیل بەهجەت حەوێزی تەمسیلیەکی کۆمیدی لەسەر شەرەفی میوانەکان پێشکەش کرد و قوتابیانی سلێمانیش سروودی (ئەی کوردینە ئەی مەردینە بادەس لەناو دەسکەین هەموو... کوردین هەموو) یان پێشکەش کرد لەگەڵ سروودێکی ژاپۆنی کە سەرەتاکەی بەم جۆرە بوو:

(چینگە چینگە رۆنگە)

کە لە دواییدا زانیم ئەو سرووده شاعیرێکی ژاپۆنی بەبۆنە سەرکەوتنی سوپای ژاپۆن بەسەر سوپای رووسیای قەیسەری لە ساڵی ١٩٠٥ دا دایناوە و هەموو میللەتانی رۆژهەڵات شانازییان بەوە دەکرد کە یەکەمجار بووە دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی بەسەر دەوڵەتێکی زلهێزی رۆژئاواییدا زاڵ بێت!

گرنگترین رووداوی دیکە کە لەیادم مابێ هاتنی سەرەك وەزیرانی ئەوسای عێراق یاسین هاشمی بوو، کە لە کۆتایی مانگی مایسی ١٩٣٦دا لە رێگەی هەولێرەوە لەگەڵ رەشید عالی گەیلانی وەزیری ناوخۆی ئەوسای عێراق گەیشتنە کۆیە و ئێمە قوتابیانی قوتابخانەی یەکەم و دووەم و کاربەدەست و کەسایەتیەکانی شار تاکو دەرکی گەروو سۆرکی، بەپیریانەوە چووین و بە ئاوازی

موزیکی کەڕەناو تەپڵ و چەپڵەی گەرمەوە پێشوازیمان لیٚ کردن و ئەوانیش لە دیوانی قایمقامیەتی کۆیە دابەزین و داخوازی  قەزای کۆیەیان پێشکەش کرا کە خۆشکردنی ڕێگەی کۆیە-هەولێر و کۆیە-کەرکوك و گرنگی دان بە خزمەتگوزاریی شارەکە بوو.

بۆ پایزی ئەو ساڵە دەوامی قوتابخانە دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەو ساڵە مامۆستا تایەر سادق گوێزرابووەوە بۆ شارێکی تر بۆیە مامۆستایەکی هەولێری بە ناوی شێخ مستەفا نیعمەتوڵڵا ئەلف و بێی فێردەکردین هەم خەلدوونییەی عەرەبی و هەم ئەلف و بێی کوردی کە حامید فەرەج دایناووبوو و بۆ یەکەم جار بەسەرمان دابەشکرا و ئێستاش لەبیرمە بۆ فێرکردنی دەنگی (ژ) وشەی وەکو: (ڕۆژ، ژوور، ژن) نووسرابوون. ئەو ساڵە مامۆستا (عەبدولرەحمان شەرەف) ی بەڕێوەبەریشمان گوێزرابووەوە لە جێی ئەو مامۆستا (ڕەفعەت بەکر)ی کەرکووکی بوو بووە بەڕێوەبەرمان.

هۆی گواستنەوە و دوورخستنەوەی مامۆستایان (عەبدولرەحمان شەرەف و تایەر سادق)یش دەگەڕایەوە بۆ تۆمبەتبارکردنیان بە هاندانی قوتابیانی پۆلی پێنجەم و شەشەم بۆ مانگرتن لە نیسانی ١٩٣٦دا لە دژی خوێندن بە زمانی عەرەبی کە ئەو ساڵە فەرزکرابوو، کەچی بەپێی یاسای زمانە ناوخۆییەکانی عیراق کە لە ١٩٣١ دا دەرچوو بوو دەبوایە بە کوردی بێ، لە ئەنجامدا خوێندنەکە کرایەوە کوردی بەڵام بەڕێوەبەر و مامۆستا تایەر سادق لە کۆیە دوور خرانەوە.

ڕووداوێکی دیکەی گرنگیشم لە یادماوە، ئەویشیان ئەوەیە: مانگێك دوای کردنەوەی قوتابخانە لە پایزی ١٩٣٦دا، ڕۆژێکیان باوکم پێی گوتم: (کەریم دەزانی ئەو سەرەك وەزیرانەی لە مایسی ئەمساڵ پێشوازیتان کرد دەرکراوە و

چووه بۆ لوبنان و سەرکردەیەکی کورد بەناوی بەکر سدیقی لە رۆژی ۱۹۳٦/۱۰/۲۹ دا کوودەتایەکی سەربازی لەسەر کردووه و خۆی بووەتە سەرکردەی ولات). هەرچەندە تەمەنم ۸ سالان پتر بوو، بەلام جارێ ترووسکەی تێگەیشتنی نیشتمانپەروەری و سیاسیم لە مێشک دانەگیرسابوو، ئەوەندە گوێم لەوە نەبوو کێ کاربەدەست دەبێ و کێ لادەردێ، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لەگەڵ خەڵکەکەی دەروبەر و بەرم پتر هەوەسم بە هاتنی سەرکردەی نوێ دەکرد و هەروام دەزانی حوکمڕانیش وەك قوتابخانەیە و بەڕێوەبردنیەتی، قوتابی حەز دەکەن بەڕێوەبەری توند و تیژ بڕوات و بەڕێوەبەری نەرم و نیانیان بۆ بێت و لێدان بەکار نەهێنی و ئازاری قوتابیان نەدات.

کە سال نوێ بووەوە و گەیشتینە سالی ۱۹۳۷ و چەند رۆژێکی بەسەردا رۆیشت لە ۱۹۳۷/۱/٤دا هەوالی رووداوێکی خوێناوی بە شاری کۆیەدا بلاوبووەوە، ئەویش کوشتنی بازرگانی ناودار حاجی کاکەمینی مام خدری سالحی بوو بە دەستی (عەدەی دورسن) من نەم دەزانی کوشتن چییە و لەسەرچی دەقەومێ؟! بەلام لە دواییدا باوکم تێی گەیاندم و گوتی: کوشتن لە دەمەقالی و شەڕ و ململانێوە دروست دەبێ و ئەگەر دەتەوێ لەشەڕو کوشتار بەدوور بیت، ئەوا خۆت تووشی شەڕو دەمەقالی و شەڕە جنێو و لێکدان مەکە). بۆیە لەوساوە لەو تەمەنەوە تا پێم کرابێ خۆم لە ناخۆشی و ڕکابەری دوور خستۆتەوە و شەڕم لەگەڵ هیچ کەسێك نەکردووە، نەبادا زەبرێکی گەورەم پێ بکەوێ و تووشی ئێش و ئازار و مەترسییەکی زۆر ببم.

ئەو هەوالەی کوشتنی حاجی کاکەمین خۆی بە هەموو چایخانە و مالێکدا کرد و باس هەر باسی ئەو رووداوە خوێناویە بوو، چونکە ئەو ساکە رووداوی خوێناوی وەکو کوشتن زۆر دەگمەن بوو منیش حەزم دەکرد لەو تەمەنەدا کە ۹

سالان بووم هەموو رووداوێکی سەرنج راکێشی شارەکەم لە نزیکەوە بزانم، بۆیە لەگەڵ یەکدوو برادەری هاوتەمەنم بەرەو شوێنی رووداوەکە رۆیشتین و کە گەیشتینە بەر دەرکی ماڵەکەیان کە بەرامبەری فەرمانگەی گومرگ بوو، بینیمان خەڵکێکی زۆر وەستاون و دیار بوو کار لە کار ترازابوو، حاجی مردبوو.

خەڵکێکی زۆر ئاخو ئۆفیان بۆ هەڵدەکێشا و لەولاشەوە هەندێ کەسی دیکە وەستابوون لەبەر خۆیانەوە دەیانگوت: (عەدەی دورسن)یش هەقی بووە بیکوژێ چونکە حاجی و عومەری کوڕی زۆریان لێداوە و ئەویش پارێزگاری لەخۆی کردووە و لەتاو ئێش و ئازاری لەشی لەژێرەوە خەنجەرێکی لە ورگی داوە و حاجی کوشتووە!

کە گەڕامەوە ماڵ هەموو لێکدانەوە و هۆشم هەر لەلای ئەو کارەساتە بوو، بۆ شەویش هەر بیرم لێدەکردەوە. کە نووستم لە خەودا هەمان دیمەن و رووداوم هاتە پێش چاو، بەڵام لە خەونەکەمدا کوژراوەکە باوکم بوو!! بۆیە بە گور بۆی دەگریام و کاتێك کە لە گریانی خۆم بە ئاگا هاتم، بینیم باوکم لە نزیکمەوە نووستووە و زۆر پێ دڵشاد بووم کە بۆم ساغ بووەوە کوشتنەکەی خەون بوو، بەڵام گەلێك خەیالاتی ماقوولم بە مێشکدا دەهات و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئەگەر لە جێی حاجی کاکەمین باوکم بوایە من چیم دەکرد؟

حەقیشم بوو ئەو بۆچوونانەم بە مشێکدا بێت، چونکە ئەو سەردەمە کارەساتی پیاو کوشتن زۆر دەگمەن بوو. کە یەکێك لە شارەکەدا دەکوژرا یان دەمرد هەموو خەڵکەکەی بۆی دەشلەژان، هەروەك چەند ساڵێك بەر لەو رووداوە کارەساتێکی دیکەی کوشتن لە شارەکە روویدا و وەك خەون لە بیرمە لە بەهاری ١٩٣٢دا کارەساتی تەقاندنەوەی کۆنە بۆمبایەکی سەردەمی بۆمبا بارانەکەی کۆیە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢ لە نزیك بناوانی گەرمووك لەلایەند چەند

مێردمنداڵ و منداڵێکی شارەکە. من کە گوێم لە گرمەی تەقینەوەکە بوو و هەستام چوومە لای قۆنگری سەرشاخان کە نزیکماڵمان بوو بینیم لەلای گەرمووك تاکو مزگەوتی مەلا ئەسعەد خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە و پارچە و پروچکی لاشەی کوژراوەکان هەڵدەگەڕانەوە. بەڵام پێم نەدەزانی بچمە شوێنی رووداوەکە یان حەوشی مزگەوتەکە  کە لاشەکانی مردووەکانی لێ بوو. بۆ شەو لە باوکم پرسی ئەو کوژراوانە کێ بوون، لەوەڵامدا گوتی:

١–سەلاحەددینی کوڕی شێخ نوورەددینی جەلیزادە.

٢–بابەکەی کوڕی حاجی مستەفای حاجی عەبدوڵلا.

٣–رەسوولی کوڕی شێخ بابە عەلی بەرزنجی بوون.

ئەم دوو کارەساتە دڵتەزێنەی کوشتنە زۆر کاریان تێکردم و لە شەڕ و شۆڕی منداڵان و دەست تێوەردان لە چەك و لە کاری پڕ مەترسییان دوورخستمەوە بۆیە هەر کارێکی کردبێتم بەترسێکەوە کردوومە نەك ئەنجامەکەی خراپ بکەوێتەوە.

بەر لەوەی گەشتی خوێندنی پۆلی یەکەمم کۆتایی پێ بێنم کە دوو ساڵی خایاند و ساڵێك لێی سەرنەکەوتم، واباشە بیرەوەرییەکی سەرەتای دەست پێکردنی خوێندم لە پایزی ١٩٣٥دا تۆمار بکەم ئەویش لە بارەی دروستکردنی بازاری نوێی کۆیەوەیە، کە پێی دەگوترا بازاڕی ئەوقاف و زۆر باشم لەبیرە کە لە پایزی ساڵی ١٩٣٥ دەچوومە قوتابخانەی سەرەتایی یەکەم، بەرامبەر بە دەرگاکەیەوە دیاربوو دوو ریزە دوکانی  تازە دروستدەکران و بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئەوقافی کۆیە سەید هادی سەید عەبدولقادر سەرپەرشتی دەکرد و وەك لە دواییدا زانیم ٤٤ دوکان و چایخانەیەك  بوون و بەهەموویان ٤٧٥ دینار یان تێچوو! ! کە بۆ ئەوساکە زۆر بوو، چونکە نرخی دینار زۆر بەرز بوو.

جاران دەرگای رۆژهەڵاتی مزگەوتی گەورەی کۆیە بەسەر گۆڕەپانێکی گەورەی دا دەڕوانی و لەسەرووییەوە چایخانەیەکی گەورە هەبوو پێیان دەگوت: قاوەخانەی حەکیم و باوکم و پیاو ماقووڵانی شارە لەو قاوەخانەیەدا دادەنیشتن. کەچی لەگەڵ دروستکردنی ئەو بازاڕە نوێیە دەرگای مزگەوتەکە کەوتە ناو بازاڕە نوێیەکە و قاوەخانەکەی حەکیمی چایەچی نەماو بووە دوکان و شەقامی نێوانیان و ئەو دوکانە تازانەش شاری کۆیەیان خۆش کرد و بوون بە مەڵبەندی بازرگانی بۆ شارو ناوچەکە و من کە لە قوتابخانە دەردەچووم زۆر جار بەناو ئەو بازاڕە نوێیەدا دەگەڕامەوە ماڵ و رێگەم لە خۆم دوور دەخستەوە، بەڵام پێم خۆش بوو، چونکە دوکان و چایخانە و شەقامی نێوانیان نوێ و خۆش و رازاوە بوون. بەمجۆرە گەشتی یەکەم هەنگاوی خوێندنم تەواو کرد و بەزیرەکی چوومە پۆلی دووەم و توانیم بەبێ دواکەوتن و مانەوە تاکو پۆلی پێنجەم سەرکەوم و هەوڵ و ماندووبوونی مامۆستایان شێخ مستەفا نیعمەتوڵڵا و سەدیق یونس و باکۆس تۆما و عەلی کاکە لەگەڵماندا لەبیر نەکەم و سەری رێز و نوازش بۆ گیانی پاکیان دادەنوێنم.

# دووەم هەنگاوی خوێندنم و
#ترووسكەی هەستی نەتەوەییم

لە پـایزی سـاڵی ١٩٣٧دا قوتابخانـە كرایـەوە و بـەدڵێكی خۆشـەوە رووما‌ن تێكـرد و ئـەو سـاڵە چـووین بـۆ ژوورێكـی تـر كـە نـاوی پـۆلی دووەمـی لەسـەر نووسرابوو، كورسیەكانی لە چاو كورسی پۆلی یەكەم گەورەتر و بەرزتر بوون.

لەو پۆلەدا گۆڕانكارییەكی تـەواو بەسـەر جلوبـەرگمان دا هـات و بەڕێوبـەری قوتابخانە كە جارێ هەر مامۆستا رەفعەت بەكر بوو بڕیـاری دا كـە دەبـێ هـەموو قوتابییان یەك جۆر بەرگی رەسمـی لەبـەر بكـەن ئـەویش چـاكەت و پـانتۆڵ بـوو باوكم زۆر پێ سغڵەت بوو، چونكە لەبەر هەژاری لـە دەسـتی نـەدەهات لـەماوەی مانگێكدا دوو دەستە جلكم بۆ بكات، تازە كورتەك و شەرواڵی نوێی بۆ كردبووم و ئێستا وا چاكەت و پانتۆڵیشی هاتـە سـەر، بـەڵام ناچـار بـوو بـۆم بكـات چـونكە فەرمانێكی گشتی بوو، دەبوایە لـە هـەموو عێراقـدا قوتابیـان لـەناو قوبتابخانـەدا جلی رەسمی لەبەر بكەن. بۆیـە بـاوكم ناچـار بـوو بمباتـە لای بـەرگ درووێك لـە قەیسەری كۆن و لەلای وەستا عەبدولباقی مەكینەچی لە قوماشێكی رەشی چـڵك هەڵگر قاتێكی چـاكەت و پـانتۆڵی بـۆ بـەڕادان دام، ئـەویش بـەڕووێكی خۆشـەوە بەقەد بەژن و قۆڵ و ناوقـەدم قوماشـەكەی بـۆ بـڕیم و گـوتی دوای چـەند رۆژێـك تەواو دەبێ و لەو ماوەیەشدا باوكم سیدارەیەكی ڕەشـی بـۆ پـەیدا كـردم و زۆری پێ نەچوو قاتەكەم تەواو بوو، منیش بۆ رۆژی دوایـی لەبـەرم كـرد و سـیدارەكەم لەسەرناو بەترسێكەوە بەرەو قوتابخانە بەڕێكەوتم، چونكە بـەرگم لەگـەڵ بـەرگی كوڕەكانی گەڕەك جیاواز بوو، لە راستیشدا حەقم بوو چونكە لـەوەوپێش لەسـەر

کەواو چاکەت تێروپڕیـان لێـدابووم و هـەر ئـەو ڕۆژە شـوومەم دەهاتـەوە یـاد!!
بـەڵام چـاك بـوو کـاکم ئـەو ڕۆژە دەسـتی گـرتم و بردمیـە قوتابخانـەو لـە ڕێگـادا هەندێك کوڕی گەڕەك بەسەیرێکەوە تەماشایان دەکـردم، بـەڵام لـە ترسـی کـاکم نەیان دەوێرا دەستم بۆ درێژ بکەن..

کـە گەیشـتنیە قوتابخانـە شـەرمم شـکا چـونکە بینـیم هاوەڵـەکانم هـەمان جلوبـەرگیان لەبـەرە و بـەدڵێکی خۆشـەوە کەوتینـە سـەر خوێنـدن و چـەند قوتابیەکی لەخۆم بەتەمەنتر کەوتە گەڵ وەك محەمەد شێخ بورهان کە لە دواییدا بە شێخ جەنگی تاڵەبانی ناسرا لەگەڵ سولەیمانی حەمـە قاوەچـی و هـی دیکـە و مامۆستاکانیشمان عەلی کاکە و باکۆس تۆمـا بـوون و بەڕێوەبـەری قوتابخانـەش سروود و وەرزشـی پێـدەگوتین... لـە پـایزی ئـەو سـاڵەی ١٩٣٧ دا قوتابخانـەی ناوەنـدی کۆیـە کرایـەوە و لـە ژوورێکـی قوتابخانەکەمانـدا دەیـان خوێنـد و مامۆستاکانیان عەلی موزەفەر و محەمەد سدیق نورجان بوو و توانیـان کاروبـاری وانە گوتنەوە بە جوانی بەسەر بەرن. لە مانگی مـایس و لـە ڕۆژی ١٩٣٨/٥/١٩دا کە جارێ نەکەوتبووینە ناو تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی خوێندن، حەماغای کاکم ژنیـان بـۆ گواسـتەوە و کچـی خاڵـە مـەلا مستەفای چیوەی ژوورییـان بـۆ هێنـا. دەستەیەك سوار لە کۆیەوە چوونە چیوە و بووکیـان هێنـا و لـە کۆیـەوەش لـە ڕۆژی هاتنیاندا دەستە سوارێکی دی بەپیریانەوە چوون کەچی بە ڕێگایەکی دیدا چوون و بەیەك نەگەیشتن، باوکم خەمێکی قووڵ دایگرت چونکە لەو بـاوەڕەدابوو کە ئەو گرێـی بەیـەك نەگەیشـتنەی دەسـتی بـووك هێنـەر و دەسـتەی پێشـوازی کەران دەبێتە مایەی بەیەك نەگەیشتن یان فەوتانی بووك و زاوا. بەڵام چاك بوو، بووك و زاوا بەیەك شادبوون، کەچی ئەو موقەددەرە پاش شەش سـاڵ هاتـەدی و کاکم لە تەمەنی ٣٧ساڵیدا بە نەخۆشی تیفۆس سەری نایـەوە و لـە سـێ کـوڕان تەنیا کوڕێکی لەپاش بـەجێما ئـەویش نـاوی (فەرەیـدوون)ە و لـە سـاڵی ١٩٣٩دا

لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٥٩دا بۆتە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی و ئێستا خانەنشینە و لە شاری کۆیە دادەنیشێ.

لە ڕۆژی پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی ١٩٣٨دا بەیانییەکی خۆم دەگۆڕی و قاتەکەم لەناو پووشینەیەك دانابوو کە پانتۆڵ و چاکەتەکەم لەسەرەخۆ لەبەر کرد و بەگورجی سیدارەکەم نایە سەرم، هەستم کرد شتێکی تیژ وەك دەرزی دوو سێ جار لە تەپڵی سەرم ڕاچوو و نەم زانی چییە؟

کە سیدارەکەم لەسەرم داکەندو تەماشای ناوەییم کرد چ ببینم؟

بینیم وا دووپشکێکی ڕەشی گەورەی لە ڕەنگی سیدارەکەمی لەناودا ڕاکشاوە!

خێرا فرێم دایە سەر عەرد و پێڵاوێکم بە قایمی لێدا و کوشتم و دەستم کرد بە هات و هاوار و گریان، کە دایکم هات و سەیری دووپشکەکەی کرد وا ڕەش و گەورەیە دەستی کرد بە لەخۆدان و پرچ ڕنینەوە و منی لەناو جێ درێژکردو لێفێکی ئەستووری پێدادام و کەوتە شێلانم و لەدوای باوکمی نارد و ئەوکاتیش بۆ ژەهری دوپشك هیچ دەرمانێك نەبوو، مان و نەمانی ئەو کەسەی دووپشك یا مار پێوەیدەدا خۆ و بەخت بوو...لەو هات و هاوەرەدا خەڵکێکی زۆر لە خزم و دەرو دراوسێمان لەسەر کۆبوونەوە کە سەیری دووپشکەکەیان دەکرد سەریان سوڕدەما وای بۆ دەچوون کە پێی دەمرم. منیش بە وردی هەستم لە خۆم ڕاگرتبوو، چاوەڕوانی مردن بووم، کەچی هەستم دەکرد هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر تەندروستیم دا نایەت و چۆن بووم هەروا مامەوە و دوای یەك دوو سەعات کەوتمەوە سەر کۆشش کردن و پێداچوونەوەی وانەکانم و خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ. باوکم چووە بازاڕ و لەزۆر کەسی دنیادیتەی پرسی (کە کەریمی کوڕم دووپشکی پێوەداوە کەچی ئەوەندەی نە ئێشاوە و ژەهرەکەی کاری تێنەکردووە!) لەو دەمەدا وەستا تۆفیقی شەکرچی لەبەر

دووکانێك پەیدا بوو و دەستی پزیشکی میللی هەبوو، کە گوێی لە باوکم بوو، لێی پرسی: (ئایا دایکی لە کاتی کە کەریمی لەزگدا بووە دووپشکی پێوەداوە؟ لەوەڵامدا باوکم گوتی (بەڵێ پیوەی داوە و هاتووەتە حاڵی مردنێ!) ئینجا وستا گوتی دەکەواتە کەریم بۆیە ژەهری دووپشکەکە کاری تێنەکردووە چونکە تاقیکراوەتەوە کە دایك لە کاتی دووگیانیدا گەر دووپشکی پێوەبدات، ئەوا ئەو منداڵەی کە دەیبێ گەر دووپشك پێوەی بدات کاری تێناکات!!

لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو ساڵەی خوێندنم بە پلەیەکی بەرز دەرچووم بۆ پۆلی سێیەم و لە پایزی ١٩٣٨ دا دەستمان بە خوێندن کرد و زۆربەی وانەکانمان بە زمانی کوردی بوو، مامۆستای رابەرمان سابیر ئیسماعیل حەمەد بوو، ئەو ساڵە چەند وانەیەکی وەك مێژوو و جوگرافیا کەوتنە پاڵ وانەکانی ترمان بە فەرمانی بەرێوەبەری قوتابخانە وێنەی مەلیك فەیسەلی یەك یان مەلیك غازی لە پێشەوەی پۆلەکانی قوتابخانە لەسەرەوەی تەختەی رەش هەڵواسران و مامۆستا پێی دەگوتین مەلیك فەیسەل مەلیکمان بوو، بەڵام کە لە پایزی ١٩٣٣ دا کۆچی دوایی کرد، مەلیك غازی کوری بووەتە مەلیکی عیراق و دەبێ هەموومان دڵسۆز بین بۆی چونکە رەمزی سەروەریمانە. ئێمە ئەو وتانەمان لە مێشکدا چەسپا، بەڵام کە رۆژێکی سەرەتای ساڵی ١٩٣٩ چووومە دوکانی عەبدورەحمانی مەلای رەش لە مەیدانی خواریێ بازاڕی کۆیە بۆ شت کڕین، چاوم بە وێنەی پیاوێکی کوردی فیشەك لەقەد و شان و خەنجەر لەبەر پشت کەوت، کە ئازایەتی و قارەمانیەتی لێ دەباری، منیش بەدەم شت کڕینەوە لە کاك عەبدولرەحمانم پرسی ئەم کابرایە چەکدارە کێیە؟

لە وەڵامدا گوتی: ئەی قوتابی چەلەنگ چۆن نازانی ئەمە وێنەی مەلیکی کوردستانە؟ کە جەنابی شێخ مەحمودی گەورەیە؟ منیش گوتم: ئەی مەلیك غازی مەلیکمان نییە؟ لە وەڵامدا گوتی: مەلیکی کوردان شێخ مەحمودە و

ئێستا لـه بەغـدا دەسـت بەسـەرە و غـازی و فەیسـەڵی بـاوکی مـەلیکی عێراقـی عەرەبیین و دەست چینی ئینگلیـزن و هـەر ئـەو ئینگلیزانـەش بـوون حکومـەتی شێخ مەحموودیان تێکدا، لەعنەت لـە روحیـان. ئـەم زانیارییـە تازەیـەی کـە لـە عەبدولرەحمانی مـەلای رەشـم وەرگـرت بـووە تـرووسـکەی سـەرهەڵدانی هەسـتی نەتـەوەییم و بـووە مایـەی خولقـانی زانیـاری تـازە لـە بـارەی کـورد و مـەلیکی کوردستان کە لە خۆمان بی و بۆ خۆمان بێ و دڵسۆزیم بـۆ مـەلیکی عـێراق رووی لـە کـزی کـرد.. ئـەو سـاڵە جگـە لـە قوتابییـە درەچـووەکانی پـۆلی دووەممـان، گەیشـتینەوە هەنـدێ قوتـابی لـە خۆمـان بـە تەمـەنتری وەك عەبـدولرەحمانی مەحموود ئاغای حەوێزی و غەریب نادر و فەتحوڵڵا موراد و قادر محەمەد ئەمین و ئەمینی حەمـەدی شـێخانی و مـن وەك قوتابییـەکی زیـرەك لەناویانـدا دیـاربووم، قوتابخانەکەمان لە پێشبڕکێی وەرزشـی پەنجـەبازی لەگـەڵ قوتابخانـەی هـەولێر دەکرد، بۆ نموونە: لە ڕۆژی ٤ی نیسانی ١٩٣٩دا هەواڵی هاتنی تیپێکی وەرزشـی قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی هەولێرمان پێگەیشت و بەڕێوەبەری قوتابخانـە و مامۆسـتاکان ئێمـەیان ریزکـرد و بـە تیپـی مۆسـیقاوە هـەموو پۆلـەکانی قوتابخانەکـەمانیان بـردە دەرەوەی شـار لـە خـوار گـردی مـام جـەردیس رایـان گرتبین و لە چاوەڕوانیی گەیشتنی میوانەکان بووین لـەو دەمـەدا هـەواڵی مردنـی (مەلیك غازی)مان پێگەیشت کە شەوی ٣لەسەر چواری نیسـانی ١٩٣٩ لـە بەغـدا ئۆتۆمبیلەکەی خۆی لە ستوونێکی کارەباداوە و گیانی لە دەست داوە و بۆ رۆژی ٤ی نیسـانی هـەواڵی کۆچـی دوایـی راگەیـەنرا.. بەڕیوەبـەری قوتابخانـە و مامۆستاکان پێیان گوتین کە قوتابیەکانی هەولێر گەیشتن نابێ کەڕەنا و تـەپل و تاس مەعروف لێ بدرێن و دەبـێ قوتابیـان بـە غـەمگینی سـەریان دابێـنن. زۆری پێنەچوو قوتابیە میوانەکان بە غەمباری گەیشتنە جێ و ئێمەش بێ چەپڵە لێدان و موزیـك پێشـوازیمان لێکـردن و بـەبێ دەنگـی لـە قوتابخانەکـەمان دابـەزین و

شەوێك مانەوە بۆ سبەی گەڕانەوە هەولێر. قوتابییەکان بە مردنی مەلیك غازی زۆر پەست و غەمگین بوون، بەڵام من ئەوەندە کاری تێنەکردم چونکە بیرو هۆشم لای وتەکانی کاك عەبدولرەحمانی مەلای رەش و شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان بوو... بۆ پایزی ساڵی ١٩٣٩ دا چوومە پۆلی چوارەم و جگە لە برادەرانی وەك عەبدولخالق عەبدولفەتاح حەوێزی و مەجید عومەر و عەبدولواحید حەمە سدیق و کەمال کەریم و عەبدولرەحمانی مەحموود ئاغای حەوێزی، گەیشتنەوەی قوتابی لە خۆمان گەورەتری وەك عادیلی جەمیل ئاغای حەوێزی و لەو ساڵەدا گۆڕانکارییەك بەسەر باری قوتابخانەکەماندا هات ئەویش سەپاندنی سستەمی (فتوە) بوو بەسەر قوتابیانی پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمدا چونکە لە سەرەتای ئەیلوولی ئەوساڵی ١٩٣٩ وە جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرسابوو. دووبەرەی جەنگی دژ بەیەك شەڕیان دەکرد بەرەی هاوپەیمانی کە بریتی بوو لە بەریتانیان و فەرەنسا و یەکێتی سۆڤیەت و لە دوایشدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەرەی (تەوەر)یش بریتی بوو لە ئەلەمانیا و ئیتاڵیا و ژاپۆن. عیراق لە سیادیەتی بەریتانیا وەرس بوو بوو وردە وردە مەیلی ئەلەمانیای نازی دەکرد و دەیویست هەموو لاو و قوتابیەك لە مەشقی سەربازی بکەن و ئامادەبن بۆ جەنگ...بۆیە وەزارەتی زانیاری بڕیاری دا قوتابیان لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە تا پێنجی ئامادەیی بەرگی سەربازی لەبەر بکەن هەفتەی دوو جار لە گۆڕەپانی یاری مەشقی سەربازی بکەن و تەنانەت مامۆستاکانیش بەرگی ئەفسەرییان لەبەر دەکرد و ئەفسەرێکی پلە بەرز مەشقی پێ دەکردن و قوتابیانی ناوەندی عەریفێك و قوتابیانی سەرەتایش قوتابیەکی پۆلی سێیەمی ناوەندی مەشقی سەربازی پێدەکردن ئەو سیستەمەش لەسەر بڕیاری (سامی شەوکەت) ی بەڕێوەبەری گشتی خوێندن بوو لە وەزارەتی زانیاری عیراقی لە بەرەی تەوەر بە سەرۆکایەتی ئەلەمانیای نازی نزیك

دەکردەوە... دەبوایە هەر قوتابییەك لەسەر کیسەی خۆی ئەو بەرگە سەربازییە دروست بکات و ساڵانەش دینارێکی پارەی چالاکی وەرزشی بدات. من باوکم دەست کورت بوو، نەیدەتوانی بەرگی (فتوە) و پارەی چالاکی وەرزشی بۆ من و بەرگی سەربازی و ٣ دیناری پارەی چالاکی وەرزشی بۆ کاکم کە لە قوناغی ناوەندی بوو دابین بکا. بەڵام هەرچۆنێك بێ یەك دوو هەفتە مۆڵەتیان داین تاکو بەرگ و پارەی چالاکییەکە پەیدا دەکەین. لەو دەمەدا مامۆستایان عەبدولمەجید نورەدین جەلی زادە عەرەبی پێدەگوتین و عەبدولقادر ئەحمەد گردەمامکی مێژوو و جوگرافیا و مامۆستا یونس موستەفا چەلەبی سروود و وەرزشی پێدەگوتین. . کاتێك کە تەنگاویان کردین بۆ پەیداکردنی بەرگی فتوە و پارەی چالاکی وەرزشی باوکم منی لە قوتابخانە دەرهێنا و پێویستیەکانی کاکمی جێبەجێ کرد دوای هەفتەیەك بەکر سدیق حەوێزی کوڕی خاڵۆزای باوکم کە مامۆستا بوو لە قوتابخانەی دووەمی کۆیە و مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری بەرێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بە باوکمیان گوت: کەریم بنێرە بۆ قوتابخانەکەمان ئێمە جلی (فتوە)ی بەبێ پارە پێدەدەین و پارەی چالاکی وەرزشیشی لێ ناسێنین و بە قوتابی هەژاری دادەنێین.

بۆیە باوکم لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٣٩دا ناردمی بۆ قوتابخانەی دووەمی سەرەتایی کۆیە و هەرچەندە دووریش بوو لەماڵمان بەڵام بەبێ دواکەوتن رۆژانە دەچوومە قوتابخانەکە کە لە خانووێکی گەورەی کاك (حەمەدەمین عومەر)ی ناسراو بە (حەمەشین) بوو کەوتبووە گەڕەکی قەڵات نزیك مزگەوتی منارە و لە پۆلی چوارەم لەگەڵ دەستەیەکی تر لە قوتابیان کەوتمە سەر خوێندن.

# لەناوەڕاستی تشرینی دووەمی
# ساڵی خوێندنی ١٩٣٩-١٩٤٠

لە قوتابخانەی دووەمی سەرەتایی کۆیە درێژەم بە خوێندن دا. کە یەکەم ڕۆژ چوومە قوتابخانە تازەکەم ئەوەندە خۆم بە بێ کەس و ئاوارە دەزانم چونکە خۆم لە گەڕەکێکی تر و قوتابخانە و دەستە قوتابییەکی دیکە دەبینی. جگە لەمەش کەوتمە ناو گیروگرفتێکی سەخت تر ئەویش ئەوەبوو کە خوێندن لەو قوتابخانەیەدا لە پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمدا بەزمانی عەرەبی بوو، چونکە مامۆستاکان یان بادینی بوون یان کوردیان باش نەدەزانی مامۆستای عەربیمان مستەفا ئیبراهیمی بادینی بوو مامۆستا حسابیشمان دنحا یەڵدا شەقڵاوەیی بوو، مامۆستا عەبدولرەحمان ئەمین بە کوردی و بە عەرەبی دەرسی پەروەردەی نیشتمانی فێردەکردین هەروەها مامۆستای وەرزشیمان بوو. لە ڕووداوەکانی ئەو ساڵەی خوێندنماندا بەشداری کردنی قوتابخانەکان بوو لە نمایشی وەرزشی قوتابخانەکانی کۆیە، من ئەو ساڵە لە پێشبرکێی ڕۆیشتن وەکو دووپشك بەشداریم کردو بە یەکەم دەرچووم بۆ کۆتایی ساڵ سەرکەوتم بۆ پۆلی پێنجەم و بڕیاردرا لەو ساڵەوە خوێندن بکرێتەوە بە کوردی.

لە ڕووداوە سیاسیەکانی گۆڕەپانی عێراقیش لە نزیك تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵدا لە ڕۆژی ٣ی مانگی مایسی ١٩٤١دا شۆڕشەکەی ڕەشید عالی گەیلانی لە دژی ئینگلیزی داگیرکەری عێراق بەرپا بوو ئەم هەواڵە لە ئێزگەی عەرەبی و کوردی رادیۆی عێراق لەلایەن حکومەتی ڕەشید عالی گەیلانی یەوە بڵاوکرایەوە کە وەسی مەلیکی عێراق بەغدای جێهێشتووە پەنای بردۆتە بەر ئینگلیز لە

شعێبە و ئێستا عێراق لە حاڵەتی شەڕدایە لە دژی بەریتانیا.

خەڵکی کۆیە خرۆشان و حەزیان بە رووخانی ئینگلیز دەکرد بۆ ڕۆژی سێیەمی مایس قوتابیانی پۆلی پێنجەم و شەشەمی قوتابخانەکەمان کەوتنە جۆش و خرۆشی نیشتمان پەروەری و حکومەت داوای لە خەڵکەکە دەکرد خۆیان گیانفیدا بکەن و بچن بۆ بەرەی جەنگ لە دژی بەریتانیا. جەوهەری خدری هیرانی لە پۆلی پێنجەم و عومەر بەگی میرانی رەشید بەگی بێتواتە و عوسمان حاجی کەریم لە پۆلی شەشەم بوون بەجەنفیدا و بۆ بەرەی جەنگ رەوان کران.

من ئەوساکە تەمەنم ١٣ ساڵان بوو هەستی نیشتمانیم لە قالبی دژایەتی کردنی ئینگلیزی داگیرکەر بزووت.

شەڕی عێراق لە دژی ئینگلیزی بە درێژایی مانگی مایس بەردەوام بوو بەلام لە کۆتاییدا رەشید عالی و سەرکردە سوپاییەکانی شۆڕشەکە خۆیان بەرامبەر بە سوپای بەریتانیا رانەگرت و رایان کرد بۆ دەرەوەی عێراق و دەسەلاتی ئینگلیزیش بۆ سەر هەموو عێراق گەڕایەوە.

لە شاری کۆیە لەو شەڕەدا سەربازێك شەهید کرا کە ناوی (ئەحمەدی کوڕی وەستا مەعروف پێنەدۆز بوو کە تەرمەکەی هاتوە کۆیە وەك شەهیدێکی گەورەی نیشتمانی نێژرا.

لەبەر ئەوەی ئەزمونی کۆتایی ساڵ کەوتبووە ناو شەڕەکە دواخرا و وەزارەتی پەروەردە ئەزموونەکانی قوتابخانەکانی دواخست بۆ مانگی ئەیلولی ئەو ساڵ بڕیاریشدا ئەو ساڵە زمانی ئینگلیزی لە خشتەی ئەزموونەکان دا نەبێ.

کە پایزدا هات ئێمە ماڵمان لەسەر باخی شەمە بوو کە چەند کیلۆمەترێك لە شاری کۆیەوە دووربوو، لە کاتی پاییزدا خەریکی هەنار رنین و مشتاخ دانان بووین باوکم رێی نەدام بچم لە تاقیکردنەوەی پاییز ئامادەبم بۆیە ئەو ساڵە هەر

لە پۆلەکەی خۆمدا مامەوە بەڵام خێری تێدا بوو بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٤١-١٩٤٢) وەك قوتابییەکی زیرەك و یەکەمی پۆل بەردەوام بووم لەسەر خوێندن. ئەو ساڵە مامۆستا زەکی هەناری گوێزرابووەوە بۆ شوێنێکی تر لە جێ ی ئەو مامۆستا فاتح مستەفا کەرکوکی بوو بوو بە بەڕیوەبەرمان. مامۆستا سابیر ئیسماعیل محەمەد وانەی عەرەبی و جەلال حەوێزی وانەی ئینگلیزی و کوردی و سەید ئەحمەد مەلاوەلی مێژوو و جوگرافیای پێ دەگوتین و مامۆستا شەفیق سابیریش کە تازە لە خانەی مامۆستایانی لادێ دەرچوو بوو حساب و هەندەسە و وەرزشی پێدەگوتین.

ئەو قوتابیانەی کە لەگەڵمدا بوون محەمەد ئەمین قادر ڕەواندزی کە ناودار بوو بە محەمەد ئەمین حەیدەری و عومەری حەمەشین و سەعیدی مەلا ئەحمەد و بابەکە عەبدولقادر و تاهیر عەزیز و بورهان نەجمەدین بوون.

# یەکەم وانەی نیشتمان پەروەرییم

لە پاییزی ساڵی ١٩٤١ دا و لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا ڕۆژێکیان مامۆستای زمانی عەرەبی (سابیر ئیسماعیل محەمەد) کە خەڵکی شارەکەی خۆمان بوو لە دەرس ووتنەوەدا زۆر زیرەك و هۆشیار بوو. ڕۆژێکیان لە جیاتی مامۆستای مێژوو و جوگرافیامان هاتە ژووری پۆلەکەمان و گۆڤارێکی عەرەبی بەدەستەوە بوو کە لێم نزیك بووەوە سەرنجم دایە بینیم گۆڤارەکە ناوی (الهلال)ی بەسەرەوەیە وێنەی پیاوێکی لەڕولاوازی نیوەڕووتی چاوێلکە لە چاوی لەسەر بەرگەکەی کێشرابوو، بەڵام نەمزانی ئەو پیاوە سەیرۆکە کێیە و ناوی چییە؟

مامۆستا سابیر لێی پرسین و گوتی: (لەوانەی جوگرافیادا چیتان خوێندەوە لە مێژووی میللەتان چ فێربوون و گەیشتوونەتە کوێ؟) لە وەڵام دا گوتمان مامۆستا کەرتەی ئاسیامان خوێندەوە دەستمان بۆ ئەو نەخشەیە درێژکرد کە مامۆستای جوگرافیا ماوەیەك بوو لە پێشەوەی ژووری پۆلەکەمانی دابوو، بۆ ئەوەی هەموو دەم لە بەرچاومان بێت و بتوانین شوێنی وڵات و پایتەخت و شار و ڕووبارە ناودارەکانی ئەو وڵاتانەی لەسەر بدۆزینەوە.

مامۆستا سابیر لە نەخشەکە نزیك بووەوە و پەنجەی لەسەر هیندستان دانا و هەندێك پرسیاری لەبارەی سنوور و ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانی و باری سروشتی خاکەکەی و گرینگترین شار و ڕووبارەکانیەوە پرسی و ئێمەش تا رادەیەك بە ئارەزووی ئەو وەڵاممان دایەوە، ئینجا گوتی: (باشە ئێستا جۆرە پرسیارێکی دیکەتان لێ دەکەم بابزانم کێ دەیزانێ؟)

ئێمەش هەموو سەرنج و هۆشی خۆمان دا قسەکانی بۆ ئەوەی هەرچی

بپرسێ وەڵامی بدەینەوە زانیاری خۆمان دەربخەین. مامۆستا گوتی ئایا ئێستا گەورەی هیندستان کێیە؟ کەس دەستی بەرزنەکردەوە و مامۆستا ئەم جارە گوتی لە جوگرافیا کێ زیرەکە و نمرەی باشی لێوەردەگرێ؟) هەندێ قوتابی گوتیان (کەریم مستەفا) و مامۆستا رووی تێکردم و گوتی دەبزانم تۆ دەزانی ئێستا کێ گەورە و پێشەوای هیندستانە؟ منیش بیرو لێکدانەوەی خۆم گەڕاندەوە بۆ چەند مانگێك لەوە و بەر بۆ سەردەمی ڕۆژانی شۆڕشەکەی رەشید عالی گەیلانی لە دژی ئینگلیز لە مایسی ١٩٤١ تاکو سوود لە زانیارییە سیاسیەکانی ناو خەڵکەکە وەربگرم کە لەبارەی ئەڵەمان و ئینگلیز دەریان دەبڕی و پشت بە زانیارییەکانی مامۆستا جوگرافیان ببەستن.

بەدوودڵیەکەوە دەستم هەڵبڕی و مامۆستا سابیریش بە ڕوویەکی خۆشەوە هەڵیستاندم منش گوتم: (مامۆستا ئینگلیز گەورەی هیندستانە!!) کە مامۆستا گوێ ی لەو وەڵامەی من بوو کەمێك پێکەنی و گوتی بۆچی ئینگلیزێکی بێگانە و داگیرکەری هیندستان گەورە و پێشەوایان بێت؟).

لە راستی دا نەمدەزانی چ بڵێم و چۆن رایەکەی خۆمی پێ بسەلمێنم و چۆن وەڵامی بدەمەوە؟ بەڵام دوای لێکدانەوەیەکی قوڵ گوتم: (چونکە هیندستان لەژێردەستی ئینگلیزەو گەورەترین موستەعمەرەیەتی لە کەرتەی ئاسیا دا!!)دوابەدوای ئەوە گوتم مامۆستای جوگرافیامان دەڵێ: (چواریەکی دنیا لەژێر دەستی ئینگلیزدایە خۆر هەرگیز لەوڵاتە ژێردەستەکانیدا ئاوا نابێت!!).

مامۆستا سابیر وادیار بوو لەو وەڵامەی من رازی نەبوو گلەیشی لەزانیارییەکانی ناو کتێب و بەرنامەی جوگرافیامان بوو، کە بەو جۆرە بە شان و باڵی داگیرکەراندا هەڵدەڵێ و گوتی نەخێر ڕۆڵە! گەورەی دەوڵەتان بە ووڵات داگیرکردن نییە!!) دوای کەمێك ڕامان گوتی ئەو وڵاتانەی کە دەوڵەتی

ئیستعماری داگیری کردوون هەریەك سەرۆك و گەورەی راستەقینەی لەناو میللەتەکەی خۆیدا هەیە. هەر کە گوێم لە وشەی ئیستعمار بوو نەم هێشت وتەکەی تەواو بکات لە مامۆستام پرسی: (مامۆستا ئیستعمار مانای چییە؟).

مامۆستا گوتی: (رۆڵە ئیستعمار داگیرکردنی وولاتانە لەلایەن دەوڵەتی بەهێزتر بۆ ئەوەی خێر و بێریان بۆ خۆیان ببەن!!).

بەراستی ئەو وتەیەی مامۆستام لا سەیر بوو چونکە تاکو ئەو رۆژە گوێم لە وشە و بابەتی وانەبووبوو، مامۆستای جوگرافیا وای بۆ دەردەخستین کە هەر دەوڵەتەی پتر وولاتانی داگیر کردبێ ئەو گەورەتر و پێش کەوتوو ترە!! دوای ئەو قسە برینەی مامۆستام دووبارە هاتەوە سەر هیندستان و گوتی: (ئێستا سەرۆك و پێشەوای هەموو میللەتی هیندستان ئەم پیاوەیە و دەستی خستە سەر وێنەی کابرا رووت و رەجاڵە چاویلکە لەچاوەکەی سەر بەرگی گۆڤارەکەی الهلال) و پیشانی داین و گوتی: (رۆڵەکانم سەرۆك و پێشەوای هیندستانی پان و بەرین ئەمرۆکە ئەم پیاوەیە و ناویشی (غاندی)یە کەوێنەکەی پتر لێنزیك کردینەوە بینیمان پیاوێکی لەڕ و لاوازی رەش ئەسمەر و رووت و رەجالە!! کابرا ئەوەندە نابووت و رەجاڵ بوو هیچ کامێکمان باوەڕمان نەدەکرد ئەوە گەورە و سەرۆکی هیندستان بێت وامان دەزانی پیاوی گەورەی کار بەدەست هەر دەبێ بە کەلەش گەورە و بەخۆوە بێت بەتایبەتی سەرۆك و پێشەوای ولاتێکی وا پان و بەرین و جەنجاڵی وەکو هیندستان.

وتم مامۆستا چۆن پیاوێکی وا وردیلەی نابوت دەوێرێ بەرامبەر بە دەوڵەتی بەریتانیا بوەستێ؟ ئەو بەریتانیایەی کە حکومەتی رەشید عالی گەیلانی نەی توانی خۆی لەبەر زەبر و زەنگی راگرێ مامۆستا گوتی: (غاندی بەرێگای شەڕ و شۆڕ و کوشتار بەربەرەکانی ئینگلیزی داگیرکەر ناکات، بەڵکو بەرێگایەکی

ئاشتیانە خەڵکی هیندستانی هان داوە کە خۆیان جلوبەرگی خۆیان بەدەستی خۆیان دروست بکەن و هیچ کوتاڵ و کەلوپەلێك لە ئینگلیزی داگیرکەری وڵاتەکەیان نەکڕن. بەمەش دوژمنی خۆیان توشی زەرەر و زیانێکی گەورە کردەوە تا دێ بەربەرەکانی غاندی و گەلی هندستان لە دژی ئینگلیزی داگیرکەری وڵاتەکەیان پتر پەرە دەستێنێ.

دوای ئەم زانیارییە بە نرخانەی، مامۆستا سابیر گۆڤارەکەی (الهلال)ی کردەوە و چەند بڕگەیەکی لەباسی ژیانی تایبەتی غاندی و تێکۆشانی ئاشتیانەی لە پێناوی رزگاری و سەربەخۆیی هیندستان خوێندەوە و بە جوانی تێیگەیاندین و ئەوەش پێگوتین کە ئەمڕۆ هەموو میللەتێکی ژێردەست کەوتۆتە هەوڵ و تێکۆشان لە دژی داگیرکەری خاکەکەی بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی تەواوی وڵاتەکەی.

بەڕاستی تامێکی خۆشمان لەوتە بەنرخ و زانیارییەکانی مامۆستای دڵسۆزمان وەرگرت چونکە بە شێوەیەکی جوان پێشکەشی دەکردین و دەتوانم بڵێم زانیاری و وتەکانی ئەو مامۆستا نەمرەم بوون بە وانەی یەکەم و سەرمەشقی نیشتمان پەروەرەیی و زانیاری سیاسی دواڕۆژم و، تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد بە نەخۆشی شێرپەنجەی ریخۆڵە لە ساڵی ١٩٧٢ هەر جارەی چاوم بە چاوە گەشەکانی دەکەوتەوە یەکسەر ژیانی تایبەتی  غاندی و خەباتی گەلی هندستانم دەهاتەوە بیر.. لەو کاتەی کە هندستان لە ساڵی ١٩٤٧ دا سەربەخۆیی وەدەست هێنا من یەکەسەر وتەکانی مامۆستام دەهاتەوە یاد و کە لە ڕۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ غاندی مەزن بە دەستی سیخێك تیرۆرکرا هەموو جیهانی ئازادیخوازی پێ شلەژا. من بیرم بۆ لای وتەکانی ئەو ڕۆژەی مامۆستا سابیر دەچوو کە چۆن پێشبینی گەورەیی و مەزنی ئەو خەباتگێرە گەورەیەی کردبوو و

بە پێشەوای مەزن و بێهاوتای هندستانی دەزانی لەو سەردەمەی ساڵی ١٩٤١ وە من و قوتابییە وشیارەکانی هاوەڵم وانەیەکی راست و تەواومان لە نیشتمان پەروەریی لە مامۆستا سابیر وەرگرت. هەموومان منەتباری ئەو مامۆستایە نەمرەین چونکە بە پێچەوانەی هەندێ لە مامۆستاکانمان بە ڕوون و ئاشکرایی بابەتی سیاسی تێگەیاندین و مێشکی بە بیروباوەری نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری ئاودراین.

لە دوای ئەو مامۆستا هۆشیار و زانایەشمان هەندێ لە مامۆستایانی وەکو شەفیق سابیر و جەلال حەوێزی لە جیاتی سروودی عەرەبی لەسەر پاشا و پاشایەتی وەکو (مەلیکنا ملیکنا نفدیك بالارواح) گەلێك هەڵبەستی حاجی قادری کۆیی و سروودی نەورۆزی پیرەمێردیان پێگوتین کە سەرەتاکەی بەم جۆرە بوو.

**مژدەبێ ساڵ گەڕایەوە ئاگری نەورۆز کرایەوە.**

هەر لەو ساڵەی خوێندنی ١٩٤١-١٩٤٢ هەموو ئەو هۆنراوانەی کە لە کاتی ڕێزبوونی بەیانیان و دوای نیوەڕۆیان لەشیعری حاجی قادری کۆیی بوون هەموویان لەسەر بوژانەوەی کورد و ڕاپەڕین بوون. من و قوتابی سەعیدی مەلا ئەحمەد و تاهیر عەزیز هەر جارەی یەکێکمان هۆنراوەیەکی نەتەوەیی حاجی قادری کۆیی یان پیرەمێرد یاخود (قانع) مان بە دەنگێکی بەرزو بەشێوەیەکی پڕ سۆز و کاریگەر دەخوێندەوە دەدراینە بەر شەپۆلی چەپڵە و هەستمان دەکرد وا وردە وردە هەستی نیشتمان پەروەریمان گەشە دەکات و باوەڕمان بەخۆمان دەکرد کە دەتوانین دەورێك لەناو کۆمەڵەکەماندا ببینین لە ئەزموونی کۆتایی ساڵیشدا دوای کۆششێکی زۆر من بەیەکەمی پۆلی پێنجەم لە هەموو وانەکان بۆ پۆلی شەشەم دەرچووم و پاداشتی سەرکەوتنم پێ بەخشرا.

# گەڕانەوەم بۆ قوتابخانەی یەکەمی کۆیە و
# یەکەمین بیرەوەرییم لەگەڵ دڵداری شاعیر و سیاسیدا

لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٤٢-١٩٤٣ دا دەرچوانی پۆلی چوارەم و پێنجەمی قوتابخانەی دووەممان ناردراین بۆ پۆلی پێنجەم و شەشەمی قوتابخانەی سەرەتایی یەکەم، چونکە بڕیاردرابوو قوتابخانەی دووەم بکرێتە بەرایی (ئەوەلی) واتە لە پۆلی یەکەمەوە تا پۆلی چوارەمی هەبێ و بەس، کە چوومە قوتابخانەی نوێم من هیچ هەستم بە جیاوازی شوێن و پۆل نەکرد، چونکە کۆنە قوتابخانەکەی خۆم بوو، قوتابیان بەپێی تەمەن و گەورەیی و بچووکی بەسەر دوو هۆبەی پۆلی شەشەم دا دابەش کراین و قوتابییە هەراشەکان لە هۆبەی (أ) من و قوتابیە بچووکە هاوتەمەنەکانیشم لە هۆبەی (ب) دانراین و هەر هۆبەیەی پتر لە سی قوتابی گرتبووە خۆی.

ئەو ساڵە مامۆستاکانمان وەك هەستمان پێدەکردن زۆر بە توانا و زیرەك بوون بەڕیوەبەرمان مامۆستا سابیر ئیسماعیل محەمەد (١٩٢٠-١٩٧٢) بوو کە ساڵی پار لە قوتابخانەی دووەم مامۆستای زمانی عەرەبیمان بوو. ئەو ساڵە جگە لە بەڕێوەبردنی قوتابخانە وانەی پەروەردەی نیشتمانیشی پێدەگوتین و مامۆستا عەبدول مەجید نورەدین جەلیزادە قورئان و ئاین و مامۆستا رەفعەت عزەت سامی عەرەبی و مامۆستا تاهیر سەعید ئینگلیزی و مامۆستا فەخری سامی بیرکاری و مامۆستا محەمەد ئەمین مەعروف زانیاری و تەندروستی و مامۆستا مەجیدی حەمەد بەگی ئەسعەدە سوور وانەی مێژوو و جوگرافیای پێدەگوتین (خوا لە هەموویان خۆشبێ).

ئەو ساڵە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نەبی دەنا هەمو وانەکانی تر بە زمانی کوردی دەگوترانەوە، ئێمەش کۆششێکی باشمان دەکرد و مامۆستاکانمان زۆر خۆیان پێوە ماندوو دەکردین.

چونکە من لە قوتابخانەی دووەمەوە هاتبووم و بەیەکەمیش دەرچووبووم رابەری پۆل مامۆستا تاهیر سەعید لەگەڵ چەند قوتابیەکی دیکە کردمی بە چاودێری پۆل. ئێستاش لەبیرمە هەموو ڕۆژێکی شەموان چاودێری پۆلەکەمان بووم، ئەم کار پێسپاردنەم وای لێکردم هەست بە گەورەیی و بوونی خۆم بکەم. لە یادمە مامۆستای رابەر رای سپاردم بەخەتێکی خۆش هەندێك پەندی ئینگلیزی لەسەر کارتۆنی سپی بە گەورەیی بنووسم تاکو لە پێشەوەی دیواری پۆلەکە بدرێت و چەند جاری چاوم بە خەتی خۆم دەکەوت پتر هەوەسم دەچووە سەر خوێندن و کۆشش کردن.

ئەو ساڵەی خوێندن دۆستایەتیم لەگەڵ ئەم قوتابیانەی هۆبەکەی خۆم پەیدا کرد: مەجید مەعروف و سەمەد محێدین و عومەر سەعد و واحد نەشئەت و کەمال نوری ساحێبقران و مستەفای حاجی کەریم و جەمال حاجی سدیق و کەمال کەریم و تاهیر ئیسماعیل. لە هۆبەی (أ)یش برادەرایەتیم لەگەڵ کەمال رەشید حەوێزی و عوسمان مستەفا خۆشناو و عەبدواحید حەمە سدیق و مەمەند حاجی سدیق و جەمال کەریم و فاتح رەسول و غەفوری حاجی یەحیا و حسامەدین تەیب بەهێز بوو.

خوێندن لەم قوتابخانەیەدا لە هەموو پۆلەکان بە زمانی کوردی بوو تەنانەت راڤەکردنی وشەی عەرەبی و ئینگلیزیش هەر بە کوردی بوو.

لەو ساڵەی خوێندنمدا هەستم دەکرد هەندێ مامۆستایان بەگیانێکی نەتەوەیی و کورد پەروەرانە دەرسیان پێ دەگوتین لەوانە مامۆستا محەمەد ئەمین مەعروف و تاهیر سەعید و جەنابی بەڕێوەبەری قوتابخانە مامۆستا سابیر

ئیسماعیل محەمەد دەورێکی باڵایان هەبوو لە پەرەپێدانی گیان و هەستی نەتەوایەتی کورد لە دڵ و مێشکی ئێمەی مێردمناڵدا.

لە سەرەتای ئەو ساڵەی خوێندن دا من لەگەڵ شێوەی دەرس گوتنەوەی هەندێ مامۆستای وەکو فەخری سامی رانەهاتبووم چونکە زۆر بە پەلە زانیاریان پێ دەدایەن ئێستاکەش لەبیرمە مامۆستا فەخری سامی لە پڕ پرسیارێکی بیرکاری لێکردم و دەیویست هەر ئەو دەمە وەڵامی بدەمەوە، کەچی هەرچەندە من لە بیرکاری باش بووم بەڵام ئەو کاتە نەمتوانی وەڵامی راستی بدەمەوە، مامۆستا چوارداری لێدام بەدەنگێکی بەرز گوتی قوتابی وەکو ئێوەمان بۆ هاتووە بۆیە ئاستی زانیاری قوتابیان نزم بۆتەوە و پێی گوتم ئەگەر مردووی گۆڕستان دەربچێ تۆ لە بیرکاری دەرناچی!! ئای کە ئەم وتانەی مامۆستام لا ناخۆش بوون، بەڵام لە شەرمەزاری نەزانینەکەم هیچم پێ نەگوترا و من بەرامبەر بەو شکستیەم کۆڵم نەدا و کەوتمە سەر کۆششێکی بەردەوام و هەستم کرد زەینم وردە وردە ڕوون دەبێتەوە و لەگەڵ شێوەی درەس گوتنەوەی مامۆستاکانم رادێم و مێشك و هۆشم بەتەواوی دەکرێتەوە.

لەو ساڵانەی پێشوودا دەبوایە قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی دوو جار تاقی بکرێتەوە یەکەمیان لە مانگی مایس و مامۆستاکانی قوتابخانە تاقیان دەکردنەوە پێی دەگوترا (تاقیکردنەوەی مەدرەسی) دووەمیشیان لە سەرەتای مانگی حوزەیران بوو پێی دەگوترا تاقیکردنەوەی (بەکەلۆریا).

مامۆستا فەخری سامی لە کاتی تاقیکردنەوەی مەدرەسی بابەتی بیرکاریدا گوتی هەر کەسێك لەم پرسیارانەدا سەد وەربگرێ من قەڵەم پەندانەکەی خۆمی پێشکەش دەکەم و بۆ ڕۆژی دوایی خەریکی تاقیکردنەوەی وانەکانی مێژوو بووم لەو کاتەدا مامۆستا فەخری چەپکە گوڵێکی گەورەی بۆ هێنام و پێی گوتم تەنیا تۆ لەناو شەست و پێنج (٦٥) قوتابی دا بەرزترین نمرەت وەرگرتوە و هیچ

هەڵەیەکت نەکردووە بۆیە من (١٠٠)م پێداوی ئەمە پاداشتی یەکەمیتە لە دەرسی بیرکاری کە وام دەزانی کەس لەم پرسیارانەی من (١٠٠) وەرناگرێ و وادەرکەوت و تۆ چاکترین و زیرەکترین قوتابی ئەم پۆلەی شەشەمی. منیش لە وەڵامدا ئەوەندەم گوت: (مامۆستا تۆ لە بیرتە لە سەرەتای ساڵدا گوتت مردووی گۆڕستان دەربچێ تۆ دەرناچی!! مامۆستا گوتی لە یادم نەماوە چیم بەتۆ گوتوە، ئینجا گوتم مامۆستا من ئەو قوتابییەم کە لە سەرەتای هاتنم بۆ ئەو قوتابخانەیە پێت گوتم ئەگەر مردووی گۆڕستان دەربچن تۆ دەرناچی. مامۆستا دڵی دامەوە و گوتی نا ڕۆڵە وانیە ئێستا حسابە و تۆ یەکەمی هەموو پۆلەکەی لەوانەی (بیرکاری)دا. ئینجا بە مامۆستام گوت تۆ بەڵێنت پێدابووم قەڵەم پەنداکەتم پێبدەی کەچی ئێستا گوڵت بۆ هێناوم کە خۆم خاوەن رەز و باخی گوڵانم لێرەدا مامۆستا بێدەنگ بوو پاش کەمێك دووبارە پیرۆزبایی لێکردمەوە.

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٤٣دا کەوتینە تاقیکردنەی بەکەلۆریا کە لە قوتابخانەی ناوەندی کۆیەدا دەکرا و بەڕێوەبەری هۆڵ تاقیکردنەوەکە مامۆستا (شەوکەت عەبدولرەحمان)ی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی کۆیە بوو. لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی گشتیدا ئەو ساڵە من لەسەر هەر دوو هۆبەی (أ) و (ب) ی پۆلی شەشەم یەکەم بووم.

لەو ساڵەی خوێندنی (١٩٤٢-١٩٤٣) دا هەستمان بە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی دەکرد و هەندێ مامۆستا و ڕۆشنبیری کورد دەهاتن لە جیاتی دەرس گوتنەوە بابەتی سیاسی و نیشتمان پەروەرییان پێدەگوتین وەك مامۆستا سابیری ئیسماعیل مەحەمەدی بەڕێوەبەر و مامۆستا محەمەد ئەمین مەعروف و تاهیر سەعید و کەسایەتی ئەدیب و تێکۆشەری سیاسی یونس رەئووف (دڵدار) وەك لەمەودوا باسی دەکەین.

# یەکەم بیروەرییم
# لەگەڵ دڵداری شاعیر و سیاسی کورددا

تازە هاتبوومەوە قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی کۆیە تەمەنم چواردە ساڵ تێپەڕی کردوبوو ڕۆژێکیان مامۆستا سابیر ئیسماعیلی بەڕێوەبەرمان کە وانەی پەروەردەی نیشتمانی پێدەگوتین هاتە پۆلەکەمان و لاوێکی کەڵەگەتی مەیلە و سور و سپی لەگەڵدا بوو وامانزانی ئەوە مامۆستایەکی نوێیە و بۆمان هاتووە و، مامۆستای بەڕێوەبەرمان دەیەوێ پێمان بناسێنێ. کەچی دوای کەمێك ئامۆژگاری کردن و هاندانمان بۆ فێربوون و کۆشش کردن و پێشکەوتن گوتی ئەم برایە کاك یونس ڕەئوف نیشتمان پەروەر و شاعیری لاوە و نازناوی دڵدارە و شیعری نەتەوەیی جوانی هەیە ئێستاکە لە کۆلێجی حقوق لە بەغدا قوتابییە تا کۆلێجەکەیان دەکرێتەوە و دەگەڕێتەوە بەغدا لە جیاتی من چونکە پڕ ئیشم پەروەردەی نیشتمانیتان پێدەڵێ زۆر پێویستە ڕێزی بگرن و دەمەوێ نموونەی قوتابی ڕەوشت باش بن و ئیدی بەجێی هێشتین و گەڕایەوە و بۆ ژوورەکەی خۆی و کاك یونسیش کورسیەك لە پێشەوەی پۆلەکەماندا بوو لەسەری دانیشت و بە ڕوویەکی خۆشەوە ڕووی تێکردین و ویستی قسە بکات، بەڵام لەگەڵ یەکەم وشەدا زمانی کەمێك گیرا و هەندێ لە قوتابیەکان دەستیان کرد بە پێکەنین و وایان زانی ئەو مامۆستایە لاڵە و ناتوانی بۆ مان بدوێ و، لە دڵی خۆماندا دەمانگوت: (باشە ئەگەر لاڵ بێ ئەدی بۆ چ دەهات بۆمان بدوێ؟!) ئەویش لە جێی خۆی دا نەختێك شڵەژا، بەڵام خۆی گرت و دەستی بە قسە کرد و زمانلەنگیەکەی نەما لێمان بوو بە ڕەوانبێژێکی زمان پاراو، هەرچی دەیگوت

نەیدەگوتەوە و کەوتە هەڵنان و بەرزکردنەوەی ئێمەی قوتابی کە تەمەنمان لە چواردە پانزەساڵ تێپەڕی نەدەکرد، کردینی بە لاوی تازە پێگەیشتووی کورد و بەهیوا و ئامانجی دواڕۆژی کوردستان هەموو سەرکەوتنێکی ئەو وڵاتە خۆشەویستەی خستە سەر شانی ئێمەی نەوەی نوێی ئەم گەلی کوردە زیندووە دێرینە.

ئەوەی لە یادم مابێ ئەم وشانە بوون کە ناو بەناو دووبارەی دەکردنەوە و دەیگوت: (ئێوەن هیوای دواڕۆژی گەلی کورد و ئێوەن لاوە بچکۆڵەکانی ئەمڕۆ و پیاوە گەورە و ناودارەکانی پاشەڕۆژی ئەم وڵاتە خۆشەویستە و کوردستان دەبێ لەسەر دەستی ئێوە رزگار بی!).

ئینجا وردە وردە هاتە سەر باسی مێژووی رابردووی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان و تێکۆشانی لاوانی ئێستا و ئەرکی سەر شانیان و هەندێ وشەی نوێ و زاراوەی تازە بابەتی وای بەکار دەهێنا کە پڕ بوون لە هێرش بردنە سەر دوژمنانی کورد و کوردستان.. وتەکانی مامۆستا دڵدار خۆش بوون لە هی بەڕێوەبەر خۆشتر و بەتامتر بوون چونکە دڵنیای کردین کە ئەم زانیاریە نیشتمانیەی کە پێمان دەڵێ، تەنیا بۆ فێربوون و سوود وەرگرتنەو هیچ پرسیار و ئەزمونێکی مانگانە و ساڵانەیان بە دواوە نیە!! بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەوە دەترساین میری لەم کردەوە و وتانەی مامۆستای خوێن گەرممان بکۆڵێتەوە و تووشی سزای بکات. چونکە هەر ساڵ و نیوێك لەوەو بەر لە مایسی ١٩٤١دا لە سەردەمی ڕۆژانی شۆڕشەکەی ڕەشید عالی گەیلانی لە دژی ئینگلیزی داگیرکەر، کەس و کاری هەندێکیان جنێویان بە ئینگلیز دابوو، کەچی دوای گەڕانەوەی دەسەڵاتیان بۆ سەر وڵات کەوتنە لێپرسینەوە و سزادانی ئەوانە.

ئێمە هەرچەندە مێرد منداڵ بووین بەڵام لەو کاتەوە هەستمان بەوە دەکرد

چ قسە و کردارێك پرسینەوەیان لە دواوەیە؟!

بەم جۆرە مامۆستای تێکۆشەرمان دڵداری شاعیر و سیاسەتمەدار چەند جار سەری لێداین هەر جارە بابەتێك و وتارێکی نیشتمانی فێرکردین... دەتوانم بڵێم دڵداری شاعیری نیشتمان پەروەری کورد، دوای مامۆستا (سابیر ئیسماعیل) ی بەڕێوەبەرمان یەکەم کەس بووە کە مەشقی خەباتی کوردایەتی بۆ داداوم و، هەموو جارێ بەتاسە و ئارەزووێکی زۆرەوە گوێمان لە وتە بەنرخەکانی رادەگرت و زۆر حەزمان بە وشە نوێییەکانی دەکرد. کە بەکاری دەهێنان وەك (هیوا، نیشتمان، رزگاری، ئازادی، سەربەستی، سەربەخۆیی).

کە دەگەڕاینەوە بۆ ماڵ لای باوك و کەس و کارمان دەمان گێڕایەوە کە مامۆستاکەمان پێمان دەڵێت: (ئێوەش پیاون، پیاوی گەورەی دواڕۆژی گەلی کوردن). بەڕاستی ئەو وتانەی مامۆستا دڵدار وەك بروسکیەیەك بوون بەناو مێشکمان دا دەهات و دەچوو و دەبوون بە هێزێکی گیانی بۆ ئێمەی تازە پێگەیشتووی گەلی کورد.

کاك دڵزاری برا گەورەم کە دۆستێکی خۆشەویستی دڵدار بوو چ لە مەیدانی شیعر و چ لە مەیدانی سیاسەت تێیگەیاندم کە ئەو مامۆستا دڵدارەی بۆتان دواوە سکرتێری حزبی هیوایە. زەعیمی ئەو حزبەش مامۆستا (رەفیق حلمی) یە ئەو ناردویەتی بیروباوەڕی حزبی هیوا و ئامانجەکانی لەناو قوتابی و لاوانی ئەم ناوچەیەدا بڵاو بکاتەوە. ئەوەی شیاوی باسە مامۆستا سابیر ئیسماعیل و دەستەیەك لە لاوانی کۆیە ئەندامی دڵسۆزی حزبی هیوا بوون و بۆ بەرزیەتی کورد و کوردستان تێدەکۆشان.

# بیرەوەرییەکانی قۆناغی خوێندنی ناوەندیم

جاران کە قوتابی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکرد، وای دەزانی قۆناغێکی گرنگی خوێندنی بڕیوە و لە دەوری منداڵی دەرچووە و گەیشتۆتە دەوری لاوی و دەبێ مامەڵەی پیاوانی لەگەڵدا بکرێ. منیش یەکێك بووم لەو قوتابیانەی کە لە ساڵی ١٩٤٣ دا خوێندنی سەرەتاییم تەواو کردبوو و لە ئەزموونی بەکەلۆریای پۆلی شەشەم بەیەکەم دەرچووبووم و بۆ پایزی هەمان ساڵ لە پۆلی یەکەمی ناوەندی کۆیە وەرگیرام و هەستم دەکرد هاتوومەتە ڕیزی پیاوان.

لەو ساڵەی خوێندنی ١٩٤٣-١٩٤٤ دا بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان مامۆستا شەوکەوت عەبدولرەحمان بوو دەستەی مامۆستایانیشمان بریتی بوو لەمانەی خوارەوە:

١-مامۆستا شێخ مستەفا شێخ نیعمەتوللا، مێژوو و جوگرافیا و عەرەبی پێ دەگوتین.

٢-مامۆستا جەلال نیهال: سەرەتای زانستەکانی پێدەگوتین و ئەم دووانە لەگەڵ بەڕێوەبەر دەرچووی خانەی بەرزی مامۆستایان بوون، جگە لەمانەش دوو مامۆستای سەرەتایی عەلی موزەفەر ئینگلیزی و موردخای کە مامۆستایەکی جوولەکەی بەغدایی بوو وانەی حیساب و ئەندازەی پێدەگوتین و ئەوەی لەو ساڵەدا زۆر کاری لە من کرد، مردنی حەماغای برا گەورەم و کوڕێکی ساوای بوو بە نەخۆشی تیفۆس و منیش ئەو نەخۆشییەم لێ گرتەوە و بۆ ماوەی دوو حەفتە بێ زمان کەوتم و کە چاکیش بوومەوە تاکو ماوەی ٣ هەفتە نەهاتمەوە سەرەخۆ.

ئەو ماوەیە کاریان کردە سەر خوێندنەکەم بەڵام هەرچۆنێك بوو خۆم زۆر ماندوو کرد و کۆششێکی زۆر باشم کرد و لە ئەنجامدا لە ئەزموونی کۆتایی ساڵدا بە چوارەم دەرچووم و قوتابی زیرەکی وەك عەبدولخالق فەتاح حەوێزی یەکەم و مەجید عومەر دووەم و تاهیر ئیسماعیل شێخانی سێیەم بوون.

لە پایزی ئەو ساڵەی ١٩٤٤ دا لە پۆلی دووەمی ناوەندی کۆیەم دەوام کرد و ئەو ساڵە مامۆستای وەك جەلال نیهال گوێزرایەوە بۆ شارێکی تر و مامۆسای تازە دەرچووی وەك:

١-جەلال شەریف عومەر: مامۆستای مێژوو و جوگرافیا و ئینگلیزیمان بوو.

٢-حوسێن حەسەن ئاکرەیی: مامۆستای زیندەوەر زانی و بیرکاریمان بوو، مامۆستا (شەوکەت عەبدولرەحمان)ی بەڕێوەبەریشمان وانەی تەندروستی و کیمیای پێدەگوتین.

لەو ساڵەی خوێندنی ١٩٤٤-١٩٤٥ دا بە پلەیەکی باش بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی دەرچووم و لەوانەی کیمیا بەرزترین پلەم لەتاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ وەرگرت و بەڕێوەبەری قوتابخانە خەڵاتی کردم و کتێبێکی نوێی کیمیا و جووتە پێڵاوێکی پێدام.

لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ دا دوو ڕووداوی گرنگی نەتەوەیی و سەربازی سەرنجیان راکێشام، یەکەمیان سازدانی (ئاهەنگی نەورۆز) لەلایەن قوتابیانی ناوەندی کۆیە و هەندێ رێکخراوی سیاسی لە شارەکەدا و دووەمیشیان، سازدانی (مانۆرێکی سەربازی سوپای عێراق) بوو لە کۆیەدا، کە لەمەودوا بەدرێژی لێیانەوە دەدوێم.

# چۆن ساڵی ١٩٤٥ نەورۆزمان کرد ؟

لەگەڵ داهاتنی ساڵی ١٩٤٥ دا زستانێکی سەخت و تەڕ و تووش و بەبەفر و باران و گرانی و برسیەتیمان لێداهات و دنیامان لێ بووبووە زیندانی تەنگ و تاریك و هەردەم خەونمان بە بەهارێکی خۆش و ڕۆژە درێژە تێر هەتاوەکانی و دەشت و دەرە پڕ گوڵ و گوڵزارەکانیەوە دەبینی و چاوەڕوانی نەورۆزێکی پڕ خۆشی و هاتنی بەختەوەریی بووین.

لە کۆتایی زستانی ئەو ساڵەدا ڕۆژێکیان چاودێری پۆلەکەمان خوالێخۆشبوو عەبدولخالق فەتتاح حەویزی کە نەختێك لەمن با خۆشتر بوو وەك هەستم پێ دەکرد پەیوەندیی بە کۆمەڵەیەکی نهێنی کوردەوە هەبوو، پێی ڕاگەیاندم کە بڕیار وایە لە ٢١ی ئاداری ١٩٤٥دا سەیرانێکی قوتابخانەیی بکەین و لەوێشەوە ئاهەنگی نەورۆزمان بگێڕین!

کە گوێم لە وشەی نەورۆز بوو وەك دەنگێکی زوڵاڵی نوێی پڕ ئاوازی سیحراوی هۆش و هەستی جووڵاندم و خستمیانە ناو دەریایەکی قووڵی ئەندێشە و بیرکردنەوە. چونکە لە باوکمەوە گوێم لە نەورۆز و داستانەکەی کاوەی ئاسنگەر و ئەژدەهاك بوو بوو، بەڵام هەرگیز نەمدەزانی چۆن ئاهەنگی بۆ دەگێڕدرێ؟ بۆیە هەمو قوتابییان بە ئاواتەوە بووین بگەین بەو ڕۆژە و ئەو ئاهەنگە بە چاوی خۆمان ببینین.

ئیدی لە بەیانی ڕۆژی دیاریکراودا ڕەزامەندی دەستەی مامۆستایانمان وەرگرت بۆ سازدانی ئەو سەیران و ئاهەنگە و لە هەموویان گەرمتر مامۆستامان شێخ مستەفا شێخ نیعمەتوڵڵا و جەلال شەریف بوون. لەو ڕۆژەی ٢١/ئادار ١٩٤٥ دا خۆراکی خۆشی ئەو سەیران و ئاهەنگەمان هەڵگرت و بەڕێزیکی ڕێکوپێك

بەرەو سەیرانگای (شاخی مشکە)ی خوارووی رۆژهەڵاتی کۆیە کەوتینەڕێ و کە گەیشتین هەر دەستەیەك لە قوتابیان لە شوێنێك ئاگرمان کردەوە بۆ ئامادەکردنی خۆراکی نیوەڕۆ و دوای ماوەیەك نانی نیوەڕۆمان لەو سەیرانگا خۆشەدا خوارد.

تا ئێرە سەیرانەکەمان، سەیرانێکی ئاسایی بوو، بەڵام دوای نیوەڕۆ پۆل پۆل رۆشنبیران و کاسبکاران لە شارەوە بەرەو سەیرانگاکەمان دەهاتن تا وای لێهات هەموو لایەك جمەی دەهات لە قوتابی و جەماوەری میللەت و گشتیان بە تاسە و ئارەزوویێکی زۆرەوە چاوەڕوانی رووداوێکی گرنگیان دەکرد و لەپڕ لە گۆڕەپانێکی فراواندا کە بەسەر باغەکانی ئۆمەرخۆچان و گەزەدا دەیڕوانی کۆبووینەوە و هاوڕێیەکمان بە دەنگێکی بەرز دەست پێکردنی ئاهەنگەکەی نەورۆزی جاڕدا و کورتە وتارێکی لەسەر نەورۆز خوێندەوە و هەر ئەوەندەم لەیاد ماوە کە گوتی: ئەم نەورۆزە! جەژنێکی کۆنی کوردە، هەمووساڵێك لە رۆژەدا یادی دەکەینەوە.

ئینجا پەردەیەکی تەمسیلی لەلایەن (کەیفی ئیسماعیل) ی قوتابیی پۆلی سێیەم و (جەمال کەریم)ی قوتابی پۆلی دووەم پێشکەش کرا و کەیفی دەوری کوڕ و جەمالیش دەوری کچی وەرگرتبوو، زیاتر بە ئۆپەرێت دەچوو و هەرچەندە لەسەر نەورۆز نەبوو، بەڵام ئاهەنگەکەی پێ رازاندرایەوە.

دوای ئەوە تیپی قوتابیان سروودی (مژدەبێ ساڵ گەڕایەوە ئاگری نەورۆز کرایەوە)ی لە شیعری پیرەمێردی شاعیر گەورەی کوردیان پێشکەش کرد و ئینجا دوو لاوی نیشتمانپەروەر، خوالێخۆشبووان (عومەری مام عەوڵا) و ئەحمەدی حەمە مەلا گۆرانی (لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆیان) لەسەر ئاوازێکی رەسەنی کوردی گوت و دوا بەدوای ئەوانیش خوالێخۆشبوو (تایەر تۆفیق) کە تازە گۆرانی کوردی هێنابوو نێو ئاهەنگە نیشتمانیەکانی کورد

سروودی (تا دەست لەمل هیوا نەکەم)ی مامۆستا زێوەری لەسەر ئاوازێکی خۆش گوت و ئاهەنگێرانی سەرسام کرد. ئینجا (مەلا ئەسعەد)ی گۆرانیبێژ بە چەند مەقامێکی رەسەنی کوردی ئاهەنگەکەی رازاندەوە لە کۆتایشدا (خالە سێوە)ی مەقامزان بە ئاوازی گۆرانی (شلەوخانان) شاییەکی رۆینەی کوردی گەرم کرد و سۆفی محەمەدی قەساب و عومەری مام عەولا و ئەحمەدی مەلا ئیسماعیل مەلا نووری جەلیزادە و چەندانی دی بەشدارییان لە شاییەکەدا کرد.

کە ئێوارە داهات، هەموو قوتابی و مامۆستایان و جەماوەری ئاهەنگ گێڕ ڕوویان کردە سەر گردێکی بەرزی نزیك سەیرانگاکە و لەوێدا چوار بار داری قەلاشکەری گیشەکرابوون و تەنەکەیەك نەوتیان بەسەردا کردن و ئاگردران و ئیتر مەشخەڵی گڕی ئاگری نەورۆزی کورد بەرز بووە. ئەوەی سەرنج راکێش بوو ئەو نەورۆزە ئاگرەکەی لە ئێوارەکەیدا کرایەوە کە لە نەورۆزەکانی دوای ئەو لە شەوی جەژنەکەدا دەکرێتەوە.

خەڵکەکە گەورە و بچووك بە چەپڵەڕێزانی خۆشی و شادی دەورەیان لە ئاگرەکەدا و لەو کاتەدا سەمەد محەمەد بەننا کە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شۆرش بوو لە ئاگرەکە نزیك بووە و وتارێکی سەرپێی لەسەر نەورۆز و مێژووی ئەو جەژنە پیرۆزەی کورد پێشکەش کرد و هەندێ پلار و توانجیشی لە حکومەتی ئەو سەردەم و هەڵوێستە چەوتەکانی بەرامبەر بە کورد گرت.

ئێمە بۆ یەکەم جار لە وتارەکەی کاك سەمەد بەننادا گوێمان لە وشەکانی (زەردەشت) و (ئاهوورە مەزدا) و (ئەهریمەن) بوو لە دوای رۆژئاوابوون بە نیو سەعات کۆتایی بە ئاهەنگەکە هێنرا و ئینجا زانیمان ئاهەنگی نەورۆز چییە و چۆن دەگێڕدرێ؟ و تا ئێستاکە دیمەنی ئەو ئاهەنگ و ئاگرە لە مێشك و بیرمدا چەسپاون و جگە لەم رووداوە خۆشە و رووداوێکی دیکەش هەر لەو ساڵەدا لە کۆیە هاتە دی کە ئەمەی خوارەوەیە:

# مانۆرێکی سوپای عێراق لە شاری کۆیەدا

لە سەرەتای مانگی نیسانی ئەو ساڵەی ١٩٤٥دا کە جارێ هەر قوتابی پـۆلی دووەمـی ناوەنـدی بـووم، لیـوای چـوارەمی تیپـی دووەمـی سـوپای عـێراق لـە کەرکووکەوە بەرەو شاری کۆیە هات و زۆری پێ نەچوو پێش نیوەڕۆ گەیشتەجێ و ئێمەی قوتابی لەبەر دەرگای قوتابخانەی ناوەندی چاومان بە هێزێکی گەورەی سەربازی و ئەفسەر و دەرجەداران کەوت و ئۆتۆمبێلی زرێدراو ئامێری بێ تـەلیان لەگەڵدابوو، بەهەلـە و هەلـە و بارەگـای تیپـی دووەمیـان لـە کـەرکووك ئاگـادار دەکردەوە کە هێزەکەیان گەیشتە شاری کۆیە و داگیری کرد!! مامۆسـتا شـێخ مستەفا شـێخ نیعمـەتوڵڵا تێـی گەیانـدین کـە ئەمـە مـانۆرێکی سـوپایە و مەشـق دەکـەن بـۆ خـۆ ئامـادەکردن بـۆ بەرەنگاربوونـەوەیان لەگـەڵ شۆڕشـگێڕانی بزوتنـەوەی رزگاریخوازییەکـەی کـورد کـە لـە بـارزان لـە سـاڵی ١٩٤٣ وە سـەری هەڵدابوو و ئاگربەستێکی شلۆق لە نێوان سەرکردەی شۆڕشی بارزان و حکومەتی عێراق راگەیاندرابوو.

بـەڵام ئێمـەی قوتـابی ئـەو کاتـە ئەوەنـدە لـە ئـەنجامی مانۆرەکـە ورد نەدەبووینەوە، ئەوەنـدەی رێکوپێکی مەشـقەکەیان سەرسـامی دەکـردین و ئـەو رۆژە و بۆ رۆژی دواییش دەرسمان نەخوێند و چووینە سەیری سەربازگەکەیان لە شوێنی گەرەکی سەرباغی ئێستا و دامێنی دابوو.

لـە دوای نیـوەڕۆش عەبـدولئیلای وەسـی مـەلیکی عـێراق بـەو نـاوەی کـە فەرماندەی گشتی هێزە چـەکدارەکانی عـێراق بـوو لەگـەڵ جەنـەڕاڵ (رینگتن)ی ئینگلیز کە چاودێری هێزە چەکدارەکانی عێراق بوو گەیشتنە کۆیە و بارەگاکەیان

دوو سەد مەترێك لە رۆژئاوای قوتابخانەی ناوەندیی ئێمە بوو، بۆ کاتی عەسەر هەردووکیان سەردانی سەربازگەکەیان کرد و لە ڕێگای گەڕانەوەیاندا بۆ بارەگاکەیان ئێمەی قوتابی بەدوایان کەوتین و سەیرمان بە (جەنەراڵ رینگتن) ی یەك دەست و بەرگ و قیافەتی وەسی دەهات کە چەندەها نیشانە و میدالیای بە سینگیەوە کرابوو.

لەو دەمەدا دیمەنی رانکوچۆغەڵە شینەکەی کە لەبەر خوالێخۆشبوو عەزیزی ئاوەرەحمان چەلەبی دابوو، سەرەنجی وەسی راکێشا و لێی پرسی ناوت چییە و کوڕی کێی؟

ئەویش هەرچۆنێك بوو ناوی خۆی پێگوت و کەبۆ ئێوارە گەڕامەوە ماڵ، بە باوکم گوت: وەصی مەلیکی عیراق قسەی لەگەڵ عەزیزی ئاورەحمان چەلەبی کرد.

باوکم گوتی: دەفەرموو رووەت هەر ڕوو لە ڕوەتداران دەکات و وەسی قسە لەگەڵ کوڕە هەژارێکی وەك کەریم ناکات! ! لەو ئۆردوگایە چەند ئەفسەرێکی شیك سەرنجی رادەکێشاین یەك لەوانە لیوا (عەلائەددین مەحموود) بوو، کە لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بووە پارێزگاری هەولێر و هاتە کۆیە ناسیمەوە و دەیان گوت: عەبدلوکەریم قاسمی سەرکردەی شۆڕشی تەمووزیش بەشداریی لەو مانۆرەدا کردوە.

کە شەوداهات فەوجێکی سوپا لە چیای هەیبەسوڵتانەوە دابەزین بەرەو بارەگای سەرکردایەتی و سەربازگەی لیوای چوارەم و پەلاماری یەکتریان دا و تۆپخانەی سوپای ناو سەربازگەکە کەوتە کار و لە ئەنجامدا فەوجی هێرش بەر کە دەوری هێزی شۆڕشی بارزانی دەبینی توانی بگاتە بارەگای سەرکردایەتی لیوای چوار و جەنەرال رینگتن حوکمی دا کە فەوجی هێرشبەر سەرکەوت. لەو

سەردەمەی مانۆڕەکەدا دوو حیزبی کوردی هەبوون، حیزبی شۆڕش لە ساڵی ١٩٤٤ دا دروستبوو بوو و حزبی رزگاری کوردیش لە شوباتی ئەو ساڵی ١٩٤٥دا دامەزرابوو، بەڵام هیچ دەورێکیان نەبوو لە هۆشیارکردنەوەی قوتابیان و جەماوەری خەڵکەکە کە ئەو مانۆڕە لە دژی کورد وشۆڕشی بارزان سازدەدرێ، تاکو مەشق بکەن لەسەر شەڕی چیایی و لە ئەنجامیشدا وابوو بۆ پایزی ئەو ساڵەی ١٩٤٥، حکومەتی عیراقی هێزێکی بەکجار گەورەی سوپاکەی نارده سەر بارزان و ئاگر بەستەکەی شکاند و لەبەر ناهاوکوفی هێزی شۆڕشی کورد و سوپای حکومەتی عیراق چەکدار بە نوێترین چەك و هێزی ئاسمانی بەریتانیا، سەرکردەی نەمر بارزانی مستەفا و پێشمەرگە فیداکارەکانی و دەستەیەك لە ئەفسەری کورد ئاودیوی کوردستانی ئێران بوون و چوونە پاڵ بزووتنەوە نەتەوەییە رزگاریخوازەکەی کورد کە گەیشتبووە ئەوپەڕی گەشەکردن.. هەرچەندە مانۆرەکە بۆ مەبەستێکی گڵاو بوو، بەڵام ئێمەی قوتابی چاومان کرایەوە و هەندێ زانیاری تازەمان لە بارەی شۆڕشی بارزان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد وەرگرت و هەستی نەتەوەییمان پتر گەشەی کرد و بۆ کۆتایی ساڵ بە پلەیەکی بەرز دەرچووم بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی.

# خوێندنی پۆلی سێیەمی ناوەندیم و ڕووداوە گرنگەکانی ئەو ساڵە

لە مانگی مایسی ١٩٤٥دا لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بە پلەی چوارەم لە پۆلی دووەمەوە بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی دەرچووم و بۆ پایزی ئەو ساڵە لە پۆلە تازەکەم دەستم بە خوێندن کرد و دەستەی بەڕێوەبەر و مامۆستایانمان بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١–مامۆستا شەوکەت عەبدولرەحمان: بەڕێوەبەر.

٢–مامۆستا حوسێن حەسەن عەقراوی: بیرکاری و فیزیا.

٣–مامۆستا جەلال شەریف: ئینگلیزی و مێژوو و جوگرافیا.

٤–مامۆستا محەمەد جەواد ئەلمیعمار کە مامۆستایەکی عەرەبی ڕەشی عەمارەیی بوو وانەی عەرەبی پێدەگوتین و ئەم مامۆستایە تا بڵێی زیرەك و زانا بوو، بەڵام بەردەوام مەست و سەرخۆش بوو، هەندێ جار بەسەرخۆشی دەرسی پێدەگوتین هەستمان پێدەکرد ناتەواوە بۆ ڕۆژی دوایی کە دەهات پێی دەگوتین ئەوەی دوێنی پێم نووسینەوە هەمووی بکوژێننەوە چونکە هەڵەیان تێدایە و ئەوەی ئەمڕۆکە بنووسنەوە تەواوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مامۆستایە توانی ئاستی زانستیمان لە زمانی عەرەبی بەرز بکاتەوە و لەو سەری لە تاقیکردنەوەی گشتی (بەکالۆریا) ژمارەیەکی زۆر باش لە قوتابیان لە دەرسی زمانی عەرەبی دەرچوون، کە چەند ساڵ بوو بە دەگمەن نەبێ دەنا قوتابیان لەو زمانەی عەرەبی دەرنەدەچوون و دەمانەوە.

لــەرووی سیاســی و نیشتمانپەروەریشــەوە، ئێمــەی قوتابیــانی قۆنــاغی خوێندنی ناوەندیی پتر هۆشیاریی نەتەوەییمان لەلا گەشەی کرد و لە کوردستانی باشــووردا دوو حیزبــە کوردییەکــەی (شــۆڕش) و (رزگــاری ) لــە رێگــەی ئۆرگانەکانیانەوە هۆشیاری نیشتمانی و نەتەوەییان بەناولاواندا بڵاو دەکردەوە و لەلایــەکی دیکەشــەوە لــە کوردســتانی رۆژهەڵاتــەوە هــەواڵی چــالاکی نەتــەوەیی کوردمــان پێدەگەیشــت و دەمــانزانی کــە کۆمەڵــەی (ژ.ك) کــە لــە ســاڵی ١٩٤٢ دا دروستبووبوو و لە رۆژی ١٩٤٥/٨/١٦دا بە سەرۆکایەتی قــازی محەمــەد ناوەکــەی گۆڕابوو بە حزبی دیموکراتی کوردستان و ئەو حزبە تێکۆشەرەش توانی لەماوەی چەند مانگێك لە خەباتی بێ وچان خۆی ئامادە بکات بۆ رووداوی سیاسی مــەزنتر ئەویش دامەزرانــدنی کۆمــاری دیمــوکراتی کوردســتان بــوو. کــە لەمــەودوا لێیــەوە دەدوێــن و کاریگــەریی لەســەر هەســت و ســۆزی نەتــەوەیی میللــەتی کوردســتانی باشوور بە گشتی و قوتابیانی قۆناغی ناوەندیی دەخەینەڕوو:

# دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان و دەنگدانەوەی لە کۆیە

کاتێـک کـە کۆمـاری دیمـوکراتی کوردسـتان لـە رۆژی ۱۹٤٦/۱/۲۲دا بـە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد دامەزرا. ئەم رووداوە مەزنە هێزێکی گیـانی و هەست و سۆزێکی نەتەوەیی پڕ جۆشی لە دڵی لاوان و قوتابیاندا خوڵقاند و ئـەم رووداوە نەتەوەییـە مەزنـە هـەموو کـوردی پارچـە دابەشـکراوەکانی کوردسـتانی راپەڕانـد و هەنـدێ قوتابیـان خوێنـدنیان بـەجێ دەهێشـت و روویـان دەکـردە (مەهاباد) ی پایتەختی ئەو کۆمارە ساوایەی کوردستان، چەند قوتابییەکی پـۆلی سـێیەمی ناوەنـدی هـەتا قـەلادزێ چـوون کەچـی باوکیـان بەدوایانـدا چـوون گەڕاندنیانـەوە، ئێمـەی قوتابیـان چـوونە مـەهابادمان بـە ئـەرکێکی پـیرۆزی سەرشانمان دەزانی و هەندێ هەرزەکاری خوێن گـەرمی وەهاشمـان لەگەڵدا بـوو دەیگوت: ئێمە بۆ بچین بـۆ کۆمـاری دیمـوکراتی کوردسـتان، بـا ئێـرە بکـەین بـە مەهاباد و شۆڕشی لێ بەرپا بکەین؟! جارێکیان یەکێك لە هاوەڵەکانم لێی پرسیم کـە ئێمـە کۆمـەڵێك قوتـابی بـووین لەبـەردەم قوتابخانەکـەمان و وەسـتابوون و گوتی: دەبێ کەی ئێمەی کـوردی کوردسـتانی عیراقـیش بتـوانین راپـەڕین وەکـو کوردی ئەو دیو شۆڕش بکەین و کۆمارێکی دیموکراتی دابمەزرێنین؟

لە وەڵامدا گوتم: ئێمە گەر هوشیاری نەتەوەیی بەناو میللەتدا بڵاوبکەینـەوە و ڕێکیان بخەین و دەوڵەمەندەکان بە پارە و چەك یارمـەتیمان بـدەن، دەتـوانین دوای ماوەیەکی دی ڕاپەڕین و شۆڕش بکەین.

هەر کە ئەوەم گـوت: قوتابیـەکی پـۆلی پێنجـەمی سـەرەتایی کـە هـاتبووە ناومان لێم نزیك بووەوە و رووی تێکردم و گوتی: نەخێر رای تۆ هەڵەیـە و ئێسـتا ئێمەی کورد دەتوانین شۆڕشێك بەرپا بکـەین و دەوڵـەتێك دامـەزرێنین! کـە لـەو

مێـرد منداڵـە وردبوومـەوە ناسـیمەوە کـە جـەلالی کـوڕی شـێخ حیسـامەدینی تاڵەبانییە و باوکی بەناوی مامێکی جوانەمەرگی کردووە کـە نـاوی جـەلال بـووە، بۆیە لە منداڵیەوە هەرپێی گوتراوە مام جەلال و ئەو کوڕە لە منداڵییـەوە زیـرەك و هوشیار بوو و هەموو دەم ئەقڵی لە تەمەنی گەورەتر بوو.

کە وتەکانی ئەم مێردمناڵەم گوێ لێ بوو بەخۆمدا شکامەوە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئەم مێرد منداڵە تەمەن ١٣ ساڵە ئەوەندە خوێن گەرم و شۆڕشـگێربێ، بۆچی دەبێ من وا خوێن ساردبم و دەبێ لەمـەولا لـە وەڵامـی پرسـیاری سیاسـی ئاوادا گەرم و گوڕ بم و بەجۆشتر بچمە پـاڵ بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی نەتـەوەیی کورد کە لە زۆر لاوە جۆشی سـەند بـوو، بەتایبـەتی لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان و دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان ئاواتێکی هەرە بەرز و پیرۆزی هـەموو میللـەتی کـورد بـوو و خۆشـبەختانە هاتـەدی و بـوە شەوچـرایەك هـەموو لاوانـی پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتان چەشـنی پەروانـە ئاواتـەخوازبوون بگەنـە ئـەو شەوچرایە و خۆیان لە پێناویدا ببەخشن.

بەڵام کاتێك کە لە ١٩٤٦/١٢/١٧دا ئەو ئەزموونە سیاسیەی کورد لەسـەدەی بیستەمدا زیندەبەچاڵ کرا، گەورەترین کارەسات یەخەگیری میللەتی کورد بـوو و زامێکی پـڕ لـە ناسـۆر کەوتـە دڵ و جـەرگی هـەموو لاوێکـی کوردسـتان چـونکە هێشتا لێـوی کـورد بـە ئۆخـەی سـەرکەوتنی کۆمـاری دیمـوکراتی کوردسـتان بـە چاکی تەڕ نەبوو ببوو، فرمێسکی ئەو کۆرپە ساوایە هەموو خۆشـی و شـادییەکی لەسەر لێوی سڕیەوە و قـازی و سـەیفی قـازی لـە رۆژی ١٠ی خاکـەلێوەی سـاڵی ١٣٢٦ی هـەتاوی بەرامبـەر بـە ٣٠ی ئـاداری ١٩٤٧ لـە مەیـدانی چوارچـرا لـە سێدارەدران و هەرچەندە نسکۆیەکی گەورە و دڵتەزێن بـوو بـەڵام کـورد نائومێـد نەبوو، ئاڵاکەی کوردستان لە قازی محەمەدەوە درا دەست مەلا مسـتەفا بـارزانی نەمر و ئەویش درێژەی بە خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێری دا.

# ڕووداوی دووەم
# سازدانی ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٤٦

هەفتەیەك بەر لە هاتنی وادەی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦، کاك ئەحمەد دڵزاری برا گەورەم بە سەردان لە سەربازی لە فەلەستینەوە گەڕابووەوە کۆیە، لەو کاتەدا قوتابیان و لاوانی کۆیە بیریان لە ئاهەنگ گێڕانی نەورۆز دەکردەوە، تاکو لاوی خوێن گەرمی کوردپەروەری قوتابخانەکەمان کە لە ئێمەمانان بە تەمەنتر بوو ئەویش خوالێخۆشبوو (حیسامەدین تەیب)ی ناسراو بە (شەعب) بوو لەگەڵ کاك دڵزار ڕێککەوتن بچن بۆ لای قایمقامی کۆیە و مۆڵەتی سازدانی ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی لێوەرگرن وابوو جەنابی قایمقام ڕێگەی پێدان و ئەوانیش لەگەڵ یەك دوو کەسی تر ڕاوێژیان کرد و بڕیاریاندا کە ئاهەنگەکەی نەورۆز لەسەر گردێکی نزیك شاخی مشکە سازبدرێ و کەوتنە خۆ و لێژنەیەکیان دانا بۆ کۆکردنەوەی پیتاك بۆ داوەتی نەورۆز و داوەتنامە بۆ زۆر کەس لە خەڵکی شارەکە ناردرا بە تایبەتی بۆ مەلاکان و لەبەر دڵی ئەوان لە پلیتی داوەتەکە نووسرا ئەم ساڵ ئاگری نەورۆز ناکرێتەوە، چونکە ساڵی پار دوای کردنەوەی ئاگرەکەی نەورۆز، مەلاکان کەوتنە دژی نەورۆز و بە دابو دەستوورێکی ئاگر پەرستیان دانا، بەڵام ئەم ساڵ کە نووسرابوو ئاگر ناکرێتەوە لە پێش خەڵکەکە مەلاکان بەشدارییان لە ئاهەنگەکەدا کرد و هاتنە سەرداوەتەکە و پڵاوبرنج و کەنگریان خوارد و ماستاوی مەڕییان بەسەردا کرد و چای سەماوەری زەرد و قۆریەی عەجەمیشیان خواردەوە و بۆ دوای نیوەڕۆ ئاهەنگی نەورۆز دەستی پێکرد و خوالێخۆشبوو مستەفای حاجی کەریم توانی

میکرۆفۆن و بڵندگۆ بەهۆی دوو رادیۆوە رێکبخات لە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ پرۆگرامی ئاهەنگەکە بەمجۆرە بەڕێوەچوو:

١–وتاری لیژنەی ئامادەکاری ئاهەنگەکە لەسەر نەورۆز و مێژووەکەی لەلایەن حسیامەدین تەیب (شەعب)ەوە خوێندرایەوە.

٢–شیعرێك لەسەر یادی نەورۆز لەلایەن شاعیری نیشتمانپەروەر (عوسمان عەونی)یەوە پێشکەش کرا.

٣–هۆنراوەیەك بەناوی (تیشکی رۆژی نەورۆز) لەلایەن شاعیری نیشتمانپەروەر کاك ئەحمەد دلزار پێشکەش کرا و بەم جۆرە دەستی پێکرد.

**برا گەل سەیری گوڵزاری وەتەن کەن چەندە نەخشینە**

**سەرەندازی بە ئەندازەی چەمەن رەنگار و رەنگینە.**

٤–هۆنراوەیەکی (قانیع)ی شاعیری لادێ بە ناونیشانی (یەك دواندن) لەلایەن (حیسامەدین تەیب شەعب) و (ئەندریۆس خەمۆ) قوتابی پۆلی سێیەمی ناوەندیی و ئێستا بە (باکووری) دەناسرێ وەك دەمەتەقێ پێشکەش کرا و سەرەتای دەمەتەقێکە بەم جۆر بوو:

**ئەی کوڕ نەوەی کێی؟ نەوەی شێرانم،**

**تۆ لەکام قەومی؟ قەومی کوردانم.**

**بۆ رەنگت زەردە؟ دەردم گرانە!**

**دەردەکەت چییە؟ کزی کوردانە!!**

٥–هۆنراوەیەکی دلزار لەلایەن موحسینی عەزیز ئاغای حەوێزی بەناوی (نەورۆزنامە) پێشکەش کرا و بەمجۆرە دەستی پێدەکرد.

**مژدەبێ ئەی کورد کە ئەمڕۆ جەژنەکەی نەورۆزتە**

**کاتی خۆش بەختی و سرور و ساتەکەی پیرۆزتە،**

**وەختی شادی و غەش لە دڵ دەکـردنی گشت هۆزتە**

**مژدەبێ ئەی کورد کە نەورۆز پێشڕەوی سەربەستیە**

**مژدەهێنی رۆژی ئــــازادی  لە دیـلی و پەستیە ! !**

دوای خوێندنـــەوەی هـــەر برگەیـــەکی بەرنامـــەی ئاهەنگەکـــە خەڵکـــە ئاهەنگێرەکان بە شەپۆڵی چەپڵە وەڵامیان دەدانەوە.

٦–ئینجـا کـاك عەبـدولرەحمان هـەناری شـیعرێکی کاکـە زەکـی هـەناری خوێندەوە.

٧–وتـارێکی رێکوپێـك لەلایـەن قوتـابی پـۆلی پێنجـەمی سـەرەتایی لەسـەر یادی نەورۆزی جـەژنی نەتـەوەیی کـورد لەلایـەن مـام جـەلال شـێخ حیسـامەدین تاڵەبانییەوە پێشکەش کـرا و بـووە مایـەی پەسـندی هـەموو ئاهـەنگ گێـڕان بـە چەپڵە و هەربژی پێشوازی لێکرا.

چونکە مێردمناڵێکی ١٣ سـاڵە  تـوانی ئازایـەتی ئـەدەبیی خـۆی دەربـڕی و وتـارێکی رێکوپێـك پێشـکەش بکـات کـە ئێمـە مانـانی قوتـابی پـۆلی سـێیەمی ناوەندی لەدەستمان نەدەهات بابەتی سیاسی لە بۆنەی ئاوادا پێشکەش بکـەین، بەڵام هۆش و بیرمـان بـە هەسـتی نەتـەوەیی  و بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد مەسـت بووبـوو. وامـان دەزانـی لـە مـەهابادین و دەوری خۆمـان لـە کۆمـاری دیموکراتی کوردستان دەبینین.

٨–کە ئاهەنگەکە کۆتایی هات، گەلێك لە ئاهەنگ گێران چەکیان پـێ بـوو چ تفەنگ و چ دەمانچە، لە هەموو لایەکەوە کردیـان بـە تەقـەی خۆشـی و هاواریـان دەکرد  بژی کۆماری دیموکراتی کوردستان، بژی کورد، بژی یادی نەورۆز ئازدای. لەودەمەدا مامۆستای زمانی عەرەبی قوتابخانەکەمان محەمەد جەواد ئەلمعمار کە عەرەبێکی نەتـەوە پەرسـت بـوو، لەتـەکم وەسـتابوو، پێـی گـوتم: (کـەریم ئـەوە

چییە؟) مەبەستی لە تەقەکان بوو. ئینجا گوتی: (ئەمە نیشانەی یاخی بوونە لە حکوومەت و ئەگەر کورد لە مەهاباد کۆماری کوردستانی داناوە، ئێمەی عەرەبی چەندەها دەوڵەتی سەربەخۆمان هەیە و تەنانەت لەم رۆژانەدا (میرنشینی ئوردن) لەژێر چاودێری بەریتانیا دەردەچێ و دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی بەناوی (شانشینی ئوردنی هاشمی) منیش هەرچۆنێك بوو بە عەرەبیە شکستەکەی ئەوسام خۆم پێم گوت ئوستاد: ئەگەر ئێوە ئەو هەموو دەوڵەتە عەرەبیەتان هەبێ، بۆ لە ئێمەتان چاوە کۆماری دیموکراتی کوردستانمان هەبێ و خۆشی و شادی بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی نەتەوەییمان دەربڕین؟ هەرچۆنێك بوو ئاهەنگەکەی نەورۆز بە سەلامەتی و خۆشی ئەنجامدرا و بۆ ئێوارە گەڕاینەوە شار و تا چەند هەفتەیەك خۆشی و شادی ئاهەنگەکەی نەورۆزمان هەر لەمێشك و دەروونماندا مایەوە، ئەو ساڵەی خوێندن کۆششێکی زۆرمان کرد چونکە تاقیکردنەوەی بەکەلۆریای پۆلی سێیەمی ناوەندیمان لەپێش بوو و لەو تاقیکردنەوە گشتییەدا تەنیا پێنج قوتابی کە ئەمانە بووین.

١–مەجید عومەر حەسەن: یەکەم

٢–عەبدولخالق فەتاح حەوێزی: دووەم

٣–سەلاحەددین عەبدولقادری کوڕی قایمقام: سێیەم

٤–من (کەریم مستەفا) بە چوارەم دەرچووم.

٥–تایەر ئیسماعیل بە پێنجەم دەرچوو.

قوتابی وەکو سەیفەدین عەبدولقادر و ئەندریۆس خەمۆ (باکووری) و ئەمجەد نوورەدین جەلیزادە و مەجید حەمید عەبدوڵڵا ئیکمال بوون و من بۆ پایز چوومە بەغدا و لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە ئەعزەمیە و تایەر ئیسماعیل لە قوتابخانەی کشتوکاڵی ئەبو غرێب وەرگیراین و سەرکەوتووەکانی دیکەش چوونە شاران لە ئامادەیی درێژەیان بە خوێندنەکەیان دا.

# بیرەوەرییەکانی سەردەمی خوێندنم لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەغدا

دوای ئـەوەی کـە لـە تاقیکردنـەوەی گشـتی (بەکـەلۆریا)ی پـۆلی سـێیەمی ناوەندی کۆیە دەرچووم، بۆ کۆتایی هاوینی ١٩٤٦ هەموو بەڵگەنامە و بڕوانامـەی دەرچوونم بۆ وەرگرتنم لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە ئەعزەمیـەی شـاری بەغـدا ئامـادە کـرد و مـن و چـەند خوێنـدکارێك لـە سـەرەتای مـانگی ئەیلوولـدا چووینە بەغدا و سەردانی خانەی مامۆستایانمان کـرد و پێیـان گـوتین: دەبـێ لـە پارێزگای خۆتان بپاڵێورێن ئینجا بێن بۆ ئێرە. منیش لەگەڵ چەند خوێنـدکارێکی وەکو خۆم هاتمەوە هەولێر بۆ وەرگرتنی فۆڕمی پاڵاوتن و ئەوسـاکە بەڕێوەبـەری مـەعاریف کـە ئێسـتا بۆتـە پـەروەردە مامۆسـتا رەفعـەت دۆغرمەچـی بـوو، رەزامەندی لەسەر پاڵاوتنی من ٩ خوێندکاری دیکە دەربڕی و ئێمـەش گەڕاینـەوە بەغدا، بەڵام لێژنەی وەرگـرتن ئـەو ساڵە بـەپێی بڕیـار و راسـپاردەی وەزارەتـی مەعاریفی ئەوسا ٤ خوێندکاریان لـە هـەولێر بـەپێی زۆریـی نمرەکانیـان وەرگـرت دوای ئەوەی کە گەلێك پرسیاریان لەبارەی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و مێژوو و جوگرافیـا و هونـەریان لـێ کـردین و لـە ئەنجامـدا لـەو ١٠ کەسـە ئـەم چـوارەمان وەرگیران:

١-هادی سەعید. ٢-کەریم مستەفا.

٣-عەبدولقادر ئەنوەر. ٤-شەمعون مەنسوور نەباتی.

ئینجا بەم چوارە وەرگیراوەیان گـوت: بڕۆنـە شـارەکانی خۆتـان و ئێمـە لـە رێگەی پۆستەوە ئاگادارتـان دەکەینـەوە تـاکو کەفالـەت بکـەن و بـێن بـۆ دەوام

کردن، وابوو لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ دا ئاگادار کراینەوە بچین بۆ دەوام کردن.

کە گەیشتین من لەچاو زۆربەی خوێندکارەکانی دی درەنگتر گەیشتم و هیچ قەریۆلەیەکم لە هۆڵەکانی بەشی ناوخۆی ئەو ئامۆژگایە چنگ نەکەوت، ناچار لەگەڵ دەستەیەك لە دواکەوتووەکان لە هۆڵێکیان نواندین کە نوێنمان لەسەر کاشی رادەخست و دەنووستین، تا رۆژێکیان کاکە جەلال حەمەد رەسوول مامەش کە خوێندکارێکی پۆلی سێیەم بوو و خەڵکی شارەکەی کۆیە بوو و دۆست و ناسیاریشم بوو لەهانام هات و بە بەرێوەبەری بەشی ناوخۆی گوت: لە هۆڵەکەماندا شوێنی قەروێلەیەکی چۆڵ هەیە و با ئەم خوێنکارە تازەیە بێتە تەنیشت من و جێی دەبێتەوە. ئیدی لەو هۆڵەدا لەگەڵ خوێندکارانی دوا قۆناغی خوێندنەکە جێگەم بۆ کرایەوە و لەم رۆژەوە کاکە جەلال بووە باوك و برا و پشت و پەنام و شەو و رۆژ دوای خوێندنی وانەکانمان لە چایخانە و گازینۆکاندا بەیەکەوە بووین و لەو یارمەتیەی کە ئەندازیارێکی بەڵێندەری خێرخوازی کوردی کۆیی رەشید عاریف سەقا دەیدا بە خوێندکارە هەژارەکانی کورد لە بەغدا بۆ تەواوکردنی خوێندنیان، قاتە جلێکی لە دەستی بۆ کریم و پۆشتە بوومەوە و ئێستاش نازانم چۆن سوپاسی ئەو دوو کەسە دڵسۆزەی کورد بکەم.

کاکە جەلال رۆژێکیان لەلای درکاندم کە خۆی ئەندامێکی دڵسۆزی پارتی دیموکراتی کوردە بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی قارەمانی شۆرشەکانی بارزان لە پێناوی ئازادی لە کوردستاندا و ئەم حزبە بۆ کوردباشترین حزبی نەتەوەیی دیموکراتە تاکو خەباتی سیاسی تێدا بکات و لە ژێر دەستی رزگار بکات.

منیش لەبەر گەورەیی ناوی مەلا مستەفای بارزانی و خەباتکردن لە پێناوی

رزگاری کوردستان و ئازادی کورد، لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٦ دا قەناعەتم بە ئامۆژگارییەکانی هاوڕێکەم هات و بووم بە لایەنگیرێکی دڵسۆزی پارتی دیموکراتی و لە دوایشدا ئەندامێکی چالاکی ئەو حیزبە نەتەوەییەی کورد و هەموو هیوایەکمان بە رزگاربوونی کوردستانی رۆژهەلات بوو، کە لە ١٩٤٦/١/٢٢ەوە کۆماری دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد دامەزرابوو، ئاواتەخواز بووین پارچەکانی دیکەی کوردستانی گەورە بەتایبەتی کوردستانی عێراق لەژێر دەستی رزگاری ببێ، کەچی فەلەکی چەپگەرد بە پێچەوانەی ئارەزووی کورد سووڕا و لە ١٩٤٦/١٢/١٧دا کۆمارە دیموکراتیەکەی کوردستان رووخێنرا و کوردی تووشی نسکۆیەکی گەروە کرد و داغێکی گەورەی نا بە جەرگی ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کورد و سەرجەم میللەتی کورد و من و کاك جەلال بۆ ماوەی چەند رۆژێك خەو و خۆراکمان لێ حەرام بوو هەر ئاهی ساردمان هەڵدەکێشا و تەنانەت خوێندن و کۆششیشمان لەبەر چاو رەشبوو بوو. بەلام لە دواییدا دڵی خۆمان بەوە دەدایەوە کە میللەتی کورد چەندەها کارەساتی وای بەسەر هاتووە کەچی کۆڵی نەداوە و کەوتۆتەوە سەر پێ و بەردەوام بووە لەسەر خەباتی نەتەوەیی خۆی.

من و کاك جەلال پەیوەندیی حیزبیمان لە رێگەی کاك بەکر ئیسماعیل محەمەدەوە هەبوو کە خوێندکارێکی کۆیی کۆلێجی حقوق بوو، لەگەڵ کاك (عومەر حەبیب)ی ناسراو بە (عومەرە سوور) خانووێکیان لە گەڕەکی (رەئس ئەلحەواش)ی ئەعزەمییە گرتبوو، لەو خانووەدا سەرکردەکانی پارتی وەك کاك عەلی عەبدوڵلا و عەبدولکەریم تۆفیق و عومەر دەبابە و رەشید عەبدولقادر لەگەڵ ئەم دوو کەسەدا کۆدەبوونەوە. کاك بەکر ئیسماعیلیش زوو زوو دەهاتە خانەی مامۆستایان بۆ سەرپەشتی چالاکییەکانی پارتی.

من جگە لە کاك جەلال و کاك بەکر ئیسماعیل پەیوەندیی حزبیم لەگەڵ خوێندکارێکی هاوپۆلم کا ئەحمەد سەعید کۆییەوە هەبوو ئەو زاتە باوکی کۆیی بوو کەوتبووە سلێمانی و ئەحمەد رۆڵەی ئەو شارە بوو. جارێکیان لەگەڵ ئەو هاورێییەم دا چووینە کۆبوونەوەیەکی گشتی حزبی شەعب بە سەرۆکایەتی کەسایەتی ناودار عەزیز شەریف، گەلێك رێزیان لێناین و لەو کۆبوونەوەیەدا کە لەرۆخ شەقامی موتەنەبی لە تەلارێکی گەورەدا بەسترابوو، هەریەك لە مامۆستایان عەزیز شەریف و تۆفیق مونیر و عەبدولرەحیم شەریف سەروتارێکی سیاسی پتەویان خوێندەوە و شاعیرێکی میللیش کە کادرێکی ئەو حزبە بوو بەناوی (جاسم جبووری) هۆنراوەیەکی سیاسی بەهێزی پێشکەش کرد.

ئەوەی شیاوی باسە ئەوساکە لە مانگی نیسانی ١٩٤٦وە پێنج حزبی نیشتمانی مۆڵەتی ئیشکردنی ئاشکرایان وەرگرتبوو کە ئەمانە بوون:

١-وەتەنی دیموکراتی. ٢-حزبی شەعب. ٣-یەکێتی نیشتمانی عیراقی.

٤-حزبی ئەحرار. ٥-حزبی سەربەخۆیی (استقلال).

سێ حزبەکەی یەکەم و دووەم و سێیەم ئاورییان لە کێشەی کورد دەدایەوە، بۆیە حەزمان دەکرد ئەگەر بۆمان لوابایە لە کۆبوونەوە گشتیەکانیاندا ئامادە بین.

# دانیشتنێك لەگەڵ حوزنی موکریانیدا

ڕۆژێکیان سەر لە ئێوارە لەگەڵ کاکە سووری شێخ عیزولالی تاڵەبانی کە ئەو خوالێخۆشبووە ئەوساکە خوێندکارێکی پۆلی چوارەمی ئامادەیی ئێواران بوو لە بەغدا لە پردی کۆنی بەغدا کە لە دواییدا ناونرا (پردی شەهیدان) پەڕینەوە بۆ بەری کەرخ لە چایەخانەیکدا چاومان بە کابرایەکی کوردی ریش سپی کەوت. کاکە سوور گوتی: ئەمە جەنابی (حوزنی موکریانی)یە با کەمێك لەلای دانیشن چونکە کەسایەتیەکی خزمەتگوزاری کوردە و گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە رواندز و (رووناکی) لە هەولێر و (دەنگی گێتی تازە) لە بەغدا دەرچواندووە. چوینە لای و بەرامبەری لەسەر لاتەختێکی چایخانەکە دانیشتین. کاکە سوور زۆر رێزی لە هەول و کۆششەکانی حوزنی بۆ کورد نا. منیش تەنیا ئەوەندەم گوت: زاری کورمانجی و رووناکی لە کوردستان دەرچوون و بۆ کورد بوون، بەڵام (دەنگی گێتی تازە) لە سەفارەتی بەریتانیا دەرچووە، تا ئەوەندەم گوت رەنگم سوور هەڵگەڕا. مامۆستا حوزنی گوتی: رۆڵە من لەو ڕایەدام دەبێ دەوڵەتێکی زلهێزی دنیا دۆستمان بێ و پشتمان بگرێ، دەنا کوردی بێ کەس چی پێناکری و ناگاتە ئامانج، ئێمە یەك دوو لاپەڕەمان لە گۆڤارەکەی دەنگی گێتی تازەدا بۆ هەواڵی جەنگی بەریتانیا و هاوپەیمانی لە دژی بەرەی تەوەر (میحوەر) تەرخان دەکرد، کەچی دەیەها لاپەڕەمان بۆ ئەدەب و کەلەپووری کوردی و مێژووی کۆنی کوردی تەرخان دەکرد و دەیەها نووسەری خامە رەنگین لە گۆڤارەکەدا دەیاننووسی. منیش تا رادەیەك قەناعەتم بە وتەکانی هات.

لە کۆتایی ساڵی خوێندنی ١٩٤٦–١٩٤٧دا کاك جەلال حەمەد خوێندنی

تەواو کرد و بۆ پایز بووە مامۆستا و منیش دەرچووم بۆ پۆلی دووەم و لە پایزی ١٩٤٧دا کەوتینە سەر دەوام و لەو ساڵەی خوێندنماندا گەلێك رووداوی سیاسی گرنگ لە جیهاندا روویاندا وەکو دابەشکردنی فەلەستین لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە نێوانی عەرەب و جوولەکەکاندا.

کە ئەو هەواڵە لە ئێستەگەکانی رادیۆی بەغدا و دەوڵەتاندا بڵاوکرایەوە، خوێندکارانی کۆلیج و ئامۆژگاکان و ناوەندیی و ئامادەییەکان خرۆشان و ئەو رۆژەی دەرچوونی بڕیاری دابەشکردنەکە ١٩٤٧/١١/٢٩ بوو لە هەموو لایەك بووە خۆپیشدانی جەماوەری. ئێمە لە ئەعزەمیە لەگەڵ کۆلیجی شەریعەت و دواناوەندی کوڕان و کچانی ئەعزەمیە و کۆلیجی مەلیك فەیسەل خۆپیشاندانێکی جەماوەرییمان سازدا، لە پڕێك لاوێکی لە ئێمە بەتەمەنتر بەناوی محەمەد مەحموود ئەلسەواف کە ئێستا لە هەولێر مزگەوتێکی بەناوە تازە لە ئەزهەر گەڕابووەوە بە پێش خۆپیشاندەران کەوت و دەیگوت: با بچینە سەر دەریای شاهانەی عیراق و عەبدلئیلای وەسی مەلیکی عیراق ریسوا بکەین چونکە سیاسەتی ئەو و ئەمسالی ئەو لە سەرکردەکانی عەرەب وای کردووە عەرەب بێ هێز بن و بگاتە رادەیەك فەلەستین دابەش بکرێ و بەشێکی بدرێتە جوولەکەکان.

بەڵام کاتێك کە گەیشتینە دەربار و چووینە بەردەم وەسی، دیمان جەنابی سەواف ئیخوان ئەلموسلمین بە پێچەوانەی گەفەکانی کەوتە ستایشکردنی خاوەن بەرزیەتی وەسی و داوای لە خۆپیشاندەران کرد لەسەر داوای وەسی بڵاوەی لێ بکەین، بەڵام ئێمە بڵاوەمان لێ نەکرد و بەخۆپیشاندان چووینە ئەنجومەنی وەزیران و لەوێ سالح جەبری سەرەك وەزیران لە بانێژەی نهۆمی دووەمی تەلارەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا گوتی: هیوادارم رۆژەهای رۆژ بۆ فەلەستینی خۆشەویست خۆپشیاندان ساز بکەن!! دەیویست خۆی لەلای خەڵکەکە

خۆشەویست بکا چونکە نوێکردنەوەی پەیمانی ١٩٣٠ی نێوان عێراق و بەریتانیای لە بەرنامەی وەزارەتەکەیدا بوو.

لە رۆژی ١/١/ ١٩٤٨دا بە بۆنەی جەژنی سەری ساڵی زایینی زۆربەی مامۆستاکانمان مەسیحی بوون و جەژنیان بوو، خوێندن لە خانەی مامۆستایان دەوەستا بۆیە مامۆستای مێژوومان فەیسەل ئەلسامر کە لە دواییدا بووە (دکتۆر) گەشتێکی رێکخست بۆ شاری حیللە و بە سواری شەمەندەفەر بۆ خوێندکارانی پۆلی دووەم ئەنجامدا و شەوێك لە دواناوەندیی حیللە ماینەوە و لەو شەوەدا خوێندکارە عەرەبەکان چ گۆرانیەکی وایان نەدەزانی تەنیا عەتابە و ئەبوزییەیان بە پچڕ پچڕی دەگوت. من لێرەدا هەستی نەتەوەییم وای لێکردم هەندێ گۆرانی کوردی بڵێم و ئەوسا دەنگم تا رادەیەك خۆشبوو، دەستم کرد بە گۆرانی چڕین و (شیرین بەهارە)ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدم بەو ئاوازە گوت کە ئەحمەدی حەمە مەلاو لە کۆیە لەدەم رووباری رەزی شەمە و ئۆمەرخۆچان دەیگوت کە گەیشتمە ئەو دێرە شیعرانەی کە دەڵێن:

**مەژی بۆ مردن بمـــرە بۆ ژیـــان،**
**چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان**
**لە زرەی زنجیر دڵت نەلـــــەرزێ،**
**پێوەند بۆ لەشە نەوەك بۆ گیان!!**

هەمو خوێندکارە کوردەکان دایان لە چەپڵە و داوای دووبارە کردنەوەیان لێکردم، کە لێ بوومەوە مامۆستا فەیسەل ئەلسامر لێی پرسیم ئەو حەماسەت و چەپڵە لێدانە بۆ چی بوو، دەمەوێ دەقی شیعرەکەم بۆ بکەی بە عەرەبی تاکو تێی بگەم، منیش دوای بیرکردنەوە بەم جۆرە بۆ کرد بە عەرەبی:

**لاتعش للموت بل مت من أجل الحياة**

**فكيف تربح ان لم تتأذ**

**لايرتعش قلبك من صليل السلاسل**

**لان الأصفاد تؤلم الجسد لا الروح!!**

مامۆستا شیعرەکە و دەنگەکەمی زۆر پەسند کرد و هەموو خوێندکارە عەرەبەکانیش گۆرانی و دەنگەکەی منیان لە هی خۆیان پێ خۆشتر و رێکوپێکتر بوو، بۆ رۆژی دوایی هەر بە شەمەندەفەر گەڕاینەوە بەغدا و کەوتینەوە سەر خوێندنی وانەکانمان.

# منی خوێندکاری خانەی مامۆستایان و لاپەڕەیەکی شاردراوە لە ژیانی هەژاری موکریانیدا

کات دوا دوای پایزی ساڵی ١٩٤٧ بوو، ئێمە بیست خوێندکارێکی کورد بووین لە خانەی مامۆستایان لە ئەعزەمیەی شاری بەغدا دەمانخوێند و لەو ساڵەی خوێندندا شەش خوێندکارمان کۆیی بووین ئەوانیش جگە لە خۆم کەمال رەشید حەوێزی و کەمال سادق و عەبدوڵڵا ئەحمەد نورجان و عەبدولرەحمان هەنار و زاهیر هەناری بوون. رۆژانی هەینی بەیەکەوە دەچووینە ناو بازاڕی بەغدا و لە چایخانەی کوردان لە حەیدەرخانە دادەنیشتین. نزیکەی ١١ مانگ بوو کۆماری دیموکراتی کوردستان بە پیلانێکی ئیمپریالی زندەبەچاڵ کرابوو، بەشداربووانی ئەو تاقیکردنەوە سیاسیە یان خنکێنرا بوون یان پەنایان بردبووە بەر وڵاتی سۆڤیەتی جاران یان بەرەو کوردستانی باشوور و عیراق هاتبوون.

رۆژێکیان لەگەڵ چەند هاورێیەکمدا بە شەقامی رەشیدا تێدەپەڕین کاتێك گەیشتنیە نزیك مزگەوتی حەیدەرخانە، لەپڕ چاومان بە کۆنە قوتابییەکی ناسیاومان کەوت کە چەند ساڵێك بوو لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییەوە دەستی لە خوێندن هەڵگرتبوو و لەبەردەم ستۆدیۆیەکی وێنەگرتن وەستا بوو یەکسەر دڵمان داخورپا و ترسێك دایگرتین چونکە بیستبوومان ئەو کوڕە نەگریسە لە سازمانی (تەحقیقاتی جینائی عیراقی) کار دەکات کە ئینگلیزەکان کاتی هاتنیان بۆ عیراق بەناوی کورتکراوەی (C.I.D) دایانەمەزراندبوو، کابرای نۆکەر لە جاران گەرمتر هاتەپێشمان و دوای چاك و چۆنی کردن، گوتی: فەرموون ئەمە ستۆدیۆی خۆتانە و بەهاوبەش لەگەڵ برادەرێکی ئاوارەی کوردستانی ئێران

دامنناوە و لە ژوورەوەیە و لەسەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان شاعیری تایبەتی پێشەوا قازی محەمەد بووە، کە سەرمان بەناو ستۆدیۆکەدا گرت بینیمان لاوێکی رەقەڵەی لاوازی کەمێك لەخۆمان بەتەمەنتر، خەریکی رتووش کردنی چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی بوو. کە چاوی بە ئێمە کەوت سەری بەرزکردەوە و پێشوازی لێکردین و کابرای سەر بە (C.I.D) پێشکەشی کردین و گوتی: ئەمە کاك (عبدولرەحمان)ی پەناهەندەیە و خۆشەویستی قازی محەمەد بووە. ئێمە بە ترسێکەوە رێزمان لێنا. چونکە لە ترسی کابرای سازمان نەمانوێرا لە هەواڵی سەردەمی ژیانی لە کۆماری کوردستاندا بپرسین و هەردووکیان پێیان گوتین ئەگەر وێنەی خۆتان گرت، لەلای ئێمەی بیگرن، چونکە بۆ خوێندکاری کورد هەرزانتری دەگرین و ئێمەش گەلێك سوپاسمان کردن وبەرەو خانەی مامۆستایان گەڕاینەوە، بەڵام سەرمان لەوە سوڕمابوو، چۆن تێکۆشەرێکی شەرێکی وا بەڕێز لەگەڵ پیاوی (C.I.D) ستۆدیۆ بکاتەوە من لە رێگەی خوالێخۆشبوو کەمال رەشید حەوێزی هاوڕێمەوە پەیوەندی رێکخستنم بە پارتی دیموکراتی کوردەوە هەبوو، لە رێگادا بە یەکترمان دەگوت: چۆن بتوانین بە نهێنی بەگوێی ئەو برادەرە کوردە تێکۆشەرە بەناهەندەیەدا بچرپێنین کە ئەو کابرایەی لەگەڵیەتی پیاوی سازمانی پۆلیسی نهێنییە ! !

بەڵام بێ سوود بوو، چونکە چەند جاری کە چووباین هەردووکیان پێکەوە بوون، ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو، دوای چەند رۆژێك ئاگادار کراینەوە کە ئەو وێنەگرە ئاوارەیە عەبدوڕەحمان هەژاری موکریانییە و شاعیری شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێرانە، ئینجا کەوتمە خەمی ئەوەی چۆن بتوانم بە تەنیا کاك هەژار ببینم و تێی بگەیەنم کە خۆی لە داوی ئەو پۆلیسە نهێنییە دوور خاتەوە؟ زۆری پێ نەچوو ستۆدیۆکەیان گواستەوە بۆ ئەعزەمیە و نزیك خانەی مامۆستایان

بەمە پتر تێکچووین، چونکە بۆمان دەرکەوت کە پتر بۆ چاودێری خوێندکارانی خانەی مامۆستایانمان ئەو نۆکەرەی سازمان نزیك بۆتەوە.

ئێمەی خوێندکارانی کورد بەسەرخۆمان نەهێنا و چووین بەخێرهاتنمان کرد تاکو ڕۆژێك من و هەڤاڵ کەمال ڕەشید حەوێزی بەلای ستۆدیۆکەیاندا ڕەت بووین، بینیمان کاکە هەژار بەتەنیا خەریکی ڕتوشکردنی چەند وێنەیەکە و گوتمان: دەرفەتێکی باشە بۆ تێگەیاندنی کە ئەو کابرایەی لەگەڵیدا شەریکە لە سازمانی (C.I.D)دا کاردەکات و ئاگای لەخۆی بێت، کاکە هەژار گوتی: من باوەڕناکەم ئەو کوڕە وابێ زۆر خۆی بە دڵسۆزی کوردستان دەزانی، بەڵام من ئاوارە و پەناهەندەم و خەڵکی ئەو شارە باش ناناسم و من لەلای کاکە زیاداغای ئەندامی پەرلەمان و جێگری دووەمی مەلا مستەفای بارزانی سەرۆکی پارتی ئەم کوڕەم ناسیوە بەو ناوەی خەڵکی شاری کۆیەیە و هەندێ پارەی وەك باربوو پێداوم تا ستۆدیۆی پێدابنێم، کەچی پارەکە ئەوەندە نەبوو هەمو کەرەستەیەکی وێنەگریی پێبکڕم و ئەم برادەرە یارمەتی دام تاکو بە هاوبەشی ئەم پرۆژەیە ئەنجام بدەین: ئێمەش گوتمان: باشە بەڵام ئاگات لە قسەکانی خۆت بێ، وادیاربوو ئەو ئەوەندە قسەکانی بەدڵ نەبوو! !

دوای چەند ڕۆژێك سەری ستۆدیۆکەیمان دایەوە، ڕێکەوت وا بوو ئەو جارەش بەتەنیا بوو، زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردنین و پێی گوتین: قسەکانتان ڕاست دەرچوون، ئەم کابرایە داوام لێدەکات زانیاری و نهێنی لەبارەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی پێ بڵێم و پێی بڵێم: ئەو کوردانەی کوردستانی عێراق لە کۆماری کوردستاندا بەشدارییان کوردووە چییان کردووە و دەوریان چی بوو؟ منیش پێم وتووە من چ دەورێکی وام نەبووە و کەسیشم لەو کوردانەی کوردستانی عێراق کە مەبەستتە ناناسم. کەچی ئەو بەو قسەیە من دەماری گیرا

و پێی گوتم: چۆن نازانی و نایانناسی؟ ئەدی تۆ دامەزرێنەری کۆمەڵەی (ژ.ك) و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەبووی..؟ ئەی تۆ (عەبدولرەحمان زەبیحی) نی؟ ئەی کێی؟ کەوای گوت: زانیم هۆی ئەو هەموو خۆنزیك کردنەوەی و بوونە شەریکم لە ستۆدیۆکە ئەو کارە جاسووسیە چەپەڵەبووە و منیش لە دڵی خۆمدا گوتم: با جارێ هەر (بە زەبیحی)م تێبگات و نەزانی عەبدولرەحمان هەژارم تا چاری خۆم دەکەم و بەهۆی یارمەتی کاکە زیاداغا رەوانەی لوبنان دەکرێم بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشیەکەم کە چەند ساڵە بەدەردی وەرەم (سیل) دەتلێمەوە، بۆیە وا لەڕ و لاوازم.

دوای چەند هەفتەیەك نە هەژار ما و نە ستۆدیۆکە و کابرای سازمانیشمان نەبینیەوە و لە دواییدا بیستمان کاکە هەژار بۆ چارەسەرکردنی دەردەکەی رەوانەی نەخۆشخانەیەکی سیلداران لە چیای لوبنان کراوە و وەك لەدواییدا زانیمان پاش یەکد وو ساڵ لەو نەخۆشییە چاك بۆتەوە، بەڵام لەبەر نالەباری باری سیاسی لە ئێران و عێراق لە سوریا جێگیر بووە. تاکو لە دوای شۆرشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ی عیراق گەڕایەوە بەغدا و من لە دوکانی وەستا بەشیر موشیر لە حەیدەرخانە چاوم بە مامۆستا هەژار کەوتەوە، بەڵام چۆن پیاوێك نەخۆشییەکەی پەڕاندبوو و تا بڵێی قەڵەو بوو بوو. خۆم پێ ناساندەوە ئەو بەسەرهاتەم بۆ گێڕایەوە لەگەڵ کابرای سازمانی ئاسایش و گوتی: ئەو کابرایە منی بە عەبدوڕەحمان زەبیحی زانیبوو بۆیە ئەوەندە خۆی لێ نزیك دەکردمەوە، دوا پرسیاری منیش ئەوە بوو و لێم پرسی گەر شاعیر نەبووای دەبووی بە چی؟ لە وەڵامدا گوتی: دەبووم بە وێنەکێش و ئێستاش کاری وێنەکێشی و رتووشی وێنەم لە هەموو کارێکی تر پێ خۆشترە و ئیدی لێك دابڕاین.

# راپەڕینی نیشتمانی عیراق و گۆڕانکارییەکی تەواو لە بیروباوەڕی سیاسیمدا

شاندێکی عیراقی بە سەرۆکایەتی (ساڵح جەبر) سەرۆك وەزیرانی ئەوسای عیراق لە ١٩٤٨/١/١دا بەرەو لەندەن بەڕێ کەوتن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەستنی پەیمانێکی نوێی عیراق و بەریتانیا. لەو رۆژەدا خوێندکارانی کۆلێجەکانی حقوق و دەرمانسازی کەوتنە پەناگیری و لەگەڵ پۆلیس لێکیان دا.

بۆ رۆژی ١٩٤٨/١/١٥ ساڵح جەبر و (ئەنایرن بیڤن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیان پەیمانەکەیان لە بەندەری (پۆرتسمۆس)ی سەر دەریای مانش ئیمزا کرد بۆیە ناونرا (پەیمانی پۆرتسمۆس).

کە ئەو هەواڵە لە عیراقدا بڵاوبووەوە، میللەت بە تەواوی هەژا و لە رۆژی ١٩٤٨/١/١٨دا کۆلێج و خوێندنگاکانی عیراق مانیان گرت بۆ رۆژی ١٩٤٨/١/١٩ ئێمەی خوێندکارانی خانەی مامۆستایان لەگەڵ خوێندکارانی کۆلێجی مەلیك فەیسەل و دواناوەندیی ئەعزەمییەی کوڕان و کچان و کۆلێجی شەریعەت گەورەترین خۆپیشاندانی نارەزاییمان لە دژی پەیمانەکە ساز کرد و بەرەو دەرباری شاهانە چووین، کە نزیك بووینەوە تەقەیان لێ کردین و ماوەیان نەداین بچینە ژوورەوە و ئێمەش بەرەوە ناوەندی شاری بەغدا چووین و هەمو داواکارییەکمان گۆڕکردنی پەیمانە گڵاوەکە بوو.

کە گەڕاینەوە بەشی ناوخۆی خانەی مامۆستایان، بینیمان هۆڵی چێشتخانەکەمان داخراوە و نانمان نادەنێ، بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا لێژنەیەکمان پێك هێنا لە نوێنەرانی (حیزبی رزگاری نیشتمانی) کە رێکخراوێکی نیمچە

ئاشکرای حزبی شیوعی عیراق بوو لەگەڵ نوێنەرێکی حزبی شەعب چوونە لای سەرکردە و نوێنەری حزبە نیشتمانیەکان بۆ وەرگرتنی پیتاك و لەماوەی سەعاتێکدا توانیان پارەیەکی تەواو کۆبکەنەوە و بیدەن بە سەموونی گەرم و حەڵوا بەسەر خوێندکاراندا دابەش کراو بۆ ژەمەکانی ئێوارە و بەیانیش هەر بەم جۆرە نان دابین کرا.

هەندێ چاودێری گشتیان دانا تاکو بزانن کێ بەشداریی لە خۆپیشاندانەکە ناکات تاکو خۆراکی نەدەنێ، ئەوەی ئاگاداربم بۆ رۆژی دوایی خوێندکارێکیان هێنا بەردەم لیژنە و گوتیان ئەمە بەشداریی نەکردووە و ناوی (شەمران عەلوان) بوو لیژنە ویستی نانی نەداتی کەچی سوێندی خوارد لەمەودوا لە پێشەوەی خوپیشاندەران دەبێ، ئینجا نان و حەلواکەیان پێدا!!

پێش هەموو خوێندکارێك کاك شەمران چووە ناو خۆپیشاندانی رۆژی دووەم و کەوتە هوتاف کێشان و لە ئاگر و ئاسن نەدەسڵەمیەوە، تاکو لە شەقامی رەشید تانکێك لە تانکەکانی سوپا رووی تێکرد و گوللەیەکی گەرمی لە سەنگی دا و بووە یەکەمین شەهیدی گۆڕکردنی پەیمانە چەپەڵەکەی (پۆرتسمۆس) دوای ئەویش (جەعفەر جەواهیری) برای شاعیری مەزنی عەرەب (محەمەد مەهدی جەواهیری) و (قەیس ئالووسی) شەهید کران و خەڵکی بەغدا بەجارێك خرۆشان. کە بۆ دوای نیوەڕۆ گەڕاینەوە خانەی مامۆستایان، هەر خوێندکارە پارچە قوماشێکی رەشمان لە یاخەماندا بۆ گیانی پاکی شەهیدەکان بەتایبەتی (شەمران عەلوان)ی هەڤاڵمان. هەر ئەو ڕۆژە بڕیاری وەزارەتی مەعاریف دەرچوو بە داخستنی هەموو کۆلێج و خوێندنگاکانی عیراق و بەرێکردنی خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکان بۆ شارەکانی خۆیان و ئێمەی خوێندکارانی کورد بۆ ئێوارە بە شەمەندەفەر گەڕاینەوە کەرکووك و بەرەو پارێزگا و شارەکانی خۆمان

چووینەوە.

بەم فەرمانەی وەزارەتی مەعاریف راپەڕینەکە نەکوژایەوە و هەر بەردەوام بوو لە بەغدا و شارە گەورەکانی عیراق تاکو رۆژی ١٩٤٨/١/٢٧، پۆلیسی حکومەتی سالح جەبر لەسەر پردی کۆن لە دواییدا ناونرا (پردی شەهیدان) خەڵکێکی زۆری لە خۆپیشاندەران شەهید کرد و هەر ئەو رۆژە بۆ ئێوارە حکوومەتی سالح جەبر رووخا و پەیمانە گڵاوەکەی (پۆرتسمۆس)یشی لەگەڵدا گۆڕکرا.

بۆ رۆژی ١٩٤٨/١/٢٩ وەزارەتێکی نوێ بۆ هیورکردنەوەی خەڵکە راپەڕیوەکە بە سەرۆکایەتی سەید محەمەد ئەلسەدر دامەزرا.

## دەوری کورد لە را پەڕینەکەدا

خوێندکارە کوردەکان و سەرکردەی حزبە پێشەکەوتنخوازەکان دەورێکی سەرەکیان هەبوو لە هەڵگیرساندنی راپەڕینە نیشتمانیەکەدا وەکو حزبی شیوعی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شەعب. خوێندکاری کوردی وەك سالح روشدی بادینی کە خوێندکاری کۆلیجی حقوق بوو وتاربێژێکی مەزن بوو بە زمانی عەرەبی چ لە خۆپیشاندانەکان و چ لەسەر گۆڕی شەهیدان و لە خوێندکارەکانی خەڵکی سلێمانی ئەنوەری حەماغای غەفوور رەشید دارا ئاغا و ئەحمەد سەعید کۆیی و لە هەولێری و کۆیانیش عومەر دەبابە و زاهیر هەناری و رەشید حەوێزی و من و عەبدوڵڵا ئەحمەد نورجان و کەمال سادق دەورمان هەبوو لە رێکخستنی خۆپیشاندانی خوێندکارە کوردەکان لە خۆپیشاندانی تایبەتیدا.

## گۆڕانکارییەکی تەواو لە بیروباوەڕمدا

لە سالّی دووەمی خوێندنم لە خانەی مامۆستایاندا، هەستم دەکرد ئەو خوێندکارانەی سالّی پار لەگەلّمدا بوون، هەلّوێستی سیاسیان گۆڕاوە و ڕۆژ بەڕۆژ بیروباوەڕی مارکسی دوای بڕانەوەی جەنگی دووەمی جیهانی پتر بلاّو دەبووەوە. سالّی ڕابردوو کاك ئەحمەد سەعید کۆیی لە دوای کاکە جەلال حەمەد ڕەسوول ڕێکخەری حزبیم بوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان دا، کەچی هەستم دەکرد گۆڕاوە و کەوتووەتە پالّ حزبی ڕزگاری نیشتمانی و لە هەموو بۆچوونێکی دا پشت بە فەلسەفەی مارکسی دەبەستێ و زۆری پێ نەچوو نەك هەر لە خانەی مامۆستایان، بەلّکو لە هەموو ئەعزەمییە بووە بەرپرسی یەکەمی ئەو حزبە مارکسییە.

ئەحمەدی کاکم داوای لێکردم ببمە مارکسی و کتێبی دایلیکتیکی هەبوو پێی دەدام و دەمخوێندەوە، بەلاّم چاکیان تێنەدەگەیشتم و بیروباوەڕی نەتەوەییم نەدەگۆڕا، کەچی ئەو بەردەوام ئامۆژگاریی دەکردم تا لەگەلّ بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی جیهانیدا بژیم کە مایەی ڕزگارکردنی گەلانە لە ژێر دەستی و چەوساندنەوە یەکێك لەوانەش کوردە.

من گوێم لە قسەکانی دەگرت، بەلاّم کە کێشەی کورد و کوردستانم دەهاتەوە یاد، زاتم نەدەکرد خۆم لە پارتی دور بخەمەوە کە داینەمۆی کوردایەتی بوو، بەلاّم لە ناخمدا ئەو بیروباوەڕە نوێ و تازە بابەتە چەکەرەیان دەکرد چونکە لەسەر بنچینەیەکی پێشکەوتنخوازی پتەو دامەزرا بوون و لە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینە نیشتمانیەکەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا بەکردار بۆم ساغ بووەوە کە بیروباوەڕی پێشکەوتخواز چ دەورێکی هەبوو لە بەڕێوەبردنی ڕاپەڕینەکە و کێ بوون ئەوانەی بە دلّسۆزی خەباتیان بۆ خۆشکردنی ژیانی چینی

هەژاران و سەروەریی نیشتمانی دەکرد و لەسەرێکی دیکەشدا، فەلسەفەی مارکسی کارێکی تەواوی کردبووە سەر بیرو لێکدانەوەی لاوان لەو سەردەمەدا و تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە بەرنامەکەیدا دەینووسی سوود لە فەلسەفەی مارکسی و تیۆری زانستی وەردەگرین بەم جۆرە وردە وردە بیروباوەڕم رووە و مەتریالیزمی مێژوویی چوو و بۆ هاوینی ١٩٤٨ کەوتمە پاڵ رێکخستنی (حزبی رزگاری نیشتمانی) لە شاری کۆیە، کە لە دواییدا لە ساڵی ١٩٤٩دا چووەوە ناو رێکخراوەکانی حزبی شیوعی عیراق.

# دوو گرفتی سامناك لە ژیانی خوێندکاریی مندا

دوابـەدوای راپەڕینـە نیشـتمانییەکەی کـانوونی دووەمـی ١٩٤٨ و یـادی شـەهیدانی، دوو کێشـە و گـرفتی نـاخۆش و ترسـناکم هاتنـە ڕێ، یەکـەمیان تووشـبوونم بـە نەخۆشـی کـولکی گـەدە (قورحـەی مەعیـدە) و سسـتی سـووڕی خوێنم لە لەشدا و بەهۆیانەوە زیاتر لە مانگێك لە نەخۆشخانەی مـەعاریف کـەوتم و کە هاتمە دەرێـش توانـای دەوام کـردنم نـەمابوو، بۆیـە راپـۆرتێکی نەخۆشـیم وەرگرت و بەشداریم لە ئەزموونی کۆتـایی سـاڵی نـەکرد و ئـەو سـاڵەی خوێنـدنی ١٩٤٧-١٩٤٨ لە پۆلەکەی خۆمدا مامەوە.

گرفتی دووەمیش هـەر لەبـەردەم مـن نـەبوو، بـەڵکو هـاتبووە پـێش هـەموو خوێندکارێکی پێشکەوتنخوازی کورد و عەرەب لە خانەی مامۆستایان و سەرجەم کۆلیج و خویندنگاکاندا. ئـەویش پەیـدابوونی دەسـتەیەکی هـەرزەکاری شـەڕانی چـەقۆ وەشـێنی دڕنـدە بـەناوی (الشباب القومی) کـە بـە زۆری یەخـەگیری لاوە پێشـکەوتخوازەکان دەبـوون بـە بیـاونووی بەربـەرەکانی شـیوعیەت، لـە دواییـدا دەرکـەوت ئەوانـەی بیروبـاوەڕی (حزبـی بەعسـی عـەرەبی)یان وەرگرتبـوو، کـە هەمووی ساڵێك بوو ئەو حزبە لە (دیمەشق)ی پایتـەختی سـوریا لـە ٧ی نیسـانی ١٩٤٧ دا دامەزرابوو. ئەندامە دیارەکانی ئەو لاوە نەتەوەییە راستڕەوانەت.

عەبـدوڵڵا سـەلووم سـامەرائی و عەبدللـەتیف وەهیـب و جاسـم محەمـەد ئەلعەبباسی بوون، کە یەکەم و سێیەمیان لە فەرعی عـالی بـوون و (عبدوللـەتیف و وەهیـب)یش هـاوپۆلی خـۆم بـوون، ئەوانـە هـەر کەسـێکی زانیبایـان شـیوعییە پەلاماریان دەدا و کە ئەو کەسەی دەست درێژیشـی دەکرایـە سـەر و شـکایەتی

کردبایە، ئەوا بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگا ئەوی تاوانبار دەکرد و بە گێرەشێوێنی لەقەڵەمی دەدا!!

هەرچەندە من لەبەر نەخۆشییەکەم ئەوەندە لەبەر چاویان نەبووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەخۆم دەترسام، چونکە جارێکیان لەگەڵ عەبدوڵڵا سەلووم و جاسم محەمەد ئەلعەبباسی لەسەر جنێودانیان بە کورد بەدەمە قاڵ هاتبووم.

ڕۆژێکیان ئەو چەقوو وەشێنانە پەلاماری کاك ئەحمەد سەعید کۆییان دا بەو ناوەی ئەو وەختە بەرپرسی حزبی شیوعی بوو لە خانەی مامۆستایان و لە ئەعزەمیەش، کەچی کە شکایەتی کرد، بەڕێوەبەرایەتی ئەوەندە گوێی بە سکاڵاکەی نەدا. لەوەوە تێگەیشتین کە حزبی ئیستقلال و ئەو نەتەوە پەرستانەی عەرەب لەگەڵ حکومەتەکەی سەید محەمەد سەدر ڕێکەوتبوون بۆ سارکردنەوەی جەماوەری هەڵچووی میللەت لە شۆڕشگێڕییەکەیان باشترین بەڵگەش بۆ ئەو هەڵوێست و هاوکارییەی ئەو نەتەوەییە ڕاستڕەوە فاشییانە، ئەو هەڵوێستەی حکوومەتی سەدر بوو بەرامبەر ئەو هێرشە دڕندانەی ئەو پیاو خراپ و جاسووسانەی سەر بە (شەبابی قەومی عەرەبی) بۆ سەر کۆلیجی مەلیك فەیسەل و قرچ و بڕکردنی قوتابیان، کە لە جیاتی ئەوەی حەقیان بستێنێ کۆلێجەکەی داخست بەو ناوەی گوایا هێلانەی شیوعیەت و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی مارکسیە و خوێندکارەکانی بەسەر ناوەندی ئامادەییەکاندا دابەش کرد.

لە ڕاستیدا ئەو تاقمە فاشییە دەورێکی موخابەراتی و جاسووسیان گێڕا بۆ پووچەڵ کردنەوەی دەستکەوتەکانی میللەت لە ڕاپەڕینە نیشتمانییەکەی کانوون، ئەو چەند کەسە فاشستەی خوێندنگاکەمان دوای چەند ساڵێك لە هاوینی ١٩٥٢ بە ئەندامی قیادەی قوتری حزبی بەعسی عیراق هەڵبژێردران و بەم جۆرە

حزبی بەعس لە عێراقدا لەسەر حیسابی تیرۆر و تۆقاندنی نیشتمانپەروەری پێشکەوتنخواز دروستبوو و حکومەتی پاشایەتیش چ سزایەکی وای بۆ تاوانی ئەوانە دانەدەنا، کەچی سووکترین سزای شیوعیەکان لە پێنج شەش ساڵ، بەڵکو ١٠ ساڵ کەمتر نەبوو. لێرەدا لەوە گەیشتم کە تێکۆشانی شیوعیەکان لە تێکۆشانی رێکخراوە سیاسیەکانی تر جددیترە، بۆیە لەو تەمەنەمدا کە پێمنابووە ٢٠ ساڵی بە تەواوی رووم کردە بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی حزبی رزگاری نیشتمانی (حزب التحرر الوطني).

لە ١٣ی نیسانی ١٩٤٨دا دەستم لە خوێندن هەڵگرت لەبەر نەخۆشییەکەم چوومەوە کۆیە و لەوێ پزیشکێکی زۆر پسپۆڕ و مەعلانی جوولەکە لە نەخۆشخانەکەیدا دەست بەکار بوو، ناوی دکتۆر عەبد بوو، سەردانم کرد باش بشکنینی و دەرمانی شیفا بەخش و پارێزی بۆ دانام کە پێشتر گوێم بە هیچ پاریزییەك لە خواردنی خۆراکی چەور و تیژ و ترش نەدەدا. بە یەك و دوو مانگ لە گرفتی ئەو نەخۆشیەم تا رادەیەك رزگاریم بوو کە لە بەغدا پزیشکەکان چیان بۆ نەکردبووم. بۆ نەخۆشی سستی خوێنیشم لە سووڕانەوەدا بەهۆی وەرزشی بەیانیان و رۆیشتنی زۆرەوە وردە وردە چارەسەر کرا و خۆم بە کەسێکی ساغ و ئاسایی زانی.

باری سیاسیش لە مانگی مایسی ئەو ساڵەی ١٩٤٨ەوە بەرەو خراپی دەچوو. حکومەتەکەی سەید محەمەد ئەسەد بەبۆنەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستین لە ١٩٤٨/٥/١٥دا ئەحکامی عورفی راگەیاند و سوپای رەوانەی فەلەستین کرد تاکو لەگەڵ سوپاکانی دەوڵەتە عەرەبیەکانی تر لە دژی سوپای ئیسرائیل بجەنگێ و خاکی فەلەستین لە چنگ جوولەکان رزگار بکات و بە بیانووی پاراستنی پاشکۆی سوپای عێراق کەوتە دەستگیرکردنی تێکۆشەرانی

پێشکەوتوخواز نەبادا بزووتنەوەیەکی سیاسی لە دژی رژێمی شاهانە لە عیراق بەرپا بکەن، بەتایبەتی لە ئەندام و لایەنگرانی (حزبی رزگاری نیشتمانی) کە واجیهەیەکی نیمچە ئاشکرای حزبی شیوعی عیراق بوو لەوانە لە شاری کۆیە کاك ئەحمەد دلزاری برام و رۆستەم حەویزی و فایەق جەلیل و کاك مەجیدی کاکەی حاجی مەحموود و عەبدولرەحمانی مەحموود ئاغا بە تۆمەتی شیوعیەت گیران و ماوەیەك لە گرتووخانەی قشلەی کۆیە دەست بەسەر کران و لە دواییدا رەوانەی گرتووخانەی هەولێر کران و لەپاش چەند مانگ گرتن بە دەستەبەر بەردران بە مەرجێك لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٩دا لەبەردەم دادگای عورفی عەسکەری لە ئۆردوگای وەشاش لە بەغدا ئامادە بن و منیش لەو هاوینەی ١٩٤٨ دا پتر چوومە ناو رێکخستنی حزبی رزگاری نیشتمانییەوە لە پایزی ١٩٤٨دا گەڕامەوە بەغدا و لە هەمان پۆلی دووەم لە خانەی مامۆستایان دەستم بە خوێندن کردەوە و کادیری شیوعی وەك هادی سەعید و بیلال عەزیز و سدیق عەبدولرەحیم (باین) بوونە رێکخەرمان، هادی سەعید لە رێکخستنی حزبی شارەزابوو، بەلام هاوڕێ بیلال لە رووناکبیرکردنمان بە فەلسەفەی مارکسی شارەزا بوو.

زۆر نەبوو گەڕابوینەوە بەغدا، بڕیاری حزب دەرچوو بە رێکخستنی خۆپیشاندانێکی جەماوەری بۆ گەڕانەوەی سوپای عیراق لە فەلەستین کە چەند مانگێك بوو سوپای دەولەتە عەرەبیەکان لەگەڵ سوپای ئیسرائیل بە چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگربەستیان راگەیاندبوو.

خۆپیشاندانەکە لە گۆڕەپانی (باب ئەلموعەزەم) دەستی پێکرد و بە شەقامی رەشیدا رۆیشت تاکو نزیك گۆڕەپانی پەیکەری رەسافی ئێستا. بەلام لەپڕ هێزێکی زۆر لە پۆلیس و تانك پێشیان لێگرتن و هەندێك گیران و ئەوانی تریش بە ناچاری بلاوەیان لێ کرد و بە کۆلانە باریکەکاندا ئێمە خۆمان لە چەنگ

پۆلیس رزگار کرد و خۆم گەیاندە ماڵی مامۆستا عومەر جەلال حەوێزی خـزمم لـە شەقامی تاهای نزیك یانەی وەرزشی ئۆلۆمپی عیراقی، لەلای ئەو خزمانە کەوتمە وەسفی خۆپیشاندان و هۆتافەکانی و بەربەرەکانی حکومەتی شاهانە، لەگەڵ ئەو وتانەمدا پیاوێکی ریش سپی بەوقار بەخاو خێزانەوە میوانیان بوو لێم هاتە جەواب و گوتی: ئێوەی لاوانی خوێن گەرم بە هەڵەدا چوون کەوا بە ئاشکرا لە دژی حکومەت تێدەکۆشن. لە خێزانی مامۆستا عومەرم زانی کە ئەو پیاوە جەنابی عەقیدی خانەنشین (ئەمین رەواندزی)یە بە میوانی هاتووەتە سەردانیان.

# من و ئەو ئەفسەری کوردپەروەر عەقید ئەمین ڕەواندزی و یادەوەرییەکی بەسوود

وەك دەرم بڕی من لە ماڵی مامۆستا عومەر جەلال حەوێزی خزم و مامۆستای سەردەمی خوێندنی سەرەتاییم، جەنابی عەقیدی خانەنشین (ئەمین ڕەواندزی)م لە مانگی یەکەمی ١٩٤٨دا ناسی کە بەخاو و خێزانەوە هاتبوونە سەردانی ماڵی کاك عومەر جەلال و کاك عەزاوی برای. کاتەکەش پێش نیوەڕۆ بوو، من بە گەرمی باسی خۆپیشاندانەکەی خوێندکاران و جەماوەری دۆست و هەوادارانی حزبی شیوعی عیراقیم دەگێڕایەوە و دڵنیا بووم کە ئەو پیاوە ڕووناکبیرانە رایان لە قسەکانم دەبێ.

بەڵام لە پڕ هەستم کرد جەنابی ئەمین ڕەواندزی لە قسەکانم رازی نییە و رووی تێکردم و گوتی: ڕۆڵە ئێوەی گەنجی تازە پێگەیشتوو زۆر جار بە هەڵەدا دەچن، بەتایبەتی بەدەرەوەیە و پۆلیس و پیاوانی سازمانی ئاسایش دەتانناسن و دوای بڵاوە پێکردنتان دەتانگرن و تووشی زیان و ئەشکەنجە دەبن و زۆر جار بێ پاشەڕۆژێکی روون دەبن. بۆیە واباشە کاتێك خۆپیشاندان دەکەن دەمامك بکەن و هەر چاوتان دیار بێ، تاکو کەسی نەیار نەتانناسن و ئێوەش کاری خۆتان بکەن و قوربانیش نەدەن و ئەگەر هەرجارەی خۆپیشاندان بکرێ و دەستەیەك لە تێکۆشەران بگیرێن، میللەت چ قازانجێك دەکات؟ کەواتە چاك وایە لەمەودوا کە خۆپیشاندانتان کرد بەتایبەتی لە شارەکانی خۆماندا کە هەموو یەکتر دەناسین دەمامك بەکاربێنن تاکو ئاشکرا نەبن و نەگیرێن و هەوڵ بدەن کاری گرنگ و کاریگەر ئەنجام بدەن و قوربانیش نەدەن.

واچاکە ئێوە بەرەو ڕوو وا خۆتان پیشانی پیاوانی حکوومەت بدەن کە دژی ڕژێم نین، کەچی لەژێرەوە لە دژی بوەستن و کاری نهێنی خۆتان بکەن و بەم جۆرە تا ڕادەیەکی باش دەگەنە ئامانجی خۆتان.

ڕێزدار ئەمین ڕەواندزی ڕووداوێکی سەردەمی حوکمی عوسمانی لە دوا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤-١٩١٨دا بۆ گێڕامەوە و ئەمە پوختەکەیەتی و گوتی: (من لە جەنگی یەکەمی جیهانی تازە لە خوێندنگای سەربازی لە ئەستەمبۆڵ دەرچووبووم و پلەکەم مولازمی دووەم بوو، زوو زوو لەگەڵ دەستەیەك لە عەسکەر دەیانناردم بۆ پشکنینی ماڵی ئەرمەنەکان، کە دەچووین زۆر جار دەمانبینی لە ژووری میوانان وێنەیەکی گەورەی سوڵتان ڕەشادیان بە دیوارەوە هەڵواسیوە. وامانده‌زانی کە ئەوانە لە دڵسۆزییان بۆ سوڵتان وێنەکەیان هەڵواسیوە! بەڵام جارێکیان یەکێك لە سەربازەکانم لوولە درێژەکەی تفەنگەکەی بە وێنەی سوڵتان کەوت و بەربووەوە خوارەوە چ ببینین؟

بینیمان دوو (بۆمبای نارنجۆك) یان لە دەلاقەی پشت وێنەی سوڵتان داناوە تاکو لە کاتی پێویستدا لە دژی سوڵتان و حکومەتەکەی بەکاریان بێنن، ئێمەش دەستمان بەسەر دوو نارنجۆکەکەدا گرت و کوڕە گەنجەکانی ئەو ماڵەمان گرتن جا ڕۆڵە پێویستە ئێوەش وەك ئەرمەنەکان بن و واخۆتان دەربخەن کە لە دژی ڕژێم نین، کەچی لە ژێرەوە خەباتی نهێنی خۆتان بکەن و هەنگاوی باش بەرەو گەیشتنە ئامانجتان بنێن.

بەڕاستی وتە و ئامۆژگارییە بەنرخەکانی ئەو زاتە بەڕێزە نەمرە کارێکی زۆریان کردە سەر هەست و نەست و بیروباوەڕم، چونکە گەلێك سوودبەخش بوون بۆ یەکێکی وەك منی کەم ئەزموونی ئەو ساکە و ئێستاش ئەو وتە بەنرخانەی لە گوێمدا دەزرینگێنەوە و لە یادم ناچن.

سیاسەتی توندوتیژی لە دژی بزووتنەوەی شیوعی لە عیراقدا

حکومەتی شاهانەی عیراق لە تۆڵەی راپەڕینەکەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا وردە وردە سیاسەتی توندوتیـژیی بەرامبـەر بزووتنـەوەی شـیوعیەت لـە عیراقـدا بەکارهێناو لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٤٨ وەزارەتی سەید محەمەد سەدر دەستی لـە کار کێشایەوە و موزاحیم پاچەچی لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٨ وەزارەتێکی نـوێی دامەزراند و هەنـدێ کەسـی شـارەزای لـە هـەواڵگری لـە دەرەوە هێنـاو هەڵمـەتی شـیوعی گـرتن دەسـتی پێکـرد و لـە ٦ی کـانوونی دووەمـی ١٩٤٩دا وەزارەتـی دەیەمی نـووری سـەعید دامـەزرا و کەوتـە گیـانی نیشـتمانپەروەران بـە تۆمـەتی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی شیوعی و لەودەمەدا بڕیاری دا هاوڕێ فەهد و شەبیبی و زەکی بەسیم دادگایی بکرێنەوە و حوکمی لەسێدارەدانیان بەسـەر بسـەپێندرێ و لە ١٩٤٩/٢/١٤دا هاوڕێ فەهد لە کەرخ و حوسێن محەمەد شبیبی (سارم) لەباب ئەلموعـەزەم لـە بەغـدا لاشـەکانیان هەڵواسـران و خـۆم لاشـەی (شـبیبی)م لـە گۆڕەپانی (باب ئەلموعەزەم) بە هەڵواسـراوی بـینی کـە جـارێ هـەر خوێنـدکاری پۆلی دووەم بووم. بۆ ڕۆژی ١٩٤٩/٢/١٥ هـاوڕێ زەکـی بەسـیم (حـازم) لەسـێدارە درا، ئێمەی ئەندامانی حزبی شیوعی کە تازە (حزبـی رزگـاری نیشـتمانی) چـووە بووە ناو حزبی شیوعی ترسێکی زۆرمان یەخەگیر بوو نەبادا یەکێك لە ئەنـدامانی رێکخستنەکەمان بگیرێ و ناومان بدات.

کاك دڵزاری برا گەورەشم لەگەڵ دەستەیەك لە تێکۆشەرانی شاری کۆیـە لـە رۆژی ١٩٤٩/١/٢١ لەبەردەم دادگای عورفی عەسکەری لە ئۆردوگـای وەشـاش لـە بەغدا وەستان و چەند مانگێك حوکمدران، بەڵام دوای چەند مـانگێکی تـر لەسـەر دەرچوواندنی گۆڤارێکی حزبی ٣ ساڵی تـر حوکمـدرا و لـە بەندیخانـەی ناوەنـدی بەغداوە گوێزرایەوە بۆ بەندیخانەی کوت.

ئـەم تـرس و تۆقاندنـەی کـە حکومـەتی نـووری سـەعید بەسـەر میللـەتی دا سەپاندبوو کاری لە ئێمەی دڵسۆزانی شیوعی نەکرد و ساردی نەکردینەوە و هـەر چۆنێك بوو ئەو ساڵی خوێندنی ١٩٤٨-١٩٤٩ مان بەسەر برد و بە پلەیەکی باش لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بۆ پـۆلی سـێیەم درەچـووم و کـە حکومەتەکـەی نـووری سـەعید لـە ١٠ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٤٩دا کۆتـایی هـات تـا رادەیـەك هەناسەیەکمان هەڵکێشا، چونکە هیچ وەزارەتێکی تر وەك وەزارەتەکـەی نـووری سەعید توندوتیژ و جیددی نەبوو بۆ لێدانی بزووتنەوەی شیوعی لە عیراقـدا و بـۆ مانگی مایسی ١٩٥٠دا لە خانەی مامۆستایان دوای بەشداریم کردنم لە راهێنانێکی دوو مـانگی لەسـەر چـۆنیەتی گوتنـەوەی وانـەکان و بەتایبـەتی لەسـەر زمـانی ئینگلیزی دەرچووم و بەو نیازەی لە پایزی ئەو ساڵەدا بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی دابمەزرێم.

# دەستپێکی کاروانی ژیانی مامۆستاییم

دوای دەرچوونم لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی، لە مانگی ئەیلولی ١٩٥٠ دا هەموو بەڵگە و بڕوانامەیەکی دامەزراندم بە مامۆستای قۆناغی سەرەتایی ئامادە کرد و پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێرم کردن کە ئەوسا پێیان دەگوت (بەڕێوەبەرایەتی مەعاریف) و مامۆستا (عبدولمەجید حەسەن)ی کوردی شەبەك بەڕێوەبەری بوو، زیاتر لە مانگێك چاوەڕوانی دەرچوونی فەرمانی دامەزراندنم بووم، تاکو لە رۆژی ١٩٥٠/١٠/٩ من و کاك عەبدولرەحمان ئەحمەد هەناری بە ئیمزای جێگری بەڕێوەبەری مەعارف جەنابی ئەحمەد مستەفا خەتیب فەرمانی دامەزراندنمان بە مووچەی ١٠ (دە دینار) لە قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە دەرچوو، بەناوی گرانیی گوزەرانیش ٨,٥ دیناریشیان وەك دەرماڵە بۆ تەرخان کردین. بۆ ئەو کاتە ئەو مووچەیە خراپ نەبوو، چونکە هەرزانی بوو.

دوای ئێمەش برایان عەبدوڵڵا ئەحمەد نورجان لە قوتابخانەکەمان و کەمال سادق ئەحمەدیش بۆ قوتابخانەی سەرەتایی دووەمی کۆیە و کاك زاهیر ئەحمەد هەناری بۆ قوتابخانەی سەرەتایی رانیە کە ئەوسا قەزای رانیە سەر بە پارێزگای هەولێر بوو دامەزران و کاك کەمال رەشید حەویزیش بۆ قوتابخانەی سەرەتایی میرزا رۆستەم ناردرا کە ئێستا کەوتووەتە ژێر ئاوی دەریاچەی دوکان. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان مامۆستا جەلال حەوێزی بوو کە لەوە و پێش لە ساڵی ١٩٤١-١٩٤٢دا مامۆستام بوو، وانەی زمانی ئینگلیزی و کوردی پێدەگوتین، بۆیە رێزێکی تایبەتی هەبوو لەلام، بە چاوی قوتابی و مامۆستاکەی تەماشام دەکرد و بەڕێوبەرێکی سەرکەوتوو بوو، بە یاسا و پەیڕەوی قوتابخانەی

نموونەیی کاروباری قوتابخانەکەمانی بەڕێوە دەبرد.

دەستەی مامۆستایان جگە لەم سێ مامۆستا تازەیە بریتی بوون لە خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا کاکە سۆرانی و غەریب مستەفا زیندرو و بیلال بەهائەدین و شمعون هورمز نەباتی و قادر فەقێ جەرجیس لەگەڵ ئەم دوو مامۆستایەی کە شوکر تاکو ئێستاکە لە ژیاندا ماون بە ناوی جەلال حەمەد رەسوول مامەش و حەننا عەبدولئەحەد رۆفۆ.

من حەزم دەکرد وانەی ئینگلیزی بڵێمەوە چونکە لە خانەی مامۆستایان لە پۆلی دووەم و سێیەمدا مامۆستایەکی ئینگلیز کە ناوی جۆن هێی لۆك بوو دەرسی ئینگلیزی پێدەگوتین زۆر ڕای لێم بوو و لە ڕاهێنانی گوتنەوەی وانەی ئینگلیزیش پلەیەکی بەرزی پێدابووم، بەڵام چونکە مامۆستا غەریب مستەفا چەند ساڵ بوو ئەو وانەیەی گوتبۆوە نەدرا بە من، بەڵکو وانەکانی مێژوو و جوگرافیای پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم و عەرەبی پۆلی چوارەمم گوتەوە.

مانگێك بەسەر دامەزراندنمدا رەت نەبوو خوشکی گەورەم کە ناوی هەمین بوو، لە دایکبووی ساڵی ١٩١٤ بوو لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ١٩٥٠دا بە نەخۆشی ئاوبەندیی کۆچی دوایی کرد و، یەکەم مووچەی مانگانەم بووە خەرجی پرسەکە و کفن و ناشتنی ئەو خۆشکە دڵسۆزەم. بۆ ١٤ی کانوونی یەکەمی هەر ئەو ساڵەش باوکم لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و بە گەرمی پرسەکەیم بەرێ کرد و بەڕێوەبەردنی ماڵی باوکم کەوتە ئەستۆ، بەڵام چونکە هەرزانی بوو موچەکەشم بەشی دەکرد و دەشمایەوە.

لە پایزی ساڵی ١٩٥٢دا مامۆستای زمانی عەرەبی پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم کاك حەننا عەبدولئەحەد رۆفۆ گوێزرایەوە بۆ هەولێر، وانەکانی زمانی عەرەبی ئەو پۆلانە بەمن سپێردران، منیش باش خۆم بۆ ئامادە کردو لە

تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشەم ڕێژەیەکی باش لە قوتابیانم سەرکەوتن و بۆ هاوینی ئەو ساڵەی خوێندنی ۱۹٥۲–۱۹٥۳نـاردرام بـۆ بەغـدا بـۆ بەشداریی کردن لەگەڵ مامۆستایان ڕەفعەت عیزەت سامی و عەلی جوکل لە خولێکی زمانی عەرەبی دا و سوودێکی زۆرمان وەرگرت، چونکە مامۆستای پسپۆڕ موحازەرەیان پێدەدابن.

# راپەرینە نیشتمانییەکەی
# تشرینی دووەمی ١٩٥٢ی گەلی عیراق

لە پایزی ساڵی ١٩٥٢دا بە کاریگەریی شۆڕشی یۆلیۆی میسر بە سەرکردایەتی جەمال عەبدولناسر، جەماوەری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گیانێکی شۆڕشگێڕیان تێگەڕا و جەماوەری کورد و عەرەب لە عیراق بەخۆ کەوتن بۆ راپەرینێکی نیشتمانی سەرتاسەری و لە کۆلێجەکانی زانکۆی بەغدا خوێندکاران لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم و نیوەی یەکەمی تشرینی دووەم دەستیان کرد بە مانگرتن و خۆپیشاندان و داوای حکومەتێکیان دەکرد کە داخوازییەکانی گەل جێبەجێ بکات ئەو بارە شلۆقە تا ٢٢ی تشرینی دووەم درێژەی کێشا تا لە ڕۆژی ١٩٥٢/١١/٢٣دا حکومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی سەرەك ئەرکانی ئەوسای سوپای عیراق فەریق نوورەدین مەحمود ١٨٩٩–١٩٨١ کە ئەفسەرێکی پایەبەرزی کورد بوو دامەزرا و چل و هەشتەمین وەزارەتی عیراق بوو یەکەم هەنگاوی ئەم وەزارەتە نوێیە، جاڕدانی ئەحکامی عورفی بوو تاکو بارە سیاسیەکە هێور بکاتەوە، لەپاڵ ئەمەشەوە هەندێ چاکسازی کرد وەك ئەوەی هەڵبژاردنی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)ی کردە راستەوخۆ، کە پێشتر بەدوو پلە بەڕێوەدەچوو و موختاری گەڕەکەکان بە چاودێری سەرۆکی یەکەمی کارگێری شار و شارۆچکە و ناحیەکانی وڵات دەستەیەکیان لە هەر گەڕەکە هەڵدەبژارد و ئەوانە کۆدەبوونەوە پاڵێوراوێکیان هەڵدەبژارد. کەچی بەپێی ئەم سیستەمە نوێیە هەموو کەسێکی (نێر) تەمەنی گەیشتبایە ١٨ ساڵ بۆی هەبوو دەنگ بدات بەو پاڵێوراوەی کە پەسەندی دەکات و ئەمەش لە ڕووی ئازادی

هەڵبـژاردنی نوێنـەرانی میللـەت هـەنگاوێکی بـاش بـوو لـە ڕۆژی ١٩٥٣/١/١٧دا یەکەمین هەڵبـژاردنی راسـتەوخۆی ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نوێنـەران (پـەرلـەمان) بەڕێوەچوو کە لە دوایی دا لە باسی هەڵبژاردنەکەی نوێنەری کـۆیی و هەڵوێسـتی حزبی شیوعی بەرامبەری کەمێك بەدرێژی لێیەوە دەدوێم.

# دەورم لە ڕێکخستنی حزبی شیوعی عیراقدا

من وەك ئەندامێکی ئاسایی پەیوەندیم بە حزبی شیوعی عیراقەوە هەبوو، مانگانە ئابۆنەوەم دەدا و سەبارەت بە کاك دلزاری برا گەورەم بنەماڵەکەمان بە شیوعی ناسرابوو و ڕۆژێکیان کە زۆر نەبوو باوکم کۆچی دوایی کردبوو، مامۆستا کەریم ئەحمەد داود کە سەرکردەیەکی حزبی شیوعی بوو تازە لە بەندیخانە بەربووبوو و کرابووە بەرپرسی حزب لە پارێزگای هەولێر هاتە کۆیە بۆ ڕێکخستنەوەی حزب لە قەزاکەدا و هاتە ماڵمان و داوای لێکردم ببم بە بەرپرسی مامۆستایانی سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لە کۆیە منیش دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر پۆزشتم بۆ هێنایەوە و پێم گوت: بەداخەوە ئەم ئەرکە زلە بەمن هەڵناگیرێ و پتر بیرم لەوە دەکردەوە کە یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخستنی حزب بگیرێ و لەژێر زەبری ئازاردان و ئەشکەنجە ناوی بەرپرس و ئەندامە چالاکەکانی حزبەکەی بدرکێنێ و ئەو ساکە کە تووش ببم کێ ماڵی باوکم و ماڵی کاك دلزارم بەڕێوەببات چونکە کاکم دوای بەربوونی لە بەندیخانەی کووت کۆیەی جێهێشت و بەرەو هەولێر چوو، سەردەمێك بوو بەرپرسی حزب لە هەولێر و ئینجا گوێزرایەوە بۆ بەرپرسیەتی حزب لە سلێمانی. لێرەدا مامۆستا کەریم زۆریی لێنەکردم و پێیگوتم:

ئەگەر ئەم ئەرکەت پێ هەڵناگیرێ ئەوا لە ماڵی خۆتان خاتوو فریشتەی خوشکت و خاتوو لەعلی براژنت فێرە خوێندن بکە تاکو دەورێکی باشیان ببێ لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی مافی ئافرەتاندا، منیش بەدڵخۆشییەوە ڕەزامەندیم نیشان دا و کەوتمە سەر فێرکردنیان و ڕزگارکردنیان لە نەخوێندەواری.

زۆری پێ نەچوو دوو کادیری حزبی شیوعی کە لە نێوان کۆیە و هەولێر چالاکیان دەنواند یەك لە دوای یەك گیران و ئەوانیش ئەندریا فەتووحی و (کاکە فەرەنسی) بوون و لە ژێر زەبری لێدان و ئەشکەنجەدان گەلێك ناوی لێپرسراو و ئەندامی چالاکی حزبیان درکاند و حکومەتیش کەوتە گرتنیان و دیار بوو لە جیاتی من مامۆستای خوالێخۆشبوو حەننا ئەنتوان کرابووە بەرپرسی مامۆستایان لە رێکخستنەکانی حزبی شیوعی، بۆیە گیرا و رەوانەی هەولێر کراو دوای ماوەیەك گرتن دوور خرایەوە بۆ قەزای (چبایش) لە پارێزگای ناسریە دوای ماوەیەك ئینجا رێی درا بگەڕێتەوە پارێزگای هەولێر و خرایە ژێر چاودێری پۆلیسی ئاسایشەوە و منیش هەر لەسەر ئەندامیەتێکی ئاسایی و پەیوەندیم بە حزبەوە مامەوە و بەردەوام ئابۆنەوەم دەدا کە مەرجێکی سەرەکی بوو بۆ مانەوە لە ناو حزبدا.

# هەڵبژاردنەکەی ۱۹۵۳/۱/۱۷ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە کۆیە

وەك دەرمان بڕی فەریق نوورەدین مەحموودی سەرۆك وەزیرانی عیراق ڕۆژی ۱۹۵۳/۱/۱۷ی دەستنیشان کرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییە ڕاستەوخۆکە و لە شاری کۆیە دوو سەنتەری دەنگدان دانران، یەکێکیان لە مزگەوتی گەورەی کۆیە و دووەمیشیان لە مزگەوتی بایزاغا. لەو دەمەدا حزبی شیوعی عیراق زۆر لە سەرکردەو ئەندامە چالاکەکانی گیرابوون و درابوون بە دادگای عورفی عەسکەری، بۆیە سەرکردایەتی حزب بڕیاری بەشداری نەکردنی لەو هەڵبژاردنەدا دەکرد و دروشمێکیان بەرزکردنەوە و دەیانگوت: (هیچ هەڵبژاردنێك بە ئازادی ناکرێت گەر ئازادیخوازانی میللەت لە بەندیخانەدا بن) حکومەتیش ئامادە نەبوو بەریان بدات. بۆیە حزب بڕیاری دا ئەندام و دۆستانی لە هەموو عیراق دەنگ نەدەن و گەر پێشیان بکرێ سندووقەکانی هەڵبژاردن بشکێنن ڕێکخراوی حزبی شیوعی لە کۆیە لەخۆی ڕادیت لە دژی هەڵبژاردنەکە خۆپیشاندانێك بکات و بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە سیاسیە مەترسیدارەش بەرپرسی حزب لە شارەکە هاوڕێ ئەسعەد محەمەد حەوێزی بوو کە ناسراوو بوو بە (مام ئەسعەد) لە مەیدانی خوارێی بازاڕی کۆییەوە بەپێش خۆپیشاندەران کەوت کە لەسەر جلەکانیەوە کفنێکی سپی لەبەر کردبوو و دەمانچەیەکی بە رووتی گرتبووە دەست و بەناو بازاڕی کۆیەدا ڕۆیشتن و گەلێك لە دۆستانی حزبی شیوعی کەوتنە دوایان تاکو گەیشتنە دەرگای مزگەوتی گەورە بە حاڵ چوونە حەوشی مزگەوتەکە و هەڵبژاردنەکە لە نێوان دوو پاڵێوراون دەکرا یەکەمیان

خوالێخۆشبوو دادوەر کاك مەسعود محەمەد جەلیزادەی پالێوراوی پارتی دیموکراتی کوردستان و دووەمیشیان مەلا حەوێز ئاغای غەفووری بوو. لەو دەمەدا کاك مەسعود تازە دەنگی دابوو، کە چاوی بەخۆپیشاندانە چەکدارەکە کەوت چووە یەکێك لە ژوورەکانی مزگەوتەکە.

خۆپیشاندانەکە لەلایەن هەندێ ئەندامی بەجەرگی حزبی دەپارێزرا لەوانە عەبدولواحید حەمکول بە بەرگی سەربازی و عومەری ئەحمەدی مام باپیر و جەلالی حەمەد بەگی موختاریش فیداکارانە ئەو ئەرکەیان بەجێدەگەیاند و هەندێك ئافرەتی تێکۆشەری وەك خوشکە فریشتە و دەستەك خوشکانی لە کۆمەڵەی مافی ئافرەتان بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکە کردبوو.

دادوەر جەوهەر عەزیزی پاشا ئەوساکە سەرۆکی لێژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە بوو، داوای لە مفەوەزی پۆلیس (عەلی والی) ناسراو بە (عەلی قامچی رەش) کرد تەقە بکات و خۆپیشاندەران دوورخاتەوە لە سندوقی دەنگدان کەچی عەلی والی تەقەی نەکرد و پێی گوت من بە فەرمانی سەرزارەکی خەڵك ناکوژم دەبێ بە نووسین فەرمانم پێ بدرێ. لەم کەین و بەینەدا مام ئەسعەدی کفن لەبەر بەخۆی و دەمانچەی رووتی ناودەستی گەیشتە سەر سندووقی دەنگدان و هەڵیگرت و شکاندی.

ئینجا خۆپیشاندەران لە دەرگای دووەمی مزگەوتەکە چوونە دەرەوە بەرە سەنتەری دووەمی دەنگدان لە مزگەوتی بایز ئاغا چوون و کە گەیشتن لێژنەکە سندوقەکەیان بردبووە ماڵەکەی تەنیشت سەنتەرەکە بەڵام بەهۆی هەندێ کەس توانیان بیدۆزنەوە و ئەویشیان شکاند، ئینجا خۆپیشاندەران بڵاوەیان لێکرد و کفن لەبەریش بەناو باخەکانی رۆژهەڵاتی مزگەوتەکە بەرەو گۆڕستانی دەروێش خدر رۆیشت و لەوێ کفنەکەی فڕێدا و خۆی لە چاوی پیاوانی رژێم بزر کرد.

کە هەواڵی شکاندنی هەردوو سندوقەکانی هەڵبژاردن لەشاری کۆیە گەیشتە بەرپرسانی پارێزگای هەولێر، لێژنەی باڵای هەڵبژاردن بڕیاری دا هەڵبژاردنەکە لە دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەوە تاکو نیوەشەو ئەنجام بدرێ لە نێوان دوو پاڵێوراوەکەدا و لە ئەنجامی ژماردنی دەنگەکانیدا جەنابی کاک مەسعود جەلیزادە بە دەنگێکی زۆر وەك نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەری شاری کۆیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێردرا.

ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق یەکجار کۆبووەوە و لەو دەمەدا وەزارەتەکەی فەریق نوورەدین مەحموود لە ڕۆژی ٢٣ی کانوونی دووەم ١٩٥٣دا دەستی لەکار کێشایەوە و نووری سەعید وەزارەتێکی نوێی دامەزراند. پێش هەموو شتێك داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی کرد چونکە دەستەیەك لە نیشتمانپەروەران تێیدا ئەندام بوون و وەسی مەلیکی عیراقیش داوکارییەکەی پەسند کرد و بڕیاردرا دوای ماوەیەکی کورت هەڵبژاردن بکرێتەوە.

ئەمیر فەیسەل کوڕی مەلیك غازی لە ١٩٥٣/٥/٢ تەمەنی بووە ١٨ ساڵی و تاجی شاهانەی لەسەر نراو بەناوی مەلیك فەیسەلی دووەم بووە مەلیکی عیراق، بە هاتنی کەمێك بازنەی ئازادی کرایەوە و حکومەت کەوتە خۆ بۆ هەڵبژاردنێکی نوێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران. ئەمجارە پارتی دیموکراتی کوردستان خوالێخۆشبوو (عومەر مستەفا)ی ناسراو بە (عومەر دەبابە)ی کردە پاڵێوراوی خۆی و کاك مەسعود محەمەدیش وەك کەسێکی سەربەخۆ خۆی پاڵاوت پشتی بە جەماوەری کۆیە بەست و ئەمجارە حزبی شیوعی بەشداری لە دەنگدانی هەڵبژاردنەکەدا کرد و ئاهەنگێکی بەناوی سەندیکای کرێکاران کە جاری هەر بە نهێنی بوو بۆ پشتگیری کاك مەسعود لە گۆڕەپانی گازینۆی هاوینەی خوالێخۆشبوو سەعیدی مەلا ئەحمەد سازدا و هەموو ئامادەبووان هاواریان دەکرد

کاك مەسعود نوێنەرمانە.

جەماوەری سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانیش پشتگیری کاك عومەر دەبابەیان دەکرد. بەڵام کاك مەسعودی یاساناس خۆی بێدەنگ کرد تاکو ماوەی خۆ پاڵاوتن بەسەرچوو، ئینجا داواکارییەکی پێشکەش بە دادگای کۆیە کرد و تێیدا نووسی رکاربەرەکەم ٣٠ ساڵی تەمەنی تەواو نەکردووە، کە ئەمەش مەرجێکی سەرەکی بوونە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بوو. بەم داواکارییە کاك عومەر مافی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکە وەك نوێنەری پارتی نەما و کاك مەسعود لە ئەنجامدا بە (تەزکیە) دەرچوو و لە بەغدا لەگەڵ دەستەی ئۆپۆزسیۆن رێککەوت و لە دژی دوژمنانی ئازادی و دیموکراتی و مافی کورد وەستا و هەندێ داوکاری وەك کردنەوەی رێگەوبان و پتر خزمەتکردنی کوردستان بە گشتی و قەزای کۆیە بەتایبەتی پێشکەش کرد.

لەگەڵ هاتنی مەلیك فەیسەڵی دووەم بۆ سەر حوکم لە هاوینی ساڵی ١٩٥٣ تاکو پایزی ١٩٥٤ نیمچە ئازادییەك هاتە ئاراوە و لە شارێکی وەکو کۆیە و لەو ئاو و هەوایەدا بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری و هونەری گەشەی کرد. بۆ نموونە: لە کۆیە گازینۆی هاوینەی خوالێخۆشبوو سەعید مەلا ئەحمەد لە سەرەتای هاوینەوە تا کۆتایی ئەو وەرزە شەوانە تەمسیلەیەکی میللی یان وەرگێردراو لە عەرەبی و ئینگلیزی لەلایەن چەند ئەکتەرێکی لێوەشاوە پێشکەش دەکرا، لەوانە خوێندکارانی ناوەندی کۆیەی وەك: کەمال غەمبار، عەبدولرەزاق بیمار، حوسێنی حاجی قادر، تۆفیق ئەحمەد، واحید حەمەد، جەمال کەریم، ئیسماعیل حەمەد قاوەچی، ئەکرەم عەبد جاسم، لەگەڵ هەندێ ئەکتەری تری وەك سابیر مستەفای بەرگدرووی ناسراو بە (سابیر عاسمە) گەلێك تەمسیلیەی خۆماڵی و وەرگێردراویان پێشکەش دەکرد و شەوانە گازینۆکە مونجەی دەهات لە

ئارەزوومەندانی هونەری شانۆ. تیپەکە گەلێك تەمسیلی میللی وەك (شیربایی) و (ژن بەژنە) و (کەشف و کەرامەتی شێخ) و (راپەڕینەکەی کاوەی ئاسنگەر لە دژی ئەژدەهاکی زۆردار)یان پێشکەش دەکرد و لەپاڵ ئەوانەش تەمسیلیەی (بازرگانی ڤینسیا)ی شەکسپیر لە وەرگێڕانی حوسێن حاجی قادر و دەرهێنانی واحید حەمەد پێشکەش کرا و تۆفیق ئەحمەد دەوری شایلۆکی زۆر سەرکەوتووانە بینی و لە شانۆگەرییەکەدا دەقە کوردییەکەی بەناوی (پوول پەرست) بوو کە توفیق بە جوانی دەورەکەی دەبینی و لە جیاتی شایلۆك ناوی خۆی نابوو شالۆم.

ئەوەی شایانی باسە ئەم بزووتنەوە هونەرییەی کۆیە رێگای خۆش کرد بۆ خولقانی بزووتنەوەیەکی گەورەتر ئەویش ئەوە بو لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨دا کۆمەڵەیەکی هونەری بەناوی کۆمەڵەی بووژاندنەوەی هونەرە جوانەکانی کورد دروست بوو و مۆڵەتی ئیشکردنی پێدرا وەك لە ئەلقەکانی دواتر لێیەوە دەدوێین.

# ژیانی هاوسەرگیریم و هەندێ ڕووداوی سیاسی

لە شاری کۆیە، لە وەرزی بەهاردا شایی و سەیران لە باخەکانی دەستی پێکرد. لە ڕۆژێکی خۆشی بەهاری ساڵی ١٩٥٣دا شاییەکی رەشبەڵەك لە باخی (کۆسەولاسە)ی بەرامبەر سەیرانگای ئۆمەرخۆچانی باخی خۆمان دەگەڕا، بە زۆری هەر کوڕوکچی بنەماڵەی حەوێزییان و جەلیزادان لەو شاییە دابوو، لەناو کچەکاندا کچێکی جەلیزادە لە هەموویان جوانتر و شۆخ و شەنگتر بوو، بەبینینی دڵم بۆی چوو و زانیم کچی کوڕی پوورزای باوکمە، ئەویش خێریەی کچی خاڵە عەبدولرەحمانی مەلا نەشئەتی جەلیزادە بوو و لە بنەماڵەیەکی دیار و بەجێی شارەکەمانە و ئەو راز و نیازەم تا پایزی ئەو ساڵە لە دڵی خۆم گرت تاکو دایکم و فریشتەی خۆشکم تەنگاویان کردم بۆ ژن هێنان، منیش پێم گوتن ئەو کچەم بە دڵە بۆم بخوازن، ئەوانیش بۆ ئێوارەی ڕۆژێکی خۆش چوونە لای خوالێخۆشبوو خاتوو حەبیبەخانی هاوسەری مەلای گەورەی جەلیزادە و داوایان لێکرد بە حوکمی ئەوەی خاڵۆژنی باوکی کچەکەیە، تاکو یەکەمجار داخوازییەکەمان بۆ باوکی بکات، چونکە ئەو لە داواکاری خاڵۆژنی گەورەی دەرنەدەچوو وابوو کە چووە لای خاڵە عەبدولڕەحمان داوای لێکرد و ڕەزامەندی پیشاندا. ئینجا بۆ سبەی ئێوارە دەستەیەك لە پیاوماوقوڵانی بنەماڵەکەمانم نارد بۆ جێبەجێ کردنی دابوو دەستووری داخوازی و شەکراو خواردنەوەکە، کە ئەمە کۆتایی هات و مارەبڕین لە کۆتایی ئەو ساڵەی ١٩٥٣ تەواو بوو، لە پشووی نیوەی ساڵی خوێندنی ١٩٥٣-١٩٥٤ و لە ڕۆژی ١٩٥٤/٢/١١ دا کە ڕۆژێکی باراناوی ساردبوو، بەبێ شایی و ئاهەنگ بووك گواسترایەوە و ژیانێکی هاوسەریمان بە تەبایی

دەست پێکرد و لـەبارەی بیروبـاوەڕە وەمـنی شـیوعی و ئـەوی هـەواداری پـارتی دیموکراتی کوردستان ئازادی بیروباوەڕمان لە یەکدی قەدەغـە نـەکرد و بـە هـیچ شێوەیەك هەستی یەکترمان بریندار نەکرد. کوڕی نۆبەرەمان بەناوی پشتیوان لـە ڕۆژی ١٩٥٥/١/٢ دا لـە دایکبـوو و هەسـتم کـرد بـاری ژیـانم گـۆڕا لـە کەسـێکی سەڵتەوە بوومە باوك و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ڕۆڵەکەم کەوتە سەرشـان و لەلایەکی دیکەش باری سیاسی عیراق و بە کوردستانی باشوورەوە و بە ناوچـەی خۆرهــەڵاتی ناوەڕاســتەوە ڕۆژ بــە ڕۆژ گۆڕانکــاری بەســەردا دەهــات وەك ئــەم ڕووداوە سیاسیە گرنگانەی خوارەوە:

# جموجوولی ئەمریکا
# بۆ دامەزراندنی پەیمانی بەغدا

لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە شەڕی سارد لە نێوان بلۆکی رۆژئاوای سەرمایەداری بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و بلۆکی سۆسیالیستی بە سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا لە ئەوپەڕی گەرمیدا بوو، پەیمانی (ناتۆ) (باکووری ئەتلەسی) لە ساڵی ١٩٤٩دا لە سەردەمی حوکمڕانی سەرۆك تروومان بەسترابوو، لە سەردەمی حوکمڕانی جەنەڕاڵ ئایزنهاوەریش کە لە ١٩٥٣وە تاکو ١٩٦١ بە دوو دەورەی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد درێژەی بە سیاسەتەکەی توومانـدا بۆ بەربەرەکانی سۆڤیەت و هاوپەیمانانی.

ئەو سەرۆکەی ئەمریکا لە رۆژی دەست بەکاربوونیەوە هەوڵی دەدا پەیمانی (سەنتۆ) لە تورکیا و عیراق و ئێران و پاکستان پێکبێنێ و لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٥٤وە دیپلۆماتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە عیراق و لە سێ دەوڵەتەکەی تردا کەوتنە گەڕ و گوشارێکی زۆریان خستە سەر حکومەتەکەی نووری سەعید چونکە عیراق لە ترسی هەستە نەتەوەییە عەرەبیەکەی کە جەمال عەبدولناسر لەناو دەوڵەتە عەرەبیەکاندا ورووژاندبووی و دژی رۆژئاوا بوو و بەناو خۆی دابووە پاڵ سۆڤیەت نەیدەوێرا بەشداریی لەو پەیمانەدا بکات، بۆیە دیپلۆماتەکانی ئەمریکا بە کوردستاندا گەڕان تاکو کێشەی سیاسی کورد بورووژێننەوە و بیکەن بە گوشارێك بۆ سەر حکومەتی عیراق تاکو بەچوونە ناو ئەو پەیمانە ڕازی بێت و لە دژی سۆڤیەت و بلۆکی سوسیالیستی بوەستێ.

# هاتنی باڵوێزی ئەمریکا بە نهێنی بۆ شاری کۆیە

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٥ دا کاربەدەستێکی گەورەی ئەمریکا بە نهێنی هاتە کۆیە و بەپێی بەیاننامەیەکی حزبی شیوعی عیراق–ڕێکخستنی کوردستان (باڵوێزی ئەمریکا بووە لە عیراق) و لە ماڵی (حەوێزی مام یەحیا)ی دۆستی ئەمریکا بەخۆی و سکرتێرەکەی دابەزین و داوای هەندێ کەسایەتی دیاری شارەکەی کرد تاکو لە هەلوێستیان بگات بەرامبەر بە ئەمریکا و دەوری لە یارمەتیدانی کەلانی ژێردەست. کاك حەوێزیش لەدوای هەندێ کەسایەتی کۆیەی نارد، کە هاتن جەنابی باڵێوز بە گەرمی پێشوازی کردن و بە سکرتێرە ئەرمەنییەکەی گوت کە جگە لە زمانەکەی خۆی ئینگلیزی و کوردیشی بەباشی دەزانی، بزانە ئەمڕۆکە کوردی چی دەوێ؟ کەس لە ترسی حکوومەت نەیوێرا قسە بکات، بەڵام حەوێزاغای حەسەن ئاغا کە بانگ کرابوو، زۆر بوێرانە هاتە جەواب و گوتی: چۆن ئێوە نازانن کورد چی دەوێ؟ هەر خۆیشی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دایەوە و گوتی: کورد دەوڵەتی خۆی دەوێ چونکە لە تورك و عەرەب و فارس کەمتر نییە هەموویان دەوڵەتیان هەیە و هەر کورد لەو مافە ڕەوایەی خۆی بێ بەش کراوە!! ئینجا درێژەی بە وتەکانی دا و گوتی: دەمانەوێ ئەمەریکا پشتمان بگرێ بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجەمان و ئەو کاتە ئامادەین بۆ پێشکەش کردنی هەموو ئاسانکارییەك بۆ ئەمریکا! کە جەنابی باڵوێز لە ڕێگەی سکرتێرەکەیەوە لە وتەکانی مەلا حەوێزاغا گەیشت زۆر پێ دڵشاد بوو و بە سکرتێرەکەی گوت: ئەم داوایە تۆمار بکە، چونکە لە زۆر لاوە بەدوای وەڵامێکی ئاوادا دەگەڕێین، تاکو بیکەین بە گوشارێك بۆ سەر حکوومەتی بەغدا و پێی بڵێین: یان دەچنە ناو پەیمانی (سەنتۆ) یاخود کوردستانێکی سەربەخۆ دادەمەزرێ و لە جیاتی عیراق دەکرێتە ئەندام لە پەیمانەکەدا و بنکەیەکی پتەو بۆ وەستان لە دژی سۆڤیەت پێکدێنێ!!

# هەڵوێستی حزبی شیوعی بەرامبەر سەردانەکەی باڵیۆزی ئەمریکا بۆ کۆیە

کاتێك کە ئـەم هەواڵـەی هـاتنی بـالیۆزی ئـەمریکا بـۆ کۆیـە و کۆبوونـەوەی لەگەڵ هەندێ لە هەوادارانی دۆستایەتی کورد و ئەمریکا لە رێگەی خوالێخۆشـبوو حەمەی تایەری مام رەزای برازای حەوێزی مام یەحیا کە ئەوسا هـەواداری حزبـی شیوعی بوو، بە لێژنەی محەلی حزب گەیشت و تەنانەت ئەم هەواڵـەی بـۆ منـیش گێڕایەوە.

بۆ رۆژی دوایی حزب بەیاننامەیەکی دەسنووسی بڵاوکردەوە و رووداوەکـانی ئـەو دانیشـتنەی بـاڵیۆزی ئـەمریکا لەگـەڵ ئـەو کەسـایەتییانەیان خسـتە ڕوو و هێرشـێکی تونـدیان کـردە سـەر مـەلا حـەوێزاغا بـەو نـاوەی کـە گوتوویـەتی: حکومـەتی کوردیمـان دەوێ و داوا لـە ئـەمریکا دەکـەین پشـتگیریمان بکـات بـۆ گەیشتنە ئەو ئامانجە ! ! چونکە ئیمپریالیزم مـافی چارەی خۆنووسـین نـادات بـە گەلان، بەڵکو یەکێتی سۆڤیەت و سیستەمی سۆسیالیستی ئـەم مافـە بـە کـورد و گەلانی ژێر دەسـت رەوا دەبیـنن. منـیش لەگـەڵ خوێندنـەوەی بەیاننامەکـە وەك شیوعیەك هەڵوێستەکەی مام حەویزاغام مەحکووم کرد.

لە ئەنجامیشدا دەرکەوت ئەو هەڵوێستەی ئـەمریکا هـەر بـۆ گوشـار خسـتنە سـەر عـیراق بـوو تـاکو بچـێتە پـاڵ پەیمانەکـەی سـەنتۆ و کەچـووە پـاڵ ئـەو پەیمانەش کە ناونرا (پەیمانی بەغدا) داواکارییەکـەی کـورد پشـتگوێ خـرا وەکـو چـەندان جـاری تـر و خرایـە نـاو داواکارییـەکانی دیکـەی کـورد بـۆ پێکـەوەنانی قەوارەی سیاسی خۆی.

# هەڵوێستی حزبی شیوعی عیراق بەرامبەر بە پەیمانی بەغدا (سەنتۆ)

کاتێك کە لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٥دا پەیمانی بەغدا کە پێشی دەگوترا پەیمانی سەنتۆ بەسترا، لە هەموو لایەکی عیراق بە کوردستانی باشوورەوە، نیشتمانپەروەران بە گشتی و جەماوەری سەر بە حزبی شیوعی کەوتنەخۆ بۆ وەستان لە دژی ئەو پەیمانە ئیمپریالییە کە لە دژی بلۆکی سوسیالیستی دامەزرا بوو. حزب بەیاننامەیەکی سیاسی دەرچوواند لە دژی پەیمانەکە و داوای لە کۆمەڵانی خەڵك کرد خۆپیشاندانی جەماوەری لە دژی ئەو پیلانە ئیمپریالیییە لە هەموو لایەکی عیراقدا بکرێت و لە شاری کۆیەش حزبی شیوعی خۆی ئامادە کرد بۆ خۆپیشاندانێکی جەماوەریی گەورە و گران و داوای لە رێکخراوی جووتیارانی دەرەوەی شاریش کرد بە چەکەوە بێنە ناو شار و بەشدارییەکی تەواو لەو بزووتنەوە نیشتمانیەدا بکەن. لە دوای نیوەڕۆی رۆژێکی دیاریکراوی ئەو مانگەی شوباتی ١٩٥٥دا خۆپیشاندانێکی یەکجار مەزن سازدرا و سەرکردەی ئەو راپەڕینە جەماوەرییە هاوڕێ ئیبراهیم محەمەد عەلی مەخمووری بوو کە ناوی حەرەکی (فەقێ) بوو مام ئەسعەد محەمەد حەوێزیش بە نهێنی خۆپیشاندەرانی رێك دەخست. یەکەم جار پۆلیس بە دار و بەرد بەرگرییان لە سەرای حکوومەت دەکرد و کە زانیان سوودی نیە و جەماوەری خۆپیشاندەران گەیشتنە بەردەرکی سەرا و هێرشیان کردە سەر، تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و چوونە ناو سەراو لە پەنا دیواری قەسری هاوینەی قایمقام بەرەو دەرکی قوفڵدراوی سەراکە و بەردەوام بون لە تەقە کردن لە جەماوەری خۆپیشاندەران.

ئێمەی مامۆستا و فەرمانبەران لە یانەی فەرمانبەرانی تەنیشت سەرای کۆن عاسێ ببووین و حزبیش وای پێ باشبوو فەرمانبەر لە خۆپشاندانە بەشداری نەکەن چونکە زوو دەناسرێن و پۆلیس و ئاسایش تووشی سزای گەورەیان دەکات بەڵام ئاگامان لە هەموو رووداوەکانی خۆپیشاندانەکە بوو، هەستمان کرد خۆپیشاندەرانیش تەقە بەرەو سەرا دەکەن و لە ئەنجامی ئەو راپەڕینە جەماوەرییە چەند کەسێك بە سەختی بریندار بوون لەوانە خەباتگێر محەمەد رەسوول محەمەد ئەمینی ناسراو بە محەمەد حەیدەری (١٩٢٩-١٩٩٣). و وەستا حەسەنی دارتاش بریندداری دووەم گیرا و رەوانەی هەولێر کرا بە دەست بەستراوی لە نەخۆشخانە تیمار کرا و برینداری یەکەمیش واتە کاك محەمەد حەیدەری حزب بە نهێنی ناردیە هەولێر و شاری دیکە بۆ تیمارکردنی و نەکەوتە دەست پۆلیس و ئەو تێکۆشەرە دوای گەیشتنە تەمەنی کامڵی بە نەخۆشی شێرپەنجە لە ١٩٩٣/٩/١٩دا کۆچی دوایی کرد.

ئەو خۆپیشاندانە مەزنەی جەماوەری کۆیە لە هەموو لایەك دەنگی دایەوە و لە ئێستگەی رادیۆی (صوت العرب) لە میسر و لە رادیۆی مۆسکۆ و دیمەشقدا راشکاوانە باس کرا و لەوساوە حکومەتی عیراق کۆیە بە گەڕەکێکی مۆسکۆ ناودەبرد، چونکە چالاکیەکی زۆری سیاسی تێدا ئەنجام دەدرا و کادیر و سەرکردەی بەجەرگ و ناسراوی شیوعی زۆری لێهەڵکەوتبوو و زۆربەی سەرکردە و کادیرە دیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەر لەم شارە زیندووە هەڵکەوتبوون.

# رزگاربوونم لە کێشەیەکی ترسناک

کاک دڵزاری برام دوای دەربەدەریەکی زۆر و گرتن و دوورخستنەوەی بۆ بەندیخانەی نوگرە سەلمان، لە رۆژی ١٩٥٦/٨/٢٨دا بە بەندکراوی هێنرایەوە کۆیە و لە گرتووخانەی قشڵەی پۆلیسی سوارە دەست بەسەرکراو پۆلیس دەیویست تۆمەتی نوێی بخاتە پاڵ و دواى پشکنینی ماڵەکەیان کرد بەڵکو بەڵگەیەك بدۆزنەوە تا بەندکردنەکەی درێژ بکەنەوە. کاتی خۆی کاك دڵزار و خێزانەکەی لە ژوورێکی کۆشکی ماڵی باوکم نیشتەجێ بوون کەچی ماوەیەك بوو بە خاو و خێزانەوە چووبون بۆ سلێمانی و کەرکووك و وەك بەرپرسێك خەریکی کاری حزبی بوو و خەباتی نهێنی دەکرد. من لە ژوورەکەی ئەو لەگەڵ دایکی منداڵان و پشتیوان و کامەرانی کوڕم دەژیام و هیچ کەلوپەلێکی ماڵی کاکم لەو ژوور و کۆشکەماندا نەمابوون کەچی لە پڕ لەناو بازاڕی کۆیە دەستەی پشکنین کە بریتی بوو لە موفەوەزێکی پۆلیس و موخار و پۆلیسێك منیان بینی و گوتیان ئێمە بە دوای تۆ دەگەڕایین بۆ پشکنینی ماڵی ئەحمەد دڵزاری برات. منیش گوتم چەند ساڵێکە کاك دڵزار بە ماڵەوە لە کۆیە دوورکەوتۆتەوە و ژووری کۆشکەکەی کە ئەو لێی نیشتەجێ بوو، ئێستا ماڵی منی تێدایە، گوتیان: ئێمە ئەوە نازانین، مادامکی کاتی خۆی لەو ژوورەدا بووە ئێمە بەناوی ئەوەوە دەیپشکنین. منیش لەو دەمەدا فەرەیدوونی برازام چاوپێکەوت و بە نهێنی پێم گوت: ئەوا دێن ماڵمان بپشکنن، پێش ئێمە بگەین بە گورجی بڕۆ لە ژوورەکەی من لەناو تاقە گەورەکەی کە کردوومە بە کتێبخانە و بە حەسیرێکی تەنکی رەنگاورەنگ دام پۆشیوە، کۆمەڵە شیعرێکی سیاسی زۆر خەتەری مامە دڵزارم

لەسەرەوە داناوە لای ببە تاکو نەکەوێتە چنگ دەستەی پشکنین ئیتر ئەو بەپەلە ڕۆیشت و گوتی: باشە ئەوە دەچم!

کۆمەڵە شیعرە سیاسیەکەی کاک دلزار زۆر هۆنراوەی وەك (یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر) و (شاگردانی فەهدین) (سوپای سوور) و (بۆ هاوڕێیانی نەمر) و (سوێند بە گیانی فەهد) ... ی گرتبوو خۆ و گەر کەوتبایە دەست پۆلیس ئەوا خۆم و کاك دلزاری تووشی کێشەیەکی گەورە دەبووین ئەو بەندکردنەکەی درێژ دەکرایەوە و منیش دەگیرام چونکە شیعرەکان بە مەرەکەبە رەشەکەم و خەتە خۆشەکەم تۆمار کرابوو و نان بڕاو دەکرام.

کاتێکیش کە لێژنەی پشکنین گەیشتنە ماڵمان، من دڵنیابووم کە هیچ بەڵگەیەکی مەترسیدارم ناکەوێتە دەست پۆلیس چونکە دڵنیابووم کە کۆمەڵە شیعرەکە لابراوە و لە کاتی پشکنیندا یەکەم جار جانتایەکی گەورەی خۆمیان پێکردمەوەو بە وردی جەنابی موفەوەزی پۆلیس کەوتە وردبوونەوە لە دەفتەرەکانم و تەنانەت لە مەکینەی تراش و دەستەی موسیش ورد دەبووەوە و بەهیوای دۆزینەوەی بەیاننامەیەکی نهێنی و بەڵگەیەك بوو، تاکو گەیشتە دەفتەرێکی شیعری فێرکردن کە لەسەر دەوڵەتانی وەك بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و رووسیا و دەوڵەتی دیکە دامنابوون، ناوی پایتەخت و شاری گەورە و رووبارەکانیان و باری ئابوورییانم بە شیعری بۆ قوتابیان هۆنیبۆوە کە کابرای موفەوەز چاوی بەناوی رووسیا و یەکێتی سۆڤیەت کەوت، چاوی چووە پشتی سەری و پێی گوتم: نازانی ناوهێنانی سۆڤیەت و رووسیا قەدەغەیە، منیش لەوەڵامدا گوتم: جەناب رووسیاش وەك دەوڵەتەکانی تر لە بەرنامەی قوتابییاندا هەیە و ئێمە حەقمان بەسەر سیستەمی حوکمڕانیدا نیە، کابرا ویستی لەسەرم بکاتە بەڵگەیەك کەچی لە دواییدا سارد بووەوە، کە بینیم وا بە وردی

کەلوپەلەکانم دەپشکنێ لە دڵی خۆمدا گوتم: گەر کتێبخانە داپۆشراوەکەمی پیشان بدەم  چەند ساتێکی دووری و درێژی دەوێ: ئینجا کابرا گوتی چ کتێبی دیکەت نییە، گوتم: نەخێر و ئەویش بۆ تاقە داپۆشراوەکە نەچوو، هەستا راپۆرتێکی نووسی کە هیچ بەڵگەیەکی لە ژوورەکەدا نەدۆزیوەتەوە بۆ تۆمەتبارکردنی کاکە دڵزارم و لێیاندا رۆیشتن کە لە ماڵەکەم دوورکەوتنەوە، چووم حەسیری سەر کتێبخانەکەم لادا بینیم کۆمەڵە شیعرە سیاسیە قەدەغەکەی کاك دڵزار لەسەرەوەیە و هەرچی سەیری کتێبەکان بکات یەکسەر ئەو بەڵگە ترسناکەی دەکەوێتە دەست. کە بینیم دڵم داخۆڕپا و بەخۆم گوت: گەر ئەو بەڵگەیە کەوتبایە دەست پۆلیس ئەوا هەردووکمان تووشی ئەنجامێکی خراپ دەبوین، باش بوو لەو کێشە ترسناکە رزگارمان بوو. بە فەرەیدوونم گوت بۆ ئەو شیعرانەت لانەبردووە، گوتی من بەباشی لە راسپاردەکەت نەگەیشتم و نەمزانی شیعرەکان لە پشت حەسیرەکەیە.

دوای چەند رۆژێك هیچ بەڵگەیەك لە دژی کاك دڵزار نەدۆرایەوە لە گرتووخانە رەهاکرا و هاتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی تاکو بەرپابوونی شۆرشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ژیانێکی ناخۆشی بەسەر برد و هەردەم مەترسی گرتنی لەسەر بوو و چەندەها جار هادی چاوشلی قایمقامی کۆیە داوای لێدەکرد پاکانە لە شیوعیەت بدات کەچی بەهیچ شێوەیەك  نەهاتە سەر ئەو رێیەی کە ئەو کارە ئابرووبەرە بکات وەك هەندێ کەسی کەم باوەڕ کردیان و لە دوایشدا پەشیمان بوونەوە. بەم جۆرە کاك دڵزاری خۆڕاگر وەك بەرپرسێکی حزبی شیوعی لە کۆیە کاری نهێنی خۆی لەگەڵ هاورێی نەمر کاك فاتیح رەسووڵ کرد تاکو شۆڕشی ١٤ی تەمووز و پاش شۆڕشیش ئەرکی رێکخستنی حزبی زیاتر کەوتە سەرشان.

# شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨
# دەرگایەکی نوێ بوو لەبەردەم کاروانی ژیانمدا

## پێشەکی

بەر لە بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، لە ژیانێکی سەختدا دەژیام، چونکە هەرچەندە مامۆستا بووم لە شارەکەی خۆمداو کەمە مووچەیەکم هەبوو ژیانمی پێ دابین بکەم، بەڵام سەبارەت بە گوشاری حکوومەتی پاشایەتی لەسەرم لە بارەی بیروباوەڕی سیاسیم و ژیانم لەگەڵ کاکە دڵزارم کە شیوعییەکی ناسراوبوو چەندان راپۆرتی خراپم لەهەق دەنووسرا و دەناردران بۆ فەرمانگەی پۆلیس و ئاسایشی شارەکەمان و بانگ دەکرام و ئاگادار دەکرامەوە کە لەگەڵ برادەرانم کار لە دژی حکوومەت دەکەم، بەڵام هەمووجار بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان مامۆستای خوالێخۆشبوو جەلال حەوێزی لەلای بەڕێوەبەری پۆلیس و ئاسایش پاکانەی بۆ دەکردم کەلەهیچ رێکخراوێکی سیاسیدا نیم و مامۆستایەکی پەروەردەکارم بە دڵسۆزی وانەکانی زمانی عەرەبی و کوردی سەرکەوتووانە دەڵێمەوە و چالاکی دیکەی وەك دەرچواندنی پەخشنامەی سەر دیوار و دەوربینینم لە نمایشە وەرزشییەکانی قوتابخانەکانی قەزای کۆیە، وەك بێژەر و پێشکەشکاری چالاکی هونەری لەلایەن تیپی سروود و مۆسیقای قوتابخانەکەمان ئەنجام دەدەم.

لەلایەکی دیکەشەوە چەندین جار بانگ دەکرام بۆ دیوانی قایمقامیەت لە سەردەمی قایمقامیەتی خوالێخۆشبوو (هادی چاوشلی) لە پایزی ١٩٥٦ تاکو تەمموزی ١٩٥٨ بۆئەوەی گوشار بخەمە سەر کاکە دڵزاری برا گەورەم تا پاکانە

لە شیوعییەت بکات، منیش پێم دەگوت: ئەو برا گەورەمە و ناتوانم گوشاری بخەمە سەر و دەی خۆت بانگی بکە و ئەم داوایەی لێ بکە. ئەویش دەیگوت: (من لەسەر فەرمانی حکوومەت ئەم داوایەم چەندین جار لێکردووە، کەچی بێ سوود بووە و پاکانەی نەکردووە)، منیش گوتم: (جەنابی قایمقام، کەواتە چۆن بە داواکاریی من ئەم کارە دەکات و دەست لە بیروباوەڕی خۆی هەڵدەگرێت؟).

هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی پێشکەوتووخواز دەرگایەکی نوێی لەبەردەم کاروانی ژیانمدا کردەوە و لەگەڵ جاڕدانی بەیاننامەی ژمارە (١)ی ئەم شۆڕشە، لەوە گەیشتن کە ئەمە شۆڕشێکی پێشکەوتووخوازی گەلانی عێراقە بە کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانییەوە و لەو ساوە ئاسۆیەکی گەشی ئازادی لەبەردەم میللەت دەرکەوت و لەهەموو لایەك بووە خۆپیشاندانی جەماوەری و وردە وردە هەواڵی رووداوەکانی ئەو شۆڕشە مەزنەش بڵاوکرایەوە و ئەوەمان زانی کە بنەماڵەی پاشایەتی هەر لە عەبدولئیلای جێنشینی مەلیك و خودی مەلیك فەیسەڵی دووەم کوژراون و بە کوشتنی یەکەمیان خەڵکەکە زۆر دڵشادبوون، بەڵام بە کوشتنی مەلیك فەیسەڵی تەمەن (٢٣) ساڵ نیگەران بوون، چونکە جارێ چ کارێکی وای نەکردبوو تاکو لەسەری بکوژرێ. لەلایەکی دیکەشەوە کە زانرا (نووری سەعید)ی سەرۆك وەزیرانی ئیتیحادی هاشمی (عێراق—ئوردن) نەکوژراوە خەڵکەکە ترسێکی زۆریان کەوتە دڵ و لەوە دەترسان نەبادا بەو ناوەی کە سەرۆك وەزیرانی هەردوو هەرێمەکانی (عێراق—ئوردن)ە بەپێی یەکگرتنی هاشمی کەلە شوباتی ١٩٥٨ بەسترابوو، داوای یارمەتی عەسکەری لە حکوومەتەکانی پەیمانی بەغدا (سەنتۆ) بکات و بێن و شۆڕشەکە لەناو ببەن، بەڵام بۆ رۆژی ١٥ی تەمموز کە راگەینرا نووری سەعید بەجلی ژنانەوە کوژراوە، جەماوەر لەهەموو لایەك بەجۆشتر کەوتنە شایی و شادی

دەربڕین.

حکوومەتی شۆڕش بە سەرۆکایەتی زەعیم عەبدولکەریم قاسم پارێزگارەکانی هەموو پارێزگاکانی عیراقی گۆڕی و کەسایەتی نیشتمانپەروەری دڵسۆزی میللەتی لەجێ دانان.

بۆ پارێزگاری هەولێر لە جێی خالید نەقشبەندی کە کرابوو بە ئەندامی (ئەنجومەنی سیادە) بەناوی کورد، لیوا روکن عەلائەدین مەحموود کرا بە پارێزگاری هەولێر و دوای هەفتەیەك بەسەر شار و قەزاکاندا گەڕا و سەردانی کۆیەی کرد و زۆر بە گەرمی لەلایەن کەسایەتی و جەماوەری شارەکە پێشوازی کرا و لە دیوانی قایمقامیەت دانیشت و نوێنەری چین وە توێژەکانی خەڵکەکە چوونە سەردانی و داخوازییەکانیان پێشکەش کرد و یەکێك لەو داخوازییانەیان گواستنەوەی قایمقام (هادی چاوشلی) بوو، ئەندامان و هەوادارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لادانی بوون، بەڵام ئەندامان و هەوادارانی حزبی شیوعی ئەو داواکارییەیان لەلا پەسەند نەبوو و منیش یەکێك لەوانە بووم دەمگوت: ئەم زاتە هەرچەندە لەسەر داوای حکوومەت ئازاری داوین، بەڵام چونکە گەلێك چاکسازی باشی لەشارەکەدا کردووە وەك کردنەوەی شەقام و دروستکردنی کتێبخانەی گشتی و کردنەوەی رێگای کۆیە–رانیە و پرۆژەی دروستکردنی گەرەکی سەرباغ لە شارەکەدا، بۆیە پێویستە بەرێزەوە بگوازرێتەوە بۆ قەزایەکی تر، جەنابی پارێزگار ئەو زاتەی گواستەوە بۆ هەولێر و لە جێی ئەو بەشێوەیەکی کاتی کردییە سەرۆکی شارەوانی هەولێر و لەجێی ئەو بەشێوەیەکی کاتیش (فەوزی جەمیل سائیب)ی قایمقامی رواندزی گواستەوە بۆ قەزای کۆیە و دوای ئەویش کەسایەتییەکی دڵسۆزی کوردایەتی (عەبدولوەهاب فەیزی حیکمەت)ی کردە قایمقامی کۆیە.

لەهـەموو شـارەکانی کوردسـتان شـاندی کـورد بـۆ پیرۆزبـایی کـردن لـە سـەرکردەی شـۆڕی زەعـیم عەبدولکـەری قاسـم چـوونە بەغـدا و لـە رۆژی ٢٧ی تەمموزی ١٩٥٨دا زەعیم پێشوازی لیٚ کردن و سوپاسی ئەم پیرۆزباییەی کردن و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کـە ئـەوکات سـکرتێری پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـوو، بـەناوی هـەموو شـاندەکان بـە وتارێـك پیرۆزبـایی کـوردی گەیانـدە ئـەو سـەرکردەیە و بـۆ ئێـوارەی هـەمان رۆژیـش دەسـتووری کـاتی کۆمـاری عـیراق بڵاوکرایەوە کەلە ماددەی سێیەمدا دان بـەوەدا دەنـێ کـە (عـەرەب و کـورد لـەم نیشتمانەدا هاوبەشن) و ئەم داننانە بە نەتەوەیـەکی سـەرەکی لـە عیراقـی نوێدا بووە بنچینەی داننان بە ماف ئۆتۆنۆمی کورد و لـە دواتـریش مـاف ئـەوەی هـەبێ کوردستانی باشوور ببێتە هەرێمێکی فیـدراڵی لـە عیراقێکـی فیدراڵـدا وەك ئێسـتا گەیشتووینە ئەم قۆناغە، بێجگە لەمەش لـە دروشمـی دەوڵـەتی کۆمـاری عیراقـدا خەنجەری کورد بەرانبەر بە شمشێری عەرەب داندرا و رەنگی زەردیش کە رەمزە بۆ رابـردوی کـورد لـەناو ئەسـتێرەیەکی ناوەڕاسـتی ئـاڵای سـەروەریی دەوڵـەتی داندرا.

لـــە ســـەرەتای مـــانگی کـــانوونی یەکـــەمی ١٩٥٨دا، پۆلیســـێك هاتـــە قوتابخانەکەمان و داوای لە بەڕێوەبەر کرد، رێگە بـدات مـن بچـم بـۆلای قایمقـام، جەنابی بەڕێوەبەریش مامۆستا جەلال حەوێزی زۆر پەشۆکابوو، وا دەزانی وەکـو سەردەمی پاشایەتی بۆ گرتنم بانگم دەکەن، منیش لەگەڵیدا چووم بۆلای قایمقام و لە دوورەوە بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لیٚ کردم و پێی گوتم: (من بۆیـە لـە دوام ناردووی، چونکە بیستوومە تۆ نووسەر و شاعیری و لەم رۆژانەدا جەماوەری کۆیە خۆپیشاندانێك بـۆ پشـتگیری حکوومـەتی زەعـیم عەبدولکـەریم قاسـم سـاز دەکـەن، منـیش حـەز دەکـەم وتارێـك بخوێنمـەوە، داوات لێدەکـەم وتـارێکم بـە

کوردییـــەکی رەوان بـــۆ بنووســـی تـــاکو وەك کـــارگێڕی قـــەزای کۆیـــە بەرانبـــەر خۆپیشاندەران بیخوێنمـەوە. منـیش گـوتم: بەسەرچـاو بـۆ سـبەی بـۆتی دێـنم و بۆشـــت دەخوێنمـــەوە تـــاکو جـــەنابتان بـــەڕەوانی بەرانبـــەر بـــە جـــەماوەری خۆپیشاندەر بیخوێننـەوە، بـۆ رۆژی دوایـی کـە چـووم بـۆلای و گوتیـان: کـەریم شارەزا هاتوە یەکسەر گوتی: با بفەرمووێ، منیش چـوومە ژوورەوە و وتارەکـەم وا بۆ نووسیبوو کە سەرۆکی هەرە گەورەی قەزاکەیە و هەرچی میللەت پێی بـوێ و دەوڵەت پێی بکرێ بۆ ئەم قەزایەی دەکات، کە بۆم خوێندەوە دەستخۆشی لێ کـــردم و فـــەرمووی چـــۆنم دەویســـت تـــۆ وات بـــۆ نووســـیوم، دوای دوو رۆژ خۆپیشاندانەکە لەبەردەم دەرکی سەرای کۆنی کۆیە کە ئێستا (فولکـەی حـاجی قـادری کۆیی)یـە سـازدرا و خۆپیشـاندانەکەی جـەماوەریش کەلـە ژێـر چـاودێری بەرەی دوو قۆڵی نێوان حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردسـتان رێکخرابـوو دەستی پێکـرد، مـن بـەناوی هـەوادارانی حزبـی شـیوعی بەڕێوەبـەری بەرنامـەی خۆپیشاندانەکە بووم و (خالید سەعید) کە بـە دکتـۆر خالیـد ناسـرابوو نوێنـەری پـارتی دیمـوکراتی کوردســتان بـوو لــە پێشکەشـکردنی برگـەکانی بەرنامـەی خۆپیشاندانەکە.

جەنابی قایمقام وتارەکـەی پێشـکەش کـرد و خوالێخۆشـبوو کـاك عوسمـان عـەونی شـاعیر و مـن سـەرو هۆنراوەیـەکی سیاسـیمان پێشـکەش بـە جـەماوەی خۆپیشاندەر کرد و لـە هـەموو لایـەکیش هـاواری (بـژی شۆڕشـی ١٤ی تـەمموزی پێشکەوتووخواز) و (بـژی برایـەتی کـورد و عـەرەب) و (بـژی سـەرۆکمان زەعـیم عەبدولکـەریم قاسـم) بـەرز دەبـووەوە، لـە ئێـوارەی ئـەو رۆژەی ١٩٥٨/١٢/٢دا خۆپیشاندانەکە کۆتایی هات.

# بەشداری کردنم وەك نوێنەری مامۆستایانی کۆیە لە کۆنگرەی یەکەمی سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عێراقدا

لە سەرەتای مانگی یازدەی ساڵی ١٩٥٨دا حکومەتی کۆماری عیراق ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی سەندیکایەك بۆ مامۆستایانی عیراق پیشاندا و لەو ساوە مامۆستایان لە بەغدا و لە پارێزگاکاندا کەوتنە خۆ بۆ دامەزراندنی ئەو سەندیکا پیشەییە و پێکەوەنانی لیژنەی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی یەکەم و دانانی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکاکە، تاکو جێی (کۆمەڵەی مامۆستایان) بگرێتەوە کە لە ڕووی پیشەییەوە هیچی بۆ مامۆستایان نەدەکرد.

لە هەولێر لیژنەیەکی ئامادەکار دامەزرا و من پێوەندیم پێوەکردن و خۆم پاڵاوت بۆ ئەندامیەتی کۆنگرەی دامەزرێنەری سەندیکاکە لە بەغدا و لە ئەنجامدا لیستێك لە ئەندام و هەوادارانی حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهات بۆئەوەی مامۆستایانی سەرجەم قەزای هەولێر، لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ لە تەلاری دواناوەندی هەولێر کە ئێستاکە بەشێکە لە تەلاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەو پاڵێوراوانە هەڵبژێرن کە متمانەیان پێ دەکەن ببنە نوێنەریان و پارێزگاری لە مافەکانیان بکەن.

هەڵبژاردنەکە لەژێر چاودێری دادوەر و نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردە و لیستی پیشەیی و لیستی سەربەخۆ بەڕێوەچوو و ئەوەی شیاوی باسیشە بۆ هەر ٥٠ مامۆستا نوێنەرێك بۆ کۆنگرە هەڵبژێردرا و بە هەموو پارێزگای هەولێریش ٧٠٠ مامۆستا هەبوون، بۆیە ژمارەی پاڵێوراوانی لیستەکە ١٤ مامۆستا بوون و لە ئەنجامدا ئەم زاتانەی خوارەوە لە لیستی پیشەیی بە ئەندامی کۆنگرەی یەکەمی

سەندیکای مامۆستایانی عیراق هەڵبژێردران:

١- ئەنوەر تاهیر بەکر.

٢- بورهان نەجمەدین.

٣-پەترۆس گۆرگیس.

٤- جەلال شەریف.

٥- حەیدەری عوسمان.

٦- خالص جەواد.

٧- خەلیل حەمەد خۆشناو.

٨- عەبدوڵڵا زێباری.

٩- کەریم شارەزا.

١٠- محەمەد عەبدوڵڵا رۆستەم.

١١- محەمەد عەلی دزەیی.

١٢- مووسا خەلیل.

١٣- مەجید ئەحمەد ئاسنگەر.

١٤- خاتوو نەیلۆفەر وجدی.

دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەی لە بەغدا بڕیاری دا لە رۆژی ١٩٥٩/٢/٢دا لە شاری بەغدا و لە هۆڵی مەلیك فەیسەڵی دووەم کۆنگرەکە ببەسترێ و بەو پێیە ئەندامە هەڵبـژێردراوەکان لـە رۆژی (١)ی شـوباتەوە گەیشـتنە بەغـدا و دوای نیوەڕی کۆبوونەوەیەکی ئامادەکاری لە خوێندنگای غەربیەی ناوەندیی سازدرا و لـەو کۆبونەوەیـەدا مامۆسـتا عەبدولغـەنی چەرچەفچـی سـەرۆکی کۆمەڵـەی هەڵوەشاوەی مامۆستایان وتـارێکی سـەرپێی پێشـکەش بـە ئامادەبووان کـرد و تێیدا گوتی: (ئەرکی سەندیکا ئەوەیە پارێزگـاری لـە مـافی پیشـەیی و ئـابووری و

کۆمەڵایەتی مامۆستایان بکات و (کۆمەڵەی هەرەوەزی لە کاکردن) دابنێ تاکو مامۆستایان جلوبەرگ و خۆراکی خۆیان بە نرخێکی هەرزانتر لە بازاڕی چەنگ کەوێ و کۆمەڵەی دروستکردنی خانووانی بۆ پێك بێت تاکو مامۆستا بەنرخێکی گونجاو خانوویەك بۆ خێزانەکەی دابین بکات. ئێمەی خوێن گەرمی سیاسەت ئەوەندە گوێمان بە وتارەکەی نەدا، چونکە هەر لە پیشە و دەستکەوتی مامۆستایانەوە دوا، بەڵام دوای ئەو هاوڕێ (عەزیز ئەلشێخ)ی ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی و پاڵێوراوی جێگری یەکەمی نەقیبی سەندیکا وتارێکی سیاسی پێشکەش کرد و گوتی سەندیکا ئەرکی نیشتمانی و سیاسیشی لەسەرە، بۆیە دەبێ ئێمە هەموومان بەیەك هەڵوێست پشتی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و سەرۆك عەبدولکەریم قاسم بگرین. ئێمە دەمانگوت: ئەم قسانە تەواون، کەچی لەراستیدا بۆ توێژی مامۆستایان وتەکەی عەبدولغەنی بەکەڵك و راست و تەواوبوون، چونکە ئەوەی هاوڕێ عەزیز ئەلشێخ گوتی زیاتر ئەرکی سیاسی حزبەکانە نەك سەندیکا.

## کردنەوەی کۆنگرە

سەرلەبەیانی رۆژی ١٩٥٩/٢/٢ کۆنگرەکە بە چاودێری زەعیم عەبدولکەریم قاسم کرایەوە، بەڵام خۆی لەبەر کاری پێویستتر ئامادە نەبوو، لەجیاتی خۆی وەزیری مەعاریف (پەروەردە) بەوەکالەت هەدەیب حاجی حموود ئامادە بوو، بەوتەیەك کۆنگرەکەی کردەوەو چەند وتارێکی نوێنەری لسیتەکان خوێندرانەوە و منیش روخسەتم وەرگرت و لەسەر شانۆ شیعرێکم خوێندەوە کە بەزمانی کوردی بوو بەناوی (هێزی گەل) و سەرەتای بەم جۆرە دەستی پێ دەکرد:

**هێزی گەل هێزی خەبات و راپەڕین**

**هەروەکو بورکانی گەرمی ئاگرین**

**کەوتە کڵپەداری ژینی دوژمنی**

**کرد بە زوخاڵ هەر لە پەپۆی تابنی!**

**تا لە کۆتایی گوتم:**

**رەوڕەوەی مێژوو بەرەو پێش بێ گومان**

**هەر دەسووڕێ هەر دەسووڕی بێ وچان!!**

بۆ دوای نێوەڕۆ بەسەر چەند لیژنەیەك دابەش کراین، ئێمەی کورد بە زۆری چووینە لیژنەی نەتەوەکان. لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تورکمانی کەرکوك و یەك–دوو مامۆستای عەرەب و سەرۆکی لیژنەکەشمان مامۆستایەکی شیوعی بوو بەناوی (عەلی ئەلشۆك).

ئێمەی ئەندامانی کورد هەوڵێکی زۆرماندا بۆ دەستکەوتی گرنگ بۆ پرۆسەی خوێندن لە کوردستاندا بە زمانی کوردی وەك:

١– دانانی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ خوێندنی کوردی.

٢– بەستنی کۆنفرانسێکی ساڵانە بۆ مامۆستایانی کورد بۆ پەرەپێدانی خوێندنی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستاندا.

لێرەدا نوێنەری تورکمانەکان بەرهەڵستی ئەم دوو داواکارییەیان دەکرد و دەیانگووت: ئێمە عیراقین دەبێ تەنیا بەزمانی عەرەبی بخوێنن، چونکە زمانی قورئانی پیرۆزە. ئێمەش بەرپەرچمان دەدانەوە و دەمانگوت: ئەم مافەمان بەپێی راسپاردەی (کۆمەڵی گەلان) و (یاسای زمانە و ناوخۆییەکانی عیراقە) کە لەساڵی ١٩٣١دا دەرچووە ئێمە هەر بە کوردی خوێندوومانە و دەخوێنین و سەرۆکی لیژنەکەش لەگەڵ ئێمەدابوو و داواکارییەکەمان چەسپا و بۆ رۆژی دوایی

دەستەی گشتی کۆنگرەکە پەسەندی کرد.

(ئاهەنگی کۆکتێل لە بەهووی ئەمانەی بەغداو ئامادەبوونی زەعیم عەبدولکەری قاسم.

کۆنگرەی سەندیکای مامۆستایان ئاهەنگێکی لە هۆڵی (بەهووی ئەمانە) لە ئێوارەی یەکەم رۆژی سازدا و لەناکاو زەعیم عەبدولکەریم بە یاوەری وەسفی تاهیر لەگەڵ شاعیری مەزنی عەرەب جەواهیری هاتن و بە شەپۆلێکی چەپڵە و هوتاف پێشوازیکران، زەعیم وتارێکی بەنرخی لەبارەی پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کۆماری عیراقدا پێشکەش کرد و جەواهیریش هۆنراوەیەکی بەرزی لە ستایشی زەعیم و کۆماری پێشکەوتووخوازی عیراق پێشکەش کرد. دوابەدوای ئەویش خوالێخۆشبوو مامۆستا خەلیل حەمەد خۆشناو هۆنراوەیەکی بەزمانی کوردجی خوێندەوە، کە لێ بووەوە پەیامنێری رۆژنامەی (ئیتیحاد ئەلشەعب)ی زمانحاڵی حزبی شیوعی بوو داوای لە من کرد هەندێك لەو هۆنراوەیەی بۆ بکەمە عەرەبی و منیش بەپێی توانای کارەکەم کرد و بۆ رۆژی دوایی لەگەڵ هەواڵی ئاهەنگەکە لە رۆژنامەکەدا بڵاوکرایەوە.

دیدەنی زەعیم عەبدولکەریم قاسم لەلایەن شاندی مامۆستایانی کوردەوە

لەنیوەڕۆ رۆژی دووەمی کۆنگرەکە شاندێکی مامۆستایانی کورد و یەك دوو مامۆستای بەغدایی، چووینە دیدەنی سەرۆك عەبدولکەریم قاسم لە وەزارەتی بەرگریی کە پێشتر وادەیەکمان بۆ دەستنیشان کرابوو، کە گەیشتین لە هۆڵێکی گەورەیان دانایین و لەلایەن یاوەری زەعیم جەنابی (وەسفی تاهیر) پێشوازی کراین و گوتی: زەعیم لەگەڵ باڵیۆزی هیند کۆبۆتەوە، کە میوانەکەی رۆیشت دێتە دیدەنیتان. زۆری پێ نەچوو زەعیم هات و ئێمە بە چەپڵە و هوتافی گەرم پێشوازیمان لێ کرد و هات لە سەرەوە لەپاڵ مێزێکی دوور و درێژ دانیشت و

ئێمـەش لـە دەوری کۆبووینـەوە، شـاعیری بەغـدایی خـاتوو (وەفیـە ئـەبو قـلام) هۆنراوەیـەکی لـە ستایشـی زەعـیم و دادگـای گـەل پێشـکەش کـرد و دوابـەدوای ئەویش من هۆنراوەیەکی خۆم خوێندەوە کە سەرەتاکەی بەم جۆرە بوو:

دەوەستین گشت قوتابی و خوێندەوار و کارگـەر و جووتیـار لـەژێر بەیـداغی ئازادیت بەیەك دەنگ و بەیەك بڕیار

ئینجا زەعـیم وتـارێکی بـەنرخی لـەبارەی پەرەپێـدانی پرۆسـەی خوێنـدنی بنەڕەتی تا دەگاتە زانستگا پێشـکەش کـردین و بـە چـەپڵە و هوتـاف وەڵامـان دایەوە کە لە دیدەنییەکە بووینەوە یاوەرەکانی زەعـیم هۆنراوەکـەمیان نـارد بـۆ ئێستگەی رادیۆی کوردی بەغدا و چەندین جار خوێندرایەوە.

## دیدەنی بارزانی نەمر لە بەغدا

سەر لەئێوارەی رۆژی دووەمی کۆنگرەکە، ئێمەی مامۆستایانی هەولێر چووینە دیدەنی سەرکردەی کورد کە چەند مانگێك بوو لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران گەڕابووەوە عیراق و کوردستان، کە گەیشتە بارەگاکەی کە لە کۆنە قەسرەکەی نووری سەعید لەبەری کەرخ بوو، روومان کردە ئەو هۆڵەی کە بارزانی پێشوازی لە میوانانی دەکرد، لەو دەمەدا کۆمەڵێك کەسایەتی و سەرۆك هۆزی عەرەب، هەستان و جێگاکەیان چۆڵ بوو، بۆیە ئێمەیان لەجێی ئەوان لە تەنیشت بارزانی نەمر دانا و بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین و ئێمە داوای سەرکەوتنمان بۆ کرد و بەخێرهاتنەوەمان کرد.

لەو دەمەدا خواڵخۆشبوو محەمەد تۆفیق وردی نیشتمانپەروەر و فولکلۆریست لەگەڵ لاوێك لە بەردەمی بارزانی وەستابوون. ئێمەی بەو زاتە مەزنە ناساند و گوتی: ئەمە مامۆستا جەلال شەریفە نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزە و دەستی بۆ منیش درێژکرد و گوتی: ئەمەش کەریم شارەزایە شاعیرێکی لاوی کۆییە، کەوای گوت وامزانی چوومەتە ئاسمان، ئینجا مامۆستایان مەجید ئاسنگەر و مووسا خەلیل و ئەنوەر تاهیر و ئەوانی دیکەی بە سەرۆك بارزانی ناساند.

ئینجا بەوردی بە بارزانی گوت: ئەم لاوەی کە لەتەکم وەستاوە کوردی سورییە و کتێبێکی داناوە بەناوی (دۆستایەتی کورد و عەرەب) بە زمانی عەرەبی، دەیەوێ پێشەکییەکی کورتی بە ئیمزای خۆت بۆ بنووسی تاکو کتێبەکەی بەهادار بێت، ئەمیش لەوەڵامدا گووتی: بەرۆژ میوانم زۆرە و بەجێی

بێڵن تاکو بەشەو شتێکی کورتی بۆ بنووسم و ئێوەش پاکنووسی بکەن.

دیدەنییەکەمان نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند و وامانزانی خولەکێکە و بۆمان بووە دەرفەتێکی مێژوویی لە کاروانی ژیانمدا.

هەڵبژاردنی نەقیبی سەندیکای مامۆستایان

لەدوا کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆنگرەکە لەژێر چاودێری دادوەرێک، نەقیبی سەندیکای مامۆستایانی عیراق هەڵبژێردرا، ئەویش دکتۆر فەیسەڵ ئەلسامر بوو، لەگەڵ دوو جێگری یەکەمیان هاوڕێ عەزیز ئەلشێخ بوو، دووەمیشیان مامۆستا رەفیق حیلمی بوو بەو ناوەی کە مامۆستایەکی کوردی نیشتمانپەروەری تێکۆشەرە و بەم جۆرە کۆتایی بە کۆنگرەکە هات و لەسەرجەم ئەندامانی کە ٤٠٠ نوێنەر بوون، ٤٣ ئەندامی کورد بەشداری تێدا کرد و هەندێك دەستکەوتی بەنرخیان لە مەیدانی پرۆسەی خوێندن بە کوردی لە کوردستاندا بەدەست هێنا.

# چالاکییەکانم لە سەندیکای مامۆستایاندا

## کردنەوەی لقی سەندیکای مامۆستایان لە کۆیە

دوای تەواوبونی کارەکانی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کۆماری عیراق، لە ئێوارەی رۆژی ٣ی شوباتی ١٩٥٩دا، ئەندامانی گەڕانەوە بۆ پارێزگا و شارەکانی خۆیان و بەپێی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا، مەڵبەندی پارێزگا و قەزاکانی بۆیان هەبوو لقی خۆیان بکەنەوە، کۆیەش تەنیا من ئەندامی کۆنگرەکە بووم و دەبوایە چوارکەسی دیکە لە هەڵبژاردنێکی تەواوکەر (تکمیلی) هەڵبژێردرێن بۆ دەستەی بەڕێوەبەر، وابوو لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩دا هەڵبژاردنەکە بە چاودێری دادوەر و نوێنەری دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای لقی هەولێر کاک پەترۆس گۆرگیس بەڕێوەچوو و لە ئەنجامدا ئەم زاتانەی خوارەوە بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر دەرچوون: خوالێخۆشبوو عەبدولمەجید جەلیزادە، خوالێخۆشبوو غەریب مستەفا، خوالێخۆشبوو ست خانە ئیسماعیل، مامۆستا موعتەسەم عەبدولمەجید موفتی، دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ من کاروباری دەستەی بەڕێوەبەر بەم جۆرە دابەش کرا:

١- مامۆستا عەبدولمەجید جەلیزادە سەرۆك

٢- مامۆستا کەریم شارەزا سکرتێر

٣- مامۆستا غەریب مستەفا ژمێریار

٤- مامۆستا موعتەسەم عەبدولمەجید موفتی ئەندام

٥- مامۆستا خانە ئیسماعیل ئەندام

یەکـەمین کـاری پیشـەیی لقەکـەمان کردنـەوەی مەڵبەنـدی لـەناوبردنی نەخوێنـدەواری بـوو بـۆ کاسـبکاران و کرێکـارانی کۆیـە، لەگـەڵ کردنـەوەی بارەگایەکی لێوەشاوە بۆ لقەکەمان کە بـووە مەڵبەنـدێکی رۆشـنبیری بـۆ هـەموو مامۆستایانی شار و دێهاتەکانی قەزای کۆیە.

## کۆبوونەوەیەکی نائاسایی کۆنگرەی یەکەم
## بۆ هەڵبژاردنی نەقیبێکی نوێ بۆ سەندیکا

زەعـیم عەبدولکـەریم قـاسمی سـەرەك وەزیـران لـە سـاڵوەگەڕی یەکـەمی بـەرپابوونی شۆڕشـی ١٤ی تـەمموز لـە ئێـوارەی رۆژی ١٣ی تـەمموزی ١٩٥٩دا، دامەزراندنی وەزارەتێکی نـوێی راگەیانـد و خـاتوو نەزیهـە دلێمـی کـردە وەزیـری شـارەوانی و (دکتـۆر فەیسـەڵ ئەلسـاهیر)ی نـەقیبی سـەندیکای مامۆسـتایانی کۆماری عیراقیشی کردە وەزیری ئیرشـاد (راگەیانـدن و رۆشـنبیری)، بـەم جـۆرە شوێنی نەقیبی مامۆسـتایان چـۆڵ بـوو و دەبوایـە نـەقیبێکی دیکـە بـۆ سـەندیکا هەڵبژێردرێ، ئـەم کـارەش تـەنیا لـە دەسـەڵاتی کۆنگرەدا بـوو، بۆیـە دەسـتەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی سەندیکا، ئەندامانی کۆنگرەی بـۆ کۆبوونەوەیـەکی نائاسـایی لـە رۆژی ٢٠ی ئـابی ١٩٥٩دا لـە بەغـدا بانگهێشـت کـرد، لـە رۆژی دیاریکراودا مامۆستا نەجیب محێدین بەتێکڕای دەنـگ لەشـوێنی دکتـۆر فەیسـەڵ ئەلسـاهر بـە نـەقیبی نـوێ هەڵبـژێردرا و (دکتـۆر سـدیق ئەتروشـی)یش لـەجێی مامۆسـتا رەفیـق حیلمـی بـە جێگـری دووەمـی نـەقیب هەڵبـژێردرا، بـۆ ئێـوارە دەسـتەی بەڕێوەبـەری مەڵبەنـدی گشـتی سـەندیکا (ئاهـەنگێکی کۆکتێـل)ی بـۆ ئەندامانی کۆنگرە لە ئوتێل بەغدا سازدا کـە بەسـەر شـەقامی (ئـەبو نەواس)یـدا

دەڕوانی، لە پڕێك زەعیم عەبدولکەریم قاسم بەیاوەری (دکتۆر ئیبراهیم کوببە)ی وەزیری ئابووری هاتن بۆ بەشداری کردن لەو ئاهەنگە و بە هوتاف و چەپڵە پێشوازی کران.

ئێمەی نوێنەرانی مامۆستایانی کورد لەنێوان خۆماندا ڕێککەوتین کە مەسەلەی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، کە لە کۆنگرەی یەکەم بڕیاری لەسەر درابوو، بەبیر عەبدولکەریم قاسم بێنینەوە و پێی بڵێین دەمانەوێ ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان) بێ، نەك (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی)! من پێشنیارم کرد مامۆستا (مووسا سەمەد) کە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی بوو و وەك میوان لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبوو، ببێتە دەمڕاستمان و ئێمەی مامۆستایانی کورد لەگەڵیدا چووینە بەردەم عەبدولکەریم قاسم کە بریتی بووین لە مامۆستا مووسا و من و مەجید ئاسنگەر و محەمەد عەلی مەحموود و محەمەد ساڵح سعید و حوسێن عەقراوی و حەسیب شێخ ئەحمەد و مووسا خەلیل و عەبدوڵڵا زێباری و خەلیل حەمەد خۆشناو.

مامۆستا مووسا بە زەعیم عەبدولکەریمی گووت: جەنابی سەرۆك کەی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان) دادەمەزرێ؟

زەعیم عەبدولکەریم گووتی: (بەم زووانە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی دادەمەزرێ.) مامۆستا مووسا گووتی: بەڵام جەنابی سەرۆك دەمانەوێ ناوەکەی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان) بێت. لێرەدا زەعیم پەست بوو، مستێکی لە مێزەکەی بەردەمی دا و گووتی: (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) دادەمەزرێ و کورد بۆی هەیە لە هەر کوێیەك ژمارەیان زۆر بێت قوتابخانەی کوردی بکەنەوە، تەنانەت لە بەسراش بۆیان هەیە قوتابخانە

بکەنەوە).

لێرەدا مامۆستا مووسا سەمەدیان بەنهێنی ئاگادار کردەوە کە زیاتر لەگەڵیدا پێدانەچێ و گەڕاینەوە دواوە.

بەم جۆرە داخوازییەکەمان سەری نەگرت و ئاهەنگەکە دوای یەك-دوو کاتژمێر کۆتایی هات و لەخۆمان گەیشتین کە زەعیم حەز ناکات بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە بەناوی کوردستان بێ و ئەو مەسەلەیە مایەوە تاکو بەستنی یەکەم کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە، ئەوساکە یەکلا بکرێتەوە.

## کۆنگرەی ناوخۆی مامۆستایانی کورد لە هاوینەهەواری شەقڵاوە لە ڕۆژانی ١٠-١٣ی ئەیلوولی ١٩٥٩دا

بەستنی کۆنگرەی ناوخۆی مامۆستایانی کورد کە لە کۆنگرەی یەکەمی سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عێراق لە شوباتی ١٩٥٩دا بڕیاری لەسەردرابوو. سەندیکا بڕیاریدا لە ڕۆژانی ١٠-١٣ی ئەیلوولی ئەو ساڵەدا لە هاوینەهەواری شەقڵاوە ببەسترێ. لەوادەی دیاریکراودا ئەندامانی کورد لە سەندیکا لە پارێزگاکانی کوردستان لەگەڵ چەند ئەدیب و زمانزانێکی کورد بانگهێشت کران و لەکات و شوێنی دیاریکراودا ئامادە بوون. بڕیار وابوو لە بەیانی ڕۆژی ١٠ی ئەیلوول کۆنگرەکە بکرێتەوە، بەڵام لەبەر هەندێ گیروگرفتی سیاسی لەسەر ناونانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی بەو ناوەی کە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم دەیویست، یان بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستان مەبەستی بوو، کردنەوەی کۆنگرەکە

دواخـرا بـۆ بـەیانی ١١ی ئـەیلوول. مامۆسـتا (ئیـبراهیم ئەحمـەد)ی سـکرتێری ئەوسـای پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـانگ کرابـوون، ئەنـدامانی پـارتی و هەوادارانی هان دەدا کە دەبێ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە بەناوی (مەعاریفی کوردسـتان) بێـت و هـەوادارانی حزبـی شـیوعیش دەیـانگوت: بـا جـاریٚ نـاوی (بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی) بیٚ و خەباتی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لـەدوارۆژدا ببێتە مەعاریفی کوردستان.

سـەر لـە ئێـوارەی هـەمان رۆژی ٩/١٠ رۆژنامـەی خـەباتی ئۆرگـانی پـارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتە شەقلاوە و بینرا لە سەروتار نووسراوە لەم قۆناغە ناسـکەدا نـابیٚ مامۆسـتایانی کـورد داوای شـتی وابکـەن کـە نایەتـەدی. بـا لـەم قۆناغــەدا نــاوی بەڕێوەبەرایەتییــە گشــتییەکە (خوێنــدنی کــوردی) بــیٚ. کــە هەوادارانی پارتی چوونە لای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و پێیان گوت ئێمە وا دوو رۆژە داوای مەعاریفی کوردستان دەکەین و کەوتووینە چەنگ بەردە لەگەڵ حزبی شیوعی، کەچی وا مەکتەبی سیاسی بڕیاری داوە جاریٚ (خوێندنی کوردی) بێت. مامۆستا برایم پێی گوتن بەگوێی (خەبات) بکەن، چونکە رای زۆرینەی مەکتـەبی سیاسییە، واباشە لەم دەمـەدا ململانێـی لەگـەڵ حکوومـەتی عەبدولکـەریم قاسـم نەکەین، ئینجا بەیاننامەیەکی هاوبـەش لـەنێوان پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و حزبـی شـیوعی دەرچـوو، کـە تێیـدا هـاتبوو بـا جـاریٚ نـاوی بەڕێوەبەرایەتییـە گشتییەکە خوێندنی کوردی بیٚ و لە دوارۆژدا خەباتی بـۆ بکـریٚ تـاکو بکرێـت بـە (مـەعاریفی کوردسـتان) لەلایـەن حزبـی شـیوعییەوە خوالێخۆشـبوو حەیـدەر عوسمان و لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانیشـەوە مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو مەجید ئاسـنگەر ئیمزایـان کـرد و بـۆ بـەیانی رۆژی ٩/١١ کۆنگرەکـە بەچـاودێری پارێزگاری هـەولێر جـەنابی عەلائـەدین مـەحموود، بەسـڵاوی کۆمـاری کرایـەوە و

وتاری جەنابی پارێزگا و نەقیبی سەندیکای مامۆستایانی عێراق مامۆستا نەجیب محێدین خوێندرانەوە، لەگەڵ وتاری لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکانی کوردستان و کووت و مووسڵ پێشکەش کران. منیش پێشکەشکاری بەندەکانی بەرنامەی ئاهەنگەکە بووم، ئەو برووسکانەی کە بۆ پیرۆزبایی لە بەستنی کۆنگرەکە دەهاتن بە گەرمی دەمخوێندنەوە کە زۆربەیان داوایان دەکرد بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە بەناوی مەعاریفی کوردستان بێ.

دوای ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکە، ئەندامانی کۆنگرە بەسەر چەند لێژنەیەکی سەرەکیدا دابەش بوون وەك:

١- لیژنەی زمانی کوردی

٢- لیژنەی مێژووی کورد.

٣- لیژنەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە.

٤- لیژنەی پێڕەوی ناوخۆ.

٥- لیژنەی لەناوبردنی نەخوێندەواری.

من لە لیژنەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەدا بەشداریم کرد و گەلێك پێشنیاری بەسوودم پێشکەش کرد و میوانانی کۆنگرەش لە زمانزان و ئەدەیبان و مێژوونووسان دەورێکی دیاریان لە پتەوکردنی داخوازییەکانی کۆنگرەکە هەبوو لەوانە مامۆستایان: ئیبراهیم ئەحمەد و دکتۆر عەباس ئەنوەری و جگەرخوێن و ئەحمەد دڵزار و عوسمان عەونی و شاکر فەتاح و مەلا جەمیل رۆژبەیانی و گیوی موکریانی بوون. کۆنگرەکە لە دوو رۆژی کارکردندا ئەم بڕیارانەی خوارەوەی پەسند کرد:

١- دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد.

٢- دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی زمانی کوردی.

٣- مێژووی نەتەوەی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستان و عیراق بخوێندرێ.

٤- بەشێك بۆ زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا بکرێتەوە.

٥- قوتابی کورد لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تەنیا ئەلف و بێی کوردی بخوێنێ.

٦- زمانی عەرەبی لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییەوە دەست بە خوێندنی بکرێت.

٧- لە پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی ژمارەی وانەکانی کوردی و عەرەبی وەکو یەك بن.

٨- لە باغچەی ساوایانی کوردستان دەبێ زمانی فێرکردن هەر کوردی بێت.

## سەرجەم میوانەکانی کۆنگرەکە

ئەوەی شایانی باسە کۆنگرەکە ١٠٥ مامۆستا و ٣٤ میوانی ئەدیب و زمانزان و مێژوونووسی گرتبووە خۆ و دیارترین میوانەکانی ئەمانە بوون:

١-لە کوردستانی رۆژئاوا-جگەرخوێن

٢-لە کوردستانی رۆژهەڵات-دکتۆر عەبباس ئەنوەری، دکتۆر ناجی عەبباس.

٤-لەبادینان-ئیبراهیم رەمەزان.

٥-لە هەولێر-گیوی موکریانی.

٦-لە کۆیە-ئەحمەد دلزار، عوسمان عەونی، زەکی ئەحمەد هەناری.

٧-لە کەرکوك-مامۆستا تایەر سادق ئەحمەد.

٨-لە سلێمانی-موحەرەم محەمەد ئەمین (چیرۆکنووس)، حوسێن عارف (چیرۆکنووس)، مامۆستا شاکر فەتاح، ا.ب. هەوری (شاعیر).

هەندێ چالاکی ئەدەبی

لەشەوی ١٠-١٩٥٩/٩/١١دا کۆڕێکی ئەدەبی لەسەر شانۆی کۆنگرەکە

سازدرا و لەو کۆڕەدا مامۆستایان: ١-جگەرخوێن. ٢-محەمەد تۆفیق وردی. ٣-کەریم شارەزا شیعریان خوێندەوە و مامۆستایان تایەر ئەحمەد حەویزی و سابیر ئیسماعیل محەمەد چەند وتەیەکی ئەدەبی بەنرخیان پێشکەش کرد و مامۆستا خەلیل حەمەد خۆشناو لە دوارۆژی کۆنگرەمەدا شیعرێکی سیاسی خوێندەوە و (مامۆستا گیوی موکریانی)ش ریپۆرتاژێکی تێروتەسەلی لەسەر کۆنگرەکە و بڕیار و پێشنیارەکانی لە ژمارە (١٦٢ و ١٦٣ و ١٦٤)ی گۆڤاری هەتاودا لە هەولێر بڵاوکردەوە و کار و کۆششەکانی کۆنگرەکەی بۆ جەماوەری خوێنەران ئاشکرا کرد و بەم جۆرە کۆتایی بە کۆنگرەکە هات بەو نیازەی لە ساڵی دادێ لەهەمان هاوینەهەوار کۆنگرەی دووەم ببەسترێ و داخوازی دیکە بۆ پێشخستنی خوێندنی کوردی لە کوردستان و عیراقدا پێشکەش بە وەزارەتی زانیاری ئەوسای عیراق بکات.

## بیرەوەرییەکی نەمر لەگەڵ دۆستێکی سیاسی ناو کۆنگرەکەدا

لە رۆژانی بەستنی کۆنگرەکەی مامۆستایانی کورد دۆستایەتیم لەگەڵ تێکۆشەرێکی کوردستانی ئێران پەیدا کرد کە بەناوی دکتۆر عەبباس ئەنوەری لە چیکۆسلۆفاکیاوە هاتبووە عیراقی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی پێشکەوتووخواز و لە کۆلێژی ئابووری زانکۆی بەغدا کرابوو بە وانەبێژ و لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەك میوانی کۆنگرە هاتبوو بەشداریی لە دانیشتنەکانیدا بکات، لەکاتی پشوودان و دانیشتنی ئاسایی ئامۆژگاری دەکردین و دەیگووت: (ئاگاتان لەخۆتان بێت ئەو خەونەی کوردی عیراق دیویەتی هەرگیز پێشتر نەیدیوە، کە ئەمڕۆ مامۆستایان لە هەموو لایەکی کوردستانەوە بێن و

لێرەدا کۆببنەوە و خۆیان بەرنامەی خوێندن بە زمانی کوردی دابنێن و ئەمەش دەسکەوتێکی یەکجار مەزنە و لەهیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستانی دابەش کراودا ئەمە نییە و ئەم دەسکەوتەش لە سایەی خەباتی کورد و شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨دا هاتۆتە دی، دەبێ میللەتی کورد بەگیان و بەدڵ پارێزگاری لێ بکات).

من لەو کۆنگرەیەدا دەستم دەڕۆیی، چونکە ئەندامی کۆنگرەی دامەزرێنەری سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عیراق و نوێنەری پارێزگای هەولێر بووم، توانایی دەنگدووی ئەدەبیشم وای لێکردبووم بە زۆری میکرۆفۆنی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەکەم لەدەستدا بێت و دکتۆر عەبباس ئەنوەری دۆستم زۆرجار شوێنی کۆبوونەوەی لیژنەکانی لێ دەپرسیم و هەندێ جاریش بیروبۆچوونە پێشکەوتنخوازەکانی خۆی لەلا دەدرکاندم و من وام دەزانی سەرکردەیەکی (توودە)یی ئێرانە.

ئەم ناسیاری و دۆستایەتییەم لەگەڵ دکتۆر عەبباس ئەنوەری بە تەواوبوونی کۆنگرەکە وردە وردە کزبوو، بەڵام لەبیریشم نەچووەوە و ئاواتەخواز بووم جارێکی دی بیبینمەوە. لەدوای یازدە ساڵ و دەرچوونی رێککەوتننامە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد و بەستنی کۆنگرەی یەکەمی لە رۆژانی ٢٣ و ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٠ و لەناو هۆڵی خولد لە بەغدا بەسترا، لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکەدا چاوم بە دۆستی دێرینم دکتۆر عەبباس ئەنوەری کەوتەوە کە لەگەڵ مامۆستا هەژار موکریانی وەك میوانی شەرەف بانگهێشت کرابوو، هەرچەندە کەمێك بەتەمەنتر بوو، بەڵام شێوە و ئەدگاری جارانی سەردەمی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردی هەر مابوو، بەڵام کەمێك قەڵەوتر ببوو، بە گەرمی بەخێرهاتتم کرد و بەتوندی دەستیم گوشی

و پـێم گـوت: (دکتـۆر عـەبباس ئـەنوەری خۆشمـان دیتـەوە و بـەخێر بێیـت سەرچاوان).

لە وەڵامدانەوەم پێی گوتم: (کـاکی شـارەزا ئـەم جـار بـەناوی راستـەقینەی خۆم هاتوومەتە کوردستانی باشوور، من (دکتۆر عەبـدولڕەحمان قـاسملو)م! بـۆ پیرۆزبایی کردن لە گەلی کوردی عێراق بە بۆنەی دەرچوونی رێککەوتنامـەی ١١ی ئادارەوە هاتوومە عێراق و کوردستانی باشوور.) .

بەڕاستی کە ئەم راستییەم زانی، لـەخۆم گەیشـتم کـە ئـەوەی مـن ناسـیومە دکتـۆر عەبـدولڕەحمان قـاسملوی بـیری گشـتی ئەوسـای حزبـی دیمـوکراتی کوردستانی ئێرانە و گەلێك دڵخۆش بووم کە سیاسەتمەدارێکی مـەزنی کـوردم لـە نزیکەوە ناسی و زۆری پێ نەچوو ئاهـەنگی کردنـەوەی کۆنگرەکـەی نووسـەرانی کورد دەستی پێکرد و لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدارە لێك دابڕاین.

من لەو دوو بە یەکگەیشتنەمدا لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان قـاسملودا، ئـەو پیاوەم وەك تێکۆشـەرێکی گـەورەی کـورد ناسـی و رێزێکـی زۆرم گـرت و کاتێـك هەواڵی شەهیدبوونیم لە تەمووزی ساڵی ١٩٨٩دا بیست، تاسام و خەمێکی قـووڵ دایگرتم، چـونکە زانـیم میللـەتی کـورد تێکۆشـەرێکی بەجـەرگ و سـەرکردەیەکی سیاسی مەزنی لەدەست چوو. تا مابم یادی ئەو رۆژانـەم لـەبیر ناچـێ کـە دکتـۆر عەبباس ئەنوەری، واتە دکتۆر عەبـدولڕەحمان قـاسملوم ناسـی و چـەند سـاتێکم لەگەڵدا بەسەربرد و سوودێکی زۆرم لە ئامۆژگارییەکانی وەرگرت.

* هەر لە پەراوێزی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە ساڵی ١٩٥٩ لـە هاوینەهەواری شەقڵاوە، لە نزیکەوە شاعیری گەورەی کوردی کوردستانی رۆژئاوا (جگەر خوێن)م ناسی و لەکاتی پشووداندا چەند ساتێك لەگەڵی دانیشـتم، باسـی شاعیریەتی خۆی و کێشەی کوردی بۆ دەکردم، لەگـەڵ منـدا بەشـێوەی سـۆرانی

دەدوا، بەڵام هەستت پێدەکرد کە بۆتانییە، گەلێك ئامۆژگاری کردین کە ئەم دەستکەوتەی هاتۆتەدی بۆ کوردی کوردستانی باشوور لەدەستی نەدەین.

بێجگە لەم کەسایەتییە مەزنەی کوردستانی رۆژئاوا، لەنزیکەوە ئەدیب و پەروەردەکارێکی کوردی گەرمیانم ناسی، ئەویش مامۆستا عەبدولعەزیز پشتیوان بوو، لە خانەقینەوە بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەکە هاتبوو. چەند ساتێکم لەگەڵدا بەسەربرد و ئەوەی هەستم پێ کرد مامۆستا پشتیوان پارتییەکی هەرە دڵسۆزی کورد بوو، بەمنی وت: هەرچەندە بەیاننامەی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی دەرچووە، کە جارێ با ناوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی لە ئارادایە دابمەزرێ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) بێ، بەڵام من هەر لەسەر ئەوە پێدادەگرم کە بەناوی مەعاریفی کوردستان بێ، چونکە کوردستان نیشتمانی کوردە، کورد بێ نیشتمان هیچ رەوتێکی نابێ.

# بەشداریکردنم لە ڕێکخراوی یەکێتی گەنجان و لاوانی دیموکراتی کوردستاندا

لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ مەیدانێکی پان و بەرینی ئازادی لەبەردەم هاووڵاتیاندا کرایەوە و ئەو ڕێکخراوانە کە حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان بە نهێنی دروستیان کردبوو، بە ئاشکرا کەوتنە کارکردن و چالاکی نواندن، لەوانە: یەکێتی گەنجانی دیموکراتی عێراق و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بوون. ئەوکات یەکێتی گەنجانی دیموکراتی عێراق چالاکتر و بەدەرەوە تر بوو، من لە مانگی شوباتی ١٩٥٩دا ە کۆیە چوومە پاڵ یەکێتی گەنجان و لەگەڵ دەستەیەك لە ئەندامانی، دەستەیەکی بەڕێوەبەرمان پێکەوە نا و ئەم ئەندامە چالاکانە بوونە سەرۆك و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر :

| | |
|---|---|
| ١- تاهیر مەعروف | سەرۆك |
| ٢- کەریم شارەزا | سکرتێر |
| ٣- زاهیر ڕەشید | ژمێریار |
| ٤- ئەکرەم عەبدولقادر | ئەندام |
| ٥- عەبدولڕەزاق قادر یاسین | ئەندام |
| ٦- بلال بەهائەدین | ئەندام |

ئەم دەستەیە گەلێك چالاکی ڕۆشنبیری و وەرزشی و هونەری نواند و کۆنەسەرای حکومەتی کردە بارەگای خۆی، چونکە ئەوساکە قایمقامیەت

گواسترابووەوە بۆ سەرای نویَ. شەوانە چالاکی هونەری لەلایەن تیپی مۆسیقای باواجی کە زۆربەیان لەگەڵ یەکێتی گەنجان بوون پێشکەش دەکران و ڕۆژانە گەنجێکی زۆر دەهاتن و داوایان دەکرد بە ئەندام وەربگیرێن.

لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩٥٩دا هەردوو ڕێکخراوی گەنجانی سەربە حزبی شیوعی و لاوانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوونە یەك ڕێکخراوی یەکگرتوو بەناوی (یەکێتی لاوانی دیموکراتی عیراق) و دوو ئەندامی چالاك لە لاوانی سەر بە پارتی کە برادەران سەلاح محەمەد سەعید و محەمەد عەلی نوورەدەین جەلیزادە بوون، هاتنە ناو دەستەی بەڕێوەبەر و بە تەبایی لەگەڵ یەکدا ژیان و چالاکییەکی زۆرمان نواند تاکو زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە ڕێبازە دیموکراتییەکەی پاشگەز بووەوە و ڕووی لە حزبی شیوعی وەرگێڕا، لێرەدا ئەندامانی پارتی لە ڕێکخراوە یەکگرتووەکەدا هاتنە دەر و کەوتنە چالاکی نواندن بەناوی ڕێکخراوەکەی جارانیان کە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بوو.

بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم چالاکییەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی عیراقی قەدەغەکرد، بەڵام ئێمەی دەستەی بەڕێوەبەر بە نهێنی هەر لەسەر چالاکی هونەری نواندنی خۆمان بەردەوام بووین.

بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٦٠ مۆڵەتی ئاهەنگگێڕانمان بەو بۆنە پیرۆزەوە وەرگرت و بەرنامەی ئاهەنگەکە لە باغچەکانی کۆنەسەرا سازکرا بەم جۆرە بوو:

١-مەلا محەمەدی دلاوەر وتار

٢-ئەحمەد دڵزار وتار و شیعر

٣-محەمەد حەیدەری وتار

٤-خوشکە فریشتە شیعر

٥–ئەکرەم عەبدولقادر وتار

٦–کەریم شارەزا شیعر

٧–قوتابی وریا قادر وتار

(تیپی مۆسیقای باواجی)ش سروودی نەورۆز و چەند پارچە مۆسیقایەکی پڕ سۆزیان پێشکەش کرد.

## بەشداری کردنم لە مەشق کردنی بەرگریی میللی لە کۆیە

لەسەر داوای لیژنەی کۆیەی حزبی شیوعی لە سەرەتای هاوینی ١٩٥٩دا لاوان بەشدارییان کرد لە مەشق کردن لەسەر بەکارهێنانی چەك بەناوی (بەرگری میللی) لەدژی پیلانەکانی دوژمنانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز، چونکە دەوڵەتانی دەوروبەرمان بەهاندانی پەیمانی (سەنتۆ) هەڕەشەیان لە عیراقی دیموکراتی پێشکەوتنخواز دەکردو من لە رووی دڵسۆزییەوە بۆ شۆڕشەکە و عەبدولکەریم قاسم بەشداریم لەو مەشق کردنەدا کرد کە ئەفسەری سەربازگری کۆیە سەرپەرشتی دەکرد و چەند عەریفێکی سوپا مەشقیان بە بەشداربووان دەکرد، هەموو لاوانی شارەکە ئاواتەخواز بوون بەشداری لەو مەشق پێکردنەدا بکەن.

لە کۆیە دوو خولی ئەو مەشقە بەڕێوەچوو تاکو سەرکردەی تیپی دووەمی سوپای عیراق (داود جەنابی) کە دۆستی حزبی شیوعی بوو لە کارەکەی لادراو لە جێی ئەو سەرکردەیەکی دیکە دانرا کە دژی ئەم حزبە بوو، ئینجا مەنتیقی بەرگری میللی بە فەرمانی حاکمی عەسکەری گشتی قدەغەکرا، ئەمەش ئەنجامی پاشگەزبوونەوەی عەبدولکەریم قاسم بوو لە رێبازە دیموکراتییەکەی شۆڕشی تەمموز.

## بەشداری کردنم لە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد
## ١٥-١٧ی ئابی ١٩٦٠

کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە هەولێر و هاوینەهەواری شەقڵاوە لە رۆژانی ١٥-١٧ی ئابی ١٩٦٠ بەسترا، ئاهەنگی کردنەوەی سەر لەبەیانی رۆژی ١٥ی ئاب لە هۆڵی گەل لەشاری هەولێر بە چاودێری و ئامادەبوونی وەزیری پەروەردەی کۆماری عیراق، ئیسماعیل ئەلعارف کرایەوە و جەنابی وەزیر وتەیەکی پێشکەش کرد و بەڵێنی دا کە وەزارەتی پەروەردە گرنگیەکی زۆر بە خوێندنی کوردی و پەرەسەندنی دەدات و دوا بەدوای ئەویش لیوا روکن عەلائەدین مەحمود پارێزگاری هەولێر و جەمال حاجی شەفیق بەڕێوەبەری گشتی کاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی و دکتۆر (سەفاء ئەلحافز) سکرتێری گشتی سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عیراق و نوێنەری سەندیکای مامۆستایان-لقی هەولێر بەو بۆنەیەوە سەرو وتارێکیان خوێندەوە.

دوای ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکە ئەندامان و میوانانی روویان کردە هاوینەهەواری شەقڵاوە و سەر لە ئێوارەی هەمان رۆژ لە هۆڵی قوتابخانەی شەقڵاوەی سەرەتای کە ئێستا (قوتابخانەی کاویس)ی سەرەتایی تێکەڵاوە. دانیشتنی کار دەستی پێکرد و ئەو ساڵە من ئەو دەورەم لە بێژەری و بەڕێوەبردنی بەرنامەی کۆنگرەکە نەمابوو، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای وەرگرتبوو و (حزبی شیوعی) بێ مۆڵەت بوو، بۆیە برادەران مەجید ئاسنگەر و نەجمەدین موفتی ئەم کارەیان لە کردنەوەی ئاهەنگەکەدا کرد و دە لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە لە گرفتەکانی خوێندنی کوردی و

زمان و مێژووی نەتەوەییمان کەوتنەکار، وەك:

١–لیژنەی زمانی کوردی.

٢–لیژنەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە.

٣–لیژنەی بەرنامە و کتێب.

٤–لیژنەی مێژووی کورد.

٥–لیژنەی خوێندنی باڵا و ناردنەوە دەرەوە.

٦–لیژنەی هونەر و زیندووکردنەوەی کەلەپووری میللی کورد.

٧–لیژنەی بەرێوەبردن.

٨–لیژنەی ئەدەب.

٩–لیژنەی قوتابخانە و گیروگرفتەکانی قوتابخانەی شار و گوند.

١٠–لیژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

لیژنەکان لە رۆژانی ١٦ و ١٧ ئاب کۆبوونەوە و پێشنیار و راسپاردەی باشیان پێشکەش بە دەستەی گشتی کرد و من و زەکی هەناری و حوسێن عارف و چەند ئەندامێکی دیکە لە لیژنەی (دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە) بووین، لەپڕ مامۆستایەکی ئێزدی بەناوی حوسێن ئێزدی هاتە لیژنەکەمان و رایسپاردین کە کاتێك کتێبەکانی قوتابخانەکان دادەنرێن وشەی وەك (شەیتان) و (شەت) و (خەس) بەکارنەهێنرێن، چونکە ئەم وشانەیان تێدا بێت زارۆکی ئێزدی نایخوێنن، لێرەدا زەکی هەناری گوتی: (باشە لەبەر خاتری ئێوە دەنووسین (بژی شەیتان) و (شەیتان پیرۆزە!!).

مامۆستا حوسێن گوتی: (نا، نا نەکەن ناوی شەیتان بهێنن، چونکە ئەم وشەیە ئیهانەیە و دەبێ بێژن: مەلەك تاووس) ئێمە گوتمان باشە بە قسەی ئێوە دەکەین، بەڵام چی لە قورئانی پیرۆز بکەین کە لە سەرەتای هەموو سوورەتێك لە

پـێش (بسـم الله)، (اعـوذ بـالله مـن الشـیطان الـرجیم) هـاتووە و بەقسـەی خـۆش (مامۆستا حوسێن)مان بەڕێ کرد.

لـەدوا دانیشـتنی ئەنـدامانی کۆنگرەکـەدا دەسـتەی گشـتی کۆبـووەوە و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەکانی تـاووتو کـرد و مـن ڕاسـپاردەکانی لیژنەکـەی خۆمانم پێشکەش کرد و بە زۆرینەی دەنگ هەموو ڕاسـپاردەکان پەسـەند کـران، نۆ بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکەش ئەمانەی خوارەوە بوون:

١-شـێوەی کرمـانجی خـواروو بکرێـت بـە بنچـینەی زمـانی ئـەدەبی یـەکگرتووی کوردی دوای موتربەکردنی بە زاراوەی شێوەکانی دیکەی زمانی کوردی.

٢-کـۆنگرە داوا دەکـات (ئەکادیمییایـەکی زمـانی کـوردی) بـۆ پێشخسـتنی زمانەکەمان پێك بێت بەم ڕێگایانەی خوارەوە:

أ-یەکخستنی ڕێنووس و هەڵبـژاردنی گونجـاوترین (ئـەلف و بـێ) بـۆ زمـانی کوردی.

ب-دانانی زاراوەی زانستی پێویست بۆ وانەکانی خوێندن.

ج-دانانی ڕێزمانێکی یەکگرتووی گشتی بۆ زمانی کوردی.

د-دەرچوواندنی گۆڤارێکی زانستی و پەروەردەیی و زمانەوانی.

٣-لیژنەی زمان ڕادەسپێرێ کە لیژنیەك لـە شـارەزایان بـۆ دانـانی فەرهـەنگێکی قوتابخانەیی دابنرێ.

٤-لیژنەی زمان داوا دەکات بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێنـدنی کـوردی گۆڤـارێکی پەروەردەیی و زانیاری و ئەدەب و کۆمەڵایەتی دەربچوێنێ.

٥-وەرگرتنی قوتابی کـورد لـە زانسـتگەی بەغدا بـەجۆرێکی وابـێ کـە ئامـانجی خوێندنو زانیاری کوردی بێنێتە دی.

٦-بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیات لە زانستگەی بەغدا پەرەی پێبدرێ.

٧–وەرگرتنی قوتابی کورد لەو بەشەی کۆلێژی ئەدەبیات بەپێی پێویستی ناوچەکانی کوردستان بێ.

٨–کردنەوەی کۆلێژێکی پەروەردە لە کوردستان تاکو ببێتە بنچینەیەك بۆ زانستگەی کوردستان لەدوارۆژدا.

٩–مێژووی نەتەوەی کورد لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستان و عێراق بخوێنرێ.

میوانەکانی کۆنگرە

کۆنگرەکە، بێجگە لە ئەندامانی سەندیکای مامۆستایان دەستەیەکی لێهاتووی لە میوانان لە شار و ناوچەکانی کوردستان و عیراق بانگهێشت کردبوو کە دەستێکی بالأیان لە بواری پێشکەش کردنی راسپاردەی بە کەڵك لەبارەی زمان و ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا هەبوو لەوانە:

١–لەبەغداوە: مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد، عەلائەدین سەجادی، ئەندازیار نووری شاوەیس و پارێزەی عومەر دەبابە و محەمەدی مەلا کەریم و عەبدولمەجید لوتفی.

٢–لە سلێمانییەوە: مامۆستایان شاکر فەتاح و سالح قەفتان (مێژوونووس)، عەبدوڵڵا گۆران (شاعیر) و موحەرەم محەمەد ئەمین (چیرۆکنووس) و حوسێن عارف (چیرۆکنووس) و پارێزەر بەهجەت محەمەد بابان.

٣–لە هەولێر و کۆیەوە: گیوی موکریانی، عەبدوڵڵا عەزیز هەولێری، ئەحمەد دڵزار (شاعیر)، عوسمانی عەونی (شاعیر)، محەمەد مەولوود (مەم) چیرۆکنووس.

٤–لە بادینانەوە: ئەنوەر مایی، حافز مستەفا قازی، سەلاحەدین سەعدوڵڵا، ئەبو زەید مستەفا سندی.

٥–لە کەرکووکەوە: تاهیر سادق، مستەفا نەریمان.

## کۆڕێکی ئەدەبی لە پەراوێزی کۆنگرەکەدا

سەرەڕای چالاکییەکانی کۆنگرەکە لە بواری پەروەردە و خوێندن، لەشەوی ١٥ لەسەر ١٦ی ئابی ١٩٦٠ کۆڕێکی ئەدەبی بەسەرپەرشتی عەلائەدین سەجادی سازکرا و ئەم شاعیر و نووسەرە ناسراوانەی ئەوسای کورد شیعر و وتاری ئەدەبییان تێدا پێشکەش کرد: ١-گۆران: بە هۆنراوەیەك بەناوی (بەرەو کۆنفرانس) بەشداری کرد.

٢-دلزار: بە هۆنراوەیەکی رەمزی بەناوی (باخەکەمان) بەشداری کرد.

٣-عوسمان عەونی بە هۆنراوەیەکی سیاسی بەشداری کرد.

٤-أ.ب. هەوری: هۆنراوەیەکی بەناوی (دەردی بێ باری) خوێندەوە.

٥-کەریم شارەزا: هۆنراوەیەکی بەناوی (دوو ڕوو) پێشکەش کرد.

٦-کامر بەسیر: بەوتارێکر ئەدەبی بەشداریی کرد.

٧-محەمەدی مەلا کەریم: وتارێکی ئەدەبی پێشکەش کرد.

٨-کەریم زەند: پارچە شیعرێکی مەولەوی خوێندەوە.

٩-محەمەد مەولوود (مەم): وتارێکی ئەدەبی پێشکەش کرد.

١٠-عەبدوڵڵا میدیا: بە وتارێکی ئەدەبی بەشداری لە کۆڕەکەدا کرد.

کۆنگرەکە لە دوای نیوەڕۆی ١٧ی ئاب کۆتایی هات.

گەشتێکم لە پەراوێزی کۆنگرەکەدا بۆ رەواندز و حاجی ئۆمەران و تەمەرچیان

دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرە ناوخۆییەکە کە پێی دەگوترا (کۆنفرانس) من و خوالێخۆشبوو محەمەد تۆفیق وردی و کەریم زەند و مامۆستای کۆچ کردوو

حوسێن حەسەن ئاکرەیی و برادەرێکی دیکە گەشتێکی خۆشمان بۆ گەلی عەلی بەگ و بێخاڵ و ڕەواندز و حاجی ئۆمەران کرد. لە ڕەواندز چاوم بە مامۆستایان تەقیەدین قادر و حوسێن مەحموود باڵەك کەوت، ڕێزێکی زۆریان لێنام و زۆریان لەگەڵ کردم لایان میوان بم، بەڵام من گوتم: سوپاستان دەکەم جارێ وا لەگەڵ هاوڕێکانم دەچین بۆ گەلاڵە و حاجی ئۆمەران، کە بۆ شەو گەڕاینەوە ئەوکات بڕیارێك دەدەم.

ئیدی بە شوفێری تەکسییەکەمان گوت، کە لەگەڵی ڕێککەوتبووین بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە گەڵماندا بێت، بەرەو گەلاڵە بڕۆ، کە گەیشتین زۆری لێ نەماینەوە و زوو بەرەو حاجی ئۆمەران چووین کە گەیشتین خزمێکی مامۆستا کەریم زەند کە پۆلیسی موخابەرەی سەر سنوور بوو، بەرەو پیرمان هات و لە چایخانە میوانداری کردین و دوای کەمێك بە مامۆستا کەریم زەندی گوت: مامۆستا وەك بزانم تۆ لەبارەی جوگرافیای کوردستان دەنووسی، ئەگەر حەز دەکەن بچنە دیوی کوردستانی ئێران، مەخفەری (تەمەرچیان) نیو سەعاتێك ڕێ لێرەوە دوورە، دەتوانین بچین و من دەستەسرێکی سپی لە بانی ئۆتۆمبێلەکەوە رادەوەشێنم، نیشانەی ئاشتی و دۆستایەتییە و باشترین دیاریش بۆ ئێرانیان (چا)یە، ئێمەش بڕیارمان دا بچین و چووین کیلۆیەکمان چای سیلانی کڕی و بەرەو (تەمەرچیان) بەڕێ کەوتین، تاکو گەیشتینە جۆگەیەکی وشك، برادەرەکەمان گوتی: ئەمە هێڵی سنووری نێوان کوردستانی عیراق و کوردستانی ئێرانە، زۆرمان پێ نەچوو لە مەخفەرەکە نزیك بووینەوە، بینیمان سەربازەکانیان چوونە سەربان و تۆپێکی بچووکیان ڕووەو ئێمە دابەست، بەڵام بینییان هاوڕێکەمان دەستەسڕی سپی ڕادەوەشێنێ زانییان ئێمە دۆستین، کە گەیشتینە بەردەم مەخفەرەکە ئەفسەرێکی ڕێکوپێکی باڵا بەرز بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی کردین و بە کوردییەکی ڕەوان بەخێرهاتنی کردین و گوتی: (هەر

کەسێکی بە حوسنی نییەت سنوورمان ببەزێنێ ئێمە پێشوازی لێدەکەین.) منیش پێم گووت (وادیارە جەنابیشت وەکو ئێمە کوردی؟) لە وەڵامدا گوتی: (نەخێر من عەجەمم) واتە: ئازەرییە.

کە چایەکەمان وەك دیاری پێشکەش بە سەربازێکی بەردەستی ئەفسەرەکە کرد زۆر پێ خۆشحاڵ بوو، خێرا چایان بۆ لێناین و منیش کە سەرم هەڵبڕی بینیم وێنەی محەمەد رەزا شای ئێران و ئایزنهاوەری سەرۆکی ئەوسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدیواری ژووری ئەفسەرەکەدا هەڵواسرابوو، منیش خەمێکی قووڵ دایگرتم و لە مێشکی خۆمدا دەمگوت: (ئەم کوردستانەی ئێمە پارچە پارچە کراوە و هەر پارچەیەکی غەیری کورد حوکمڕانی دەکات و سنووری نێوانیشیان تەنها هێڵێکی باریکە.) دوای سەعاتێك گەڕاینەوە بۆ حاجی ئۆمەران و لەوێش نەماینەوە و هەر بەو ئێوارە درەنگە بەرەو رەواندز گەڕاینەوە، لە رێگادا مامۆستا حوسێن حەسەن ئاکرەی و هاوڕێکەی لەگەڵاڵە بوونە میوانی (محەمەد حەسەن باڵتە)ی بەڕێوەبەری ناحیەکە و من و مامۆستایان وردی و کەریم زەند چووینە رەواندز، کە گەیشتینە دامێنی شارەکە لە بارەگای هاوینەی لیژنەی رەواندزی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دابەزین و مامۆستا جەلال سەعید خەیلانی بەرپرسی رەواندز بوو، زۆر بەگەرمی پێشواز کردین و ژەمە نانی ئێوارەمان لەوێ خوارد و ناردی لە بارەگای زستانە شوێنی نووستنمان بۆ ئامادە بکەن.

ئەو شەوە بە قسەی سیاسی و باسی رووداوەکانی کۆماری دیموکراتی کوردستان کۆڕەکەمان گەرم کردبوو، بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشام هەر کەسێك بەچاکە باسی کەسایەتی سیاسی و کاربەدەستانی ئەو کۆمارەی دەکرد مامۆستایان وردی و کەریم زەند بە پێچەوانەی رای ئەوکەسە رای خۆیان دەردەبڕی. لەوکاتەی کە دەوری هەمزە عەبدوڵڵا لە دامەزراندنی پارتی

دیموکراتی کوردستانی عیراق بەرز دەنرخێنرا، ئەوان بە پێچەوانەوە هێرشیان دەکردە سەر و بە پیاوێکی بێ باریان دادەنا. هەندێ کەسیش لە دانیشتوانی کۆڕەکە کە باس دەهاتە سەر دەوری حوزنی موکریانی لە کوردایەتی بە دەرچوواندنی (گۆڤاری زاری کرمانجی) لە ڕەواندز لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٢، مامۆستا وردی بە پیاوی ئینگلیز ناوی دەبرد، کە باسی باری رۆشنبیری و رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتیی کوردستانیش دەکرا، وردی وای دەردەخست کە دواکەوتوو بوون.

من کە ئەم هەڵوێستەی مامۆستایان وردی و زەندم بینی زانیم میوانداریيەکەمان تا سەر نابێ، بۆیە من بە شوفێرەکەم گوت: (کاکە من وادەم بە مامۆستا حوسێن مەحموود باڵەك داوە، شەو لەلای ئەو بخەوم، ئەویش لەگەڵبرادەرێکی ڕەواندزی بۆ دۆزینەوەی ماڵی خانە خوێکەم بردمی بۆ ماڵی ئەو برادەرەم، کە گەیشتم زۆر ڕێزی لێنام و ئەو شەوە لەلای ئەو نووستم و بۆ بەیانی دەیویست نەیەڵێ بڕۆم و داوەتم بکات، کەچی من گوتم: ئێستا دوو برادەرەکەم چاوەنوارم دەکەن و شوفێرەکە دێ بەدوامدا دەگەڕێینەوە هەولێر.

کاتێك شوفێرەکە بەدوامدا هات و بردمی بۆ ناو بازاڕ، بینیم وردی و کەریم زەند لەسەر بانی چایخانەیەك لەسەر لاتەختێك نووستوون و بە پەلە هەستان و خۆیان گۆڕی و هاتنە خوارێ، منیش پێم گوتن: (ئەی بڕیار وانەبوو بەشەو لەبارەگای پارتی بخەون؟) لە وەڵامدا گوتیان: (کلیلەکەی بارەگاکەیان بزرکردبوو، بۆیە ئێمەش هاتین لەسەر لاتەختێکی بانی ئەم چایخانەیە نووستین.) توومەز لەبەر قسە ناخۆشەکانی مامۆستایان وردی و زەند دڵدەیان نەدابوون و ئیدی دوای کەمێك بەرەو هەولێر گەڕاینەوە و لەوێشەوە لێکدابڕاین، لێرەدا بۆم دەرکەوت دەبێ مرۆڤ بەپێی جێگا و سەردەم قسە بکات و بە سەلبی باسی ئەو کەسایەتییانە نەکات کە خۆشەویستن لەلای ئەو کەسانەی لە دەوروپشتین.

# دوورخستنەوەم بۆ خوارووی عیراق

لە سەرەتای (ساڵی ١٩٦١)ەوە، گرفتی سەخت دەهاتە سەر ڕێم، لەلایەك (پشتیوان)ی کوڕە گەورەم ماوەیەك بوو تووشی نەخۆشی ڕۆماتیزمی دڵ بوو، پێویستی بە چارەسەر کردن بوو، جارێك لەساڵی ١٩٦٠دا بردم بۆ مووسڵ و جارێکیش لە شوباتی ١٩٦١دا بردم بۆ بەغدا و لە نەخۆشخانەی کۆماری خەوێنرا و دکتۆر ئەنوەر ئەوقاتی تا رادەیەك چارەی کرد، بەڵام دەردەکەی هەر ما.

بۆ هاوینی ئەو ساڵیش ماوەیەك بوو (بەدرەدین عەلی) کرابوو بە پارێزگای هەولێر، بە تۆمەتی شیوعییەت ماڵمان لەلایەن ئاسایشی کۆیەوە پشکێنرا، هەرچەندە هیچ کتێبێکی سیاسی قەدەغەکراویان لە کتێبخانەکەمدا نەدۆزییەوە، چونکە پێش چەند ڕۆژێك خوالێخۆشبوو (سمکۆ ئاسەف) کە بەرپرسی (قەڵەمی نهێنی) بوو لە پارێزگای هەولێر، هاتە کۆیە و ئاگاداری کردمەوە کە راپۆرتێکی خراپم لەسەر نووسراوە، گوایا مانەوەم لە کۆیە جێی مەترسییە!! منیش ئەو کتێبانەی سیاسی بوون و بۆنی شیوعییەتیان لێ دەهات شاردمنەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە فەرمانی دادوەری گشتی عەسکەری لە کۆیەوە بۆ پارێزگەی زیقار (ناسریە) دوورخرامەوە، منیش بە ناچاری خۆم و ماڵ و منداڵەکانم ئامادە کردن بۆ ئەو گەشتی هات و نەهاتە کە ئەوسا کوڕەکانم پشتیوان (١٩٥٥/١/٢) و کامەران (١٩٥٦/٦/٢٩) و بارزان (١٩٥٩/١/٩) لە دایکبووبوون، لەگەڵ (بەهار)ی کچم کە چەند مانگێك بوو لە مایسی (١٩٦١)دا چاوی ژیانی هەڵێنابوو، لەگەڵ دایکیان لە ١٩٦١/١٠/٢٩دا بەرەو بەغدا چووین و منداڵەکانم لەماڵی کاك فاتیحی حاجی جەلیل ئاغای حەوێزی کوڕی خاڵۆزای

باوکم دانا و خۆم چووم بۆ (ناسریە) و لەوێ دەستەیەکم لە هاوڕێیانی شارەکەی خۆم و هەولێر و سلێمانی و شەقلاوە و ڕەواندز و شارەکانی دیکەی کوردستان لە ئوتێلی خەیام دۆزییەوە، کە هەموویان لەسەر هەڵوێستی سیاسی (پارتی، یان شیوعی) دوور خرابوونەوە، بۆ سبەی فەرمانی گواستنەوەکەم برد بۆ بەڕێوەبەرایەتی مەعاریف (پەروەردە)ی ناسریە کە ئەوساکە کابرایەکی نەتەوەیی عەرەبی خەڵکی مووسڵ بەناوی (عەبدولموحسین تۆلحە) بەڕێوەبەری بوو، سکاڵایەکیشم پێشکەش کرد لەگەڵ راپۆرتێکی پزیشکی کە کوڕەکەم نەخۆشی رۆماتیزمی دڵی هەیە و پێویست دەکات لە مەڵبەندی تەندروستی نزیك بێت، کە بەڕێوەبەر داواکارییەکەم و رایۆرتەکەی پزیشکی بینی، فەرمانبەری خۆیەتی کە ناوی (ڕەحمان) بوو بانگ کرد و پێی گوت لە گوندێکی نزیك شاری (شەترە)ی قەزای سەر بە ناسریەی دابنێ، تاکو ماڵەکەی لەناو شار بێ و رۆژانە بە ئۆتۆمبێل، یان بە پایسکل هاتووچۆی قوتابخانەکەی بکات، ئەویش لە قوتابخانەی (ئەلرەبیع) لە گوندی (ئال حامی) دانام کە ٤ کیلۆمەتر لە رۆژئاوای شەترەوە دوور بوو.

کە چوومە شەترە و بە غەمگینی لەسەر لاتەختێکی چایخانەیەکی سەر شەتی غەراف لە بازاڕی شارەکە دانیشتم، برادەرێکی نەدیتی و نەناسیم هاتە لاو دوای سڵاو و بەخێرهێنان، بە قسەکانی زانیم شیوعییە، زوو زانیبووی دوور خراومەتەوە و دیارە تۆمەتەکەشم سیاسییە و لەسەر شیوعییەتە، ئەو برادەرە خۆی پێناساندم کە ناوی (حوسین هەللول)ە، لەماوەیەکی کەم خانوویەکی بەتاڵی لەبەری رۆژهەڵاتی شارەکە بۆ دۆزیمەوە و بە مانگانەی ٨ دینار بە کرێم گرت و بۆ بەیانی بە پایسکلی ئەو هاوڕێیەم بردمی بۆ قوتابخانەکەم و دەست بەکاربووم، ئینجا چوومەوە بەغدا بۆ هێنانی ماڵ و منداڵەکانم، کە گەیشتین

ماڵمان دانا و لەناو خانوویەکی تازە دروستکراودا نیشتەجێ بووین.

لەماوەی دوو سێ رۆژدا خۆم فێری پایسکل سواری کردو بەیانیان لەگەڵ مامۆستایان بۆ قوتابخانەکەم دەچووم. میلاکی قوتابخانەکەمان ١٢ مامۆستا و بەڕێوەبەر بوو لەوانە ١٠ مامۆستا ئەندام، یان هەواداری حزبی شیوعی بوون و یەك مامۆستاش ئەندامی حزبی نیشتمانی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی کامیل چادرچی بوو، تەنیا بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بەعسی بوو و ناوی حمود جاسم چەللاب بوو.

لەلام شتێکی سەیر بوو کە لەسەردەمی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسمدا کەسی وا بکرێتە کار بەدەست کە لە دژی خۆی و حوکمەکەی بێت، چونکە رۆژانە لەبەردەمی مامۆستایان و لەسەر مێزی بەڕێوەبەرایەتییەکەی لەدژی سەرۆکی حکوومەت دەدوا و چەندین جار دەیگوت: (چەند هەوڵێکمان داوە قاسم لەناو ببەین، بەڵام سەرنەکەوتین، هەروەك لە بەغدا لە (رەئس ئەلقەریە) لێمان دا و نەمرد ! !).

ئەم دیاردە سیاسیە سەیرەش لەوەوە سەری هەڵدابوو، کەلە دوای خۆپیشاندانە ملیۆنییەکەی (١)ی ئایاری ١٩٥٩ی حزبی شیوعی کە جەماوەر تێکرا دەیانگوت: (حزبی شیوعی بێتە حوکم، داخوازییەکی مەزنە) عەبدولکەریم لەو دروشمە دەترسا، لە هەمان کاتیشدا پیاوانی ئایینی و نەتەوە پەرستەکانی عەرەب شاندێکیان رێکخست و چوونە لای زەعیم عەبدولکەریم قاسم و پێیان گوت: (شیوعییەکان لە خۆت دوروبخەوە، ئێمە تا هەتایە بە پێشەوای خۆمانت دەزانین و پشتت بەرنادەین!).

لەوساوە عەبدولکەریم پاشەکشەی لە رێبازی دیموکراتی و ئازادی دان بە چالاکییەکانی حزبی شیوعی و دوای ئەوانیش بە چالاکی پارتی دیموکراتی

کوردستان کرد و مۆڵەتی فەرمی بە جەماعەتی داوود سائیغ دا تا بەناوی حزبی شیوعی عیراقبە بنکەیەکی لاواز کاربکات و بارزانی نەمریش لە مانگی (ئاداری ١٩٦١)ەوە بەغدای بەجێهێشت و باوەڕی بە عەبدولکەریم و حکوومەتەکەی نەما و چووە بارزان و نەگەڕایەوە.

بەعسییەکان لە پیلانەکەیان سەرکەوتن و حزبی شیوعی ئەسڵی و پارتی دیموکراتی کوردستان وردە وردە بەلاوەنران و بەعس و نەتەوە پەرستەکانی عەرەب هاتنە پێش، سەیر لەوەدابوو لە قوتابخانەکەمان و لەناو بەعسییەکانی شارەکەدا هەرچی لایەنگری عەبدولکەریم قاسمیان گرتبایە، پێیان دەگوت: قاسمی و بە شیوعییان لەقەڵەم دودا، کەچی جارێ حوکم هەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم بوو! بۆ نموونە مامۆستایەکی خەڵکی مووسڵ کە ناوی (موحسین زوێن) بوو، لەسەردەمی خوێندنی خانەی مامۆستایان برادەرم بوو، خێزانەکەی خاتوو فەخریە سەعدوڵڵای خوشکی تێکۆشەر سەلاحەددین سەعدوڵڵای زاخۆیی بوو، لە ساڵی ١٩٦٠دا لەسەر ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ی مووسڵ بۆ کۆیەیان دوورخستبووەوە و لە پایزی ١٩٦١یشدا لەگەڵ ئێمەدا بۆ ناسرییە دوورخرایەوە و لە ناحیەی (غەڕاف) دانرا کە کەوتبووە نێوان شەترە و ناسرییە و سەر بە قەزای شەترە بوو، ئێوارەیەکیان لەگەڵ یەك دوو برادەری کوردی ئاوارە لەسەر کۆڕنیشی شەتی غەڕافی ناوەڕاستی شەترە پیاسەمان دەکرد، لەپڕ یەکێك لەناو ئۆتۆمبێلێکی (جێب)ی چەکداری سەر والاّ بانگی کردم (کەریم! کەریم) منیش کە لێی چوومە پێش بینیم (موحسین) ی هاورێمە و هەردوو دەستی کەلەپچە کراوە و جێبەکەیان ڕاگرت و گوتم: (ها موحسین بۆ وات لێکراوە؟) لە وەڵامدا گوتی: (کەریم شەوی رابردوو لە یانەی فەرمانبەران، هەموو مامۆستا و فەرمانبەران (جەمال عەبدولناسر)یان بە پێشەوای عەرەب لە قەڵەم

دەدا، منیش بە زمانی سووتاوم گوتم: ئێمە پێشەوای خۆمان هەیە، ئەویش زەعیم عەبدولکەریم قاسمە و چیمان داوە لە جەمال عەبدولناسر. تومەز ئەو فەرمانبەر و مامۆستایانە بەعسی و نەتەوە پەرستبوون چوون بە ئاسایشیان راگەیاند کە من قاسمیم واتە شیوعیم، بۆیە گیراوم و ماڵیان پشکنیوم و هیچیان نەدۆزیوەتەوە و پێی گوتم: (بیستومە نووسەری یەکەمی دادگای شەترە کوردە و لەخۆمانە و دوورخراوەیە، تکایە بچووە لای و پێی بڵێ: هاوڕێیەکمان پشتگیری لە زەعیمی خۆی کردووە، کەچی بەعسییەکان بە گرتنیان داوە و لە پشکنینی ماڵەکەیشی هیچیان نەدۆزیوەتەوە دژ بە حکوومەت بێ. بابچێ لە دادوەر بگەیەنێت کە مەسەلەکە بەم جۆرەیە.

منیش بە پەلە چووم بۆ لای کاک (عەبدوڵڵا حەسەن)ی نووسەری یەکەمی دادگا و تێم گەیاند و ئەویش بە پەلە چووە لای دادوەر و مەسەلەکەی بۆ روون کردەوە، دادوەریش بە پۆلیسەکانی گووت: (لە پشکنینی ماڵەکەیدا چ شتێکی دژ بە حکوومەتتان دۆزیوەتەوە، ئەوانیش گوتیان: نەخێر! ئینجا جەنابی دادوەر گوتی: کەواتە دەبێ ئازاد بکرێت و فەرمانی گرتنەکەی ئیمزا ناکەم و بڕۆن بەری بدەن.

منیش کە ئەم دیاردە سەیرو سەمەرەیەم بینی، بڕیارم دا بەهیچ جۆرێک گوێ نەدەمە هێرش کردنە سەر عەبدولکەریم قاسم، چونکە خۆم یەکێك بووم لە قوربانییانی سیاسەتە چەوتەکەی ئەو بەفەرمانی دادوەری گشتی عەسکەری حکوومەتی ئەو، دوورخرابوومەوە خوارووی عیراق.

ژیانی خۆم و خێزانەکەم لە شەترە خراپ نەبوو، خەڵکەکە زۆربەیان کوردی فەیلی بوون، بەڵام جلوبەرگی عەرەبیان لەبەر دەکرد و هەندێکیشیان لەنێوان خۆیاندا بە کوردی دەدوان، زۆربەی جەماوەری شارەکەش هەواداری حزبی

شیوعی بوون، ڕێژێکی زۆریان لەئێمەی دوورخراوە بۆ شارەکەیان دەگرت.

بێجگە لە ماڵی من، بەدەیان فەرمانبەر و مامۆستای دوورخـراوەی کـورد لـە پارێزگاکانی کوردستانەوە بۆ پارێزگەی ناسرییە و قەزاکانی، بەتایبەتی بۆ قەزای شەترە و وەك برایـان دەژیـاین، قایمقامـان سـەردەمێك محەمـەد عـەلی شـێخ و سەردەمێکیش کانەبی عەزیز دزەیی بوو، بەڕێوەبەری پـۆلیس حوسـێن بامـەڕنی بوو، بەڕێوەبەری دارایی و تاپۆ و بە دەیان پۆلیس کورد بوون.

دوای ساڵێك مامۆستایان تەقیەدین قادر رواندزی و محەمەد عـەلی دزەیـی و لاوکۆ فەقێ عەبدوڵڵای دیبەگەیی گواسترانەوە بۆ شـەترە و وەکـو برایـان لەگـەڵ یەکدیدا ژیاین و ڕێژێکی زۆریشمان بۆ برادەرانی پارتی ئەحمەد کاوێس و ئیبراهیم مەلا محەمەد و سامی عەزیز و عەبدولواحید قادر خۆشناو و جـەلال بـەگی حـاجی عەبـدوڵڵا بـەگی کـۆیی و ئـەمین محەمـەد ئـەمین زەنگەنـە هـەبوو، لـە دادگـای (تەسـویە)ی بـرادەری وەك عەبـدولڕەزاق دوغرەمەچـی و عەبـدولخالق حـاجی عەبدوڵڵای نانەکەکەلی و (دەریاویشی ئاشووری)مان هـەبوو، هـەموومان وەك بـرا لەگەڵ یەکدیدا دەژیاین و هەستمان بە ئاوارەیی و نامۆیی نەدەکرد.

لە قەزای (سوق ئەلشیوخ) برادەری دڵسۆزی وەك عەبـدولخالق عەلائـەدین و تۆفیـق سـەرهەنگ و محەمـەد عـەلی روانـدزی و حەمیـد حـەوێزمان هـەبوو، لـە ناحیەی (قەلعەت سوکەر) هاوڕێی وەك بیلال بەهائەدین و حەننا ئەنتوان و فەتاح تۆفیق رواندزی و لە مەڵبەندی ناسـرییەش کـاك مووسـا خـەلیل هـاوڕێی دڵسـۆزم هـەبوون. زوو زوو هاتوچـۆی یەکـدیمان دەکـرد و دنیامـان دەکـردە بەهەشـتی یادگار.

لە پایزی ساڵی ١٩٦٢دا تازە قوتابخانـە دانرابـووەوە، هاوڕێیـەکمان بـەناوی وەهاب کۆیی، دوای بەربوونی لە بەندیخانە بۆ شـەترە دوورخرایـەوە، پیشـەکەی

فەرمانبەری نەخۆشخانە بوو، ئەندامێکی چالاکی حزبی شیوعی بوو، خۆی بەکۆیی ناسرابوو، بەڵام لەسەردەمی باپیرییەوە بنەماڵەکەیان لە سلێمانی ژیابوون. کەسایەتییەکی سیاسی هۆشیار بوو، زۆرجار سەردانی دەکردم و میوانداریم دەکرد، کاك وەهاب لە هەوڵی ئەوەدابوو نیوە موچەکانی دەست لە کارکێشانەوەکەی وەرگرێت، لە پڕ گیرایەوە و رەوانەی ئاسایشی ناسرییە کرا، منیش زۆر بۆی بە غەم بووم، هەستام چوومە لای مامۆستا مووسا خەلیل لە شاری ناسرییە و تێم گەیاند کە ئەو پیاوە تازە لە بەندیخانە بەربووە، کەچی سەرلەنوێ گیراوەتەوە و بیستوومە بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای ناسرییە کورد و ناوی (مەعروف عوسمان)ە و خەڵکی هەولێرە و هەستێکی کوردایەتی هەیە، تکایە سەردانی بکە و هەوڵێکی جیدی بۆ بدە، بەڵکو بەندی سووك دەبێ و زوو بەردەبێ، مامۆستا مووسا یەکەم جار گوتی: ناوێرم خۆم لەداوی ئاسایش بدەم، بەڵام دوایی گوتی باشە هەوڵێکی بۆ دەدەم، بەڵکو ئەنجامێکی دەبێ.

هەستا چووە لای بەڕێوەبەری ئاسایش، ناوی ئەو پیاوەی پێدا تاکو یاریدەی بدات و چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. لێرەدا کاك مەعرووف چ بلێ باشە؟ گوتی: کێشەی ئەو پیاوە زۆر سەخت و ئاڵۆزە، چونکە ناوی لەناو نامەکانی پۆستەی حزبی شیوعیدا هاتووە کە لە کەسێکیان گرتووە بە شەمەندەفەر لە بەغداوە هاتووە بۆ ناسرییە و لە نامەکەیدا هاتووە کە هەوڵی بۆ بدرێ بگوازرێتەوە بۆ شاری ناسرییە تاکو بکرێتە بەرپرسی یەکەمی حزبی شیوعی لە پارێزگاکە بەو ناوەی کادیرێکی گەورەی حزبە.

مامۆستا مووساش پێی دەڵێ: دەبێ هەر چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە، چونکە کوردە و بێ کەسە، دوای کەمێك رامان و بیرکردنەوە کاك مەعروف پێی دەڵێ: چەند رۆژێکم لەسەر راوەستە تاکو چارەیەکی دەکەم. هەستا بە هەواڵدەر

ئاسایشی گوت: وەرە ناوی وەهاب بخە ناو ئەوکەسانەی سەر بە حزبی شیوعین کە لەسەر کارتۆن و لەسەر دیواران دەنووسن (ئاشتی لە کوردستان)، چونکە حزبی شیوعی لە پایزی ١٩٦٢دا ئەو دروشمەی بەرز کردبووەوە کە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم کێشەی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستان بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکات، کابرای ئاسایشیش (وەهاب)ی بەو تۆمەتە تاوانبار کرد و لە گرتووخانەیان دەرهێنا و ئەو رستەی دروشمەکەیان پێ نووسی و هەرچەندە بە کاك مەعرووف گووت: بۆ تۆمەتی ترم دەخەنە پاڵ ئەمیش گووتی: حەقت نەبێ لە بەرژەوەندی تۆ دایە! نووسینەکەی وەهاب ناردرا بۆ دەزگەی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان و لە ئەنجامی پشکنیندا دەرچوو ئەوەی لەسەر دیوار و کارتۆنان نووسراون خەتی ئەو نییە و لە گرتووخانە بەردرا، لەوەوە بۆم دەرکەوت کە یەکێك لە هەر مەوقعێك بێت بیەوێت پیاوەتی بکات دەتوانێت ئەنجامی بدات و پیاوەتی خۆی بکات.

ئێمەی دوورخراوە، ساڵی ١٩٦٢مان بە خۆشی لێ بەسەرچوو، بەڵام ئەو خۆشییەمان تا سەر نەبوو، لەگەڵ هاتنی شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا و لە رۆژی هەینی رێککەوتی ٨ی شوباتی بەرانبەر بە ١٤ی رەمەزانی ساڵی ١٣٧٨ی کۆچی حزبی بەعس دوژمنی کورد و حزبی شیوعی بە کودەتایەکی رەش هاتە سەر حوکم و هەموو ئازادییەکی لە میللەت قەدەغە کرد و کەوتە گیانی ئەندامانی حزبی شیوعی و بە هەزاران کەسی لە ئەندام و هەوادارانی خستە زیندانەوە، شاری شەترە کە زۆربەی دانیشتوانی هەواداری حزبی شیوعی بوون، تاکو دوو رۆژ خۆپیشاندانیان کرد و رێگەیان نەدا پیاوانی رژێمی بەعس دەست بەسەر شارەکەیاندا بگرن، تاکو فەوجێك سەربازیان لە ناسرییەوە هێنا، ئینجا ئێوارەی رۆژی دووەمی کودەتاکە دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت و خەڵکێکی زۆریان

گرت و پاش چەند رۆژێکیش کەوتنە وێزەی کوردە شیوعییەکان، لە شەترە محەمەد عەلی دزەیی و لە ناسرییە مامۆستا مووسا خەلیل و لە قەلعەت سوکەریش حەننا ئەنتوان و (موحسین زوین)ی هاورێمان گیران و مامۆستا (بیلال بەهائەدین)یش بەماڵەوە رایکرد بۆ کوردستان و منیش، چونکە ئەوە دەمە پێوەندیی رێکخستنم لەگەڵ حزبی شیوعیدا پچڕابوو نەگیرام و خۆم لە ماڵەوە مات کرد، خێریە عەبدولڕەحمانی هاوسەرم نەیدەویست من رابکەم و پێی دەگوتم مادامەکی لە شەترە چیت لەسەر نییە و ئەوەی لەسەرت بێ لە کۆیەیە و خۆت مەبەوە بەردەم ئاسایشی شارەکەی خۆت!

قوتابخانەکەم وەك دەرم بڕی لە دەرەوەی شار بوو، بەیانیان بە پایسکل دەچووم بۆ دەوام، کە نیوەڕۆکانیش دەهاتمەوە شار خۆم بە خوێندنەوە و زانیاری کۆکردنەوە لە سەرچاوە ئەدەبی و مێژووییەکانی کتێبخانەی قوتابخانەکەم خەریك دەکرد و بۆ پشووی هاوینیش چوومە بەغدا و بەهۆی کاك فاتیحی حاجی جەلیل ئاغای حەوێزی خاڵۆزای باوکم خانوویەکی بچکۆلەم لە شاری (سەورە) کە ئێستا پێی دەگوترێ شاری (ئەلسەدر) لە رۆخ ماڵی خۆیان بەکرێ گرت و ماڵ و منداڵەکانم بردە ئەو خانووە و پشووی هاوینم لە بەغدا بەدڵەڕاوکێ بەسەر برد.

# یەخەگیر بوونم بە ڕووداوێکی ترسناك

لەوکاتەی کە خۆم لە ترسی پیاوانی بەعس لە بەغدا حەشار دابوو، ڕۆژێکیان جەوهەری جەلال ئاغای کوڕی خاڵۆزای باوکم لەبەردەم ماڵی کاك فاتیحی ئامۆزای پەیدابوو، کاتەکە ڕۆژێکی هەینی نزیك نێوەڕۆ بوو، ویستی بچێتە ماڵی ئامۆزاکەی، هەر بە بینینی کاك فاتیح لێی پەست بوو و دەریکرد، منیش لەو دەنگە دەنگە لەماڵ چوومە دەر و چاوم بە جەوهەر کەوت و ناسیمەوە کە کاتی خۆی لە کۆیە قوتابیم بووە و خزمێکی نزیکیشمە، بانگم کرد و چاکوچۆنیم لەگەڵ کرد و نیوەڕۆ بەیەکەو نانمان خوارد و پێم گوت: لەکوێوە هاتوویت؟ گوتی لە پێشمەرگایەتییەوە رامکردووە و هاتووم لە بەغدا لەماڵی براکانم خۆم حەشار بدەم، کەچی هیچیان رایان نەگرتم، منیش هاتم لەماڵی کاکە فاتیحی ئامۆزام نانێك بخۆم و تەکبیرێکم بۆ بکەن چۆن بژێم و خۆم لە پیاوانی بەعس بشارمەوە، کەچی ئەویش دەری کردم! ماڵەکەی منیش تەنیا ژوورێك و مەتبەخێك و تواڵێتێکی هەبوو بەحاڵ جێی خێزانەکەم دەبووەوە، بۆیە ڕووم نەدایە بمێنێتەوە و دوای ماوەیەك دوعا خوازی کرد و لێیدا ڕۆیشت.

پاش یەك دوو ڕۆژ، شەو درەنگانێك یەك دوو پاسەوانی نەتەوەیی (حرس قومی) لێم هاتنە سەربان و لە گەرمەی خەودا راستیان کردمەوە و گوتم: ئێوە کێن و چۆن هاتنە ژوورەوە و بەسەربان کەوتن؟ گوتیان بە دیواری شوورەکەدا سەرکەوتین! چونکە تۆ تاوانباری و بردمیانە خوارەوە و دەرگاکەم کردەوە بینیم جەوهەر بەدەست تاقمێك حەرەس قەومی چەکدارەوەیە و پێیان گوتم: ئەمە دەناسی؟ گوتم: بەڵێ: ئەمە خزمی منە و لەو ڕۆژانە هاتبووە ماڵی

ئامۆزاکەی، کەچی ئەوان دەریان کردبوو، منـیش لـە رووی خزمایەتییـەوە جەمـە نانێکم پێدا، لەوەندە زیاتر ئاگاداری نیم، بەڵام وەك سەرنجم دا جەوهەرر کراسـە سپییەکەی خەڵتانی خـوێن بـوو، ئەوەنـدەی لێـدرابوو و ئـازاری چەشـتبوو تـاکو ناوی کەسوکار و کوردە ناسراوەکانی شـاری بەغـدایان پـێ بڵێـت، چـونکە لـەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا ناوی زۆر کەسی دابوو، ئەوانیش بـەو نیوەشـەوە چـووبوونە سەریان و لەمنیان خراپتر پێ کردبوون.

تومەز جەوهەر بە سەرخۆشی چووەتە ماڵی برایـەکی ئەفسـەری پێشـمەرگە ئەوانیش رایان نەگرتووە و دەریان کردووە، ئـەمیش خـۆی بـە ماڵێکدا کـردووە، بەڵکو دەیحەوێننەوە، کەچی ئەوان وا تێدەگەن دزە و هاواری پۆلیس و حەرەس قـەومی دەکـەن (دزە، دزە) وا هـاتووە دزیمـان لـێ بکـات. حـەرەس قـەومی گەڕەکەکەش تاوی دەدەنە سەر و دەیگرن و دارکاری دەکەن تاکو راستییان پـێ بڵێت، ئەویش پێی لێدەنێ کە پێشمەرگە بووە و هاتووەتە بەغدا تاکو لێی بژی و لێرەدا ماڵی سێ بـرا و دوو ئـامۆزام هەیـە، ئـەوانیش داوای لێدەکـەن ماڵـەکانیان پیشـان بـدات و ئـازارێکی زۆری ماڵـە براکـانی دەدەن، ئینجـا نـۆرە دێتـە سـەر ئامۆزاکانی و منی بەدبەخت و دەمگرن و دەیانەوێت بمبـەن بـۆ گرتووخانـە، لـەو دەمەدا منیش بە بیرمدا هات کە ناوی کاك فاتیحی ئامۆزاکەی جەوهـەر بـدەم کـە دراوسێمان بوو، چونکە دەمزانی لە سەندیکای گشتی کرێکـارانی سـەر بـە حزبـی بەعسە و ئەنـدامی لیژنـەی چـاودێرییە و هیچـی لێنـاکرێ، بـەڵکو منـیش بـەهۆی ئەوەوە رزگارم دەبێ، کە ناوم دا گوتیان: کوا ماڵەکەی؟ کە چوون لە دەرگایاندا بـەو شـەوە درەنگـە کـاك فـاتیح دەرگـای کـردەوە، ئـەوانیش پێیـان گـوت: ئـەم تاوانبارە دەناسیت؟ ئەمیش گوتی: بەڵێ ئەوە ئامۆزامە، بەڵام من دەرم کردووە، چونکە رام لە رەوشت و هەڵسوکەوتی نییە، دەستی بۆ منـیش درێـژ کـرد و پێـی

گوتن، ئەمەتان بۆ گرتووە؟ خۆ لە هیچدا نییە و مرۆڤێکی بێ وەیە، ئینجا کەمێك بە توندی لەگەڵیاندا دوا پێی گوتن من لە لێژنەی چاودێری سەندیکای گشتی کرێکارانم و سبەی لە سەندیکا و لەلای سەرکردەکانی خۆتان شکایەتتان لێ دەکەم کە بەم نیوە شەوە ئێمەتان ئازار داوە، کە ئەمەیان لێ بیست منیان بەردا و نیمچە عوزرێکیشیان هێنایەوە و گوتیان ئێمە کەسی بێ گوناه ناگرین، لەم ترس و لەرزەدا دایکی منداڵان نیوە عومر ببوو، لەوە دەترسا من ببەن و ئەویش بێ کەس بمێنێتەوە، بەڵام بە بەربوونم تا رادەیەك هاتەوە سەرەخۆ و ئەو هاوینە تا سەرەتای مانگی ئەیلوول لە بەغدا ژیانێکی پڕ دڵەڕاوکێمان بەسەر برد.

# ڕووخانی حکوومەتی یەکەمی بەعس

لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ١٩٦٣دا، لە بەغداوە بەتەنیا گەڕامەوە شاری شەترە و دەست بەکاربووم و لە ماوەی یەك دوو ڕۆژدا من و مامۆستا تەقیەددین قادر سەعید کە هەردوکمان هاوبیر و هاوهەڵوێست بووین، خانوویەکی گەورەمان بە ١٣ دینار لە بەزازێك بەناوی جەلیل هوێدی گرت کە دەکەوتە سەر بەری ڕۆژئاوای ڕووباری غەڕاف و لەو بەرەوەش سەرای حکوومەتمان بەرانبەر بوو، مامۆستا محەمەد عەلی دزەیی هاوڕێشمان کە ماوەیەك گیرابوو و دەستی لەکار کێشرابووەوە لە نزیکمانەوە خانوویەکی بەکرێ گرتبوو، بە زۆری ئەو سێیەمان بە یەکەوە هەستان و دانیشتنمان دەکرد و محەمەد چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد بگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی و ئێمەش زۆر چاودێریمان دەکرد.

لەلایەکی دیگەشەوە زەبرو زەنگی بەعس تا دەهات توندتر دەبوو، خەڵکێکی زۆر گیران و لەناوبران، تاکو لە ١٨ی تشرینی دووەمی هەمانساڵی ١٩٦٣دا (عەبدولسەلام محەمەد عارف)ی سەرۆك کۆمار کە ناکۆك بوو لەگەڵ هەڵسوکەوتی حوکمی بەعس و پاسەوانی نەتەوەیی (حرس قومی) بە کوودەتایەکی سەربازی کۆتایی پێ هێنان و لەگەڵ خوێندنەوەی بەیاننامەی یەکەمی کودەتاکە پۆلیسەکانی ناو سەرای بەرانبەرمان کە زۆربەیان کورد بوون، ئۆتۆمبێلێکی چەکداریان ئامادە کرد لە دژی پاسەوانی نەتەوەیی ناو شارەکەی شەترە کە دەستیان بەسەر کاروباری شارەکە داگرتبوو، وەستان و ئەو هێزەی پاسەوانی نەتەوەییش پێوەندییان بە پارێزگای ناسرییەوە کرد و ئەویش پێی گوتن خۆتان بەدەستەوە مەدەن و بەخۆتان و چەکەکانتانەوە وەرن بۆ ناسرییە و لێرەدا بەرگری لە حکوومەتی بەعس دەکەین، هەستان بە خۆیان و بە سێ ئۆتۆمبێلی چەکدارەوە و بەهەموو چەکەکانیانەوە بەرەو ناسرییە چوون، بەڵام

(مفەوەز مامە کەریم)ی کوردی ئازا و چاونەترس، باوکی هەریەك لە هونەرمەند و شاعیران تەلعەت سامان و مەوجوود سامان و فەرەیدوون سامان، بەخۆی و چەند پۆلیسێکی کوردی چاونەترس چووە سەر شەستیرەکەی (رەشاشەکەی) سەر ئۆتۆمبێلەکە کەوتە دوایان و دەنگی دان بوەستن دەنا لەناو دەبرێن. لەماوەیەکی کەمدا توانی دەست بەسەر هەرسێ ئۆتۆمبێلەکەی هێزی پاسەوانی نەتەوەییدا بگرێت و چەکەکانیان کۆبکاتەوە و پاسەوانەکانیش لەترسان هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵاتن.

دوای دوو رۆژ بەرگری کردن، پارێزگاری ناسرییە خۆی بەدەستەوە دا و حوکمی یەکەمی بەعسی فاشی رما و ئێمەی کوردیش هەناسەیەکی ئازادیمان هەڵکێشا و چووینە لای مفەوەز مامە و دەست خۆشیمان لێ کرد و خەڵکی شارەکەش بە نەمانی حوکمی بەعس گەشانەوە.

ئەوانەی لە کوردستان گیرابوون لەسەردەمی بەعس، فەرمانبەرەکان گەڕانەوە سەر کارەکانیان، بەڵام دوورخرانەوە بۆ خوارووی عیراق، لەوانەی لە کۆیەوە گوێزرابوونەوە بۆ شەترە عەمان حەننا و تەها خورشید بەگ و فەتاح مستەفا سەراج و تۆفیق مەغدید بوون و (سائیب محەمەد رەفعەت)یش لە هەولێرەوە بۆ شەترە دوور خرابووەوە و فەرەیدوون محەمەدی براژاشم بۆ قەزای (عیفەك)ی سەر بە پارێزگای دیوانییە گوێزرایەوە.

حکوومەتەکەی عەبدولسەلام هەندێك هەنگاوی ئابووری باشی نا وەك خۆماڵی کردنی بانکە ئەهلییەکان، لێرەدا حزبی شیوعی عیراق پشتگیری ئەم هەنگاوە ئابوورییەی کرد، چونکە بە هەنگاوێکی سوشیالیستی دەزانی.

عەبدولسەلام عارف لە زۆر رووەوە لاسایی جەمال عەبدولناسری پێشەوای میسری دەکردەوە، بە پەلە بوو بۆ یەکگرتنی عیراق لەگەڵ میسر و سووریا، بەڵام عەبدولناسر داوای لێ دەکرد پێویست بەو پەلە کردنە ناکات.

# باری عیراق دوای نەمانی حوکمی یەکەمی بەعس

حکوومەتەکـەی عەبدولسـەلام محەمـەد عـارف بـینی لەسـەردەمی حـوکمی بـەعس هـەزاران کـەس بەتۆمـەتی شـیوعییەت گـیراون و هەنـدێکیان جووتیـار و کاسبکاری سادە بوون، هەستا لە هـەموو پارێزگایـەك دادگایـەکی عـورفی دانـا بـۆ دادگایی ئـەو هـەموو راگیراوانـە، پێـوەری تۆمـەت و تاوانەکەشـیان ئـەوەبوو کـە دادوەر لە کابرای بەر گومـانی دەپرسـی: (رات چـییە بەرانبـەر بـە شـیوعییەت؟) ئەگەر بەر گومانەکە پارێزگاری لـە شـیوعییەت کردبـا، ئـەوە لـەنێوان ٣ تـاکو ٦ ســاڵ حــوکم دەدرا، ئەگــەر گوتباشــی (شــیوعییەت) لــە دیــن دەرچــوون و خوانەناسییە) ئەوە بەردەدرا.

مامۆستای خوالێخۆشبوو حەننا ئەنتوان کە هاورێ و دۆستێکی دڵسۆزم بـوو بۆی گێرامەوە و گووتی: من یەکێك بووم لەو گیراوانـە لـە دادگـای ناسـرییە دوای نــاو و تەمــەن پرســینم دادوەر پێــی گــوتم: (رات بەرانبــەر بــە شــیوعییەت چـییە؟)منیش گـوتم ئەمـەش مەبـدەئێکی سیاسـی و ئابوورییـە) دادوەر ٣ سـاڵ حوکمی دام و جووتیـارێکی سـادەش گیرابوو، چـونکە لـە کۆمەڵـەی جووتیـاران کاری کردبوو، پێیان گوت: دادوەر گەر لێی پرسی ناوت چییە و تەمـەنت چـەندە و رات بەرانبـەر شـیوعییەت چـییە؟ تـۆش لـە دوای گـوتنی نـاو و تەمـەنت بڵـێ (شیوعییەت کوفرە ئیلحـادە!!)، تـاکو بـەربی. نەکـەیت ئەمـەت لـەبیر بچێت! کابرای جووتیاریش هەر (کوفر و ئیلحادەکەی) لـەدڵی خۆیـدا دەگوتـەوە. کاتێك کە دادوەر بانگی کرد و لێی پرسی ناو و تەمەنت چییە و چەندە؟ یەکسەر گوتی: (کوفر و ئیلحادە) دادوەر پێکەنی و گوتی: بەختت سووتێ تەنانەت ناوی خۆشت

نازانی برۆ تۆ ئیفراجی!

حوکمی عەبدولسەلام عارف هەرچەندە لە دژی بەعس بوو، بەڵام خۆیشی لە بارەی دەمارگیریی نەتەوەیی و عرووبەوە چ لەوان کەمتر نەبوو، باوەڕی بە کێشەی کورد نەبوو، لە سەرەتای حوکمەکەیدا ماوەیەك شەڕ لە کوردستان وەستا، بەڵام تەنیا تاکتیك بوو، فەرمانبەرەکانی سەر بە حکوومەتەکەی عەبدولسەلام تەنیا پاشەڕۆژێکی گەشیان بۆ عەرەب دەویست و پرسی کورد و زمانی کوردی و مێژووی نەتەوەی کورد لەلایان رەواجی نەبوو.

لێرەدا نموونەیەکی بچووك بۆ هەڵوێستی فەرمانبەری سەردەمی عەبدولسەلام بەرانبەر بە کورد و ناوی کوردی دەهێنینەوە. لە پایزی ئەو ساڵە ١٩٦٣دا مامۆستایەکی ئافرەتی کورد بۆ باخچەی ساوایانی شەترە گواسترابووەوە و ناسیاریمان لەگەڵیدا هەبوو، رۆژێکیان گوتی: بۆ (بارزان)ی تەمەن چوار ساڵەکەی کوڕت و (ئازاد)ی کوڕی مامۆستا تەقیەددین نانێرن بۆ باخچەکەمان تاکو فێری سەرەتای پەروەردە و خوێندن و خوو و رەوشتی باش بن.

ئێمە لەگەڵماندا ناردن تاکو وەربگیرێن لەو باخچەیەی ساوایان، یەك دوو رۆژ دەوامیان کرد و لەدواییدا کە بردرانە لای بەڕێوەبەر بۆ تۆمارکردنی ناویان، لە کوڕی منیان پرسی ناوت چییە؟ لە وەڵامدا گوتبووی: (بارزان) و لە کوڕی مامۆستا تەقیەددینیشیان پرسی بوو گوتبووی (ئازاد)، چونکە ناوەکان کوردی بوون و کە گوێیان لە ناوی (بارزان) بوو، بەڕێوەبەر گوتبووی جێگامان نییە و بیانبەنەوە بۆ ماڵەکانیان.

# گەشتێکم بۆ ناحیەی دەوایە

ناحیەی دەوایە سەر بە قەزای شەترە بوو و کەوتبووەرۆخ هۆرێکی گەورە، رۆژێکیان لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان (حمود جاسم) چووین بۆ سەردانی یەکێك لە مامۆستاکانی قوتابخانەکەی دەوایە، کە گەیشتین، بەڕێوەبەری ناحیەکە کە ئەوسا جەنابی شەکیب عەقراوی بوو، بەهۆی مامۆستا خورشید شەوکەت ئێمەی ناسی و پێی گوتین ئێوە میوانی منن. بۆ ئێوارە کاك شەکیب گوتی: با بچین بۆ سەر هۆڕ تاکو سزای ئەو ماسیگرانە بدەم، چونکە لە ناحیەکەی من ماسییەکی زۆر دەگرن، کەچی بەشەو بۆ بەغدای دەنێرن تاکو لە گازینۆکانی شەقامی ئەبو نواس بەنرخێکی گران بیفرۆشن، کەچی خەڵکی ناحیەکەی بێ بەشن لەو ماسییانە ! !

کە گەیشتنە رۆخ هۆڕە زلەکە تاکو (هۆڕ ئەلحەممار) درێژ دەبێتەوە، بینیمان بەدەیان تۆڕەوان بە بەلەم خەریکی تۆڕ فڕێدانن و هەر جارە و ماسییەکی زۆر دەگرن لە رۆخی هۆڕەکەی دادەنێن بۆ کابرایەکی سەرمایەدار تاکو بیانبژێرێت و گەورەکان رەوانەی بەغدا بکات و ئەو تۆڕەوانەش بە رۆژانە کاری دەکرد.

لێرەدا کاك شەکیب پێی گوتن لەمرۆکەوە ماسی گرتن لەم هۆڕەی سەر بە ناحیەکەم قەدەغەیە ! کابرای خاوەن ماسی بە ترسێکەوە گوتی جەنابی بەڕێز لەبەرچی؟ کاك شەکیب پێی گوت، چونکە ئێوە ماسی لە هۆڕەکەی ناحیەی من دەگرن، کەچی هیچ ماسییەك لەبازاڕی ناحیەکە دانانێن تاکو خەڵکەکە تێر ماسی بێت، کابرای خاوەن ماسی گوتی: (قوربان لە بازاڕی ئێرەدا نافرۆشرێت و

پارە ناکات، ئەویش پێی گوت: دەبێت رۆژانە بازاڕی دەوایە پڕ بکەن لە ماسی و بە نرخێکی هەرزان بە خەڵکە هەژارەکەی بفرۆشن. کابرای خاوەن ماسی گوتی: فەرمانی جەنابتان لەسەر سەرم و هەر بەیانی جێبەجێی دەکەین و تاکو چاومان غافڵ کرد چەند ماسییەکی گەورەیان خستە سندووقی پشتەوەی ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەری ناحییەکە. کە گەڕاینەوە ناو ئاوایی بۆ ئێوارە ئەو ماسییانە کرانە (مەسگووف) و بوونە خۆراکی ژەمی ئێوارە و ئەو شەوە لە ماڵی بەڕێوەبەری ناحییە نووستین کە بێ ماڵ و خێزان بوو و بە سەڵتی دەژیا. کە بەیانی سەردانی بازاڕمان کرد بینیمان لەچەند جێگا ماسی بچووك و گەورە دانراون و بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرێن، ئەو گەشتە خۆشەمان بە ناسینی جەنابی شەکیب عەقراوی و ئەو میواندارییە پڕ ڕێزەمان لە مێشکدا چەسپا.

زۆری پێ نەچوو رۆژێکیان جەنابی (کاك شەکیب)م لە شەترە لەگەڵ مامۆستا خورشید شەوکەت بینی، دەچوونە لای قایمقتم و جانتایەکی رەشیان پێ بوو. لەلای قایمقام گوتبوویان بە کارێکی فەرمی دەچین بۆ بەغدا ئەگەر فەرمانێکت هەبێت تاکو بۆت جێبەجێ بکەین؟

لە وەڵامدا قایمقام گوتبووی هیچ ئیشێکم نییە و بەخێر بچن و بەخێریش بێنەوە، ئیدی چوونیان هەر ئەو چوونە بوو و جانتا رەشەکەشیان پڕ بوو لە پارەی قاسەی حکوومەت و چوون بۆ ناو پێشمەرگەی کوردستان و ئەو پارە زۆرەشیان بۆ پاڵپشتی دارایی شۆڕشی ئەیلوول بوو، زۆری پێ نەچوو کاك شەکیب بوو بە بەرپرسی دەزگای پاراستنی شۆڕشی رزگاریخوازی کورد.

## پیشانگای قوتابخانەکانی شەترە و دیدەنی ئیمامی شیعە

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٤دا، پیشانگای هونەری قوتابخانەکانی قەزای شەترە لە خوێندنگای ناوەندی کچان کرایەوەو من لە قوتابخانەی (ئەلرەبیع) لە پاڵ وانەی عەرەبی، بەرپرسی سازدانی چالاکی هونەری بووم و هەستام چەند هۆیەکی فێرکردنم بەشێوەیەکی هونەری لە بواری زانستی و مێژوویی لە کارتۆن دروست کرد و بەشێوەیەکی رەنگاوڕەنگی نایاب لە پیشانگاکەم دانان، هەندێکیان لەسەر دوو پارچە کارتۆن بوون، پارچەی سەرەوەیان بەدەست دەسووڕاو لە چەندین جێ زانیاری راستو دروست لەبارەی کەسایەتی، یان نەخۆشی دەردەکەوتن یەکێك لەو هۆیەی فێرکردن لەسەر ژیان و باری کەسایەتی و کارو کردەوەکانی پێغەمبەر (د.خ) و (فاتیمە)ی کچی و ئیمامی عەلی (ر.خ) و هەر دوازدە ئیمامەکەی شیعە بوو، کە لیژنەی ناوبژیوان لە ناسرییەوە هاتن و ئەو کارە هونەرییەی منیان بینی، زۆریان لا پەسەند بوو، کاسی یەکەمیان دابە قوتابخانەکەمان لەسەر هۆیەکانی فێرکردن.

هەواڵی ئەو هۆیەی فێرکردنی زانیارییەکانی ژیانی پێغەمبەر (د.خ) و فاتیمە و دوازدە ئیمامەکەی شیعەیان گەیاندە ئیمامی گەورەی شیعە لە قەزای شەترە سەماحەتی (شێخ ئیبراهیم کرباسی) ئەویش لە دوای ناردم و منیش لەگەڵ دوو برادەری شیعە چوومە لای و دوای بەخێرهێنانم دەست خۆشی ئەو کارە هونەرییە مێژووییەی لێ کردم، بەڵام گوتی: یەك ئیعتیرازم هەیە لەسەری، ئەویش ئەوەیە نووسیوتە (ئیمامی حەسەن ژمارەیەکی زۆری لە هاوسەر و کەنیزە هەبووە، تەنانەت ژمارەی کەنیزەکەکانی گەیشتووەتە ٦٤ کەنیزەك) تۆ

ئەم زانیاریەت لەکوێ هێناوە؟)

لەوەڵامدا گوتم: (لە کتێبخانەکەی ئێوە کە ناوی کتێبخانەی ئیمام جەعفەر ئەلسادقە دەتوانیت ئێستا داوای بکەیت)ئەویش بە مەلایەکی بەردەستی گوت کە ناوی مەلا محەمەد بوو، برۆ ئەو سەرچاوەیەم بۆ بێنە و منیش گوتم کتێبەکەم ناوی (نوور ئەلئەبصار)ە مەلا محەمەد هێنای و گوتی کوا لە کوێ نووسراوە؟ منیش شوێنەکەیم بۆ دەستنیشان کرد و بە چاویلکەکەی خوێندییەوە، ئینجا قەناعەتی هات و پێی گوتم تاکو ئێستاکە من ئەم زانیارییەم نەبیستبوو و داوای تەمەن درێژی بۆ کردم. منیش هەندێك پرسیاری (فیقهی)م لێ کرد، ئەوەی گران بایە وەڵامی دەدامەوە و ئەوەی لەلای سووکیش بوو، دەیگوت: مەلا محەمەد وەڵامی بدەوە چونکە پرسیارێکی مەلایانەیە!

## نەورۆز لە شەترە

خەڵکی خوارووی عێراق بە تایبەتی شیعەکان بۆ شەوی سەری ساڵی هەتاوی کە لەلای ئێمە نەورۆزی پێ دەڵێن و لەلای ئەوانیش (دخول السنه)ی پێ دەڵێن، واتا لەو رۆژەدا گۆی زەوی دەچێتە ناو کەلوویەکی فەلەکی کە هەر ساڵە ناوی گیاندارێکی هەیە. لەو بۆنەیەدا لە دوارۆژی زستاندا واتا رۆژی ٢٠ی ئادار، گەڵێك سەوزە و شیر و پەنیر و ماست دەکڕن و بۆ شەو خوانچەیەك دەڕازێننەوە، لەگەڵ لێدانی کاتژمێر ١٢ی نیوەشەو خولەکێك چرا دەکوژێننەوە، ئینجا هەڵیدەکەنەوە و ئەو خۆراکە خۆشانەی لە دوارۆژی زستان ئامادەیان کردووە لە یەکەم خولەکی ساڵی نوێدا دەیخۆن و خۆشترین بۆنەیەلەلایان. بۆ رۆژیش لەدوای نیوەڕۆکەش لەماڵ نامێنن و هەموو کەسێك چ پیاو چ ژن و منداڵ دەچنە

دەرەروەی شار لەسەر گۆڕی پیاوچاکێك بە هەزار کەس کۆ دەبنەوە، ژن لەلایەك و پیـاو لەلایـەك تـاکو ئێـوارە دومبـك لێدانـە و گـۆرانی دەڵـێن. منـیش ئەوکاتـە دەمگوت خۆزیا کوردیش ئاوا نەورۆزی دەکـرد، نـەك بـە ئاهـەنگ و کۆبوونـەوەی سیاسی و وتار خوێندنەوە لەسـەر شـانۆکە دەبـووە هـۆی گـرتنی چـەند کەسـێك لەسەر وتـارە سیاسـییەکانیان، جـا ئێسـتا دوای چـەند سـاڵێك لای ئێمـەش بـەو شێوەیە ڕۆژی نەورۆز هەر خێزانە و لە سەیرانگایەك ڕۆژەکە بەسەر دەبەن.

## سەیرانەکان و سەردانی یەکتری

لـە بـەهاری سـاڵی ١٩٦٤دا ماڵـە کـوردە دوور خراوەکـانی قـەزای شـەترە زۆربـەی ڕۆژانـی هـەینی و پشـووەکان بەیەکـەوە پاسـێکی گـەورەمان دەگـرت و کەلوپـەلی خۆراکمـان هەڵدەگرت و دەچـووینە سـەیران، یـان بـۆ سـەر بەنـداوی (بەدعە) کە چوار کیلۆمەتر لە باکووری شارەکەیە و ئاوی غەراف دابـەش دەکـات و بەشـێك بـۆ شـەترە دەچـێت و بەشـێکیش بـۆ خـواروو تـا دەگاتـە هۆڕەکـانی ناسرییە.

تاکو ئێوارەیـەکی درەنـگ بـە کـەیف و ئاهـەنگ کاتـە خۆشـەکەمان بەسـەر دەبرد و پیاوەکـان گـەلێك یـاری فۆلکلـۆری کوردیمـان دەکـرد، هەنـدێك جـاریش دەچووینە دوورتر بۆ سەیرانگەیەکی دیکە بەناوی (چەم ئەلعەجەم) کە هەموو دار ئەسپیندار بوون و کاتی خۆی کابرایەکی عەجـەم دایچـاندبوو، شـوێنێکی یـەکجار خۆش بوو، زۆر لە باخ و سەیرانگاکانی کوردسـتان دەچـوو، ئێمـە سـوودمان لـەو سـەیرانگایانە وەردەگــرت، کەچــی شــیعەکان لەبــەر بۆنــەی شــەهادەتی ئیمامەکانیان، تەنانەت لـە ڕۆژی وەفـاتی پێغەمبـەریش (د.خ) هـەر خـەریکی لـە

خۆدان و تازییەدانان بوون.

کاتێـك کـە لـە سـەرەتای شـەو دەگەڕاینـەوە شـار، هەنـدێك جـار خێزانـە کوردەکان کە ژمارەیان نزیکەی بیست ماڵە کوردی دوورخراوە بـوون، بێجگـە لـە پۆلیس و فەرمانبەرەکانی سەرای حکوومەت بەشەو سەردانی یەکدییان دەکـرد و جارێکیان چووبوینە ماڵی خوالێخۆشبوو عەبدولخالق حاجی عەبـدوڵڵای هـەولێری کە لە تەسویە فەرمانبەر بوو، لە قساندا گوتم: ئێمە هەندێك خزممـان هەنـە سـەد ساڵێك پێش ئێستا چوونەتە مووسڵ و ئێستاکە نەوەکانیان بوونەتە عەرەب.

عەبدولخالق گوتی: بووەستە تاکو وێنەیەکت بۆ دێنم کە وێنەکەی پیشاندام، بینیم خێزانێکی هیندستانین، ژن و مێردێك و کوڕ و کچێك بە بەرگی هیندی گوتم: ئەوانە هینـدین. عەبـدولخالق گـوتی: نـەخێر ئـەو پیـاوە مامـە و بـرای حەقـەتی باوکمە! لـە یەکـەمین جـەنگی جیهانیـدا بـە دیـل گـیراوە و دوور خراوەتـەوە بـۆ هیندسـتان، لـەزێ لـەناو تەلبەنـد نوێـژی کـردووە، خەڵکەکـەی دەرەوەی تەلبەندەکەش دیویانە و ناسیویانە. کاتێـك کـە لـە دیلـی ئـازاد دەکرێـت خـەڵکی شارەکە پێی دەڵێن: (مادامـەکی تـۆ مەلایـەتی و پـێش نوێـژی دەزانـی، لـەلامان بمێنـەوە ئێمـە کچـت دەدەینـێ و ماڵـت بـۆ دادەنـێین. ئـەویش قایـل دەبێـت و دەمێنێتەوە ژنی پێ دەدەن و کـوڕ و کچـێکی لـەو ژنـە هیندییـە دەبێـت و مـامم هەموو ساڵێك تاکو شەڕەکەی ڕەشد عـالی گـەیلانی، لەسـاڵی ١٩٤١دا دەهاتـەوە هەولێر و سەردانی باوکمی دەکرد، ئیدی لەوساوە ئاگامان لە یەکـدی نـەما، بۆیـە دەڵێم بنیادەم ڕەگی بڵاوە!!

## هەندێك دابونەریتی سەیری شەترە

لە شاری شەترە هەندێك دابونەریتی سەیر هەبوو کە ئەوە لەلای ئێمە نییە، وەك ئەوەی کە خانوویەکی نوێ دروست دەکرا نەدەبوایە کەس خۆی لە گەرماوەکەیدا بشوات تاکو ئافرەتێکی سەید زادە کە پێی دەگوترێ (عولویە) خۆی تێدا دەشوات بۆ ئەوەی ماڵەکە پیرۆز بکات و خاوەنەکەی خێری لێ ببینێت، من خانوویەکم لەساڵی یەکەمی دوورخستنەوەکەم لە سەیدێك گرتبوو جارێ کەسێکی نەچووبووە ناو، خاوەن خانووەکە گوتی: خۆتان لە گەرماوەکە مەشۆن تاکو سەید زادە (عولویە) یەك دەنێرم خۆی تێدا بشوات، ئینجا ئێوە خۆتانی تێدا بشۆن! !

لە مەسەلەی جەژنانیش کاتێك حکوومەت بەشەو رایدەگەیاند سبەی جەژنی رەمەزانە، یان قوربانە، کە منداڵەکانم پشتیوان و کامەران و بارزان جلی نوێیان لەبەر دەکرد دەچوون بۆ بازاڕ و دەرەوەی ماڵ، منداڵە عارەبەکان بەرد بارانیان دەکردن و پێیان دەگوتن: ئەمڕۆ رۆژی جەژنی حکوومەتە، جەژنی ئێمە نییە و تاکو ئیمام فتوا نەدات نایکەینە جەژن! منداڵەکانیش ناچار خۆیان دەکوتایەوە ماڵ و جلەکانیان دەگۆڕی.

لە شەترە و خوارووی عیراق ماسی بچووك وەك بامیە لە داوی دەدەن وەك رستە هەڵی دەخەن و دوایی چەند مانگێك بەچێشتی لێی دەنێن و پێی دەڵێن (مەسمووتە) و گۆشتی مار ماسی (جوڕی)شیان لەلا حەرامە.

## وەستانی بەرزکردنەوە و سەر مووچەم

هەموو ساڵێك لە ٢٢ی شوباتدا وادەی بەرزکردنەوە، یان وەرگرتنی سەر مووچەم دەهات، کەچی نەیاندەدامێ و دەیانگوت تۆ لە حاکمی عەسکەرییەوە دوورخرایتەوە بەرزکردنەوە و سەرمووچە ناتگرێتەوە، منیش لە دڵی خۆمدا گوتم: وا باشە بچمە لای (پارێزگار– موتەسەریف) جەنابی (شێخ مارفی شێخ حەمە غەریب)ی خوشکەزای شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان و سکاڵای حاڵی خۆمی پێشکەش بکەم، هەستام چوومە لای بەڕێوەبەری مەکتەبی پارێزگار، پێم گوت دەمەوێت بچمە لای جەنابی پارێزگار، گوتی نابێت میوانی لەلایە، گوتم: کێن میوانەکانی؟ گوتی کوردی خەڵکی سلێمانین، منیش گوتم منیش خزمی جەنابی پارێزگارم و دەمەوێت بۆ ماوەی پێنج خولەك ببینم، ناوونیشانی ناردمە ژوورەوە، جەنابی پارێزگار داوای کردم و پێی گوتم: چ کێشەیەکت هەیە؟ لە وەڵامدا گوتم: من هەموو ساڵێك داوا دەکەم سەرمووچەم بدەنێ و ئەم ساڵیش وا دوو ساڵە بەرزکردنەوەیان راگرتووم بە بیانووی ئەوەی من لە کوردستانەوە گوێزراومەتەوە بۆ ئەم پارێزگایە. جەنابی پارێزگار فەرمووی ناوی تەواو و ناوونیشانی قوتابخانەکەتم بۆ بنووسە تا فەرمان بە بەڕێوەبەری پەروەردە بدەم مامەڵەکەت بڕوێنرێت و چی دیکە نەوەستێت، وابوو دوای چەند رۆژێك فەرمانبەری بەرپرسی بەرزکردنەوە و سەرمووچەم چاوپێکەوت، پێی گوتم: تۆ چۆن خۆت گەیاندە جەنابی پارێزگار، چونکە لەسەر فەرمانی ئەو بەڕێوەبەری پەروەردە بانگی کردم و پێی گوتم: هەر ئێستا مامەڵەی دەڕوێنیت و منیش ناردم بۆ بەغدا و بەم زووانە خوا یاربێت ئەنجامەکەی دێتەوە، وابوو دوای هەفتەیەك بەرزکردنەوەکەم بوو و مووچەکەم بووە ٥٤ دیناری ئەسڵی و ٢٠ دیناریش دەرماڵە.

## تەنسیب کردنم بۆ ناوەندی شەترە

لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٤دا سەرپەرشتیاری پەروەردە (جومعە فەتحی) لە قوتابخانەی (ئەلڕەبیع) لە پۆلی شەشەم هاتە سەردانم، منیش وانەیەکی نموونەیی عەرەبیم بەرەو رووی گوتەوە، زۆر رای لە زانیاری و بنچینەی گوتنەوەی وانەکە بوو، لەلای بەڕێوەبەری ناوەندی شەترە باسی توانایی منی کردبوو، ئەوانیش مامۆستای زمانی عەرەبییان نەبوو، منیان دەستنیشان کرد بۆ گوتنەوەی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە پۆلی سێیەمی ناوەندی و بە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی لیوای ناسرییە ژمارە ٢٣٨٧٦ لە رۆژی ١٩٦٤/١٢/٧ کرامە وانەبێژ لە ئامادەیی شەترە بۆ گوتنەوەی زمانی عەرەبی لە پۆلی سێیەمی ناوەندی کە لەگەڵ ئامادەیی شەترە دەوامی دەکرد. منیش زۆر بە جددی ئەو ئەرکەم چەند مانگێك گرتە ئەستۆ تاکو دوو مامۆستای عەرەبی زنجباری دەرچووی زانکۆی ئەزهەر هاتن و جێی منیان گرتەوە. منیش وەك نووسەر لە قوتابخانەکە مامەوە کە بەڕێوەبەرمان دەمێك (مەهدی یاسری) و دەمێکیش (نەجمەددین جەلال)ی لاوچاکی کەرکووکی بوو و کاروباری قوتابیانم گرتە ئەستۆ، ئەم کارەم باشتر بوو لەوەی رۆژانە بە سواری پایسکل چوار کیلۆمەتر بچم بۆ گوندی (ئال حامی) و قوتابخانەی (ئەلڕەبیع).

## نامەیەکی شیعریم لە شەترەوە بۆ کوردستان

هەرچەندە گەلێك دۆست و هاورێی خۆشەویستم لە ماوەی دوورخستنەوەکەم بۆ خوارووی عیراق لەگەڵدا بوون، بەڵام گیانم هەر لەلای هاورێ و کەسوکار و دیمەنە دلڕفێنەکان کوردستان بوو، بە سروشی ئەو خۆشەویستییەم نامەیەکی شیعریم داناو ناردم بۆ گۆڤاری (هیوا) و بەناونیشانی (نامەیەك لە شەترەوە) بڵاوکرایەوە و لە دواییشدا لە ساڵی ۱۹۷۱دا لە دیوانی (رێگەی دوور)م بڵاوکردەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

### نامەیەك لە شەترەوە

هەرچەندە ئێرەش خاکی دۆستانە
جەرگەی خەبات و جێی سەربەستانە
بەڵام خۆم لێرەو گیانم لەلاتان
دەسوورێتەوە مات و سەرگەردان(*)!
بەسەر قەندیل و هەیبەسوڵتانت
بەناو سەیرانگای باخ و رەزانت
دەمژی پاکیەتی لالەزارانت
بۆن دەکا بۆنی گوڵ و رەیحانت!
تا تێر تێر دەبێ لە گوڵزارانت،
لە سرووەی نەرمی ناو نزارانت!
شاد و مەست دەبێ بەخۆشی خاکت

(*) لەدەست نووسی دیوانە شیعرەیەکەی نوسراوە (دەسورێتەوە وەك مەلێکی جوان) (ك.ك.شارەزا).

بەمـــەی ئـــاونگی گوڵشـــەنی پاکـــت
زوو زوو بـــۆی دەکـــا گەشـــتی لـــەناکاو
خێـرا لـە مـاوەی جوولـەی نیگـای چـاو
وەك گەشـــتەکانی (یـــووری گـــەگارین)
(جێرمـــان تیتـــۆق) و (کۆلۆنیـــل گلـــین) (*)

شەترە/ ١٩٦٢/٢/٢٥

(*) ئەم سێ کەسە وەختی خۆی بەکەشتی ئاسمانی لەدەرەوەی زەوی سوڕانەوە.

# گەڕانەوەم بۆ پارێزگای هەولێر

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٦دا نموونەیەکی فۆڕمی گواستنەوەی مامۆستایان بۆ قوتابخانەکانی خوارووی عیراق هاتبوو، خاڵێکی تێدا بوو، هەر کەسێك دەیەوێ بچێتەوە پارێزگاکەی خۆی دەبێ پاکانە لە حزبی شیووعی، یان پارتی دیموکراتی کوردستان هەریەکە بەپێی تۆمەتەکەی خۆی بدات، زۆربەی مامۆستا دوور خراوەکان فۆرمەکەیان پڕ کردەوە، تەنیا من و مامۆستایان تەقیەددین قادر و محەمەد عەلی دزەیی و واحید قادر خۆشناو و ئەمین محەمەد ئەمین زەنگەنە و دنحا فرنسی عیسا پڕمان نەکردەوە، بۆ پاییز ئەوانی دیکە گوێزرانەوە، تەنیا ئێمە ئەم چەند کەسە مانەوە و لەنێوان خۆماندا ڕێککەوتین بچینە لای بەڕێوەبەری پەروەردە لە ناسرییە بۆ داواکردنی گواستنەوەمان بۆ پارێزگای خۆمان وەك ئەوانەی گوێزرانەوە.

کە چووین بۆ لای بەڕێوەبەری پەروەردە، سکرتێرەکەی گوتی سەرپەرشتیاری کارگێڕی لە وەزارەتەوە هاتووەتە لای و نابێت هەمووتان لێی بچنە ژوورەوە، تەنیا با یەکێکتان بچێت و داواکانتانی پێ ڕابگەیەنێت، ئەوانیش منیان کردە دەمڕاستی خۆیان و منیش چوومە ژوورەوە، بەڕێوەبەر پێی گوتم: داواتان چیە؟

منیش پێم گوت ئێمە هەموو ساڵێك داوای گواستنەوە دەکەین، کەچی ئێوە گوێمان پێ نادەن، وا ئەم ساڵ ڕێککەوتننامەکەی دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز لەگەڵ سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کوردی دەرچووە و کێشەی کورد نەماوە، بۆیە مانەوەمان لێرە کارێکی ستەمە، لێرەدا سەرپەرشتیاری وەزارەت گوتی ڕاست دەکەیت پشتی گرتین، بەڕێوەبەری پەروەردەش گوتی: داواکاری پێشکەش بکەن،

من دەیڕوێنم و بزانین هەڵوێستی وەزارەت چی دەبێت؟ ئیدی من سوپاسم کرد و هاتمە دەرەوە و بە هاوڕێکانم گوت: بەڕێوەبەری پەروەردە دەڵێت داواکاری پێشکەش بکەن. ئیدی سەرو سکاڵای خۆمان پێشکەش کرد و دوای هەفتەیەك ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردەمان بۆ هاتەوە کە لەسەر کیسەی خۆمان بگوێزرێینەوە بۆ پارێزگاکانی خۆمان.

# گەڕانەوە بۆ پارێزگای هەولێر دوای دوورخستنەوەم بۆ خوارووی عیراق

وەك لە ئەڵقەی پێشوودا ئاماژەم پێکرد لە دوای ڕێککەوتننامەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی رزگاریخوازی ئەیلوول و حکوومەتەکەی دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز، داوای گواستنەوەمان کرد بۆ پارێزگاکانی خۆمان و من و مامۆستا تەقیەددین قادر سەعید و محەمەد عەلی دزەیی و واحید قادرو دنحا فرەنسی و هی دی بۆ پارێزگای هەولێر لەسەر کیسەی خۆمان گوێزراینەوە و لە ١٩٦٦/١١/١دا گەیشتینەوە هەولێر و بۆ ڕۆژی دوایی چوومە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە کە ئەوساکە خوالێخۆشبوو نەشئەت محەمەد سەفوەت بەڕێوەبەری بوو، هەرچەندی هەوڵمدا لە کۆیەم دابنێن، ڕەزامەندییان پیشان نەدا و گوتیان نابێت بچیەوە کۆیە، تەنیا شاغیرمان لە مەخموور هەیە. منیش بە ناچاری رازی بووم و لە ڕۆژی ١٩٦٦/١١/٣ فەرمانی گواستنەوەکەم بۆ مەخموور دەرچوو و لە قوتابخانەی سەرەتایی (قەراج)یان دانام کە لەناو شارۆچکەکە بوو لە ڕۆژی ١٩٦٦/١١/٤دا دەست بەکاربووم و دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەکە بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

مامۆستا سابیر ئەحمەد قادر: بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، ئەم بەڕێزانەش مامۆستا بوون: سەعید عەبدولڕەحمان سەفەر و حەسەن عەبدولکەریم زەمان و لەتیف شێخ کەریم بەرزنجی و ڕەئووف شێخ مەحموود و کەریم خدر خۆشناو و عەبدولڕەحمان حەمەد شێروانی و من (کەریم مستەفا شارەزا).

من بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو قوتابخانەیە لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستاکان بە

تەبایی ژیام و گوتنەوەی وانەکانی عەرەبی و کوردیم لە پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم گرتە ئەستۆ و ئاستی تێگەیشتنی قوتابیانم لەو دوو زمانە بەرزکردەوەو لە تاقیکردنەوەی گشتی پۆلی شەشەمدا باشترین ئەنجام لەزمانی کوردی و عەرەبی بەدەست هێنا، بێجگە لە گوتنەوەی وانەکانیش رێکخستنی پیشانگەی قوتابخانەم لەئەستۆدا بوو. لە بەهاری ١٩٦٨، لەناو هەموو قوتابخانەکانی قەزای مەخموردا کاسی یەکەممان وەرگرت و لە ١٩٦٧/٥/٩دا سۆرانی کوڕی چوارەمم لە دایك بوو.

ئەو دوو ساڵەی مامۆستاییم لە مەخموور خۆشمان بەسەر برد و لە وەرزی بەهار زوو زوو سەیرانمان بۆ مامۆستاکان رێك دەخست بۆ سەیرانگەکانی ئاوی بن بەردی و قەسران و سوڵتان عەبدوڵڵا و پێوەندیشم لە رێگەی مامۆستا لەتیف شێخ کەریمەوە بە حزبی شیوعی پەیدا کردەوە و وەك لایەنگیرێکی دڵسۆزی ئەو حزبە هەڵسوکەوتم دەکرد، بەڵام لەگەڵ کودەتاکەی دووەمی حزبی بەعس لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨دا ترسێکی زۆرمان لەلا دروستبوو، لەناو مامۆستاکان دەمان گوت دەبێت ئەو تاقمە فاشستە ئەم جارە چ لە کورد و بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی میللەت بکەن؟

کەچی لە ساڵی یەکەم و دووەمی حوکمی تازەیان بە پێچەوانەی کوودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، نەرمییان نواند و فەرمانبەرە دەرکراوەکانیان لەسەر سیاسەت گەڕاندەوە سەر کار و گواستنەوەی فەرمانبەر و مامۆستایانیان لەسەر بنچینەی خاڵی خزمەت کردن پەیڕەو کرد و منیش داواکارییەکم بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر پێشکەش کرد بەپێی خاڵەکانی خزمەت زۆریم بۆ ناو شاری هەولێر گواسترامەوە و مامۆستای خوالێخۆشبوو خدر مەولوود بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی نموونەیی هەولێر ناوی منی وەك

مامۆستایەکی سەرکەوتوو بیستبوو کە خۆم بە دەرس گوتنەوە و فێرکردنی قوتابییانەوە زۆر ماندوو دەکەم، داوای لێ کردم لە قوتابخانەکەی ئەو دابنرێم بۆ گوتنەوەی زمانی کوردی و عەرەبی لە پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم و فەرمانی گواستنەوەکەم دەرچوو و دەست بەکاربووم دەستەی مامۆستایانی ئەوسا، چونکە قوتابخانەکە هۆبەی زۆر بوو بریتی بوو لەم زاتانەی خوارەوە:

١-خوالێخۆشبوو خدر مەولوود بەڕێوەبەری قوتابخانە.

٢-مامۆستا موتەڵیب ئیبراهیم یاریدەدەری بەڕێوەبەر.

٣-مامۆستا ئیبراهیم جۆزەلی یاریدەدەری بەڕێوەبەر.

٤- خوالێخۆشبوو عوسمان حەسەن مامۆستای ئەلف و بێ.

٥-مامۆستا عەبدول لەتیف حاجی شەریف مامۆستای بیرکاری نوێ.

٦- خوالێخۆشبوو حەننا عەبدولئەحەد رۆفۆ مامۆستای عەرەبی.

٧-مامۆستا کەریم مستەفا شارەزا مامۆستای کوردی و عەرەبی.

٨- خوالێخۆشبوو بەگۆك عەزیز بەرپرسی کتێبخانەی قوتابخانە.

٩- خوالێخۆشبوو مستەفا عەبدولڕەحمان مامۆستای کوردی.

١٠-مامۆستا مەحموود عوسمان مامۆستای کۆمەڵایەتی.

مامۆستا جەمال داوود و خوالێخۆشبووان منیر داوود و تەحسین تەها و ئەسکەندەر عوسمان مامۆستای مۆسیقا و هونەری شێوەکاری بوون، هەروەها مامۆستایان و خوالێخۆشبووان حەمید حوسێن و حەمید عەبدوڵلا و عەبدولقادر ئیسماعیل و سدیق مەحموود و عەبدولباقی سەعیدیش مامۆستای نموونەیی بوون و پرۆسەی فێرکردنی قوتابیانیان سەرکەوتوانە جێبەجێ دەکرد و لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٨-١٩٦٩دا پەخشنامەیەکم لە شێوەی گۆڤار بەناوی (گوڵزار) بڵاوکردەوە و بە زۆریش بابەتەکانی لە نووسینی قوتابیان بوو، یەك لەوانە

ئیسماعیل بەرزنجی بوو، لە ڕێگەی ئەو گۆڤارەش قوتابییەکانم هان دەدا بابەتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بنووسن، تاکو لە دوا ڕۆژدا ببنە نووسەری خامەڕەنگین.

لە ساڵی ١٩٦٩ پارچە زەوییەکم لە گەڕەکی ڕووناکی کڕی و خانوویەکی (٦٢٦) مەتر دووجاییم لەسەر بنیاد نا و بوومە خاوەن خانووی خۆم و لە کرێچییەتی ڕزگارم بوو، بەڵام ئەو شادمانییەم تا سەر نەبوو، (بەهار)ی کچم لە ١٩٦٩/٧/٤دا بە کارەساتی ئۆتۆمبێل فەوتا و خەمێکی گەورەی خستە دڵمانەوە، زۆریشی پێ نەچوو لە ١٩٧٠/١/٢٣ کچێکی دیکەمان بوو بەناوی (شیلان) دڵمان سەبووری پێهات.

لەدوای جاڕدانی ڕێککەوتننامە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا کرام بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (کۆڕەك)ی سەرەتایی کوڕان و میلاکی قوتابخانەکەم بەم جۆرە بوو من بەڕێوەبەر و مامۆستا عادل عەبدولقادر یاریدەدەرم بوو، بەڕێزان پەتروس بویا ماربێن و ڕائق سەید جەمیل و نامق سەید جەمیل و یوونس محەمەد ئەمین و عەبدوڵڵا کوردە و خوالێخۆشبووان ئیبراهیم عەبدوڵڵا و حەبیب یەعقووب و غەفوور قادریش مامۆستای قوتابخانەکە بوون.

قوتابخانەکەمان لەگەڵ قوتابخانەی سۆرانی سەرەتای کوڕان لە یەك باڵەخانە دەوامی دەکرد و من لەگەڵ مامۆستای خوالێخۆشبوو کەمال شاکر مەحموود کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو و هاوڕێی خوێندنی خانەی مامۆستایان و هاوپۆلم بوو، ئەوپەڕی هاریکاریمان هەبوو بۆ باشتر بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانمان، پرسمان بە یەکدی دەکرد و بە ڕاوتەکبیر و بۆچوونی هەردووکمان کاروباری بەڕێوەبەردنی قوتابخانە و قوتابییەکانمان چارەسەر دەکرد.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠دا مامۆستا (محەمەد حەوێز)ی بەڕێوەبەری

پـەروەردە بـۆ پارێزگـای دهـۆك گوێزرایـەوە و مامۆسـتا محەمـەد ئیسـماعیل کـە لەسـەردەمی شۆڕشـی ئەیلوولـدا بەڕێوەبـەری گشـتی پـەروەردە و زانیـاری کوردستان بوو کرایە بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر زۆر دڵسۆز بوو بۆ خوێنـدن بە زمانی کوردی، ڕۆژێکیان قوتابخانەی هەڵگوردی سەرەتایی کوڕان کە خوێنـدن تێیدا بە عـەرەبی بـوو ئاهـەنگی ئەنجوومـەنی باوکـان و مامۆسـتایانیان سـازدا و مامۆستا محەمەد بەڕێوەبەری پـەروەردەشمان بانگهێشـت کـرد. گـەلێك چـالاکی قوتابخانەکە پێشکەش کران لەوانە شانۆگەرییەکی کورت و وتار و سروود لەلایەن قوتابیـان و بەڕێوەبـەرەوە کـە مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو ئـەکرەم سـەلیم بـوو پێشکەش کران.

مامۆستا محەمەد سەرنجی دا هەموو چالاکییەکان بە عەرەبی بوون تەنانەت یەك سروود و وتارێك بە زمانی کوردی نەبوون، بۆیە چووە سەر شانۆ و گلەیی لە بەڕێوەبـەر و دەسـتەی مامۆسـتایان کـرد کـە یـەك سـروودی کوردییـان فێـری قوتابییـەکانیان نـەکردووە و باوکـانیش زۆربـەی هـەرە زۆریـان کـورد بـوون یـەك وتاریان بە کوردی پێشکەش نەکرا، تاکو خەڵکەکە بە چاکی تێبگەن و گوتی خـۆ ئێرە دوورگەی عەرەبی نییە، تا هەموو چـالاکییەکان هـەر بـە عـەرەبی بـن؟ خـۆ ئێرە کوردستانە و زمانی کوردیش زمـانێکی فەرمییـە بـۆ چـالاکییەکی کوردیتـان پێشکەش نەکرد:

دوای ئەو ئاهەنگ و دیدەنییە مامۆستای بەڕێوەبـەری پـەروەردە بڕیـاری دا قوتابخانەی هەڵگورد بکرێتە کوردی و بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی بگوێزرێنەوە بۆ قوتابخانەی دیکە و بڕیاری دا لە هەولێر تەنیا یەك قوتابخانەی عەرەبی هەبێت بۆ قوتابی عەرەب و قوتابخانەی خۆشەوی بۆ ئەم پرۆسەیە دەستنیشان کـرا کـە بەڕێوەبەرەکەی مامۆستای خوالێخۆشبوو محەمەد عەبدولغەفوور بوو.

بۆ جێی مامۆستای خوالێخۆشوو ئەکرەم سەلیم، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە منیان دەستنیشان کرد. ببمە بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەلگورد و لە پایزی ۱۹۷۱دا گوێزرامەوە بۆ ئەو قوتابخانەیە و منیش پێش هەموو شتێك دوو هۆیەم لە قوتابی پۆلی یەکەم وەرگرت و خوێندنیشم کرد بە کوردی و هەر ساڵە پۆلێکی هەورازتر خوێندنەکەی دەبووە کوردی تاکو شەش ساڵ هەموو پۆلەکان بوونە کوردی و رۆژانە وتارێکی کورتم بە کوردی لە کاتی رێزبوونی بەیانیان بۆ قوتابیان دەخوێندەوە و پەخشنامە قوتابیانمان بە کوردی دەردەچواند و سروودی (ئەی رەقیب) و چەندان سروودی دیکەمان بە کوردی فێری قوتابیان کرد.

ساڵێکیان بەشداریمان لە پیشانگەی پەخشنامەی قوتابیان لە بەغدا کرد و پەخشنامەکەی قوتابخانەکەمان لەسەر ئاستی عێراق یەکەم دەرچوو و (کاس)مان وەرگرت و ئەو ساڵە و دواتریش میلاکی قوتابخانەکەمان بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١- کەریم مستەفا شارەزا بەڕێوەبەری قوتابخانە

٢- خوالێخۆشبوو حەسەن عومەری ئەفغانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری بەڕێوەبەردن

٣- حەسەن عەبدولکەریم زەمان یاریدەدەری بەرێوەبەر بۆ کاروباری قوتابیان

مامۆستاکانیش ئەمانە بوون: سەمعان موشێ، مستەفا سلێمان قەرەنی، یوونس عەبدوڵلا حەداد، سالم جبار، روشدی حەسەن، سەلاحەددین یوسف، ئەحمەد جەمال لەگەڵ خوالێخۆشبووان یەلدا شەمعوون، بۆیا فرەنسی، مرۆگی هورمز، جەمال سەید قاسم، موحسین ئەحمەد سەففار، خەلیل سلێمان و مونعیم مەزهەر.. من بێجگە لە ئەرکی بەڕێوەبەردنی قوتابخانەیەکی گەورە و گرانی دە هۆبەی خوێندن. ساڵانە لە چەند خولێکی پەروەردەیی بۆ بەهێزکردنی

مامۆستایان وەك وانەبێژ بەشداریم دەکرد و لە سالآنی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ و ١٩٨٠)شدا لە خولی مامۆستایانی زمانی کوردی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەییەکاندا وەك وانەبێژ لە هەولێر و لە دهۆك بەشداریم کردووە و بەشداربووانی خولەکان بەپێی ئەو راپرسییەی لێیان وەردەگیران، سوودیان بە رادەی یەکەم لە من وەرگرتووە.

تاکو ماوەی حوکمی ئۆتۆنومی لە کوردستان لە سالّی ١٩٧٠ تاکو ١٩٧٤ لە ئارادابوو، خوێندن بە زمانی کوردی لە هەموو لایەکی کوردستان بەجوانی بەڕێوە دەچوو، بەلاّم لە سالّی (١٩٧٥)ەوە پرۆسەی خوێندن بە زمانی کوردی وردە وردە تەگەرەی خرایە پێش و بەم چەشنەی خوارەوە:

# پرۆسەی خوێندنی کوردی
# لە سایەی رژێمی بەعسدا

پرۆسەی خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستاندا لە سایەی رژێمی بەعسدا چ لە ساڵی ١٩٦٣ و چ لە دوای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨دا تەگەرەی زۆری هاتە پێش، بەڵام لەدوای رێکەوتننامە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا تاکو ساڵی ١٩٧٥ بووژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، واتە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، رژێمی بەعس وردە وردە تەگەرەی دەخستە بەردەم خوێندنی کوردی، بەوەی گەلێك قوتابخانەی عەرەبی کردەوە و خەڵکیان هان دەدا بە تایبەتی ئەوانە، دەکرانە لایەنگر و ئەندامانی حزبی بەعس منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانەی عەرەبی و پێیان دەگوتن خوێندن بە زمانی کوردی بێ پاشەڕۆژە، چونکە لە زانکۆدا خوێندن و سەرچاوەکانی بە ئینگلیزی و عەرەبین و هەوڵیان دەدا منداڵی کورد بە بیروباوەڕی بەعس پەروەردە بکرێن و هەستان رێکخراوی پێشڕەوان (الطلائع)یان لە قوتابخانەکان دامەزراند و لە قوتابخانەکەی من هیچ مامۆستای بەعسی نەبوون تا سەرپەرشت تەلایع بکەن هەستان مامۆستایەکی بەعسیان بۆ ناردین تاکو سەرپەرشتییان بکات.

ئەو مامۆستایەش چونکە بە دڵ و قەناعەتەوە نەبوو بووە بەعسی، بۆیە کە بە تەنیا دەهاتە لام، یان لەلای مامۆستایان دادەنیشت دەیگووت: (هیوادارم کەستان نەبێتە بەعسی باوەکو منی لێ بەسەر نەیەت کە شەووڕۆژ هەڵم دەپەڕێنن و بە داروبەردمدا دەدەن و لە ماندوبوون زیاتر چیترم پێ نەبڕاوە، کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە و رێکخراوی بەعس زانییان ئەو مامۆستایە

کەسی پێ کەسب ناکرێت، یەکدوو مامۆستای بەعسی دیکەیان بۆ ناردین و ژمارەی مامۆستایانی بەعسی بووە (سێ) مامۆستا لەگەڵ ئەوەشدا جڵەوی هەموو کاروبارێکی قوتابخانەکەم هەر لە دەست خۆمدا بوو، بەپێی شارەزایی خۆم لە بەڕێوەبەردنی قوتابخانە و تەمەنم کە لە هەموو مامۆستاکان زیاتر بوو، مامۆستاکان ڕێزیان لێ دەنام و سەغڵەتیان نەدەکردم. لەساڵی (١٩٨٠)وە، بەتایبەتی لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عیراق و ئێران لە ١٩٨٠/٩/٢٢دا، وتاری ڕۆژی پێنج شەمووان لە زابت ئەمنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بە زمانی عەرەبی دەهات، دەبوایە لە کاتی ریزبوونی بەیانیان بەدەم تەقەی (کلاشینکۆف)ەوە بۆ قوتابیان بخوێنرێتەوە مامۆستاکان دەیان گووت: با ئەو مامۆستا بەعسییانە بیخوێننەوە، هەستم کرد کێشەیەك لەنێوان مامۆستاکاندا دەخولقێت، بۆیە بڕیارماندا هەر پێنجشەممەیەك بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو مامۆستایەك بیخوێنێتەوە، تاکو کەس لاف نیشتمانپەروەری بەسەر هاوکارەکانی خۆیدا لێ نەدات.

بەم جۆرە کێشەکەمان چارەسەر کرد و وتارەکانیش هەموویان لە دەوری ئازایەتی سوپای عیراق و سەرۆك کۆمار دەسووڕایەوە. بە کورتی خوێندنی کوردی لە سایەی حوکمی ڕژێمی بەعس بە تایبەتی لەساڵی (١٩٧٥)ەوە هەر بەناو مابوو، وانەکانی کۆمەڵایەتی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتمانی) لەگەڵ وانەی ئایین کران بە عەرەبی.

من تاکو ساڵی ١٩٨٠ بەپێی بڕیار و بیروبۆچوونی خۆم، قوتابخانەکەم بەڕێوە دەبرد، بەڵام کە شەڕی عیراق و ئێران هەڵگیرسا، هەستم دەکرد جڵەوی کاروباری بەڕێوەبردنی قوتابخانەکەم لەدەست شل دەبێت، چونکە ژمارەی مامۆستای بەعسی لە زیادبووندا بوو، دەیانویست قوتابخانەکە بە ئارەزووی

ئەوان بەڕێوەبچێت، بۆیە بڕیارمدا خۆم لەم ئەرکەی بەڕێوەبەراتییە رزگار بکەم، بەتایبەتی دوای بانگ کردنم بۆ لقی حزبی بەعس و پاکانەیان پێدام کە لە سیاسەت کار نەکەم، هەستام لە حوزەیرانی ساڵی ۱۹۸۲دا داواکارییەکم پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر کرد کە خانەنشینم بکەن، ئیدی دوای ۳۲ ساڵ خزمەتکردنی پەروەردەی قوتابی کورد ۲۰ ساڵ مامۆستایی و ۱۲ ساڵیش بەڕێوەبردنی قوتابخانە لە ۱۹۸۲/۷/۱دا خانەنشین بووم و کەوتمە سەر نووسینەوە و ئامادەکردنی کتێب و دیوانی شیعرەکانم.

# من و یەکێتی نووسەرانی کورد

من و سەرجەم نووسەرانی کورد لە شارەکانی کوردستاندا دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردیمان لە سالانی پەنجاکانی سەدەی بیستەوە بە پێویستییەکی مێژویی دەزانی، بەلام ئەو ئاواتەمان نەهاتەدی، کاتێکیش کە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە عیراق بەرپا بوو، بۆ سەرەتای سالی ١٩٥٩ یەکێتییەکی ئەدەبی بەناوی (یەکێتی ئەدیبانی عیراق) دامەزرا و شاعیری گەورەی عیراق و عەرەب محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری بە سەرۆکی ئەو یەکێتییە هەلبژێردرا و گەلێك ئەدیب و نووسەری کوردیش لەو یەکێتییە بوونە ئەندام و من یەکێك بووم لەو ئەدیبانەی کورد کە بە ئەندام وەرگیرام و زۆر نووسەر و شاعیری دیکەی وەك خوالێخۆشبووان ڕەفیق حیلمی و مامۆستا گۆران و ئەحمەد دلزار و مستەفا سالح کەریم و عوسمان مستەفا خۆشناو و چەندانی دیکە ئەندامی بە دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە بوون، بەلام چونکە لقی لە پارێزگاکانی کوردستان نەبوو، نووسەرانی کورد و جەماوەری ئەدەب دۆست ئەوەندە هەستیان بە بوونی ئەو ڕێکخراوە ئەدەبییە نەدەکرد، چونکە هەموو چالاکییەکانی هەر لە بەغدای پایتەخت بوون.

تاکو بە هەولّ و کۆششی دەستەیەکی دلسۆز لە ئەدەبیاتی کورد لە دوای سالی ١٩٦٩دا داوایەکیان بۆ وەزارەتی ناوخۆ پێشکەش کرد بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەدەبی بەناوی (یەکێتی نووسەرانی کورد) ڕەزامەندی دەربڕینی وەزارەت ماوەیەك دواکەوت تاکو لە ١٩٧٠/٢/١٠دا مۆلەت درا بە دەستەی دامەزرێنەر کە دەست بەکاربن بۆ چالاکی ئەدەبی نواندن دەستەی دامەزرێنەریش بریتی بوو لەم بەڕێزانەی خوارەوە:

١-د. ئیحسان عەبدولکەریم فوئاد شاعیر و ڕەخنەگر

٢–جەمال عەبدولقادر بابان چیرۆکنووس

٣–حسێن عارف عەبدولڕەحمان چیرۆکنووس

٤–خالد دلێر عەبدولواحید ئەحمەد شاعیر

٥–د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ نووسەر و رەخنەگر

٦–کاکە مەم فەخری بۆتانی چیرۆکنووس

٧–د. کەیکاوس نووری قەفتان چیرۆکنووس و مێژوونووس

٨–د. مارف عەبدولقادر خەزنەدار نووسەر و رەخنەگر

٩–محەمەد مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس نووسەر

١٠–د. نەسرین محەمەد فەخری زمانەوان و شاعیر

١١–نووری عەلی ئەمین زمانەوان

لەدوای رێککەوتنامە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کورێك بەو رێکخراوە ئەدەبییە ساوایەی کورد درا و هەندێك گۆڕانکاری لە دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتییەکە کراو خوالێخۆشبووان هەژاری موکریانی و سەعید ناکام لە گەلآلە و چوونە بەغدا بۆ رێکخستنی پێوەندیی نێوان شۆڕشی کورد و دەستەی دامەزرێنەری یەکێتییەکە و حزبی شیوعی عیراق–رێکخراوی هەرێمی کوردستانیش هاوڕێ (ئەحمەد دلزار)ی شاعیری کردە نوێنەری خۆی بۆ رێکخستنی پێوەنییان لەگەڵ دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەکە و لێرەدا خالید دلێر لە دەستەکە کشایەوە و دەستەی ئامادەکاریش بڕیاری دا کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نووسەران کە کۆنگرەی دامەزراندنی بوو، لە رۆژانی ٢٣ و ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ لە شاری بەغدا ببەسترێت.

دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە بڕیاری دا (فۆڕم)ی بە ئەندام بوون بۆ نووسەرانی پارێزگاکانی کوردستان بنێرێت تاکو نووسەر و شاعیران پڕی بکەنەوە و بینێرن بۆ بەغدا و دوو لە ئەندامانی دەستەی ئامادەکاری پشتگیرییان بکەن، ئەوسا دەبنە ئەندامی یەکێتی و دەتوانن بەشداری لە کۆنگرەی دامەزراندندا

بکەن.

لـە سـەرەتای مـانگی نیسـانی ١٩٧٠دا دکتـۆر مـارف خەزنـەداری ئەنـدامی دەستە لـە بەغداوە بـەخۆی و کۆمـەڵێك (فـۆرم)ی چـوونە نـاو ئـەو یەکێتییـەوە گەیشتە هەولێرو لە چاپخانەی خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی چاوی بـە هەنـدێك ئەدیب و نووسەرە دیارەکانی هەولێر کەوت و فۆرمی بەسـەردا دابـەش کـردن کـە بینرا ژمارەی ئامادەبووان زۆر بوون و لە چاپخانەکەدا جێیان نابێتەوە یەکێك لـە ئامـادەبووان کـە خوالێخۆشـبوو عەبـدوڵڵا حـەدداد بـوو کـە جارێـك خوێنـدکاری کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا–بەشـی کـوردی بـوو گـووتی: لێـرە جێمـان نابێتـەوە، فەرموون با بچینە مـاڵی ئێمـە کـە لێرەوە نزیکـە، دکتـۆر مـارف و ئامـادەبووان رایەکەیان پەسەند کرد و چووین بـۆ مـاڵی کـاك عەبـدوڵڵا کـە بـە رەحمـەت بێـت حـاجی محەمــەدی بـاوکی مـابوو، بـە گـەرمی بـەخێرهاتنی کـردین و لەوانـەی ئامادەبوون، بێجگە لە دکتۆر خەزنەدار، خوالێخۆشبوو مەلا شەریفی رەنگەڕێژانی و من و مامۆستا حەمە کەریم هەورامی و بـەدرخان سـندی و پیربـاڵ مـەحموود و مەدحەت بێخەو و مەجید عەبدولڕەحمان بـوون و دکتـۆر مـارف فـۆڕمی بەسـەردا دابەش کـردین و هەریەکـە چـەند فـۆڕمێکی زیادەیشـی پێدابن تـاکو بیـدەین بـە نووسەرانی دی و لە ئەنجامدا ٢٥ ئەدیبی پارێزگای هەولێر لە بەغدا پەسەند کران و بوون بە ئەندام و لەوانە ١٥ ئەنـدامیان بەشـدارییان لـە کـۆنگرەی دامەزرانـدنـدا کرد.

لە وادەی دیاریکراودا کۆنگرەکە لە کاتـژمێر ٦ی ئێـوارەی رۆژی ٦/٢٣دا بـە چاودێری سەرۆك کۆماری عیراق لە هۆڵی خولدا بەپێی ئەم بەرنامەیەی خـوارەوە سازدرا:

١–وتاری سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن ئەلبـەکر لەلایـەن دکتـۆر ئەحمـەد عەبدولسەتتار ئەلجیوارییەوە خوێندرایەوە.

٢–وتاری سەرۆك بارزانیی نەمر–دارا تۆفیق خوێندییەوە

٣–وتاری دەستەی دامەزرێنەر–لەلایەن هەژاری موکریانییەوە.

٤–وتاری یەکێتی ئەدیباتی عیراق–لەلایەن د.سەلاح خالیسەوە

٥–وتاری نووسەرانی پێشمەرگە–لەلایەن سەعید ناکامەوە.

٦–وتاری یەکێتی نووسەرانی تورکمان–لەلایەن عەبدوڵلا خەلیلەوە.

٧– وتاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان–لەلایەن مەحموود زامدارەوە.

٨– وتاری نووسەرانی سلێمانی–لەلایەن ئەحمەد هەردییەوە

٩– وتاری نووسەرانی هەولێر–لەلایەن مەجید ئاسنگەرەوە

١٠–وتاری نووسەرانی کەرکووک–لەلایەن عوسمان مستەفا خۆشناوەوە

١١– وتاری نووسەرانی دهۆك–لەلایەن شێخ مەمدووح بریفکانی

دوای ئاهەنگەکە دەستەی گشتی (٥) ئەندامی هەڵبژارد بۆ سەرپەشتی کردنی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەکە کە هەریەکەیان نوێنەری پارێزگایەکی کوردستان و نووسەرانی نیشتەجێی بەغدا بوون کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١–سادق بەهائەددین نوێنەری دهۆك–سەرۆك

٢–عەبدولقادر قزاز نوێنەری نووسەرانی بەغدا–ئەندام

٣–تاهیر سادق ئەحمەد نوێنەری نووسەرانی کەرکووك–ئەندام

٤–محەمەد ساڵح سەعید نوێنەری نووسەرانی هەولێر–ئەندام

کۆنگرەکە شەش لێژنەی بۆ لێکۆڵینەوە لە باری ئەدەبی کوردی پێکهێنا، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١–لیژنەی پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی

٢–لیژنەی شیعر

٣–لیژنەی چیرۆك

٤–لیژنەر زمان

٥–لیژنەی فۆلکلۆر

٦–لیژنەی دانان و وەرگێران و بڵاوکردنەوە.

ئەندامانی هەولێر لە کۆنگرەکەدا ئەمانەی خوارەوە بوون و بەپێی پیتی یەکەمی ناوەکانیان دەیانخەینەڕوو:

١-ئەحمەد دڵزار

٢-بەدرخان سندی

٣-پیربال مەحموود

٤-حەمە کەریم هەورامی

٥-حەمید عوسمان

٦-سامی عەودال

٧-سامیە شاکر چاوشلی

٨-ساڵح حەیدەری

٩-عەبدولخالق عەلائەددین

١٠-عەبدوڵلا پەشێو

١١-کەریم شارەزا

١٢-کەمال غەمبار

١٣-مەجید ئاسنگەر

١٤-مەدحەت بێخەو

١٥-محەمەد مولوود (مەم)

دوای ئەوەی کە لیژنەکانی کۆنگرە کە لە بەیانی رۆژی (٢٤)ی حوزەیران وتووێژیان لەسەر کێشەی ئەدەبی کرد بۆ دوای نیوەڕۆ، دەستەی گشتی کۆنگرەی بڕیار و راسپاردەکانی ئەو لیژنانەی پەسەند کرد و ئینجا دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی بەپێی دەنگەکانیان هەڵبژێردران، کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

| ژمارەی دەنگ | ناوی ئەندامی هەڵبژێردراو |
|---|---|
| ٦٢ | ١- د. عیزەددین مستەفا رەسووڵ |
| ٥٧ | ٢- محەمەدی مەلا کەریم |
| ٥٥ | ٣- د. ئیحسان فوئاد |
| ٥٠ | ٤- عەبدولڕەحمان هەژار |
| ٤٨ | ٥- ئەحمەد دڵزار |
| ٤٦ | ٦- د. مارف خەزنەدار |
| ٤٥ | ٧- د. نەسرین فەخری |
| ٤٤ | ٨- نووری عەلی ئەمین |
| ٤٠ | ٩- ئەحمەد هەردی |
| ٣٥ | ١٠- محەمەد مەولوود (مەم) |
| ٣٣ | ١١- شوکر مستەفا |
| ٣٣ | ١٢- حوسێن عارف |
| ٣٢ | ١٣- سەعید ناکام |
| ٢٨ | ١٤- مەمدووح بریفکانی |
| ٢٨ | ١٥- ئەحمەد غەفوور |
| ٢٧ | ١٦- جەلال دەباغ |
| ٢٥ | ١٧- عەبدولڕەزاق بیمار |

ئەم حەڤدە ئەندامە بوونە دەستەی بەڕێوەبردنی مەڵبەندی گشتی و لەنێوان خۆیاندا خوالێخۆشبوو (هەژاری موکریانی)یان کردە سەرۆکی مەڵبەندی گشتی واتە یەکەم سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد و دکتۆر ئیحسان بە جێگری سەرۆك و دکتۆر عیزەددین مستەفا رەسووڵ بە سکرتێر و عەبدولڕەزاق بیماریش بە ژمێریار.

# هەوڵ و کۆشش بۆ دامەزراندنی لقی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر

بۆ پێکهێنانی میکانیزمێک لەبار بۆ هەوڵدان لە پێناوی کردنەوەی لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر، دکتۆر مارف خەزنەدار ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی سەردانی هەولێری کرد و لە ئێوارەی ١٩٧٠/٨/١٥دا لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی هەولێر لەگەڵ دەستەیەک لە نووسەرانی پارێزگاکەدا کۆبووەوە و ئەم بەڕێزانەی خوارەوە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون:

١–محەمەد مەولوود (مەم)

٢–مەجید ئاسنگەر

٣–کەریم شارەزا

٤–مەلا شەریفی رەنگەڕێژانی

٥–عومەر ساقی

٦–پیربال مەحموود

٧–مەدحەت بێخەو

٨–بەدرخان سندی

٩–جەواد رەسوڵ ناجی

١٠–عەبدوڵڵا پەشێو

١١–جەمال عەلی خدر

١٢–یوسف دەرگەڵەیی

١٣–حەوێز وەهاب

١٤–مەجید وەهاب

١٥–عومەر خەزنەدار

١٦–عەبدوڵڵا حەداد–پەیامنێری رۆژنامەی (التآخي)

١٧–مەحموود زامدار–پەیامنێری رۆژنامەی (هاوکاری)

دکتۆر مارف خەزنەدار دوای دەرخستنی دەوری سلێمانی و هەولێر و کەرکوک و دهۆك لە بزووتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی، وای بەباش زانی کە لیژنەیەکی بەدواداچوون بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ئیشکردنی فەرمیی لقی هەولێری یەکێتی نووسەران پێکبێت و لە ئەنجامی وتووێژی نێوان ئامادەبووان ئەم زاتانەی خوارەوە بۆ ئەو کارە دەستنیشان کران:

١–محەمەد مەولوود (مەم)

٢–کەریم شارەزا

٣–مەجید ئاسنگەر

٤–عەبدوڵڵا پەشێو

٥–مەدحەت بێخەو

٦–جەمال عەلی خدر

لەبەر رۆشنایی بڕیاری بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیەدا، ئەم دەستەیەی سەرەوە و چەند ئەندامێکی دیکەی یەکێتی نووسەران لە رۆژی ١٩٧٠/٨/٣١ داوایەکیان پێشکەش بە پارێزگاری هەولێر کرد بۆ کردنەوەی لقی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر و ئەمانەی خوارەوە داواکەیان ئیمزا کرد و بوونە دەستەی دامەزرێنەر:

١–محەمەد مەولوود (مەم)

٢–کەریم شارەزا

٣-مەجید ئاسنگەر

٤-حەمە کەریم هەورامی

٥-بەدرخان سندی

٦-کەمال غەمبار

٧-مەدحەت بێخەو

٨-پیربال مەحموود

٩-مەلا شەریفی رەنگەڕێژانی

١٠-عەبدوڵڵا پەشێو

١١-جەمال عەلی خدر.

خوالێخۆشبووان محەمەد مەولوود (مەم) و مەجید ئاسنگەر داواکەیان پێشکەش بە پارێزگاری هەولێر کرد، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو، پارێزگاری ئەوسای هەولێر خوالێخۆشبوو عەبدولوەهاب ئەتروشی ڕێگەی کردنەوەی ئەم لقەی یەکێتی نووسەرانی نەدا، بەو بیانووەی کە ئەو داواکارانە کەسێکی ناو شۆڕشیان تێدا نییە.

کاتێك کە داواکە ئەو گرفتەی تێکەوت، دەستەی دامەزرێنەر، مەڵبەندی گشتی ئاگادار کردەوە، ئەوانیش مامۆستای خوالێخۆشبوو هەژاری موکریانی سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەریان ناردە هەولێر و چووە لای جەنابی پارێزگار و تێی گەیاند کە ئەو داواکارانە جێگەی متمانەی ئێمەن و بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوانە باشترین نووسەر و شاعیری کوردن لە هەولێر، ئەگەر حەزیش دەکەن نووسەری شاخیان تێدا بێت، با بێن داوا بکەن تا ببن بە ئەندام، بە مەرجێك نووسەری راستەقینە بن و خاوەن بەرهەمی ئەدەبی بن و دەستەی دامەزرێنەری لق باوەڕیان پێ بکات، ئێمەش لە مەڵبەندی گشتی بڕیار لەسەر وەرگرتنیان

دەدەین. بەم جۆرە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد و جەنابی پارێزگار ڕێککەوتن و دەستەی دامەزرێنەری لقیش بەمە رازی بوو، من و سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەر خوالێخۆشبوو محەمەد مەولوود (مەم) چووینە لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر و لەگەڵ مامۆستا محەمەدی مەلا قادر، کە ئەوسا بەرپرسی لقەکە بوو، کەوتینە وتووێژ و ئەویش لیستێکی بەناوی حەوت نووسەری شاخی پێشکەش کردین تاکو بە ئەندام وەریان بگرین کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١-محەمەدی مەلا قادر

٢-شێخ محەمەد هەرسینی

٣-خوالێخۆشبوو عەلی هەژار

٤-بیلال عەزیز

٥-سەعید یەحیا خەتات

٦-خوالێخۆشبوو شێخ عەبدولکەریم هیرانی

٧-خوالێخۆشبوو عەبدولخالق سەرسام.

دەستەی دامەزرێنەری لق داواکانیانی پەسند کرد و دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتیش بە ئەندامی وەرگرتن، ئینجا داوایەکی نوێ بۆ مۆڵەت وەرگرتن بەدەستی من (کەریم شارەزا) پێشکەش بە پارێزگار کراو ئەم جارە بەبێ سێ و دوو لێ کردن رەزامەندی خۆی بە نووسراوی ژمارە (٢١٤٦٧)ی رۆژی ١٩٧٠/١٢/٣ لەسەر کردنەوەی لقی هەولێر نیشاندا و دەستەی دامەزرێنەری لقی هەولێریش کۆبووەوە و زۆربەی ئەندامانی کردە دەستەی ئامادەکاری کۆنفرانسی دامەزراندنی لقی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر و لە رۆژی (١٩٧٠/١٢/٥)دا بەم جۆرەی خوارەوە کاروباریان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد:

١–خوالێخۆشبوو محەمەد مەولوود (مەم)سەرۆك

٢–حەمەکەریم هەورامی–جێگری سەرۆك

٣–کەریم شارەزا–سکرتێر

٤–جەمال عەلی خدر–ژمێریار

٥–مەدحەت بێخەو–ئەندام

٦–خوالێخۆشبوو مەلا شەریفی رەنگەرێژانی–ئەندام

٧–بەدرخان سندی–ئەندام

٨–عەبدوڵلا پەشێو–ئەندام

٩–کەمال غەمبار–ئەندام

١٠–خوالێخۆشبوو پیربال مەحموود–ئەندام

ئەم دەستەیەی ئامادەکار کەوتنەخۆ بۆ بەستنی کۆنفرانسی دامەزراندنی لقی یەکێتی نووسەران لە هەولێر و ژمارەیەکی نوێیان لە ئەندامی تازە پالاوت و مەڵبەندی گشتی بڕیاری لەسەر ئەندامییەتیان دا وەك ئەمانەی خوارەوە:

١–خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی

٢–خوالێخۆشبوو عومەر ساقی

٣–عەزیز گەردی

٤–سەعدوڵلا پەرۆش

٥–خوالێخۆشبوو جەمیل رەنجبەر

٦–فەرید زامدار

٧–جەوهەر کرمانج

٨–مومتاز حەیدەر–یش–لەبەغدا بە ئەندام وەرگیرابوو، بووە ئەندامی هەولێر.

دەستەی ئامادەکار رۆژی ١٩٧١/١/١٥ی دەستنیشان کرد بە بەستنی کۆنفرانسەکە و لەکاتی خۆیدا بە چاودێری پارێزگاری هەولێر لە هۆڵی گەل ببەسترێت.

## بەستنی کۆنفرانسی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر

لە کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی رۆژی ١٩٧١/١/١٥دا کۆنفرانسەکە بە چاودێری پارێزگاری هەولێر و ئامادەبوونی جێگری پارێزگار کانەبی عەزیز دزەیی و سەرۆك و نوێنەری دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی کە بریتی بوون لە مامۆستایان خوالێخۆشبووان هەژاری موکریانی و سەعید ناکام و دکتۆر عیزەددین مستەفا رەسووڵ و خوالێخۆشوو دکتۆر مارف خەزنەدار، راستەوخۆ سەرپەرشتی کۆنفرانسەکەیان کرد، بێجگە لەوانەش خەڵکێکی زۆر لە میوانان و نوینەرانی نووسەرانی کەرکووك و دهۆك و سلێمانی و کۆیە و چۆمان ئامادەبوون و پرۆگرامی ئاهەنگی کردنەوەی کۆنفرانسەکە بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١-کردنەوەی ئاهەنگ بە سروودی (کوردستان) لەلایەن تیپی سروودی قوتابیانی کۆڕەکی سەرەتایی کوڕانەوە کە من بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم بووم.

٢-وتاری جێگری پارێزگاری هەولێر بەڕێز کانەبی عەزیز دزەیی.

٣-وتاری رێکخراوە کوردستانییەکان لەلایەن مامۆستا ئیسماعیل عومەر سنجاوییەوە.

٤-وتاری یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر لەلایەن سەرۆکی دەستەی ئامادەکاری کۆنفراس خوالێخۆشبوو محەمەد مەولوود (مەم)ەوە.

٥-وتاری دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد

لەلایەن سەرۆکی یەکێتی خوالێخۆشبوو هەژاری موکریانییەوە.

٦-پارچە شیعرێك لەلایەن شاعیر مەدحەت بێخەو.

٧-وتارێك لەلایەن بەدرخان سندییەوە.

٨-شیعرێك لەلایەن عەبدوڵلا پەشێوەوە.

٩-وتاری نووسەرانی کەرکووك لەلایەن عوسمان مستەفا خۆشناوەوە.

١٠-شیعرێك لەلایەن نوێنەری نووسەرانی کۆیە خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەرەوە.

١١-کۆتایی هاتنی ئاهەنگ بە سروودی (ئەی رەقیب) لەلایەن تیپی سروودی قوتابخانەی کۆڕەك بەسەرپەرشتی مامۆستا سەردار ئەحمەد.

ئەوەی شیاوی باسیشە سکرتێری دەستەی ئامادەکاری کۆنفراسەکە کەریم شارەزا بەرنامەی (ئاهەنگەکەی بەڕێوە دەبرد و لەدوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکە هەڵبژاردنی یەکەمین دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێر بە چاودێری دادوەر و نوێنەری پارێزگا و سەرۆك و نوێنەری پارێزگا و سەرۆك و نوێنەرانی دەستەی بەڕێوەبەری گشتی ئەنجامدرا و ئەم زاتانە بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێنا دەرچوون و بوون بە دەستەی یەکەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد:

١-بەدرخان سندی- ٢٥ دەنگ

٢-محەمەد مەولوود (مەم)- ٢١ دەنگ

٣-حەمە کەریم هەورامی- ٢١ دەنگ

٤-کەریم شارەزا- ١٩ دەنگ

٥-عەزیز گەردی- ١٨ دەنگ

٦-عەبدوڵلا پەشێو- ١٨ دەنگ

٧–کەمال حوسێن غەمبار– ١٦ دەنگ

٨–مەدحەت بێخەو– ١٦ دەنگ

٩–محەمەد حەسەن مەنگوڕی– ١٦ دەنگ

١٠–جەلال مەدحەت خۆشناو– ١٤ دەنگ

١١–حوسێن عەزیز رەشوانی– ١٤ دەنگ

لەدواییدا ئەم دەستە هەڵبژێردراوە کۆبوونەوە و بەدەنگدانی نهێنی کاروباریان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد و ئەنجامەکەشی بەم جۆرە بوو:

١–بەدرخان سندی– سەرۆك

٢–حەمە کەریم هەورامی– جێگری سەرۆك

٣–کەریم شارەزا– سکرتێر

٤–خوالێخۆشبوو حوسێن رەشوانی– ژمێریار

٥–خوالێخۆشبوو محەمەد مەولوود (مەم) و عەزیز گەردی و عەبدوڵڵا پەشێو و مەدحەت بێخەو و محەمەد حەسەن مەنگوڕی و کەمال غەمبار و جەلال مەدحەت خۆشناو، بوون بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێری یەکێتیی نووسەران.

ئەوەی شایانی باسیشە ئەو ساڵە ژمارەی ئەندامانی لقی هەولێر ٤٠ ئەندام بوو، لەوانە ٢٩ ئەندام بەشدارییان لە دەنگدانی هەڵبژاردنەکەی دەستەی بەڕێوەبەر کرد و بەم جۆرە لقی یەکێتی نووسەرانی کورد لە پارێزگای هەولێر دامەزرا و دەستی بەچالاکی ئەدەبی و رۆشنبیری نواندن کرد.

## کارو چالاکییەکانی دەستەی یەکەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر

دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراو گەورەترین گرفتی هاتە پێش ئەویش نەبوونی بارەگا بوو، تا چالاکی خۆیانی تێدا بنوێنن، بۆیە دەمێك لە ژووری دەستەی بەڕێوەبەری یانەی فەرمانبەرانی هەولێر و دەمێکیش لە بارەگای یەکەی سەرپەرشتی پەروەردەی هەولێر کۆ دەبوونەوە، تاکو لە دواییدا یەکێتی مامۆستایانی کوردستان–لقی هەولێر هۆڵی بارەگاکەی خۆی لە گەڕەکی (سەیداوە)ی بۆ تەرخان کرد بۆ کۆبوونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەر و پێشکەش کردنی چالاکییەکانی ئەدەبی لقی یەکێتی نووسەران.

گرنگترین چالاکی ئەو دەورەیە پێشکەش کردنی زنجیرە کۆڕێکی ئەدەبی بوو لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی هەولێر لەگەڵ سازدانی میهرەجانێکی شیعری لە بەهاری ١٩٧١دا بە بۆنەی جەژنەکانی ئادار و نەورۆزەوە، لە هۆڵی گەل پێشکەش کراو شاعیرانی هەولێر و سلێمانی و کۆیە و بادینان بەشدارییان تێدا کرد.

لە شاعیرانی هەولێر: عەبدوڵڵا پەشێو، کەریم شارەزا، مەدحەت بێخەو، جەلال مەدحەت خۆشناو، بورهان جاهید، سامیە شاکر چاوشلی، سەعدوڵڵا پەرۆش، محەمەد حەسەن مەنگوڕی، عەبدولخالق سەرسام، مەجید هێرش، عەبدوڵڵا مارینیسی، پیربال مەحموود، محەمەد مەلا قادر، عەبدوڵڵا خدر مەولوود، ئەنوەر سەید ئەحمەد بەرزنجی، بەشدارییان تێدا کرد و سەرو هۆنراوەیەکی پڕ سۆزیان پێشکەش کرد و لە شاعیرانی کۆیەش سامی عەوداڵ و رۆستەم حەوێزی شیعریان خوێندەوە.

لە میوانەکانی پارێزگای سلێمانی: ئەحمەد هەردی، کامەران موکری، کاکەی

فەللاح، ع. ع. شەونم هۆنراوەی بە پێزیان خوێندەوە و ئەو میهرەجانە چوار کاتژمێری خایاند و باشترین خۆپیشاندانێکی ئەدەبی بوو لە شارەکەی هەولێر سازدرا.

## کۆنگرەی دووەمی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد

لە ڕۆژانی ١٤–١٧ی تەمموزی ١٩٧١دا کۆنگرەی دووەمی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هۆڵی گەل بەسترا و ئەندامانی مەڵبەندی گشتی و هەموو لقەکانی یەکێتی بەشدارییان تێدا کردو دروشمی کۆنگرەکەش (ئەدیبێکی شۆڕشگێڕ و ئەدەبێکی دڵسۆزی گەلمان دەوێت) بوو.

لە کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ١٤ی تەممووزدا، مستەفا ساڵح کەریم سکرتێری لقی سلێمانی کە لەگەڵ من (کەریم شارەزا) سکرتێری لقی هەولێردا هەڵسووڕاندنی ئاهەنگەکەمان پێ سپێردرابوو، ئاهەنگەکەیش بەپێی ئەم بەرنامەیە بەڕێوەچوو:

١–وەستان بۆ ماوەی دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان.

٢–وتاری سەرۆك کۆمار لەلایەن وەزیری دەوڵەت سەیدا ساڵح یوسفییەوە.

٣–وتاری بارزای نەمر لەلایەن (دارا تۆفیق)ەوە.

٤–وتاری پارێزگاری هەولێر لەلایەن خوالێخۆشبوو عەبدولوەهاب ئەترووشییەوە.

٥–وتاری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد خوالێخۆشبوو هەژاری موکریانی.

٦–وتاری غانم دەباغ نوێنەری یەکێتی ئەدیبانی عیراق.

٧–وتاری عەبدوللەتیف بەندەر ئۆغلۆ نوێنەری نووسەرانی تورکمان.

٨–وتاری شێخ محەمەد خاقانی، نوێنەری کۆمەڵەی ئەدەبیی نەجەف.

٩–وتاری ئیسماعیل عارف، نوێنەری کۆمەڵەی هونەری کوردی لە سلێمانی.

١٠-وتاری خوالێخۆشبوو عەزیز ئیسماعیل شوان، نوێنەری رێکخراوە کوردستانییەکان.

لێرەدا کۆتایی بە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکە هات، بەو ئومێدەی بەیانی رۆژی ١٥ی تەمووز لە هەمان هۆڵدا دەستەی گشتی کۆبێتەوە و لەماوەی دیاریکراودا دەستەی گشتی یەکەم کۆبوونەوەی کاری ئەنجامدا و حەوت کەسی بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری کۆنگرەکە هەڵبژارد، کە ئەمانەی خوارەوە بوون.

١-خوالێخۆبوو عیزەددین فەیزی- سەرۆکی لیژنە

٢-مستەفا ساڵح کەریم- سکرتێر.

٣-من (کەریم شارەزا)- ئەندام.

٤-خوالێخۆشبوو تاهیر سادق- ئەندام

٥-خوالێخۆشبوو سەبری بۆتانی- ئەندام.

٦-ع.ع. شەونم- ئەندام.

٧-عەبدوڵلا پەشێو- ئەندام.

ئینجا سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی راپۆرتی دەستەی خوێندەوە و لە کاروباری ساڵی ئیشکردنی یەکێتی دا و وتووێژی لەسەر کراو لە دواییشدا مامۆستا (عەبدولڕەزاق بیمار)ی ژمێریاری یەکێتی راپۆرتی حساباتی یەکێتی بە تێروتەسەلی پێشکەش کرد و کەمێك قسە لەسەر راپۆرتەکە کراو بڕیاری لەسەر درا، دوای ئەویش من و مامۆستا مستەفا ساڵح کریم راپۆرتی سکرتاریەتی لقەکانی هەولێر و سلێمانیمان پێشکەش کرد.

بۆ ئێوارە دەستەی گشتی چەند لیژنەیەکی لە ئەندامان پێکهێنا وەك لیژنەکانی زمان و سامانی نەتەوایەتی و گۆڤار و پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و

لیژنەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە، من سەرۆکی لیژنەی دوایی بووم.

لیژنەکان کەوتنە کار و پێشنیار و راسپاردەی باشیان پێشکەش بە دەستەی گشتی کررد و بۆ شەو ئەدیبانی سلێمانی کۆڕێکی ئەدەبییان سازدا و شاعیرانیان سەر و هۆنراوەیەکی پڕ سۆزیان خوێندەوە، وەك ئەمانەی خوارەوە:

رەمزی مەلا مارف، خورشیدە بابان، ئەحمەد هەردی، شێرکۆ بێکەس، ئەژی گۆران، کاکەی فەللاح، عەلی شەونم، میرزا مەنگوڕی، ئەحمەد شوکری. کۆمەڵەی هونەری کوردی سلێمانیش شانۆگەرییەکیان بەناوی (چاڵی جەرگی پیرێژن) لە نووسینی حوسێن عارف پێشکەش کرد.

بۆ بەیانی رۆژی ٧/١٦ دەستەی گشتی بۆ وتووێژ کردن لەسەر بڕیار و پێشنیارەکانی لیژنەکان کۆبووەوە و زۆربەی خاڵەکانیان پەسەند کرد و بۆ دوای نیوەڕۆش هەر لەسەر گفتوگۆکردن لەسەر بڕیار و راسپاردەکانی لیژنەکان بەردەوام بوو.

بۆ شەویش کۆڕی ئەدەبی لقی هەولێر و کەرکوك سازدراو لە پارێزگای هەولێر، شاعیران رەشاد موفتی و پیربال مەحموود و مەدحەت بێخەو و جەلال مەدحەت خۆشناو و عەبدولخالق سەرسام و جەمیل رەنجبەر و مەجید هێرش هۆنراوەی پڕ سۆزی کوردایەتییان پێشکەش کرد، لە ئەدیبانی کەرکووکیش شاعیران لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر شاکەلی و سدیق زەنگەنە هۆنراوەی پتەویان خوێندەوە و شانۆگەرییەکیش پێشکەش کرا.

بەیانی رۆژی ٧/١٧ دەستەی گشتی کۆنگرە بۆ هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی کۆبووەوە، بەپێی زۆریی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێنا ئەم زاتانەی خوارەوە بوون بە دەستەی بەڕێوەبەری نوێی یەکێتی نووسەران:

١-خوالێخۆشبوو سەیدا ساڵح یوسفی.

٢- خوالێخۆشبوو مامۆستا عەزیز عەقراوی.

٣- خوالێخۆشبوو فەرەیدوون عەلی ئەمین.

٤- خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەحمەد غەفوور.

٥- خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەد ئەمین ئۆسمان.

٦- خوالێخۆشبوو مامۆستا سەعید ناکام.

٧- خوالێخۆشبوو مامۆستا هەژاری موکریانی.

٨-دکتۆر نەسرین فەخری.

٩- خوالێخۆشبوو دکتۆر ئیحسان فوئاد.

مامۆستایانی خوالێخۆشبوو (دوکتۆر مارف خەزنەدار) و (سادق بەهائەددین)یش بوونە ئەندامی ئیحتیاتی دەستەکە.

هەر دوای ئەو هەڵبژاردنە بە چاودێری دادوەر و لیژنەیەکی سەرپەرشتیار، ئەم دەستە تازەیە کۆبووەوە و کاروباریان بەم جۆرەی خوارەوە دابەش کرد:

١-خوالێخۆشبوو صالح یوسفی- سەرۆك.

٢- خوالێخۆشبوو عەزیز عەقراوی- جێگری سەرۆك.

٣- خوالێخۆشبوو ئەحمەد غەفوور- سکرتێری کارگێڕی.

٤- خوالێخۆشبوو فەرەیدوون عەلی ئەمین- سکرتێری رۆشنبیری.

٥- خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین ئۆسمان- ژمێریار.

ئەندامەکانی دیکەش بوون بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەران.

## بڕیارە گشتییەکانی کۆنگرە

دەستەی گشتی کۆنگرە چەندین پێشنیاری بە نرخ و راسپاردەی بە کەڵکی بۆ پێشخستنی باری ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی لە کوردستان بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرد لەوانە:

١-کۆنگرە داوا دەکات حکوومەت یاسایەك بۆ خانەنشینی ئەدیبان دابنێ.

٢-کۆنگرە داوا دەکات رۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد کە رێککەوتی ١٠ی شوبات دەکات، بکرێ بە رۆژی ئەدیبی کوردی و هەموو ساڵێك یادی بکرێتەوە و ئاهەنگی شیاوی بۆ بگێڕدرێ.

٣-کۆنگرە داوا دەکات سەرپەرشتی کردنی چاپەمەنی کوردی بە یەکێتی نووسەرانی کورد بسپێردرێ، بۆ ئەوەی نووسینی لاواز و بێ سوود بڵاونەبێتەوە و پەرە نەستێنێ.

٤-کۆنگرە پێشنیار دەکات کارێکی وا بکرێت بۆ ناردنی ئەدیبە لاوەکان بۆ خوێندن لە دەرەوەی عیراق.

٥-کۆنگرە پێشنیار دەکات زانا و ئەدیب کوردەکانی دەرەوەی عیراق لە کۆنگرەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد بەشداری بکەن.

٦-کۆنگرە داوا دەکات بڵاوکراوە و خانەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوە لە کوردستان دابمەزرێ، بۆ ئەوەی ببێتە دەزگایەکی کارا و دەستگر بۆ نووسەر و ئەدیبانی کورد بۆ چاك کردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان و خوڵقاندنی هەستی ئەدەبی و رۆشنبیری بەرفراوان لە ناو خەڵکی خوێندەواردا.

٧-کۆنگرە داوا دەکات، ئێستگەی رادیۆی بەغدا و کەناڵەکان تەلەفزیۆنی کەرکووك و مووسڵ بەشێکی تایبەتی بۆ ئەدەبی کوردی و چالاکییەکانی ئەدیبانی کورد تەرخان بکەن.

# دەستەی دووەمی بەڕێوەبردنی
# لقی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر

دوا بەدوای تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نووسەرانی کورد و هەڵبژاردنی دەستەیەکی نویٚ بۆ بەڕێوەبردنی مەڵبەندی گشتی دەبوایە کۆنفرانسی لقەکانیش ببەستریٚ و وابوو کۆنفرانسی دووەمی لقی هەولێر لە ڕۆژی ١٩٧١/٨/١٥دا لە هۆڵی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-لقی هەولێر بەسترا و دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کارگێڕی لەلایەن خۆمەوە و خوێندنەوەی ڕاپۆرتی دارایی لەلایەن خوالێخۆشبوو حوسێن ڕەشوانییەوە وتوویژیان لەسەر کرا، ئینجا بە چاودێری دادوەر یەعقووب داوود یەعقووب و نوێنەری پارێزگار و نوێنەرانی مەڵبەندی گشتی یەکێتیی نووسەران، دەستەیەکی نوێی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر هەڵبژێردرا و بەم جۆرە کاریان لەناو خۆیاندا دابەش کرد:

١- خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی- سەرۆك.

٢-حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی- جێگری سەرۆك.

٣-کەریم شارەزا- سکرتێری بەڕێوەبردن.

٤-محەمەد حەسەن مەنگوڕی- سکرتێری ڕۆشنبیری.

٥-عەزیز گەردی- ژمێریار.

٦- خوالێخۆشبوو جەلال مەدحەت خۆشناو- ئەندام

٧- خوالێخۆشبوو جەمیل ڕەنجبەر- ئەندام

عەبدوڵلا پەشێو و مەدحەت بێخەویش بوونە ئەندامی یەدەگ.

ئەم دەستەیە گەلێك چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە هەولێر و لە کەناڵی

تەلەفزیۆنی موسڵ پێشکەش کرد و دەستەیەکی باش لە نووسەران بەشدارییان تێدا کرد و سەرجەمی ئەو کۆڕانەی تەلەفزیۆنی موسڵ و کۆڕە ناوخۆییەکانی شاری هەولێر گەیشتە ١٦ کۆڕی ئەدەبی.

هەروەها لە چالاکییەکانی دیکەی ئەم دەستەیە دەرچوواندنی گۆڤارێکی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی بوو بەناوی (نووسەری نوێ) و ژمارە یەکی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢دا لە چاپخانەی کوردستان دەرچوو و دەستەی نووسەرانی ئەم زاتانەی خوارەوە بوون:

خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی، حەمە کەریم هەورامی، کەریم شارەزا، محەمەد حەسەن مەنگوڕی، عەزیز گەردی، جەمیل رەنجبەر، مەدحەت بێخەو.

لقی یەکێتی لە میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی لە کەرکووک بە (٥) شاعیر و پێنج هەڵبەستی پتەو بەشدارری لەو چالاکییە ئەدەبییەی مەڵبەندی گشتیدا کرد.

## میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی لەشاری کەرکووک

یەکێتی نووسەرانی کورد لە رۆژانی ٢٢ و ٢٣ی ئاداری ١٩٧٢دا لەشاری کەرکوك میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی سازدا و ئاهەنگی کردنەوەکە لەپێش نیوەرۆی رۆژی ٢٢ی ئادار لە هۆڵی سینەمای سەلاحەددین بەپێی ئەم بەرنامەیەی خوارەوە بەڕێوەچوو:

١-دەستپێکردنی ئاهەنگەکە بە وتارێکی لیژنەی ئامادەکار لەلایەن خوالێخۆشبوو ساڵح یوسفی-یەوە بوو، کە لە هەمان کاتیشدا نوێنەری سەرۆك کۆماریش بوو بەو ناوەیی وەزیری دەوڵەت بوو لە حکوومەتی عیراقدا.

٢–وتاری نوێنەری بارزانی نەمر لەلایەن خوالێخۆشبوو عەزیز عەقراوی–یەوە خوێنرایەوە.

٣–وتاری نوێنەری ئەدیبانی عیراق پیرۆزبایی بە بۆنەی بەستنی ئەو میهرەجانەوە پیشکەش کرد، ئەوەی شایانی باسیشە شاعیری گەورەی عەرەب محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری وەك میوانی شەرەف بەشداری لەو میهرەجانەی کورد کرد.

میهرەجانەکە لەژێر دروشمی (شیعر و نەورۆز و ئادار) بوو، سێ کۆڕی شیعر خوێندنەوە لە ماوەی دوو رۆژەکەدا پێشکەش کران، کۆڕی یەکەم لە کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ٣/٢٢ لە هۆڵی خوێندنگەی ناوەندیی ئیمام قاسم سازدرا و ئەم شاعیرانە شیعریان پێشکەش بە ئامادەبووانی میهرەجانەکە کرد:

١– خوالێخۆشبوو ساڵح یوسفی سەرۆکی یەکێتی نووسەران (بەغدا).

٢– خوالێخۆشبوو هێمن مەهابادی (کوردستانی رۆژهەڵات).

٣– خوالێخۆشبوو د. ئیحسان فوئاد (بەغدا).

٤–شێرکۆ بێکەس (سلێمانی).

٥–عوسمان مستەفا خۆشناو (کەرکووك).

٦–بەدرخان سندی (بادینان).

٧– خوالێخۆشبوو کاکەی فەللاح (سلێمانی).

٨– خوالێخۆشبوو خورشیدە بابان (سلێمانی–هەڵەبجە).

٩– خوالێخۆشبوو محەمەد دارا (بەغدا).

١٠–عەبدوڵڵا پەشێو (هەولێر).

١١– کامیل ژیر (سلێمانی).

دانیشتنی دووەمی شیعر خوێندنەوەکە لە کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی رۆژی

٣/٢٣ لە هۆڵی سەندیکای مامۆستایانی کەرکووک بەڕێوە چوو و ئەم شاعیرانە شیعریان تێدا پێشکەش بە ئامادەبووان کرد:

١-خوالێخۆشبوو ئەژی گۆران (سلێمانی).

٢-کەریم شارەزا (هەولێر).

٣-عەبدولڕەحمان مزوری (دهۆك).

٤- ع.ع. شەونم (سلێمانی).

٥- خوالێخۆشبوو پیربال مەحموود (هەولێر).

٦- خوالێخۆشبوو ا.ب. هەوری (سلێمانی.

٧-ئەحمەد دلزار (کۆیە).

٨- خوالێخۆشبوو حەسیب قرەداغی (سلێمانی).

٩-مەدحەت بێخەو (هەولێر).

١٠- خوالێخۆشبوو سالح عەلی گولی (دهۆك).

کۆڕی سێیەم و کۆتایی شیعر خوێندنەوەی میهرەجانەکەش لە هەمان ڕۆژ و لە کاتژمێر ٤ی ئێوارە و هەر لە هۆڵی سەندیکای مامۆستایان سازدرا و ئەم شاعیرانە شیعریان تێدا خوێندەوە:

١- خوالێخۆشبوو ع.ح.ب. (سلێمانی).

٢-خەلیل خوێناوی (کەرکووك).

٣- خوالێخۆشبوو محەمەدی بەدری (بەغدا).

٤- خوالێخۆشبوو سالح هەژار (سلێمانی-هەڵەبجە).

٥- خوالێخۆشبوو محەمەد رەسوڵ هاوار (بەغدا).

٦-عەبدوڵلا سەڕاج (کەرکووك).

٧- خوالێخۆشبوو شێرۆ موفتی (بەغدا).

٨–مامۆستا جەمال شارباژێڕی (سلێمانی).

٩–عەبدوڵڵا عەبباس (بەغدا).

١– خوالێخۆشبوو ئەحمەد شوکری (سلێمانی).

لەو میهرەجانەدا شاعیرە لاوەکانی ئەوسا شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو وەك دوو دەنگی نوێی شیعری کوردیی پتر بەدەرکەوتن و ناسران و عەبدولڕەحمان مزوری و جەمال شارباژێڕیش کەوتنە بەر دڵی شاعیر و رەخنەگران.

شاعیرە ناسراوەکانیش کە دەوری خۆیان لەدەست نەدا هێمن و دڵزار و ع.ح.ب و ع.ع. شەونم و کاکەی فەللاح و حەسیب قەرەداغی بوون.

ئەوەی شایانی گوتنە دکتۆر مارف خەزنەدارو دکتۆر عیزەددین مستەفا رەسووڵ و چەند ئەندامێکی دیکەی مەڵبەندی گشتی ئامادەکاری ئەو میهرەجانە شیعرییە بوون.

## دەستەی سێیەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر

کۆنفرانسی سێیەمی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانیی کورد لە رۆژی ١٩٧٢/١٠/٣٠دا لە هۆڵی بارەگای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان–لقی هەولێر بەستراو دوای خوێندنەوەی راپۆرتی کارگێڕی لقی یەکێتی لەلایەن خۆمەوە وەك سکرتێری بەڕێوەبردن خوێنرایەوە و راپۆرتی ژمێریاریش لەلایەن مامۆستا عەزیز گەردییەوە پێشکەش کرا. بە چاودێری دادوەر و نوێنەرانی پارێزگا و مەڵبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد دەستەی سێیەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر هەڵبژێردراو ئەنجامەکەی بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١- خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی- سەرۆك.

٢- کەریم شارەزا- جێگری سەرۆك.

٣-مەدحەت بێخەو- سکرتێری بەڕێوەبردن.

٤- مامۆستا ئەحمەد شەریف- سکرتێری رۆشنبیری.

٥- خوالێخۆشبوو یووسف دەرگەڵەیی- سکرتێری رۆشنبیری.

٦- کەمال غەمبار (ئێستا دکتۆر)- ئەندام.

٧- خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران- ئەندام.

ئەم دەستەیە زنجیرەیەك لە چالاکی رۆشنبیری و ئەدەبی لە هەولێر و لە تەلەفزیۆنی بەغدا و مووسڵ پێشکەش کرد و تاجە گوڵینەی لەسەر گۆڕی ئەندامی یەکێتی نووسەران خوالێخۆشبوو عومەر سادق دانا کە لە رۆژی ١٩٧٢/٨/٧دا کۆچی دوایی کردبوو، منیش وەك جێگری سەرۆك وتاریی لقی یەکێتی نووسەرانم لەسەر گۆڕەکەی خوێندەوە.

دەستەی بەڕێوەبەر ژمارە (٢)ی گۆڤاری (نووسەری نوێ)ی دەرچوواند کە دەستەی نووسەران لەم زاتانەی خوارەوە پێکهاتبوو: عیزەددین فەیزی، کەریم شارەزا، مەدحەت بێخەو، ئەحمەد شەریف، یووسف دەرگەڵەیی، مەغدید سۆران، مەجید هێرش.

## دەستەی چوارەمی بەڕێوەبردنی لق

کۆنفرانسی چوارەمی یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر لە رۆژی ١٩٧٤/٢/١٥دا لە هۆڵی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-لقی هەولێر بەستراو بە چاودێری دادوەر و نوێنەری پارێزگا دەستەی چوارەمی لق هەڵبژێردراو ئەم جارە من خۆم نەپالاوت و ئەنجامەکەی بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١-محەمەد حەسەن مەنگوڕی- سەرۆك.

٢-حەمەکەریم هەورامی- جێگری سەرۆك.

٣-مومتاز حەیدەری- سکرتێری بەڕێوەبردن.

٤-ئەحمەد شەریف (ئێستا دکتۆر)- سکرتێری رۆشنبیری.

٥- خوالێخۆشبوو یووسف دەرگەڵەیی- ژمێریار.

٦- خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران- ئەندام.

٧-موحسین ئاوارە- ئەندام.

ئەم دەستەیە تەمەنی درێژ نەبوو، چونکە زۆری پێ نەچوو شەڕ لەنێوانی رژێمی بەغدا و شۆڕشگێڕانی ئەیلوول دەستی پێکردەوە و زۆربەی ئەندامانی چوونە پاڵ شۆڕشی کوردستان و کاروباری بەڕێوەبردنی لقەکە پەکی کەوت و ئەو ئەندامانەی کەلە شاریش مابوونەوە، بۆ پشتگیری شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان چ چالاکیەکیان نەنواند و لقەکەیان داخست و بەم جۆرە دەوری یەکەمی ژیانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سایەی حوکمڕانی شۆڕشی کورد بەپێی رێککەوتننامەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کۆتایی هات و لەسایەی ئەو ئازادییەی کە لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ وەدەست هاتبوو، یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەموو کوردستان و لە بەغداش چالاکییەکی باشی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی پێشکەش بە جەماوەری خەباتگێڕی کورد کرد و ئەدەبی کوردی پێشخست.

## خولی دووەمی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر خولی دوای نسکۆی شۆڕش

کاتێک کە شۆڕشی رزگاریخوازی ئەیلوول بە پیلانی رێککەوتننامە شوومەکەی ١٩٧٥/٣/٦ی جەزائیر لەنێوان سەدام حوسێن و شای ئێران نسکۆی

هێنا وردە وردە ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی کورد گەڕانەوە کوردستانی باشوور و شارەکانی، بەڵام وایان بە پەسند زانی کە لەسایەی رژێمی حوکمڕانی بەعس لقەکان نەژێننەوە، وابو لقی هەولێر نەژیایەوە تاکو لەخۆیان بگەن ئایا دەکرێ لەسایەی بارودۆخی پاش نسکۆی شۆڕشی کورد کاروباری یەکێتیی نووسەران بەبێ شێواندن بەڕێوە بچێت؟

کاربەدەستانی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان هەولێکی زۆریان دەدا کە دەزگای رۆشنبیری جەماوەری بکەنە (ئالتەرناتیف)ی یەکێتی نووسەرانی کورد، بەڵام هیچ نووسەرێکی کورد ئەمەی قەبووڵ نەکرد و ئەو بارە تاکو دوای ساڵی ١٩٧٦ی خایاند، ئینجا لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧دا، هەندێك لە دڵسۆزانی ئەدەبی کوردی بیریان لە بووژاندنەوەی لقەکەی هەولێر کردەوە و بۆ ئەو مەبەستەش من چووم سەردانی (پارێزگای هەولێر–بەشی رێکخراوەکان)م کرد تاکو بزانم لە رووی یاساییەوە مۆڵەتی کارکردنی لقەکەمان ماوە، یان هەڵوەشاوەتەوە؟ کە سەیری تۆماری رێکخراوەکانیان کرد بینیان هەڵنەوەشاوەتەوە و دەتوانن داوای هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێی بەڕێوەبردنی لقەکەیان بکەن تاکو رەزامەندی لەسەر دەربچێ.

من ئاگاداری خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی و ئەندازیار جەلال مەدحەت خۆشناو و عەبدوڵڵا حەداد و خوشکە سامیە شاکرم کرد و ئەوانیش رەزامەندییان پیشاندا بۆ کردنەوەی لقەکەمان و چووم داواکارییەکم پێشکەش بە پارێزگا کرد بۆ بەستنی کۆنفرانسی یەکەمی خولی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و رەزامەندی لەسەر دەرچوو و رۆژی ١٩٧٧/١/٢١یان دانا بۆ بەستنی کۆنفرانسی پێنجەمی لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر و لە رۆژی ناوبراودا کۆنفرانس بەستراو زۆربەی ئەندامانی لق ئامادەبوون و لەژێر چاودێری دادوەر و نوێنەری

پارێزگا و ئاسایش دەستەی بەڕێوەبەری تازە هەڵبژێردراو ئەنجامەکەی بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١- خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی- سەرۆك.

٢- خوالێخۆشبوو ئەندازیار جەلال مەدحەت خۆشناو- جێگری سەرۆك.

٣- کەریم شارەزا- سکرتێری بەڕێوەبردن

٤- خوالێخۆشبوو دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد- سکرتێری رۆشنبیری.

٥- خوالێخۆشبوو جەمال عەلی خدر- ژمێریار

٦- سامیە چاوشلی- ئەندام

٧- خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران- ئەندام

عەبدولخالق عەلائەددین و عەزیز هەریری-ی بوون بە ئەندامی یەدەگی دەستەی بەڕێوەبەر.

## چالاکییەکانی دەستەی پێنجەمی بەڕێوەبردن

یەکەمین چالاکی ئەم دەستە تازەیەی بەڕێوەبردن پێکهێنانی لیژنەیەکی رۆشنبیری بوو، بۆ رێکخستنی وەرزی رۆشنبیری یەکێتیی نووسەران و پێشکەش کردنی کۆڕی ئەدەبی، لیژنەکەش بەم شێوەیە پێکهات:

١- خوالێخۆشبوو دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد سکرتێری رۆشنبیری- سەرۆك.

٢- د. سامیە چاوشلی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر- ئەندام.

٣- خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر- ئەندام

٤- عەبدولخالق عەلائەددین ئەندامی یەدەگ- ئەندام.

٥- عەزیز هەریری ئەندامی یەدەگ- ئەندام.

ئەم دەستەیەی بەڕێوەبردنی لق، گەلێك چالاکی ئەدەبی و رۆشنبیری لە شێوەی کۆڕ و میهرەجانی ناوخۆیی شیعر خوێندنەوە سازدا، بێجگە لە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لەمانگی ١٠ی ١٩٧٧دا، هەروەها بە بۆنەی کۆچی دوایی رۆژنامەگەر و فەرهەنگنووسی ناسراوی کورد مامۆستا گیوی موکریانی لە ١٩٧٧/٧/٢٤ بەشدارییەکی تەواوی لە پرسەکەیدا کرد و بۆ رۆژی سێیەمیش لەگەڵ شاندی لقی سلێمانی یەکێتیی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی– لقی هەولێر، رێڕۆیشتنێکی رێکوپێکیان لە مزگەوتی رەشاد موفتی–یەوە کە ئەوسا (جامع البکر) بوو تاکو سەرگۆڕەکەی لە گۆڕستانی ئیمام محەمەد لە هەولێر سازدا و سەرۆکی لق خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی تاجە گوڵینەی لەسەر گڵکۆی داناو من و ئەژی گۆران و جەلیل مستەفا سەرو وتارێکمان لەسەر گۆڕەکەی خوێندەوە و سەرەخۆشیمان لە کەسوکاری خوالێخۆشبوو کرد.

لە چالاکییەکانی دیکەی دەستەی بەڕێوەبەر و لیژنەی رۆشنبیری دەرچوواندنی ژمارە (٣)ی گۆڤاری (نووسەری نوێ) بوو، کە دەستەی نووسەرانی ئەو ژمارەیە ئەم زاتانەی خوارەوە بوون:

(عیزەددین فەیزی، جەلال مەدحەت خۆشناو، کەریم شارەزا، عەبدوڵلا حەداد، جەمال عەلی خدر، سامیە شاکر چاوشلی، مەغدید سۆران).

## دەستەی شەشەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر

دەستەی شەشەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر لە رۆژی ١٩٧٨/٤/٢٨دا بە چاودێری دادوەر و نوێنەرانی پارێزگا و ئاسایش هەڵبژێردرا و ئەنجامەکەی دوای

دابەشکردنی کاروبار لەنێوانیاندا بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١–خوالێخۆشبوو جەلال مەدحەت خۆشناو– سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر.

٢–خوالێخۆشبوو جەمال عەلی خدر– جێگری سەرۆك.

٣–کەریم شارەزا– سکرتێری بەڕێوەبردن.

٤–خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا حەداد– سکرتێری رۆشنبیری

٥–خوالێخۆشبوو عەبدولخالق سەرسام– ژمێریار

٦–خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران– ئەندام

٧–عەبدولخالق عەلائەددین– ئەندام.

ئـەم دەسـتەیەی بـەڕێوەبردن، زنجیرەیـەك کـۆڕ و کۆبوونـەوەی ئـەدەبی پێشکەش کرد و توانی بارەگایەکی لێوەشاوە بە کرێ بگرێت کـە کۆنـە بینایـەیی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بوو بەرانبەر بە هۆڵی تەندروستی هەولێر.

لـە مـانگی تـەممووزی ١٩٧٨دا میهرەجـانێکی شـیعر خوێندنـەوە لـە شـاری دهۆك سازکرا و لقەکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك)ی یەکێتیی نووسەرانی کورد بەشدارییان تێدا کـرد و لـە شـاعیرانی لقـی هـەولێر ئەمانـەی خـوارەوە شـیعریان خوێندەوە:

١–خوالێخۆشبوو جەلال مەدحەت خۆشناو.

٢–مەدحەت بێخەو.

٣–سەعدوڵڵا پەرۆش.

٤–خوالێخۆشبوو عەبدولخالق سەرسام.

٥–موحسین رەشید ئاوارە.

٦–جەوهەر کرمانج.

هـەر لـەو میهرەجانـەی دهۆکـدا نوێنـەرانی نووسـەرانی دهـۆك و هـەولێر و

سلێمانی کۆبووینەوە و یاداشتنامەیەکمان نووسی بۆ ئەوەی حکوومەت ڕێگەمان پێ بدات کۆنگرەی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد بەناوی کۆنگرەی پێنجەم ببەسترێت و ئەم ئەندامانەی خوارەوە یاداشتنامەکەیان واژوو کرد:

لە لقی دهۆك: ١-عەبدولکەریم فندی ٢-عەبدولڕەحمان مزوری.

لە لقی هەولێر: ١-کەریم شارەزا ٢-عەبدوڵڵا حەداد.

لە لقی سلێمانی: ١-ئەژی گۆران ٢-حەسیب قەرەداغی، ٣-عەبدولکەریم شێخانی.

کە شاندەکان گەڕانەوە هەولێر و سلێمانی، ئەو یاداشتنامەیان دا بە ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان و لە ئەنجامدا ڕەزامەندی لەسەر دەرچوو و بڕیاردرا کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ڕۆژانی ١٠-١٤ی ئەیلوولی ١٩٧٨ لەشاری هەولێر و لە هۆڵی گەل ببەسترێت.

لە ڕۆژی دیاریکراودا کۆنگرەکە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەموو لقەکانی یەکێتی نووسەران و مەڵبەندی گشتی بەسترا و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتکار و بەڕێوەبردنی کۆنگرەکە لە لقی هەولێر هەڵبژێردرا کە خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی بوو، بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی کۆنگرەش لە ئەستۆی من بوو.

هەڵبژاردنی دەستەی مەڵبەندی گشتی لە ڕۆژی ١٩٧٨/٩/١٤دا بە چاودێری دادوەر ئەنجام درا و دەستەیەکی تازە هەڵبژێردرا لەوانە دووانیان لە لقی هەولێر بوون ئەوانیش خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی و مومتاز حەیدەری بوون، عیزەددین فەیزی بووە جێگری سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی و مومتاز حەیدەریش بووە ئەندامی دەستە و سکرتێری نووسینی گۆڤاری (نووسەری کورد) کە مەڵبەندی گشتی دەری دەچوواند.

دوای کۆتایی کۆنگرەی پێنجەم دەبوایە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری

لقەکانیش بکرێت و نووسەرانی لقی هەولێر کەوتینە خۆ بۆ بەستنی کۆنفرانسی حەوتەممان لە رۆژی ١٩٧٨/١١/١٧ لە بارەگای خۆماندا، لەماوەی دیاریکراودا بە چاودێری و سەرپەرشتی کردنی دادوەر و نوێنەری مەڵبەندی گشتی و نوێنەرانی پارێزگا و ئاسایش هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێر ئەنجام درا و ئەنجامەکەیشی بەم جۆرەی خوارەوە بوو.

١-خوالێخۆشبوو سەعید ناکام- سەرۆك.

٢-خاتوو سامیە شاکر چاوشلی- جێگری سەرۆك.

٣-کەریم شارەزا- سکرتێری بەڕێوەبردن.

٤-خوالێخۆشبوو سامی شۆڕش- سکرتێری رۆشنبیری.

٥-جەوهەر کرمانج- ژمێریار.

٦-خوالێخۆشبوو جەلال مەدحەت خۆشناو- ئەندام.

٧-سەعدوڵڵا پەرۆش- ئەندام.

ئەم دەستەیە تەمەنی درێژ نەبوو، چونکە رێکخراوی حزبی بەعس لە سەرۆکی لق و هەندێك لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر رازی نەبوو، داوای لێکردین سەرۆك دەست لەکار بکێشێتەوە بەو بیانووەی کە سەعید ناکام لە راگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٤دا هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی بەرانبەر بە عەرەب و حزبی بەعس هەبووە.

خوالێخۆشبوو مامۆستا سەعید ناکام-یش دوای چەند هەفتەیەك بۆ بەرژەوەندی یەکێتیی نووسەرانی کورد وازی لە سەرۆکایەتی لقی هەولێر هێناو دەستەی بەڕێوەبەریش لە رۆژی ١٩٧٨/١٢/٢٠دا کۆبوونەوە و وازهێنانی مامۆستا ناکامی قەبووڵ کرد و بەم جۆرەی خوارەوە کاروباریان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردەوە:

١-کەریم شارەزا- سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر
٢-د. سامیە شاکر چاوشلی- جێگری سەرۆك.
٣-سەعدوڵڵا پەرۆش- سکرتێری بەڕێوەبردن.
٤-خوالێخۆشبوو سامی شۆڕش- سکرتێری رۆشنبیری.
٥-جەوهەر کرمانج- ژمێریار
٦-خوالێخۆشبوو سەعید ناکام- ئەندام.
٧-خوالێخۆشبوو جەلال مەدحەت خۆشناو- ئەندام.

کاتێك کە ئەم دابەش کردنە نوێیەی کاروباری دەستەی بەڕێوەبەر بە پارێزگار و ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان راگەیەنرا، ئەم جارە حزبی بەعس ئاگاداری کردینەوە کە جاران لە سەعید ناکام رازی نەبووە، ئێستا رایان لە سەرۆکی نوێ واتا: من و خاتوو سامیە شاکر نییە و نابێ بمێنن و دەبێ دەست لەکار بکێشنەوە، هەرچەندە مەڵبەندی گشتی بۆی روونکردنەوە، کە ئەو دەستەیەی هەولێرر بە هەڵبژاردن هاتوون نەیان سەلماند، بۆیە دەستەی بەڕێوەبەر لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی یەکێتیی نووسەران وازهێنانی خۆیان راگەیاند بەو هیوایەی دەستەیەکی تازە جێیان بگرێتەوە و لقەکە دانەخرێت.

# کێشەی نێوان حزبی بەعس و یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی لەدوا دوای ساڵی ١٩٧٨دا کەوتبووە نێوان کاربەدەستانی حزبی بەعس و دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد، مەڵبەندی گشتیمان ئاگادار کردەوە و بۆ چارەسەرکردنی سەرۆکی یەکێتی نووسەران د. عیزەددین مستەفا رەسووڵ لە بەغدا چاوی بە خالید عەبد عوسمان وەزیری هەماهەنگی کردن لەنێوانی حکومەتی بەغدا و ئۆتۆنۆمی کوردستان کەوت کە بە سەردان چووبووە بەغدا، دەنا بارەگاکەی لە هەولێر بوو، ئەویش پێی گوتبوو هەفتەی دادێ وەرنە هەولێر و لەگەڵ لقەکانی یەکێتی نووسەران کۆدەبینەوە تا بزانین ئەو کێشەیە چییە و چۆن چارەسەر بکرێت؟

بۆ ئەم کارەش لە مانگی شوباتی ١٩٧٩دا دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی لەگەڵ دەستەکانی بەڕێوەبردنی لقەکانی هەولێر و سلێمانی لە بارەگای وەزارەتی هەماهەنگی (تەنسیق) لە شاری هەولێر ئامادەبوون و وەزیر لە دوای بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی کاروباریی باکوور و ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان عەبدولغەفار سائیغی نارد و ئامادەبوون، هەموویان لە دژی دەستەی بەڕێوەبەر بوون و لەجیاتی کێشەکە چارەسەر بکەن ئاڵۆزتریان کرد، بۆیە من وەك سەرۆکی لق و سەرجەم ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر لە کۆبوونەوەیەکی خۆماندا وازهێنانی خۆمان لە کارەکەمان راگەیاند، تا دەستەیەکی نوێ بێت و رێکخراوی بەعس لەدژی نەبێت.

لە سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٧٩دا دەستەی گشتی لقی یەکێتی کۆکرایەوە و لیستێك بەناوی پالێوراوانی ئەندامانی دەستەی هەشتەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر خرایە بەردەم دەستەی گشتی و دەنگیان لەسەردرا و بوون بە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری لق و بەم جۆرە کاروباریان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد:

١-خوالێخۆشبوو محەمەد مەولوود (مەم)- سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر

٢- خوالێخۆشبوو جەمال عەلی خدر- جێگری سەرۆك

٣-سەعدوڵلا پەرۆش- سکرتێری بەڕێوەبردن

٤- خوالێخۆشبوو سامی شۆڕش- سکرتێری رۆشنبیری

٥-جەوهەر کرمانج- ژمێریار

٦-فەرید زامدار- ئەندام

٧-تەڵعەت سامان- ئەندام

یەکەم کاری دەستەی بەڕێوەبەری هەشتەم دانانی بەرنامەی وەرزێکی رۆشنبیری بوو، گەلێك کۆڕی ئەدەبی و رۆشنبیری پتەویان پێشکەش بە جەماوەری ئەدەب دۆست کرد و بەشدارییان لە دووەمین میهرەجانی شیعری کوردی لەشاری سلێمانی لە رۆژانی (٢٩ و ٣٠ی ئاداری ١٩٧٩دا) کرد.

دووەمین میهرەجانی شیعری کوردی لە سلێمانی، یەکێتی نووسەرانی کورد بە بۆنەی جەژنەکانی ئادار و نەورۆزەوە لە رۆژانی ٢٩ و ٣٠ی ئاداری ١٩٧٩دا دووەمین میهرەجانی شیعری کوردی ساز کرد.

لە کاتژمێر ٤ی ئێوارەی رۆژی ٢٩ی ئادار میهرەجانەکە لە هۆڵی سەندیکای کرێکارانی سلێمانی کرایەوە، دوای ئەوەی بەڕێوەبەرانی بەرنامەکەی میهرەجان کەمال میراودەلی و رەئووف بێگەرد و جیهان عومەر بەخێرهاتنی میوان و بەشداربووانی میهرەجانەکەیان کرد، ئینجا سەرۆکی ئەوسای یەکێتی نووسەرانی

کورد پرۆفیسۆر د. عیزەددین مستەفا رەسووڵ وتاری بەخێرهاتنی بە زمانی کوردی خوێندەوە و دوا بەدوای ئەویش مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم بە عەرەبی وتاری دەستەی بەڕێوەبەری میهرەجانەکەی خوێندەوە، ئینجا لە یەکەم کۆڕی شیعر خوێندنەوەدا ئەم شاعیرانە هۆنراوەکانیان پێشکەش کرد:

١-خورشیدە بابان (سلێمانی)

٢-محەمەد عەلی مەدهۆش (سلێمانی)

٣-سەبری بۆتانی (دهۆك)

٤-کەریم شارەزا (هەولێر)

٥-محەمەد ئەمین پێنجوێنی (سلێمانی)

٦-سەلاح شوان (بەغدا)

٧-تەها مایی (دهۆك)

٨-جەلال بەرزنجی (هەولێر)

٩-میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی (سلێمانی)

١٠-موئەیەد تەیب (دهۆك)

١١-حەسیب قەرەداخی (سلێمانی).

بۆ رۆژی دووەم لە کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی دووەم کۆڕی شیعر خوێندنەوەکە دەستی پێکرد و ئەم شاعیرانە تێیدا بەشدار بوون:

١-ع.ع. شەونم (سلێمانی)

٢-لەتیف هەڵمەت (کەرکووك)

٣-موحسین رەشید ئاوارە (هەولێر)

٤-جەوهەر کرمانج (هەولێر)

٥-ئەژی گۆران (سلێمانی)

٦-هاشم کۆچانی (کەرکووک)

٧-حەمە سەعید حەسەن (سلێمانی)

٨-سەگڤان عەبدولحەکیم (دهۆك)

٩-عوسمان شەیدا (سلێمانی)

١٠-ناسر حەفید (سلێمانی)

١١-داری ساری حەیدەر (بەغدا)

١٢-ئەحمەد شوکری (سلێمانی).

سێیەم کۆڕی شیعر خوێندنەوەش لە کاتژمێر چواری سەر لە ئێوارەی رۆژی هەینی ٣٠ی ئاداری ١٩٧٩دابەڕێوە چوو و ئەم شاعیرانەی خوارەوە هۆنراوەکانیان تێدا خوێندەوە:

١-خەلیل محەمەد دهۆکی (دهۆك)

٢-شێرکۆ بێکەس (سلێمانی)

٣-نەژاد عەزیز سورمێ (هەولێر)

٤-کاکەی فەلاح (سلێمانی)

٥-حەمەدەمین کاردۆخی (سلێمانی)

٦-سەعدوڵڵا پەرۆش (هەولێر)

٧-ع.ح.ب (سلێمانی)

٨-محەمەد بەدری (بەغدا)

٩-هەڤاڵ کوێستانی (سلێمانی)

١٠-کەریم دەشتی (هەولێر)

١١-خەبات عارف (سلێمانی)

١٢- محەمەدی مەلا کەریم (بەغدا)

دوای تەواوبوونی میهرەجانەکە پرۆفیسۆر د. عیزەددین مستەفا رەسووڵ وتەی ماڵئاوایی و کۆتایی چالاکییە ئەدەبییەکەی پێشکەش کرد، دەبێ ئەو راستییەش بڵێین کە یەکێتیی نووسەرانی کورد–لقی سلێمانی رۆڵێکی باشی لە ئامادەکردنی میهرەجانەکە و ئەرکی بەڕێوەبردنی بینی.

لە پەراوێزی میهرەجانەکەدا هەندێك کێشە دروستبوون وەك ئەوەی کاك حەمە سەعید حەسەن ئەو هۆنراوەیەی دابووی بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بەلاوەی ناو هۆنراوەیەکی تری پێشکەش کرد کە پەلامارێکی زۆری تێدا بوو بۆ سەر رژێمی بەعس وەك ئەوەی بەعسی بە قوتابی قوتابخانەی هیتلەری حزبی نازی ئەڵمانی دانابوو وتبووی:

ورووژاوە... ورووژاوە
هەر قوتابی و قوتابخانەکەی هیتلەرە و
گەڕیان لەم ناوە ئاڵاوە
زەردەواڵە بە شانەکان
بەو سنوورەش رازی نابن
باپیریان نەخشەی کێشاوە
لایان وایە مێژوو عارەبانەیەکەو
بەپاڵی ئارەزووی ئەوان
ئەگەڕێتەوە بۆ دواوە ! !

لەسەر خوێندنەوەی ئەم هۆنراوەیە، لە بەغدا بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی عیراق بەدوای د. عیزەدەینیاندا نارد و پێی وت: چۆن رێگە دەدەن هۆنراوەی ئاوا بخوێنرێتەوە کە دژی ئێمە بێت. هەرچۆنێك بوو د. عیزەددین ساردی کردەوەو وتی: (جارێکی تر شتی وا رووناداتەوە).

# کۆنگرەی شەشەمی
# یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا

کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی نووسەرانی کورد لە رۆژانی (٥) و (٦)ی مانگی تشرینیی یەکەمی ١٩٧٩دا لە هۆڵی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی بەغدا بەستراو ئەندامانی مەڵبەندی گشتی و لقەکانی یەکێتی نووسەران بەشدارییان تێدا کرد و لەو کۆنگرەیەدا لقی هەولێر کەریم شارەزا و کەمال غەمبار بە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرەکە لەگەڵ چەند ئەندامێکی دی هەڵبژێردران، ئەندامانی کۆنگرە گلەییەکی زۆریان لە محەمەد مەولوود (مەم) کرد کە چۆن بەپێی ئارەزووی بەعس سەرۆکایەتی دەستەیەکی بەڕێوەبردنی لقی هەولێری دوای لادانی دەستەی پێشووی بە سەرۆکایەتی من قەبووڵ کردووە.

لەدوای کۆتایی کۆنگرەکە لقەکانی یەکێتی کەوتنە خۆ بۆ بەستنی کۆنفرانسی خۆیان، وابوو لە ١٩٧٩/١١/١٦دا کۆنفرانسی لقی هەولێر بەسترا و بە چاودێری سەرۆکی مەڵبەندی گشتی پرۆفیسۆر د. عیزەددین مستەفا و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و دادوەر و نوێنەری پارێزگا هەڵبژێردران دەستەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبەردنی لقی هەولێر سازدرا و بەم جۆرە کاروباریان لەناو خۆیاندا دابەش کرد:

١-کەریم شارەزا- سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر

٢-خوالێخۆشبوو د. نافع ئاکرەیی- جێگری سەرۆك

٣- خوالێخۆشبوو مامۆستا عومەر شێخەڵلا- سکرتێری بەڕێوەبردن

٤-مومتاز حەیدەری- سکرتێری رۆشنبیری

٥- خوالێخۆشبوو جەمال عەلی خدر- ژمێریار

٦–حەمەکەریم هەورامی– ئەندام

٧– خوالێخۆشبوو پیربالّ مەحمود– ئەندام

ئـەم بەڕێزانـەش بـوون بـە ئەنـدامی یـەدەگ: نـەژاد عـەزیز سـورمێ و خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران.

یەکەم کاری ئەم دەستەیە نوێیەش دانانی لیژنەیەکی رۆشنبیری بوو بە سەرۆکایەتی سکرتێری رۆشنبیری و چوار ئەندامی دەستەی گشتی کە ئەمانە بوون:

١–مومتاز حەیدەری– سەرۆك

٢–عەزیز رەشید هەریری– ئەندام

٣–جەوهەر کرمانج– ئەندام

٤–سەعدوڵڵا پەرۆش– ئەندام

٥–موحسین ئاوارە– ئەندام

ئەم دەستەیەی بەڕێوەبردنیش دیسان تەگەرەی هاتە پێش، چونکە لقی حزبی بەعس ئەم جارەش لە پێکهاتەی دەستەی هەڵبژێردراو رازی نەبوو، دەیان گوت: (ئێمە لە وادەی هەڵبژاردنەکە ئاگادار نەکراوینەوەو لەسەر سندووقی هەڵبژاردنەکە نەبووین و ئێمە وەك دەستەیەکی یاسایی دانتان پێدا نانێین!)

منیش وەك سەرۆکی لق پێم راگەیاندن کە بیست و پێنج رۆژ بەر لە دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکە پارێزگامان ئاگادار کردووەتەوە کە کۆنفرانس دەبەستین، دەبوایە ئەوان ئاگاداریان بکردبانەوە.

مانگ و نیوێك دەسەلاّتدارانی بەعس چ وەك حزب و چ وەك حکومەت دانیان بە دەستەی بەڕێوەبردندا نەنا و ماوەیان نەداین هیچ چالاکییەکی ئەدەبی، یان رۆشنبیری بنوێنین، بەلاّم دوای ماوەیەك خۆیان لەو هەڵوێستەیان پەشیمان بوونەوە و لە دوارۆژی ساڵی ١٩٧٩دا ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و

لاوان داوای کردین و عوزری بۆ هێنایەوە و گوتی: بمانەوێت و نەمانەوێت ئێوە نوێنەری نووسەرانن و ماوەی داین چالاکیی ئەدەبی بنوێنین.

ئینجا لیژنەی رۆشنبیری کەوتە خۆ بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەکی پتە و پێشکەش کردنی، وابوو لە وەرزی رۆشنبیری زستانەیدا ئەم زاتانەی خوارەوە لە هۆڵی ژووری بازرگانیی هەولێر بابەتی رۆشنبیری و ئەدەبی بەپێزیان پێشکەش کرد:

١- شەهید مامۆستا شاکر فەتاح

٢-کەریم شارەزا

٣-عومەر ئیبراهیم عەزیز

٤-رەئووف حەسەن

٥- خوالێخۆشبوو مەحموود زامدار

٦-کەمال میراودەلی

لە وەرزی رۆشنبیری بەهاریش ئەم چالاکییانە پێشکەش کران:

١-کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە لە رۆژی ١٩٨٠/٣/١٩ بەبۆنەی جەژنەکانی ئادار و نەورۆزەوە سازدرا و ئەم شاعیرانە شیعریان تێدا خوێندەوە: مەدحەت بێخەو، مەغدید حاجی، عەبدولسەتار خدر، د. نافیع ئاکرەیی، سەعدوڵڵا پەرۆش، رزگار شێخانی، جەوهەر کرمانج، ئەنوەر مەسیفی، نەژاد عەزیز سورمێ.

٢-لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە بارەی فۆلکلۆری کوردی، لەلایەن د. هیوا عومەر ئەحمەدەوە.

٣-ئەدەبی کوردی لە بادینان چۆن بوو و چۆن دەڕوات لەلایەن د. نافع ئاکرەییەوە.

٤-چەپکێك گوڵ لە باغچەی رۆژنامەگەری کوردی. لەلایەن مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم-ەوە لە رۆژانی ١٩٨٠/٤/١٧ بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری

کوردییەوە پێشکەش کرا.

٥-هەستی نەتەوایەتی لە فۆلکلۆری کوردیدا- لەلایەن مامۆستا خوالێخۆشبوو عومەر شێخەڵلاوە لە رۆژی ١٩٨٠/٤/٢٠ پێشکەش کرا.

٦-کۆڕێکی چیرۆکی خوێندنەوەی: لە رۆژی ١٩٨٠/٥/٩دا لەلایەن لقی یەکێتی نووسەرانەوە سازدرا و ئەم چیرۆکنووسانە چیرۆکی خۆیان تێدا خوێندەوە: رەزا سەید گوڵ، ئازاد جوندیانی، شێرزاد حەسەن، رەخنەگران حوسێن عارف و کەمال میراودەلی هەڵیان سەنگاندن.

هەروەها ئەندامانی لقی هەولێر بەشدارییەکی باشیان لە بەڕێوەبردنی بابەتەکانی ئەو میهرەجانە رۆشنبیرییەدا کرد کە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە رۆژانی ٢٠ تا ٢٦ی نیسانی ١٩٨٠ لە شاری هەولێر سازی دابوو.

لە چالاکییەکانیی دیکەی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم لقەی هەولێریش دەرچوواندنی ژمارەیەکی پوختی گۆڤاری (نووسەری نوێ) بوو. ژمارەی چوارەمی دەستەی بەڕێوەبەری پێشوو ئامادەیان کردبوو، بەڵام بۆیان چاپ نەکرابوو، دەستەی نوێ شانی دایە بەر مەسرەفی چاپکردنی و دەریچوواند و دەستەی ئامادەکار و نووسەرانی ئەم ژمارەیەش ئەم نووسەرانەی خوارەوە بوون:

(کەریم شارەزا، مومتاز حەیدەری، جەوهەر کرمانج، سامی شۆڕش، سەعدوڵلا پەرۆش) و لەدوا دوای مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩دا دەرچوو و ١٨ بابەتی بەپێزی لە وتار و شیعر و لێکۆڵینەوە لەخۆ گرتبوو.

هەروەها دوای نۆ مانگ ژمارە (٥)ی (نووسەری نوێ)یشی لە بەرگێکی قەشەنگ لە ئەیلوولی ١٩٨٠دا دەرچوواند و دەستەی نووسەرانی بریتیی بوون لەم زاتانەی خوارەوە:

(کەریم شارەزا، مومتاز حەیدەری، عەزیز هەریری، جەوهەر کرمانج، سەعدوڵڵا پەرۆش).

ئەگەر سەرنج بدەینە پێکهاتەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (نووسەری نویٚ) لە هەر پێنج ژمارەکانی دەوری یەکەم و دووەمیدا دەبینین:

١-کەریم شارەزا لە هەر پێنج ژمارەکانیدا بەشداری کردووە.

٢- خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی لە ٣ ژمارەدا.

٣-مومتاز حەیدەری، مەدحەت بێخەو، مەعدید سۆران، سەعدوڵڵا پەرۆش، جەوهەر کرمانج لە ٢ ژمارەدا.

٤-(عەزیز گەردی، جەمیل رەنجبەر، یووسف دەرگەڵەیی، ئەحمەد شەریف، سامیە شاکر چاوشلی، سامی شۆڕش، جەلال مەدحەت خۆشناو، عەبدوڵڵا حەداد، مەجید هێرش، جەمال عەلی خدر لە یەك ژمارەدا بەشدارییان کردووە.

## هەوڵەکانی رژێمی بەعس بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد

حکوومەتی بەعس لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول پەیتا پەیتا رێکخراوە کوردستانییەکانی هەڵوەشاندەوە و تێکەڵی رێکخراوە مەرکەزییەکانی دەکرد، لەسەرتادا یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایانی تێکەڵ بە رێکخراوە گشتییەکانی خۆی کرد، ئینجا نۆرە هاتە سەر کۆڕی زانیاری کورد و کردی بە دەستەی کورد لە کۆڕی زانیاری عیراق و دوا هەنگاویش یەخەی یەکێتی نووسەرانی کوردی گرت و هەولێکی زۆری دا نووسەرانی کورد بە ئارەزووی خۆیان بچنە ناو رێکخراوی ئەدیبان و نووسەرانی عیراق، کەچی کەس ئامادە نەبوو ئەو کارە بکات و چەند شاندی سەرۆکایەتی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عیراق هاتن بۆ هەولێر بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری لق، چونکە وایان دەزانی هەروەك هەولێر پایتەختی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانە،

دەبێ مەڵبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کوردیش لەم شاری هەولێرە بێت، نوسەرانی هەولێر رۆڵێکی تەواویان لەو بڕیاردانەدا هەبێت.

شەفیق ئەلکەمالی جێگری سەرۆکی یەکێتی ئەدیبانی عیراق و سەرکردەیەکی رژێمی بەعس هاتە هەولێر و لەگەڵ ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان حەمەدەمین شەمبی هاتنە سەردانی دەستەی بەڕێوەبەر و بەتایبەتی من وەك سەرۆکی دەستەکە، داوایان لێ کردین بچینە ناو یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عیراق، منیش و هەموو ئەندامان قایل نەبووین. لێرەدا شەفیق ئەلکەمالی گووتی: (منیش غەریب نیم لە کورد و لە نەژاددا کوردم، دایکم کوردی دیاربەکرە و باوکیشم خەڵکی شاری (ئەلبوکەمال)ی سووریایە و بە رەچەڵەك کوردە، من حەز دەکەم ئێوەی ئەدیبی ناسراوی کورد بێنە ناو یەکێتییەکەمان، دەنا دەتوانین چەند کەسێك لەم لاو لەولا بێنین و بڵێین ئەوانە ئەدیبی کوردن و بیانخەینە یەکێتییەکەمانەوە. منیش لە وەڵامدا گوتم: (ئێمە دەمانەوێ یەکێتی نووسەرانی کورد وەك خۆی بمێنێتەوە و مەرکەزی خۆی هەبێت، بەڵام با وەك رێکخراو بەشێك بێت لە یەکێتی ئەدیبانی عیراق)، کەچی کەمالی بەمە رازی نەبوو و گوتی: دەبێ یەك یەك بێنە ناو یەکێتییەکەمانەوە و بەم جۆرە نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێك و تەنیا ئەوەم پێ گوت: ئێمە لقێکین لە مەڵبەندی گشتیمان کە مەرکەزەکەی لە بەغدایە و پرۆفیسۆر د. عیزەددین مستەفا رەسوڵ سەرۆکایەتی دەکات، ئێوە لەگەڵ ئەواندا گفتوگۆ بکەن، دوابەدوای کەمالیش عەبدولئەمیر موعەلەش هات و هەمان وەڵاممان دایەوە.

ئەو شاندانە کە گەڕانەوە بەغدا و وایان کرد لە ساڵی ۹۸۲ بڕیارێکی ئەنجوومەنی گۆڕ کراوی سەرکردایەتی شۆڕش دەربچێ بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد، بەڵام یەکێتی نووسەران چ لە مەڵبەندی گشتی و چ لە لقەکان بڵاوەیان لێ نەکرد و بارەگاکانی خۆیان چۆل نەکرد، بەڵام لە هەموو

لایەکەوە پاڵەپەستۆ دەخرایە سەر نووسەرانی کورد بۆچوونە ناو یەکێتی ئەدیبانی عیراق و لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣دا پرۆفیسۆر د. عیزەددین سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد لەگەڵ کاکە حەمەی مەلا کەریمی سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی هاتنە هەولێر و لە بارەگای لق کۆبوونەوە و گوتیان لە بەغدا وادەیان پێداوین کە لەناو یەکێتی ئەدیبانی عیراقدا، نووسەرانی کورد بە تایبەتی لە پارێزگای کوردییەکاندا لق و چالاکی خۆیان بمێنێ و گرنگی بە ئەدەبی رەسەنی کوردی بدرێ، تەنانەت د. عیزەددین مستەفا گوتی: لە رێگەی نێوانی عەربەت و هەڵەبجەش چاوم بە لێپرسراوێکی گەورەی پێشمەرگە کەوتووە و ئەو رەخنەم بۆ باس کردووە کە دەکرێتە سەر نووسەرانی ناو شار بۆ چوونە پاڵ یەکێتیی ئەدیبانی عیراق. ئەویش نامەیەکی تایبەتی پێداوە و تێیدا هاتووە کە نووسەرانی کورد لە شارەکاندا دەژین باری ژیانی ناو شار لە ئێمە چاکتر دەزانن و هەر کەسە باری هەڵسوکەوتی خۆی باشتر تێدەگات و سەربەستە و ئێمە لێیان ناگرین و رێزێکی زۆریشمان هەیە بۆیان، کە د. عیزەددین مستەفا گەڕایەوە بەغدا گەلێك گەڤ لێکراو تاریق عەزیز هەڕەشەی لێکرد، بەو ناوەی ئەو رێگە لە نووسەرانی کورد دەگرێت بچنە پاڵ یەکێتیی ئەدیبانی عیراق.

ئینجا دوای چەند هەفتەیەك، د. عیزەددین مستەفا و کاکە حەمەی مەلا کەرم و د. عەبدولسەتار تاهیر شەریف و عەبدولئەمیر موعەلە هاتنە هەولێر و دوو رۆژ لە هۆڵی چاودێری زانستی لەگەڵ ئەندامانی لقەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك کۆبوونەوە و مشتومڕێکی زۆر کرا لەسەر چوونە پاڵ یەکێتی ئەدیبانی عیراق و لە دواییدا زۆربەی زۆری نووسەرانی کورد وا رێککەوتن کە فۆرمی چوونە پاڵ یەکێتی ئەدیبان پڕ بکەنەوە و لە ژێرەوە تێبینییەك بنووسن، ئەگەر لە کۆنگرەی ئەدیبانی عیراق بەندێکی وا دانەنرێت (کە تایبەتمەندی ئەدەبی کوردی دەپارێزرێت و گرنگی بە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی کوردی دەدرێت)

دەشێت نووسەرانی کورد لەو رێکخراوە بکشێنەوە.

کەچی کاتێك کە لە هاوینی ١٩٨٣دا کۆنگرە لە بەغدا بەسترا زۆربەی ئەندامانی مەڵبەندی گشتی و لقەکانی هەولێر و بادینان و کەرکووك بەشدارییان تێدا کرد، کەچی بینییان کۆنگرەکە بریتییە تەنیا لە کرداری هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر و ئەنجوومەنی ئەدیبان کە لە ٢٩ ئەندام پێکهاتبوو لەوانە ٧ ئەندامیان کورد بوون و هیچ باسی بەندەکانی یاسا و پێڕەوی ناوخۆ نەکرا کە گرنگی بە ئەدەب و کولتووری کوردی دەدرێت، بۆیە کە بەشداربووانی کورد گەڕانەوە پارێزگاکانیان، زۆربەیان خۆیان لەو یەکێتیەی ئەدیبانی عیراق کێشایەوە، بەڵام کەمێکیان مانەوە و لقیان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك کردەوە کە راستەوخۆ سەر بە مەڵبەندی گشتی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی عیراق بن، لەو چالاکییە ئەندامی دیاری ئەو دەستەیە خوالێخۆشبووان د. نافع ئاکرەیی و مەحموود زامدار و محەمەد بەدری و چەند ئەندامێکی تر بوون، بەڵام ئەو چالاکییە ئەدەبییانەیان پێ نەنوانرا و مەڵبەندی گشتیش ئەو گرنگییەی پێ نەدان و پشتگیری دارایی نەکردن، بەڵام هەرچۆنێك بێت توانییان چەند ژمارەیەك لە گۆڤاری نووسەری کورد دەربچوێنن.

باری ئەدەبی و یەکێتی نووسەران بەو جۆرە مایەوە، بۆیە نووسەرانی کورد هەر چاوەڕوانی گۆڕانکارییەك بوون لە رەوشی سیاسی عیراق و کوردستان و لە ئەنجامدا ئەو خەونەی چاوەڕوانییەشیان هاتەدی و راپەڕینە مەزنەکەی جەماوەری کوردستان بە پشتگیری پێشمەرگەی قارەمان لە بەهاری ١٩٩١ی سەرکەوت و نووسەرانی کورد کەوتنە خۆ بۆ دامەزراندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد و لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەو ئاواتەیان.

# یەکێتی نووسەرانی کورد
# خولی دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١

شاری هەولێر لەسایەی راپەڕینی جەماوەری کوردستان لە کەشوهەوایەکی ئازاددا ژیاو لەو ماوەیەدا نووسەرانی هەولێر لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی کۆبوونەوە و نزیکەی ١٥٠ نووسەری کورد، ئامادەی ئەو کۆبوونەوە گشتییە بوون و لەناو خۆیاندا دەستەیەکی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنی دەستەیەکی کاتی بۆ ژیاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد دەستنیشان کرا کە بریتی بوو لەم زاتانەی خوارەوە:

١-پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار

٢-من (کەریم شارەزا)

٣-بەدران ئەحمەد حەبیب

٤-تاریق جامباز.

٥-مەولوود قادر بێخاڵی

٦-ئەبووبەکر خۆشناو

لەژێر چاودێری ئەو دەستەیە، هەڵبژاردنی دەستەی کاتی بەڕێوەبردن بەڕێوە چوو و ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بەپێی زۆری دەنگەکانیان دەرچوون:

١-سەعدوڵڵا پەرۆش

٢-نەژاد عەزیز سورمێ.

٣-گوشاد حەمە سەعید.

٤-مەولوود ئیبراهیم حەسەن.

٥-جەلال بەرزنجی.

٦-عەباس عەبدوڵڵا یوسف.

دوای گەڕانەوەی هێزەکانی رژێمی بەعس بۆ هەولێر لە ١٩٩١/٣/٣١دا و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی کورد بۆ سەر سنوورەکانی وڵات، ئەندامانی ئەو لیژنەیەی بەڕێوەبردنی کاتی دەربەدەر بوون و کەوتنە کاروانی ئەو کۆڕەوە، بەڵام لەدوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، کەوتنە جموجووڵ لە پێناو بەستنی کۆنگرەی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد و شوێنی کارکردنیان کەوتە شەقڵاوە کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی خەڵك بە ئازادی دەژیان، لەوێ خوالێخۆشبوو سەعید ناکام هەندێ دەست تێوەردانی لەو دەستەیەی لە هەولێر هەڵبژاردرا بوون کرد و لیژنە تازەکە خۆی ئامادە کرد بۆ بەستنی کۆنگرەی راپەڕین لە شەقڵاوە کە بریتیبوون لەم زاتانەی خوارەوەك

١-سەعید ناکام- سەرۆکی دەستەی ئامادەکار

٢-کەریم دەشتی- ئەندام

٣-هاشم سەڕاج- ئەندام

٤-نەوزاد رەفعەت- ئەندام

لیژنەکە هەندێ ناکۆکییان لەگەڵ سەعید ناکام هەبوو، بۆیە لەدوای من هاتن و لە هەولێرەوە چووم بۆ شەقڵاوە و مامۆستا (ناکام)م سارد کردەوە کە هەموو کێشەیەکی نووسەران لە کۆنگرەکەدا چارەسەر دەکرێ.

لە رۆژانی ١٥ تا ١٧ی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا، کۆنگرەی حەوتەم کە بە کۆنگرەی راپەڕین ناوبرا لە هۆڵی ئوتێلی سیاحی شەقڵاوە بەستراو هەموو یەکێتی نووسەرانی کورد بەشدارییان تێدا کرد و لە هەموو کێشەیەکی نووسەرانیان کۆڵییەوە و لەدوا دانیشتنی رۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا

دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد هەڵبژێردرا و پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەددین مستەفا رەسوول بە سەرۆکی یەکێتی هەڵبژێردرا.

لەدوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی راپەڕین، لقی هەولێر کەوتە خۆی بۆ بەستنی کۆنفرانسی دامەزراندنەوەی لقەکەیان و هەڵبژاردنی دەستەیەکی تازەی بەڕێوەبردن و وابوو لە رۆژی ١٣/١١/١٩٩١دا لە هۆڵی یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکاراندا بە چاودێری سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد دکتۆر عیزەددین مستەفا و دادوەر و نوێنەری پارێزگا هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر لە کەشوهەوایەکی ئازاددا ئەنجام درا و داوام لێ کرا خۆم بپاڵێوم، کەچی من حەزم کرد نووسەرە لاوەکان بێنە مەیدان و لە ئەنجامدا ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بە ئەندامی دەستەکە دەرچوون و کاروباریان بەم جۆرەی خوارەوە لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد:

١-سەعدوڵلا پەرۆش- سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردن.

٢-موحسین رەشید ئاوارە- جێگری سەرۆك

٣-عەبدوڵلا قادر گۆران- سکرتێری بەڕێوەبردن

٤-کەریم دەشتی- سکرتێری رۆشنبیری

٥-سەلاح عومەر- ژمێریار

٦-ئەبوبەکر خۆشناو- ئەندام

٧-ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی- ئەندام

بەڕێزان ئازاد عەبدولوەهاب جندیانی و رێکار ئەحمەدیش بوون بە ئەندامی یەدەگی دەستەی بەڕێوەبردن. لەبەر کزی باری دارایی یەکێتی نووسەران و هەندێ کێشەی ئالۆزی وەك شەڕی ناوخۆ لە چەند چالاکییەکی ئەدەبی و رۆشنبیری بەدەر، چ جموجوولێکی وایان پێ جێبەجێ نەکراو هەرچۆنێك بێ تا

مانگی ئابی ١٩٩٧ بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێ کردنی کاروباری خۆیان تا لە ڕۆژی ١٩٩٧/٨/٣١دا دەستەی گشتی لقی هەولێر لە هۆڵی ئوتێلی (شیرین پالاس) کۆبوونەوە و من بە سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیکاری کاروباری کۆنفرانسەکە هەڵبژێردرام و بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو کاروباری کۆبوونەوەکەم بەڕێوەبرد و لە سەرەتادا دکتۆر مارف خەزنەدار لە وتارێکیدا باسی لە چۆنییەتی دروستبوونی یەکێتی نووسەرانی کوردی کرد و گەلێك لایەنی شاراوەی لەو رووەوە رون کردەوە، ئینجا دوای پرسیار و وەڵامدانەوەی ئەندامانی دەستەی گشتی و را دەربڕینی هەمەجۆر لە بارەی کاروچالاکییەکانی دەستەی پێشووی بەڕێوەبردنی لق و لەژێر چاودێری دادوەر عەبدولباسیت فەرهادی و عەمید دلێر ئەحمەد ئاکۆی نوێنەری پارێزگای هەولێر هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێی بەڕێوەبردنی لق بە دەنگدانی نهێنی ئەنجام درا و لە سەرجەمی ١٧٤ ئەندامی لقی هەولێر ١٢٤ ئەندام ئامادەی دەنگدان بوون و ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بەپێی زۆری ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێنا، بوون بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر، لەدواییدا لەنێو خۆیاندا کارووباری دەستەکەیان بەم جۆرە دابەش کرد:

١-مەهدی خۆشناو (٨٧ دەنگ) سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردن

٢-کەمال حوسێن غەمبار (٦٢ دەنگ) جێگری سەرۆك

٣-ئەنوەر مەسیفی (٥٣ دەنگ) سکرتێری بەڕێوەبردن.

٤-عەباس عەبدوڵڵا یووسف (٥٦ دەنگ) سکرتێری رۆشنبیری

٥-ئاسۆ حەسەن (٥١ دەنگ) ژمێریار

٦-دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد (٥٢ دەنگ) ئەندام

٧-غازی حەسەن (٦٠ دەنگ) ئەندام.

بەڕێزان (محەمەد باوەکر و فەیسەل دیهاتی)ش بوون بە ئەندامی یەدەگی دەستەی بەڕێوەبەر.

بەم جۆرە دەستەی تازەی بەڕێوەبەری لقی هەولێر هەڵبژێردرا و زوو کەوتەخۆی بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی پتەوی ئەدەبی و رۆشنبیری و توانی زنجیرەیەك کۆڕ و سیمیناری ئەدەبی و رۆشنبیری لە هۆڵی میدیا و لە باغچەکانی کۆشکی نازە و هۆڵی رۆشنبیری و هۆڵی تەندروستی و ئوتێلی هەورامان سەرکەوتووانە پێشکەش بکات، هەروەها سیمینارێکی گەورەی زمانەوانی ساز کرد کە چوار رۆژی خایاند و لە رۆژانی ٢٢ تاکو ١٩٩٨/٩/٢٥ بەسترا و من بەشداریم تێدا کرد و ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆر و شارەزایانی زمانی کوردی لە سەرانسەری کوردستان بەشدارییان تێدا کرد.

ئەوەی بە چاوی هەق و ویژدانەوە سەیری کردەوەکانی ئەم دەستەیە بکات بۆی دەردەکەوێ کە چالاکترین دەستە بووە لە مێژووی یەکێتی نووسەرانی کورددا و جێ پەنجە و دەوری خوالێخۆشبوو مەهدی خۆشناوی پێوە دیاربوو کە شەو و رۆژ لە خەمی نووسەراندا بووە و بەردەوام خزمەتی کردووە، کاتێکیش کە کاك مەهدی خۆشناو لە کارە تیرۆریستییەکەی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ دەستەیەك لە سەرکردە و کادیرانی پارتی و دەستەیەکی تریش لە سەرکردە و کادیرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە مەڵبەندی سێ لەهەمان کاتدا لە یەکی شوباتی ٢٠٠٤دا شەهید کران، مامۆستا کەمال غەمبار لە سەرۆکایەتی دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێر جێی گرتەوە تا بەستنی کۆنفرانسی سێیەمی دوای راپەڕین، ئینجا لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٤دا دەستەی گشتی لقی هەولێر کۆبووەوە و دەستەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنفرانسەکە بە سەرۆکایەتی من و ئەندامیەتی دکتۆرە کوردستان موکریانی و

دکتۆر عەلی مەحموود چوکل و ئەندامێکی تر هەڵبژێردرا و بە جوانی کاروبارەکەمان بەڕێوەبرد و گەلێك وتووێژ بۆ چاککردنی باری یەکێتی نووسەرانی کورد– لقی هەولێر کراو لەدوا ساتدا هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێی لقەکە بە سەرۆکایەتی کاك سەعدوڵڵا پەرۆش هەڵبژێردرا، ئەودەستە نوێیە کەوتە خۆی بۆ خزمەتی ئەدەبی کوردی و بەردەوام بوو لە دەرچوواندنی گۆڤاری (نووسەری نویێ) و من لەو ساوە کرام بە خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە و بێجگە لەم ئەرکە چەند جار کۆڕی ئەدەبیم پێشکەش کردووە.

## من و کۆڕی زانیاری کورد

کۆڕی زانیاری کورد بەپێی بەندێك لە بەندەکانی رێککەوتنە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی رزگاریخوازی کورد و حکوومەتی بەغدا لە ٢٩ی ئابی ساڵی ١٩٧٠دا دامەزرا، بەڵام تا ساڵی ١٩٧١ نەکەوتە چالاکی نواندن، ئینجا دەستەیەك بۆ بەڕێوەبەردنی هەڵبژاردرا و مامۆستا ئیحسان شێرزاد کرا بە سەرۆکی کۆڕ و دەستەیەکی لێهاتووی وەك خوالێخۆشبووان مەسعود محەمەد و شێخ محەمەدی خاڵ و عەلائەددین سەجادی و دکتۆر کەمال مەزهەر و چەند زانایەکی تر بوونە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری و مامۆستا مەسعود محەمەد بە جێگری یەکەمی سەرۆك و شێخ محەمەدی خاڵ بە جێگری دووەمی سەرۆکی کۆڕ هەڵبژێردران و چەند زانایەکی کوردی وەك خوالێخۆشبوو تۆفیق وەهبی بەگ بە ئەندامی فەخری هەڵبژێردران، لەگەڵ دەستەیەك لە ئەندامی یاریدەدەری کۆڕ کە من یەکێك بووم لەو ئەندامانە و بڕوانامەی ئەندامییەتیم پێدرا کە ئەمە دەقەکەیەتی:

باوەڕنامەی ئەندامیەتی

کۆڕی زانیاری کورد

(مامۆستا کەریم شارەزا ئەندامی پاریدەدەری کۆڕی زانیاری کوردە و خاوەنی هەموو مافێکە کە لە یاسا و پێڕەوی ناوخۆی کۆڕدا بۆ ئەندامەکانی دیاری کراوە)

بەغدا ١٩٧٣/٥/١٩

کۆڕی زانیاری کورد

ئیحسان شێرزاد

سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد

منیش بەپێی توانای خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردیم کرد و کتێبێکم بەناوی (پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا) دانا و کۆڕی زانیاری کورد پەسەندی کرد و لە ساڵی ١٩٧٦دا لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری بۆیان چاپ کردم و پاداشتیان پێدام.

بێجگە لەم کتێبەش لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژم بەناوی (ساغکردنەوەی هەندێ گیروگرفتی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی) نووسی و خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعوود محەمەد خەبیری بوو و پەسەندی کرد و لە ژمارە (١١)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری بڵاوکرایەوە و (٦١) لاپەڕەی لە گۆڤارەکە گرتەخۆی.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی رزگاریخوازی کورد لە ساڵی ١٩٧٦ کۆڕی زانیاری کورد، کرا بە (کۆڕی زانیاری عیراق–دەستەی کورد) بەڵام لە چالاکی خۆی نەکەوت.

دوای راپەڕینە مەزنەکەی کورد لە ئاداری ١٩٩١ و دامەزراندنی دەزگاکانی

حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، هـەر لـە پەرلـەمان و ئەنجوومـەنی وەزیـران و دەستەڵاتی دادوەری، چالاکی کۆڕی زانیـاری عـیراق–دەسـتەری کـورد کـز بـوو، بـەڵکو وردە وردە لەکارکـەوت، بۆیـە حکوومـەتی شۆڕشـی کوردسـتان بـیری لـە دامەزرانـدنی کـۆڕێکی نـوێ بـۆ زمـان و زانسـتی کـوردی کـردەوە، وابـو لەسـاڵی ١٩٩٧دا یاسای کۆڕی زانیاری کوردستان دەرچوو و مامۆسـتا شـەفیق قـەزاز کـرا بە سەرۆکی کۆڕەکە لە هـەولێر و لەدواییـدا ناوەکـەی گـۆڕا کـرا بـە (ئـەکادیمیای کورد) و دەستەیەك لە زانایان کران بە ئەندامی کارا و ئەمجارەش من بە ئەنـدامی یاریدەدەری ئەکادیمیای کـوردی هەڵبـژێردرام و چـەند جـار کـرام بـە شـارەزا بـۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبانەی لـە بـواری کولتـووری کوردییـەوە ئـەکادیمیا چـاپی دەکردن و ئێستاش دکتۆر نـووری تاڵـەبانی سـەرۆکی ئەکادیمییەکەیـە و چـالاکی زمانەوانی و زانستی بەپێی توانایی دەنوێنێ.

## من و رۆژنامەنووسی

مـن لـە سـاڵی (١٩٥٢)ەوە بابـەتی ئـەدەبی و پـەروەردەیی و شـیعر و لێکۆڵینەوە لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاودەکەمـەوە، یەکـەم بابەتی ئەدەبیم کـە بڵاوکرابێتـەوە، سـەروتاری یـەکێك لـە ژمارەکـانی رۆژنامـەی (هـەولێر)ی زمانحـاڵی کۆمەڵـەی مامۆسـتایانی لقـی هـەولێر بـوو، دوای ئـەوە زنجیرەیـەکم لـە شـیعری وەسـف و فێرکـردن بڵاوکـردەوە و خـۆم بـە خوێنـەر و ئەدەب دۆستان ناساندا.

ئینجا دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی شیعر لە رۆژنامەی (ژین) لە سلێمانی کە ئەوسا مامۆستای نەمر (گۆران)ی شاعیری گەورەی کورد سەرپەرشتی دەکرد.

یـەکێك لـە هۆنراوەکـانم بـە ناونیشـانی (بچـم یـا نەچـم)بوو، هەوڵـدانێکی

سەرەتاییم بوو بۆ هۆنینەوەی شیعری نوێ.

کاتێکیش کە رۆژنامەنووس و چاپگەری نەمری کورد گیوی موکریانی گۆڤاری (هەتاو)ی لە ١٩٥٤/٥/١٥دا لەشاری هەولێر دەرچوواند، من لەسالّی (١٩٥٦)ەوە شیعر و نووسینی ئەدەبیم تێدا بلاو کردەوە لەوانە هۆنراوەی (سپێدە) و (ئەیی نیشتمانی پیرۆزم) و هۆنراوەی دیکە بوون(*).

کە یانەی (سەرکەوتن)یش لە بەغدا گۆڤارێکی ئەدەبی و رۆشنبیری بەناوی (هیوا) لەسالّی ١٩٥٧دا بلاوکردەوە، من چەند شیعر و لێکۆلّینەوەی ئەدەبیم تێدا بلاوکردەوە و خۆم بە رەخنەگرانی ئەدەبی کوردی ناساند و لەسەر شاعیریەتی (حاجی مەلا عەبدوللاّی جەلیزادە) و پوختەیەك لە پرۆژەی نووسینی (کۆیە و شاعیرانی)م نووسی. کاتێکیش گۆڤاری (شەفەق) لە ١٩٥٨/١/١٥دا لەشاری کەرکوك بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچوو، چەند شیعرێکم تێدا بلاوکردەوە و هەر لەو سەردەمەشدا گۆڤاری (پێشکەوتن) لەلایەن رۆژنامەنووسی کورد محەمەد بریفکانی-یەوە لە بەغدا دەرچوو، شیعر و لێکۆلّینەوەی ئەدەبیم تێدا بلاوکردەوە کە یەکێك لە هۆنراوەکانم بەناوی (شەو) بوو، لەگەلّ لێکۆلّینەوەیەکی ئەدەبی لەسەر شیعر و شاعیرییەتی (کەیفی جوانڕۆیی).

## من و رۆژنامەنووسی لەدوای رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا

لەدوای رێککەوتننامە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، ئاسۆیەکی فراوان لەبەردەم نووسەرانی کورد کرایەوە و لە هەولێر (گۆڤاری هەولێر) لەلایەن

(*) هەر مامۆستا گیوموکریانی ناز ناوی (شارەزا)ی پێشنیاز کردو یەکسەر باوکمان پەسەندی کرد، چەندین جار بەنووسین وگوتار ئەو راستیەی باس کردووە. (ك.ك. شارەزا)

شارەوانی دەرچوو و گەلێ بابەتم تێدا بڵاوکردەوە و ڕۆژنامەی هاوکاری کە هەفتانە بوو لەگەڵ گۆڤارەکانی (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ)یش لەبەغدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەرچوون و گەلێك بابەتی ئەدەبی و (شیعری نوێ)م تێدا بڵاوکردنەوە لەهەمان کاتیشدا هەفتەنامەی (برایەتی) وەك پاشکۆی ڕۆژنامەی (التآخي)ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرچوو، چەند بابەتێکی ئەدەبی و یەك دوو هۆنراوەی سیاسیم تێدا بڵاوکردەوە، لەهەمان کاتیشدا لە ڕۆژنامەی (التآخي)ی بابەتی ئەدەبی و مێژووییم بڵاو دەکردەوە و لە گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری)شدا بەرهەمم بڵاوکردووەتەوە کە خوالێخۆشبوو (د. مارف خەزنەدار) دەری دەچوواندا. لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردیش لە ١٩٧٠/٢/١٠ و بەستنی کۆنگرەی یەکەمی لە ڕۆژانی ٢٣ و ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٠ بۆ بەهاری ١٩٧١ گۆڤاری (نووسەری کورد) وەك ئۆرگانی یەکێتی نووسەرانی کورد دەرچوو، من چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیم بە ناونیشانی (تارمایی شاعیریەتی حاجی قادری کۆیی لەسەر شیعرەکانی مەلا محەمەدی کۆیی)ی ناسراو بە (مەلای گەورە) هەروەها بابەتێکی ئەدەبی دیکەشم بەناونیشانی (ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا) بڵاوکردەوە.

بێجگە لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەش، بابەتم لە هەفتەنامەی (بیری نوێ) کە حزبی شیوعی عێراق دەری دەکرد، پەیتا پەیتا بڵاو دەکردەوە و بابەتیشم بە زمانی عەرەبی بۆ گۆڤارەکانی (الثقافة) و (الثقافة الجديدة) دەنارد و بڵاو دەکرانەوە، دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستان من ماوەیەك لە نووسین وەستام و چاوەڕوانی ڕووناکییەکی ئازادیم دەکرد تاکو بتوانم بیروڕای وەك خۆم مەبەستمە دەرببڕم.

## بەشداری کردنم لە ناشتنی تەرمی زانای کورد تۆفیق وەهبی بەگ

زانای زمانزانی کورد تۆفیق وەهبی بەگ لە رۆژی ١٩٨٤/١/٥دا لەشاری لەندەن کە چەند ساڵ بوو لەو تاراوگەیەدا دەژیا کۆچی دوایی کرد و لەسەر راسپاردەی خۆی تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ سلێمانی تاکو لەچیای پیرەمەگروون لە تەنیشت گۆڕی پیاوچاك پیرەمەگروون بنێژرێ. دوای چەند رۆژ بڕیار بوو تەرمەکەی بگاتە سلێمانی، ئێمەش بەناوی یەکێتی نووسەرانی کورد شاندێکمان رێك خست لە من و مومتاز حەیدەری و برایان محەمەد ئەمین پێنجوینی و سامی شۆڕش و سەعدوڵڵا پەرۆش و بەرەبەیانییەکی زوو لە هەولێرەوە بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتین، بە رێوڕەسمی بردنی تەرمەکەی بۆ پیرەمەگروون راگەیشتین کە لەسەر ئاوازی مۆسیقای سوپا تەرمەکەی بەرەو مەزارگەکەی خۆی بەڕێ کراو شاندی ئێمەش لەدوای رۆیشتن، تا گەیشتینە قەد پاڵی پیرەمەگروون و لەوکاتەدا رێزدار مام جەلال و شاندێکی باڵای چەکداری گەیشتە سەر گۆڕەکە و لەدوای ناشتنی تەرمەکەی، مام جەلال وتارێکی پتەوی پێشکەش بەگیانی پاکی خوالێخۆشبوو کرد و نوێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد–لقی سلێمانی و چەند کەسێکی تر شیعر و وتاریان ئاراستەی مام جەلال دەکرد و بەدەنگێکی زوڵاڵ دەیانخوێندەوە و لە زانایی ئەو زاتە مەزنە دەدوان، منیش وتارێکم بەو ناوەی جارێ هەر سەرۆکی یەکێتی نووسەران–لقی هەولێر بووم، ئامادە کردبوو، چونکە دەبوایە لە سەررەتادا روو لە مام جەلال بکەم و پێشکەشی بکەم، بۆیە نەمخوێندەوە و گوتم: ئێوە وتار و شیعری خۆتان پێشکەش کرد و ئێمەی پێناوێ، چونکە لەوە دەترسام پیاوانی ئاسایشی بەعس ناوم بدەن کە وتارم

ئاراستەی مام جەلال کردووە، لەم دەمەی کە حکوومەتی بەغدا ساردبووەوە لە ڕێککەوتن لەگەڵ مام جەلالدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کە ڕێوڕەسمی ناشتنەکە تەواو بوو، کاک محەمەد ئەمین پێنجوێنی لە ماڵی براکەی خۆی میوانداری کردین و بەشەو لەوێ ماینەوە، چونکە گوتی ئەگەر لە ئوتێل بخەون ناوتان دەچێ بۆ فەرمانگەی ئەمنە سوورەکە.

کاتێك گەیشتینە هەولێر، پێش هەموو کەسێك یەکێك لە نووسەران کە ببووە هەواڵگری ئاسایشی بەعس، گوتی: مامۆستا شارەزا چاکت کرد وتارەکەت لە پیرەمەگروون بەرانبەر مام جەلال نەخوێندەوە، چونکە ئێستاکە حکوومەت هەڵوێستی نەرێنییە بەرانبەر ئەو زاتە و حزبەکەی، دەنا تووشی کێشە دەبووی!!

بۆ ڕۆژی چلەی ماتەمینی ئەو زانایەش چووم بۆ سلێمانی، من بەناوی یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر و مومتاز حەیدەری بەناوی بنەماڵەی تێکۆشەری خۆیان سەرو وتارێکی شیاو بە پلەوپایەی تۆفیق وەهبی بەگمان خوێندەوە.

## نامەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ حزبی شیوعی عیراق

ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٨٤ چەند برادەرێکی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بریتی بوون لە هاوڕێیان سامی شۆڕش و سەعدوڵلا پەرۆش و جەوهەر کرمانج لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلا ئاگریندا لە ڕووناکی لە شاری هەولێر هاتنە ماڵمان و گوتیان تۆ خۆشەویستی لای حزبی شیوعی، نامەیەکمان پێیە بۆ جەماعەتی حزبی شیوعی کە بنکەکەیان لە ناوچەی بارزانە، بەڵکو بۆمان ببەی

بۆ لایان، ناوەرۆکی نامەکەش داوای ئاشتبوونەوە بوو لەنێوان هەردوو لایان، ئەمە دوای شەڕەکەی (پشت ئاشان) بوو، هەرچەندی گوتییان نامەت لە لیژنەی هەماهەنگی نێوان ئێمە و حکوومەت بۆ دێنین کە لە هیچ بازگەیەك ڕێت لێ ناگرن، منیش لەوەڵامدا پێم گوتم: (بمبورن من هیچ پێوەندییەکم بە حزبی شیوعییەوە نەماوە و خانەنشینێکی بێ دەسەڵاتم) لە ئەنجامدا شاندەکە یەکێکی تریان قایل کرد تاکو ئەو کارە بکات، چونکە حزبی بەعس لە بەڵێنەکەی دابووی بە مام جەلال کە هەموو مافێکی نەتەوەیی کورد بسەلمێنێ، بەو ناوەی لایەنی تر ماون لە شاخ دەیانگوت: تا هەموویان نەبنەوە یەك دەنگ، ناتوانین مافی نەتەوەی کورد بدەینە لایەنێك و لایەنەکانی تر قەبووڵی نەکەن.

## ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیم لە گۆڤاری کارواندا

گۆڤاری کاروان، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بوو، مانگانە بەرێکوپێکی دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیازی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستان بوو، بەزمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو، سەرنوسەرەکەی محەمەد ئەمین محەمەد ئەحمەدی ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان بوو، جێگری سەرنووسەر (حوسێن عارف)ی ئەدیبی گەورەی کورد بوو، هەرچەندە ئەمین عام سەرنووسەر بو، کەچی هەموو کاروبارێکی سەرنوسەری لەئەستۆی کاکە حوسێن عارفدا بوو، گۆڤارەکەدەستەیەکی نووسەرانی بۆ دانرابوو کە بریتی بوون لەم زاتانەی خوارەوە:

د. شوکریە ڕەسوڵ، حوسێن ڕەشوانی، زوبێر بیلال ئیسماعیل، جەلال مەدحەت خۆشناو، ناسر یووسف، فەیسەڵ مستەفا حاجی.

سکرتێری نووسینیش خوالێخۆشبوو سەردار میران بوو، یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ دەرچوو، من لە ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەوە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبین بڵاوکردەوە کە بەناونیشانی (زێوەری شاعیری کورد لەنێوان سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیدا) و ئەم بابەتەم دەنگی دایەوە و دوای ئەوەش پەیتا پەیتا بابەتی ئەدەبی لە شیعر و لێکۆڵینەوەم بڵاو دەکردەوە و دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەکی گۆڤارەکە منیش بە مانگانەی ١٠٠ دینار کرام بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی، بێجگە لە بابەتی خۆم ئەو بابەتانەی دەهاتن بۆ بڵاوکردنەوە، بەشداریم لە هەڵسەنگاندن و پەسەندکردن و پەسەند نەکردنیان دەکرد.

بێجگە لە بابەتی ئەدەبی بە زمانی کوردی، بابەتی دیکەشم بەزمانی عەرەبی دەنووسی لەوانە (الادب المقارن التطبيقي بين الادبين العربي والكوردي)، ئەم بابەتەم لە کتێبێکی کارواندا بەناوی (مختارات من الادب الكوردى) وەك بابەتێکی هەڵبژاردە بڵاوکرایەوە کە لەلایەن حوسێن عارفەوە ئامادە کرابوو.

من ماوەیەك لە دەستەی نووسەرانی کاروان دوور خرامەوە، چونکە دوا سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد–لقی هەولێر بووم و نەچوومە ناو (یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عیراق) کە هەندێ لە نووسەرانی دیکەی هەولێر ببونە ئەندام تێیدا، بەڵام پاش ماوەیەك پێویستییان پێم بو، بۆیە منیان بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەیان گەڕاندەوە.

## سیمینارێکی تایبەت بەبیری سەدام حوسێن لەبارەی گەلی کوردەوە

ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی کوردستان سیمینارێکی تایبەت بە بیری سەدام حوسێن لەبارەی گەلی کوردەوە لە رۆژانی ١٢-١٣ی ئاداری ١٩٨٨دا بە چاودێری سیروان جاف سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی کوردستان بەڕێوەچوو. داوا لە ئێمەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کاروان کرا لێکۆڵینەوەی شیاو بەو بابەتە بنووسین، کەچی ئێمە لە سەرووی هەمووشمانەوە حوسێن عارف گوتمان ئێمە ناتوانین بابەتی سیاسی بنووسین، تەنیا توانای نوسینی بابەتی ئەدەبیمان هەیە، کەچی دەستەیەك لە نووسەران و خاوەن بڕوانامەی بەرز بەشدارییان لە نوسینی بابەتەکان کرد و بەرنامەی سیمینارەکە بەم جۆرە بەڕێوەچووك

١-کردنەوەی سیمینارەکە لە کاتژمێر ١٠ی پێش نیوەڕۆی رۆژی ١٢ی ئادار بوو، لە دانیشتنی یەکەمدا د. خەسرەو شالی سەرۆکی ئەوسای زانکۆی سەلاحەددین و عەبدوللا عەبباس سەرو لێکۆڵینەوەیەکی سیاسییان بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد، سەرۆکی دانیشتنەکە د. محەمەد شەریف ئیمام و بڕیاردەریش عەبدولکەریم فندی بوو.

٢-دانیشتنی دووەمیش لە کاتژمێر پێنجی ئێوارەی هەمان رۆژی ١٢ی ئادار بوو، مامۆستای نەمر شاکر فەتاح و عەبدولوەهاب تاڵەبانی باسەکانی خۆیان پێشکەش کرد. ئەوەی جێی سەرنج راکێشان بوو، مامۆستا شاکر فەتاح وتی: هەرچەندە سەرۆك سەدام کاری باشی بۆ کورد کردووە، بەلام تاکو کارەکەی باشتر جێ بگرێ، با گفتوگۆ لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی کورد بکات و بزانێ چییان دەوێ تا کێشەی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێت! لێرەدا (ئیبراهیم زەنگەنە)ی

پارێزگاری ئەوسای هەولێر گوتی: بێ دەنگ بە ئەوانە تێکدەر و گێرەشێوێنن نابێ گوێیان پێ بدرێ، لە وەڵامدا مامۆستا شاکر فەتاح فەرمووی ئێوە دەتانەوێ گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکەن و پێیان دەڵێن (فورسی مەجووس) ئەی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ رۆڵەی خۆتان ناکەن کە هەموویان عیراقین و کێشەکە بە ئاشتییانە چارەسەر بکەن؟

لێرەدا ئیبراهیم زەنگەنە گوتی: (دەبێ ئەم باسە لە مەحزەری سیمینارەکە لابرێ) وتە بە نرخەکەی مامۆستای نەمر شاکر فەتاح لە هەموو کوردستان دەنگی دایەوە.

لە دانیشتنی سێیەمی سیمینارەکەدا کە سەرلەبەیانی رۆژی ١٩٨٨/٣/١٣ دابوو مامۆستایان: محەمەد جەمیل رۆژبەیانی و حوسێن رەشوانی و تیلی ئەمین سەرو لێکۆڵینەوەیەکی سیاسییان لە بارەی بیری سەدام حوسێن بەرانبەر بە کورد پێشکەش کرد، سەرۆکی دانیشتنەکە د. ئیحسان فوئاد و بڕیاردەریش د. نافع ئاکرەیی بوو.

لە دانیشتنی چوارەمیشدا کە لە کاتژمێر ٤ی ئێوارەی هەمان رۆژی ١٩٨٨/٣/١٣دا مامۆستایان عەبدولسەتار تاهیر شەریف و موحسین بەرزنجی و ساجید ئاوارە لێکۆڵینەوەی خۆیان پێشکەش کرد و سەرۆکی دانیشتنەکە د. بەدرخان سندی و بڕیاردەریش خالید حوسێن بوو.

بەم جۆرە سیمینارەکە کۆتایی پێهات و ئێمەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کاروان بە کاك حوسێن عارفەوە بانگهێشت کرابووین بۆ سیمینارەکە و دەبوایە ئامادەبین دەنا لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکرا، ئێمەش بڕیارماندا بچین لە سیمینارەکە ئامادەبین، بەڵام نە پرسیارێك بکەین و نە پرسیارمان لێ بکرێ. هەواڵی باسەکەی مامۆستا شاکر فەتاح تا دەهات پتر دەنگی دەدایەوە و بە

دەیان راپۆرتی خراپی لەسەر نووسرا، وابوو دوای چەند رۆژێك لە سلێمانی گرتیان و بردیان بۆ بەغدا و داوایان لێ کرد لەو قسەیەی لە سیمینارەکەی هەولێر کردبووی، پەشیمان بێتەوە،کەچی ئەو هەر سوور بوو لەسەر راو بۆچوونەکەی خۆی و حاشای لێ نەکرد، بۆیە رژێمی بەعس بە نهێنی گوللەبارانی کرد و تەرمەکەشی نەدایەوە کەسووکارەکەی، کەچی ناوبانگی مەردایەتی و دڵسۆزی بۆ پرسی کورد لە مێژووی هاوچەرخی کورددا تۆمار کرا، هەرچەندە بە جەستە نەما، بەڵام گیانی پاکی بە نەمری لەنێوماندا مایەوە.

دوای تەواوبوونی سیمینارەکە سیروان جاف رق و کینەی بەرانبەر حوسێن عارف جۆشی سەند و بڕیاریدا لە بەرپرسیەتی گۆڤاری (کاروان)ی لابدات و حوسێن رەشوانی لە شوێنی دابنێ، چونکە بەشداری لە سیمینارەکە کردبوو، (حوسێن عارف)یش رەتی کردبووەوە. لەهەمان کاتیشدا محەمەد ئەمین محەمەد ئەحمەدی رێکخەری سیمینارەکە لە پایەی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان لادرا و حیکمەتی حاجی سەلیم کە بەعسییەکی گەورە بوو، کرا بە ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان و بەرپرسی یەکەمی گۆڤاری (کاروان) و ئاستی ئەدەبی و رۆشنبیری گۆڤارەکە بەرەو کزی رۆیشتو زۆری پێ نەچوو من و هۆمەری دزەیی و محەمەد ئەمین پێنجوێنی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەی کاروان لادراین و ئاستی گۆڤارەکەش پتر بەرەو بابەتی سیاسی و هەواڵی قادسیەی سەدام چوو.

## بەشداری کردنم لە سیمیناری چوارەمی فۆلکلۆر لەشاری بەغدا

بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری میللی لـە بەغدا بـەهاوکاری لیژنـەی فۆلکلـۆری کـوردی سـەر بـە ئەمینـداریێتی رۆشـنبیری ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی کوردسـتان، سیمینارێکی فراوانیان لە بەغدای پایتەخت سازدا، هەرچەندە تەرخان کرابـوو بـۆ کەلەپووری (بەسرا) بەلام رۆژێکیان بۆ فۆلکلۆری کوردی تەرخان کرد و ئەم سـێ نووسەرەری کورد بەشداریمان لە پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆریدا کرد:

١–د. نافیغ ئاکرەیی بە بابەتێك بەناونیشانی (تنـاص الصـورة الشـعرية بـين نصوص فرعونية والاغنية الفولكلورية الكوردية).

٢–کەریم شارەزا: بە بابەتێك بەناونیشانی (حكاية الحيوان الشـارحة في الادب الفولكلوري الكوردي).

٣–خـاتوو سـەرفیراز نەقشـبەندی بـە بابـەتێك بەناونیشـانی (سمـات المـرأة الكوردية في التراث الادبي الشعبي).

هەرسێ بابەتەکە لەلایـەن ئامادەبووانـەوە وتووێـژیان لەسـەر کـراو لەلایـەن فۆلکلـۆر دۆسـتانەوە پەسـەندکران و لەدواییـدا هەرسـێ لێکۆڵینەوەکـە لـە ئامادەکردنی بـەڕێزان: مـەولوود قـادر بێخـاڵی و تـاریق جامبـاز و عـەزیز رەشـید حـەریری لەسـەر کیسـەی ئەمینـداریێتی گشـتی رۆشـنبیری و لاوانـی ناوچـەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی، لەبەرگێکی رەنگاوڕەنگی ١٢٠ لاپەڕەیی چاپ کـرا و وەك چاپکراوەکانی گۆڤاری کاروان پەخش کرا.

# ڕاپەڕینە مێژووییەکەی جەماوەری کوردستان لە بەهاری ١٩٩١دا

دوای ڕووخـانی سوپای بـەعس لـە شـەڕی کوێت لـە دوا ڕۆژەکـانی مـانگی شـوباتی ١٩٩١دا بەرانبـەر بـە سـوپای ئـەمریکا و هاوپەیمانـەکانی، جـەماوەری خوارووی عێراق ڕاپەڕین و دامودەزگای بەعسی فاشییان تـەفروتونا کـرد. زۆری پێنەچوو لە کوردستانی خۆشماندا لـە ڕۆژی (٥)ی ئـاداری ١٩٩١دا، جـەماوەری ڕانیـەی دەروازەی ڕاپـەڕین بـە ڕووی حـوکمی بەعسـی فاشـی ڕاپـەڕین و لـە ماوەیـەکی کەمـدا شـارەکەی خۆیـان لـە دامودەزگـای بەعسی داپڵۆسـێنەر پـاك کردەوە و ئەم هەواڵە دڵخۆشکەرە بە هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاوبووەوە و بـۆ ڕۆژی ٦ی ئـادار جـەماوەری حاجیـاوەی سـەر بـە ڕانیـە و سەروچـاوە و تـەیناڵ ڕاپەڕین و ناوچەکانی خۆیان لە هێزەکانی ڕژێمی بەعس پـاك کـردەوەو بـۆ ڕۆژی ٧ی ئـادار جـەماوەی شۆڕشـگێڕی شـاری سـلێمانی ڕاپـەڕی و پیـاوانی ڕژێمـی فاشـییان لـە ئەمنـە سـوورەکە لـەناوبرد و سـوپای داپڵۆسـێنەری ڕژێـم لـە ئۆردوگاکەی ڕای کردو شارەکە و دەوروبەرەکەی بە تەواوی ئازاد بوون و زۆربەی پیاوانی ڕژێم بەسزایی عادیلانەی خۆیان گەیشتن.

بۆ ڕۆژی ٨ی ئادار جـەماوەی هەڵەبجـەی شـەهید و چەمچـەماڵ و زەڕایـن و نەسر و باریکە و سموود ڕاپەڕین لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا ناوچـەکانی خۆیـان لە پیاوانی ڕژێمی فاشی پاك کـردەوە. بـۆ ڕۆژی ٩ی ئـادار جـەماوەی شـارەکانی کۆیە و شەقڵاوە و دەربەندیخان و کەلار ڕاپەڕین و بـۆ ١٠ی ئـاداریش جـەماوەری کفری و قەرەهەنجیر و حاجی ئۆمەران و مێرگەسۆر و ڕەواندوز و دیانا و خـەلیفان

و هەریر و باسرمە راپەڕین، هێزەکانی رژێمی داپلۆسێنەری بەعسیان لەناوچەکانی خۆیاندا وەدەرنا.

لە بەرەبەیانی رۆژی ١١ی ئاداریش جەماوەری شاری هەولێری هۆلاکۆ بەزێن راپەڕین و دەستەیەکیان لە پیاوە تاوانکارەکانی رژێم لەناوبرد و دەستیان بەسەر ئۆردوگای فەیلەقی (٥) داگرت، پاشان دەستیان بەسەر هەموو چەکە قورسەکانی فەیلەق داگرت.

بۆ رۆژی ١٢ی ئاداریش جەماوەری شاری ئاکرێ و دەوروبەری لە دژی رژێم راپەڕین و ناوچەکانی خۆیان ئازاد کرد و بۆ شەوی ١٢ لەسەر ١٣ش شاری خانەقین و باوەنوور و پردێ لە پیاوانی رژێمی فاشی پاك کرانەوە.

لە رۆژی ١٣ی ئاداریش مەخموور و بەردەرەش و لەوسەریش زاخۆ ئازاد کران و لە ١٤ی ئاداریش شارەکانی دهۆك و ئامێدی و هاوینەهەواری سەرسەنگ ئازاد کران.

لە رۆژی ١٦ی ئادار، ناوچەکانی قەرەچووخ و سەرشاخ ئازاد کران بۆ رۆژی ١٩ی ئادار هێزێکی زۆری پێشمەرگەی کوردستان لە قۆڵەکانی سلێمانی و هەولێر و کۆیە بەرەو شاری کەرکووك چوون بەنیەتیی ئازادکردنی و وابوو لە سەرلەبەیانی ٢٠ی ئاداری ١٩٩١دا شاری کەرکووکی جەرگی کوردستانیش بە زەبری هێزی پێشمەرگە و جەماوەری شۆڕشگێڕی شارەکە ئازاد کراو دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بڕیاردرا رۆژی ٥ی ئاداری هەموو ساڵێك دەستپێکی راپەڕین بێ، راپەڕینە مێژووییەکەی کوردستان و رۆژی ٢٠ی ئاداریش رۆژی سەرکەوتنی راپەڕینەکە بێت.

## من و ڕۆژنامەنووسیی پاش ڕاپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١

هەرچەندە لە کۆتایی مانگی ئاداری ١٩٩١دا ڕژێمی بەعس دەستی بە داگیرکردنەوەی زۆربەی خاکی ئازادکراوی کوردستان کردەوە، تاکو لە (کۆڕێ)ی نێوانی مەسیف سەلاحەددین و شەقلاوە دەبابەکانی تێك شکێنران و سوپای دوژمن نەیتوانی زیاتر بچێتە پێش و لە شەقلاوە لەولاوە بەرەو ڕۆژهەلات بە ئازادی مایەوە، تاکو ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەولەتی ناوچەی دژە فڕینی فڕۆکەی عیراقی دامەزراند تا هێزەکانی ئەمریکا گوشار بخەنە سەر ڕژێم، بەس تاکو ئیدارەی خۆی لە کوردستانی باشوور بەتایبەتی لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی و گەرمیان بکێشێتەوە، وابوو لە ٢٣ی مانگی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەی ١٩٩١دا دەستەلاتی بەعس لەو ناوچانە نەماو میللەتی کورد هەناسەیەکی ئازادی هەڵکێشا.

من لەگەڵ دەرچوونی (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ)ی ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٩٢/١/١٢دا لە شاری هەولێر وەك نووسەری ئەدەبی بە مووچەیەکی ڕەمزی دامەزرام، ئەوکات ڕێزدار ئەرسەلان بایز سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بوو، هەر جارە بابەتێکی ئەدەبی، یان ڕۆشنبیریم بلاودەکردەوە و گەلێك ڕۆژنامەنووسی بەهرەداری وەك برایان: مومتاز حەیدەری و نەژادی عەزیز سورمێ و سەعدوڵلا پەرۆش و عەبدولغەمی عەلی یەحیا و جەوهەر کرمانج و عەبدوڵلا سەراج و حەمەکەریم هەورامی و ئازاد جندیانی کاریان لە نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە دەکرد و سەردەمێکیش لە کاری سەرنووسەری جەنابی فەرەیدوون عەبدولقادر جێی کاك ئەرسەلانی گرتەوە، من تاکو پاییزی ساڵی ١٩٩٣ کارم لەو ڕۆژنانەیەدا کرد و دوای ئەو مێژووە و

دەرچوونی (رۆژنامەی برایەتی) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەب کارم لەو رۆژنامەیەدا کرد، سەرنووسەری رۆژنامەکە فەرهاد عەونی بوو، جێگرەکەشی دەمێك ئەسعەد عەدۆ و دەمێکیش ئاسۆ کەریم بوو، دوای فەرهاد عەونی نەژاد عەزیز سورمێ بووە سەرنووسەر و خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی بووە جێگری سەرنووسەری رۆژنامەکە و هەوڵێکی زۆریدا لاپەڕەی ئەدەب بکات بە پاشکۆیەکی هەفتانە تاکو سەربەخۆ دەربچێت و دەستەی نووسەرانی بەم جۆرە بوو:

١-کەریم شارەزا

٢-ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

٣-جەلیل کاکەوەیس

٤-عەباس عەبدوڵڵا یوسف

٥-ئازاد سوبحی، چونکە پاشکۆکە بەناوی (ئەدەب و هونەر) بوو، هەروەها تاریق کارێزی و وشیار ئەحمەد ئەسوەد بوونە نووسەری بەشی هونەری لە هەفتەنامەکەدا و بۆ کاروبار بەڕێوەبردنیش خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی بووە سەرنووسەر و منیش بە دەمڕاستی دەستەری نووسەران هەڵبژێردرام و ئەم پاشکۆیە خزمەتێکی زۆری ئەدەب و هونەری کوردی کرد.

میوانێکی ئازیزی ئەدەب و هونەر

رۆژێکیان میوانێکی ئازیزمان هاتە سەردانی دەستەی نووسەرانی پاشکۆکە و ئەویش پرۆفیسۆر دکتۆر جەلیلی جەلیل بوو، کە کوردێکی ئەرمینیانشین بوو، دەستەی نووسەران لە ژووری خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی لەگەڵیدا کۆبوونەوە و گەلێك وێنەمان لەگەڵدا گرت.

یەك یەك ناوی خۆمان پێدا و ئەویش گوتی لەناو هەمووتان (ئەز تەنیا کەریم

شارەزا ناس دکەم) واتە (من تەنیا کەریم شارەزا دەناسم) هـۆی ئـەو ناسینەشـم بۆ ساڵی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە کە کتێبی (کۆیە و شاعیران)م چاك كـرد و دانەیـەکم بۆ خوالێخۆشبوو مارف خەزنەدار نارد بۆ لینینگراد کە جارێ خوێندکاری دکتـۆرا بوو لەو شارەدا و لەبەردەستی پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆییف بـوو، کـە کتێبەکـەم گەیشتە دەسـتی، بەنامـە ئاگـاداری کردمـەوە کـە سـەرو دانەیـەك بـۆ پرۆفیسـۆر قەناتی کوردۆییف و خوێندکاری دکتۆرا جـەلیلی جـەلیل بـەدیارری و بـە پۆسـتە بنێرم بۆ لینینگراد، کە دیارییەکەم گەیشتە دەستیان، سوپاسنامەیان بۆ ناردم و کوردۆییـف کتێبێکـی خۆیشـی بـەدیاری بـۆ نـاردم، لـەوەوە پرۆفیسـۆر جـەلیلی جەلیل منی دەناسی.

هەتا کە فەرهاد عەونی و نەژاد عەزیز سورمێ سەرنوسـەری برایـەتی بـوون، رێـزم لێـدەگیرا بـەڵام کاتێـك عەبدولسـەلام بـەرواری بـووە سەرنووسـەر، هەسـتم دەکرد ئەو رێزەم نەما و پاشکۆ هەفتانەکەی (ئەدەب و هونەر)ی نەهێشت، بۆیـە منیش لە پایزی ٢٠٠٢دا وازم لە کارکردن لە برایەتی هێنا.

من و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

کاتێـك سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان لـە ٧ی تـەمووزی ١٩٩٨دا دامەزرا، من بووم بە ئەندام لـەو سـەندیکا پیشـەییە، شـەڕی براکـوژی، بەسـتنی کـۆنگرەی دامەزرانـدنی دواخسـت تـاکو لـە رۆژانـی ٢٩–٣١ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٩٨دا لە هۆڵی میدیا لەشاری هەولێر بەسترا، من بەناوی بـە تەمـەنترین ئەنـدام بووم لـە سـەندیکاکە، بـە سـەرۆکی دەسـتەی بەڕێوەبـەری کاروبـاری کۆنگرەکـە هەڵبژێردرام، منیش داوام لە دەستەی بەڕێوەبردنی سەندیکا کـرد هەڵوەشـێتەوە تـاکو لـە دوادانیشـتنی کۆنگرەکـە نـەقیب و دەسـتەیەکی نـوێی بـەڕێوەبردنی سەندیکا هەڵدەبژێردرێ، دوای ئەم کارەم، کۆنگرەکە کەوتـە سـەر وتووێـژ کـردن

لەســە بەنــدەکانی پــەیڕەوی نــاوخۆی ســەندیکا و کاروبــاری تــری و لــە ڕۆژی ١٩٩٨/١٢/٣١دا، دەســتەیەکی تــازەی بــەڕێوەبردنی ســەندیکاکە هەڵبــژێردرا و فەرهاد عــەونی بــووە نــەقیب و ئــەو زاتــە بــووە یەکــەمین نــەقیبی هەڵبــژێردراوی ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردســتان و لــە کۆنگرەی دووەمــیش دووبــارە بــە نەقیب هەڵبژێردرایەوە دوای ئەوە لە کۆنگرەی سێیەمدا خۆی نەپاڵاوتەوە، بەڕێز ئازاد حەمەدەمین لە جێی ئەو بووە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و هــەروا بەردەوامە لەسەر کارو ئەرکەکەی خۆی.

## کارکردنم لە ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان وەك وەرگێڕ

لــە پــایزی ســاڵی ١٩٩٢دا جــەنابی شــێرکۆ بێکــەس کــە ئەوســا وەزیــری ڕۆشنبیری و لاوان بوو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە ســەردەمی کابینــەی دکتۆر فوئاد مەعسوومدا، من و مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی پاڵاوت بۆ ئــەوەی ببینە وەرگێڕ لە (عەرەبییەوە بۆ کــوردی و بــە پێچــەوانەوەش) لــە ئەنجوومــەنی وەزیران، ســەرۆك وەزیــران بڕیــاری دابــوو هــەر فــەرمانێکی وەزارەتــی ئەگــەر بــە کوردییــەکی ڕوون و ڕەوان نەنووســرێ، واژۆی ناکــات، ئێمــەش ســەردانی دکتــۆر فوئادمان کرد و فەرمانی دامەزراندنمان بۆ ئەوکارە دەرچوو و زۆر بــە دڵســۆزی و وردبــینی ئــەو کارمــان گرتــە ئەســتۆ و دکتــۆریش لێمــان ڕازی بــوو و کــە لــە ١٩٩٣/٤/٢٥یشدا ڕێزدار کۆسرەت ڕەسول عەلی لــە ســەرۆکایەتی وەزیــرات جێــی گرتەوە و ئێمەش لەسەر کارەکەمان بەردەوام بووین.

ڕۆژێکیان کاك فەرهاد عەونی هاتە ئەنجوومەنی وەزیران و پێــی گــوتم: (کــاك جەوهەر نامیق سالم)ی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان یــەکێکی پێویســتە بچێتە

پەرلـەمان و کـوردیزان و عـەرەبیزان بـێ تـاکو پرۆتۆکۆلـەکانی دانیشـتنەکانی پەرلەمانتاران پوختە بکات و هەڵەبڕیان بکات تا بە زنجیرە چاپ بکرێن، منـیش بۆ ئەو کارە تۆم دەستنیشان کردووە و تێت رادەبینم کە ئـەو کـارەت بـە چـاکی پێ بکرێ، با بچین بۆ لای کاك جەوهەر تاکو بەچاکی لە کارەکەت بگەیت، منیش لەگەڵی چووم و ئەو زاتە قەدر زانە بە گەرمی پێشـوازی لـێ کـردم و پێـی گـوتم: (دەمانـەوێ پرۆتۆکۆلـەکانی پەرلـەمان بـەبێ هەڵـە چـاپ بکـەین) منـیش گـوتم: جەناب پرۆتۆکۆلێکم پێ بدەن تاکو لەماڵەوە رێکی بخەم و بـۆ سـبەی پێشـکەش بە جەنابتان بکـەم تـاکو بـزانم راتـان لێیـە، یـان نـا. منـیش پرۆتۆکـۆلی یەکـەمم وەرگـرت و بـردم لـە ماڵـەوە هەڵـەبڕیم کـرد و لـە هەنـدێ شـوێنیش بـە جـوانی دامڕشتەوە. بۆ سبەی بردمەوە لای کە خوێندییەوە بینی جوان داڕێـژرابوو، پێـی گوتم: خۆزیا ئێمە هەموومان ئـاوا بـە پـوختی و تووێـژ بکـەین و لـەدوای جێگـری سەرۆکیی پەرلەمانی نارد کە ئەوسا خوالێخۆشبوو نەژادی ئەحمەدی عـەزیز ئاغـا بوو، کاك جەوهەر پێی گوت: ئایا پرۆتۆکۆلەکان بەشێوەی ئەدەبی پوخت تۆمـار بکـرێن، یـان هــەر ئەندامــە چـۆنی گرتــووە ئــاوا تۆمــار بکرێـت؟ لەوەڵامــدا خوالێخۆشبوو نەژادی ئەحمەدی عزیز ئاغا فەرمووی (وا راستە هـەر کەسـە چـۆن دواوە، ئاوا تۆمار بکرێت).

ئینجا بڕیاریدا شێوەی قسەو ونوێژەکان دەق وەکـو خۆیـان تۆمـار بکـرێن و کاك جەوهەریش پێی گوتم: بزانە مەجید ئاسنگەریش ئەگەر پێی دەکرێ بـا بێـت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە پەرلـەمان و منـیش چـووم بـۆ لای و بـۆ رۆژی دوایـی ئـەویش هـات و دوای چـەند رۆژێکـیش کـاك مەجیـد ئاسـنگەر، مامۆسـتا کـەمال عەبدولقادری هاوڕێی هێناو بە هەرسێکمان ئەو کارەمان کرد.

## کارکردنم لە پەرلەمانی کوردستاندا

من لە رۆژی ٢/١١/١٩٩٣دا بە گرێبەست لە پەرلەمانی کوردستان دامەزرام و دوو کەسی دیکەش بە هەمان فەرمانی سەرۆك پەلەمان جەوهەر نامیق کە برایان سەرۆ قادر و خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر بوون دامەزران و دوای هەفتەیەك فەرمانی دامەزراندنی مامۆستا کەمال عەبدولقادریش دەرچوو، من لە ٣/١١/١٩٩٣ دەستم لە کارەکەم لە ئەنجوومەنی وەزیران هەلگرت و بە تەواوی کەوتمە سەر پوختەکردن و هەڵەبڕی پرۆتۆکۆلەکانی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە ئەوسا پێی دەگوترا (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان).

من لەو مێژووەی دامەزراندنمەوە تاکو ئەمڕۆ وابووەتە بیست ساڵ بە گرێبەست لە پەرلەمانی کوردستان کاردەکەم، سەردەمێك پرۆتۆکۆلەکانم رێك دەخست و لە دواییدا وەرگێڕانی یاساکانم لە عەرەبی بۆ کوردی و بە پێچەوانەوەش پێ سپێردرا.

زۆر پرۆتۆکۆلمان هەڵەبڕ کرد، چونکە هەڵەی گەورەیان تێدا کرابوو، جاری کارمەندانی کۆمپیوتەر بە چاکی لە چاپ کردنیان رانەهاتبوون، ئێمەش توانیمان لە پاڵ ئەم کارەشمانەوە چەند ژمارەیەك لە رۆژنامەی پەرلەمان دەربچوێنین و بڕیار و یاساکانی پەرلەمانیان تێدا پەخش بکەین.

سەردەمێك خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر بەرپرسی کاروباری پەرلەمان بوو، بەڵام کە کرا بە راوێژکاری راگەیاندنی پەرلەمان، ئازاد دڵزار جێی گرتەوە و دوای ئەویش محمد حەسەن رۆژبەیانی بووە بەڕێوەبەری کاروباری پەرلەمان و منیش بە وەرگێڕ لەوێ مامەوە.

## شەڕی براکوژی و هەڵوێستی دەستەی نوسەر و رووناکبیرانی کوردستان

لە رۆژی (١)ی ئایاری ١٩٩٤دا شەڕی براکوژی لە شاری قەڵادزێ لەسەر شتێکی بچووك هەڵگیرسا کە کێشەیەکی موڵکایەتی نێوانی کوڕی حەسۆ میرخان و چەند کەسێکی دی بوو، چونکە هەردوو زلهێزەکەی کوردستان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بیر و بڕوای حزبایەتییان لەگەڵ یەکدا ناکۆك بوون تا رادەی شەڕی دەستەو یەخە، بۆیە ئەو شەڕە بچکۆلەیەی شاری قەڵادزێ لە ماوەیەکی کەمدا بە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئازاد دا بڵاوبووەوە و ئێمەی دڵسۆزیی کورد و کوردستان کۆمەڵێك بووین تەکبیرمان کرد (بانگەوازێك) دەربکەین و داوا لە هەردوو لایەنی شەڕکەر بکەین بۆ وەستاندنی خوێن رشتنی کورد بە دەستی کورد. لە ئەنجامدا ئەم چەند کەسەمان لەماڵی مامۆستا حەمەکەریم هەورامی کۆبووینەوە و من ئەو بانگەوازەم دوای وەرگرتنی رای هەموویان دارشت و واژۆمان کرد کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

### بانگەوازێك

**بۆ/ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو**

بەناوی شۆرشی ئازادیخوازی نەتەوەیی کورد و بەناوی هەموو خاوەن ویژدانێکی پاك و دڵسۆزی کوردایەتی. بەناوی گیانی ١٨٢ هەزار ئەنفالکراو و قوربانییەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید و بەناوی گیانی ئەو هەشت هەزار بارزانییەی بێ سەرو شوێن کران و لەناوبران.

ئێمە کۆمەڵێك لە نووسەر و رووناکبیرانی دڵسۆزی کوردستان لە شارە دێرینە خۆڕاگرەکەی هەولێر، داواکارین بە زووترین کات هەموو جۆرە دیاردەیەکی چەکداری و کوشتار لەناو کوردستانی باشووری ئازاد کراودا نەهێڵن، چونکە ئێستاکە وڵاتەکەمان بە قۆناغێکی زۆر ناسکدا تێدەپەڕێ و با رژێمی فاشی بەغدا و هەموو دوژمنانی کورد زیاتر پێمان خۆش نەبن و لە کەلێنی ریزەکانی هێزە نیشتمانییەکانمانەوە نەیەنە ژوورەوە و کوردستانی ئازاد کراو داگیر نەکەن.

ئێستاش دەمانەوێ بە کردەوە ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدەین:

١-ئەوەی ئاگری براکوژی لەناو میللەتدا هەڵگیرسێنێ دوژمنی هەرە گەورەی کوردە و دەبێ ریسوا بکرێ.

٢-ماوە نەدەن کەس بیر لە تۆڵە سەندنەوە بکات، چونکە کارەساتی گەورەتری بەدوادادێت.

٣-ئەوانەی بوونەتە هۆی هەڵگیرسانی ئەم فتنەیە و کوشتارە، بە رێگایەکی یاسایی بدرێنە دادگا و بەسزای خۆیان بگەن.

لە کۆتاییدا دەڵێین: هەموومان ئێستاکە لەبەردەم لێپرسینەوەیەکی مێژوویی داین و مێژووش رەحم بە کەس ناکات و ئۆباڵی میللەتی کوردیش لە ئەستۆی ئێوەدایە.

١-کەریم شارەزا

٢-مومتاز حەیدەری

٣-مەجید ئاسنگەر

٤-لەتیف شاکر

٥-عەبدولخالق عەلائەدین

٦–مەدحەت بێخەو

٧–مەولود قادر بێخاڵی

٨–حەمەکەریم هەورامی

٩–تاریق محەمەد سەعید جامباز

١٠–کەمال عەبدولقادر

هەولێر ٦/٥/١٩٩٤

**وێنەیەکی بۆ/**

–حزبە تێکۆشەرەکانی بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستان.

–رۆژنامەکانی کوردستانی ئازاد کراو.

–ئێستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی حزبە کوردستانییەکان و رادیۆی هەرێم.

**تێبینی: دەقی ئەم بانگەوازە لە ژمارە (١٩٣٩)ی رۆژی شەممەی رێکەوتی ٧/٥/١٩٩٤، بەرانبەر بە ١٧ی گوڵانی ٢٦٩٤، لە رۆژنامەی برایەتی بڵاوکراوەتەوە.**

ئێمەی نووسەر و رووناکبیرانی هەولێر هەر بەوەندە نەوەستاین، بەڵکو کۆمەڵێکی زیاتری رۆشنبیران بۆ وەستاندنی شەڕە خۆکوژییەکە بیرمان لە کارێکی تر کردەوە، من گوتم برووسکە بۆ مام جەلال و کاک مەسعوود بارزانی بنێرین بۆ راگرتنی ئەو شەڕە خۆکوژییە، کەچی کەسی وامان لەگەڵدا بوو، یەك لەوانە دکتۆر فەرهاد پیربال بوو، گووتی: واچاکە گەڤ ئەوە لە شەڕکەران بکەین، ئەگەر شەڕەکە رانەگرن خۆمان بسووتێنین!! هەرچەندە من و خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر و مەولوود بێخاڵی و کەمال عەبدولقادر گوتمان ئەمە کارێکی

نادروستە و ئێمە لەگەڵ ئەم رایە دانین و دەمانەوێ بە برووسکە ناردن بۆ هەردوو سەرۆك چارەسەری بکەین، بەڵام بەداخەوە هەندێ کەس پشتگیرییان لە رایەکەی دکتۆر فەرهاد پیربالّ کرد و رۆژی ١٩٩٥/١/٢٤ دانرا بۆ خۆسووتاندنەکە، لەدوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە دیاری کراوەدا لەبەر دەرگا و گۆڕەپانی پارێزگای هەولێر خەڵکێکی یەکجار زۆر کۆبوونەوە، ئێمەش ئامادەبووین و ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە ئامادە کراو دکتۆر فەرهاد لەسەر شانان نراو هاواری دەکرد ئەگەر شەڕەکە نەوەستێ خۆمان دەسووتێنین، لەو دەمەدا وەڵامی هەردوو بەڕێزان کاك مەسعود و مام جەلال گەیشت کە هەریەکە دەیگوت ئەگەر لایەنەکەی دیکە شەڕ راگرێ ئێمەش رای دەگرین و بەم چەشنە ئەو سیناریۆی خۆسووتاندنە بە سەلامەتی کۆتایی هات و من و چەند برادەرێکی وەك خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر گوتمان جارێکی تر ریشی خۆمان نادەینە دەست کەسی سەرەڕۆی سەرگەرم.

ماوەیەك شەڕی ناوخۆ سستی تێکەوت و تا رادەیەك وەستا، بەڵام لە پڕێکدا لە رۆژی ١٩٩٤/١٢/١٤ دەستی پێکردەوە و تەشەنەی کرد و لە رۆژی ١٩٩٤/١٢/١٨، هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بارەگا و هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان لە شەقڵاوە و ناوچەکە وەدەرنا و شەڕی ناوخۆ بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە و پەرلەمانی کوردستانیش هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەو شەڕە خۆکوژییە نەگریسە دەربڕی و هەوڵێکی زۆریدا بۆ وەستاندنی، بەڵام لایەنە شەڕکەرەکان هەر بەردەوام بوون لەسەر کردارەکەیان و بۆ رۆژی ١٩٩٥/٥/٣ هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستیان بەسەر پەرلەماندا گرت و پەرلەمانتارانیش هەر بەردەوام بوون لەسەر هەوڵەکەیان بۆ راگرتنی شەڕەکە و وابوو ٥٩ پەرلەمانتار لە پێناوی نەهێشتنی گرفتەکە لە

(١٩٩٤/١٢/٢٣)ەوە کەوتنە پەناگیری و لە بارەگای پەرلەمان مانەوە و پەناگیرییەکە ١٠٣ رۆژی خایاند و تاکو رۆژی ٤ی نیسانی ١٩٩٥ بەردەوام بوو، کەچی شەڕەکە نەوەستا، وابوو لەو رۆژەدا سەرۆکی پەرلەمان خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق سالیم تەلاری پەرلەمانی جێ هێشت و رووی کردە مەسیف سەلاحەددین.

لە رۆژی ١٩٩٤/٥/٢٥دا هەردوو دۆستی میللەتی کورد (خاتوو دانیال میتران)ی هاوسەری فرەنسوا میترانی سەرۆك کۆماری ئەوسای فەڕەنسا لەگەڵ بیرنارد کۆشنەر لە بانگەوازێکدا داوایان لە مام جەلال و کاك مەسعود کرد شەڕی ناوخۆی کوردستان بوەستێنن و لە هەمان کاتیشدا وێنەی بانگەوازەکەیان پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی کوردستان کرد، کەچی بێ سوود بوو و شەڕەکە هەر بەردەوام بوو، بۆ ماوەیەك، کەمێك دامرکایەوە، بەڵام هەردوو لا لەبیانوو دەگەڕان شەڕەکە سەرهەڵداتەوە، وابوو لە ١٩٩٤/١٢/١٤ شەڕ دەستی پێکردەوە و وەك باسمان کرد لە ١٩٩٤/١٢/١٨دا هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان شەقلاوەیان لە بارەگا و هێزەکانی یەکێتی پاك کردەوە و کوردستانی ئازاد کراو بووە دوو بەش و دوو حکوومەتی ناوخۆی ئیدارەی هەولێر و ئیدارەی سلێمانی و منیش لەسەر ئەو کارەساتە نەتەوەییە زنجیرەیەك هۆنراوەی سیاسیم دانا، لەوانە هۆنراوەیەك بوو بەناوی (پانۆرامای براکوژی) کە لەبەشێکیدا دەڵێم:

**لەسەر پارەی باج و خەراج**
**چارەنووسی کوردستانیان**
**لەدەلاڵخانەی مێژوودا**
**کردە هەراج**

**لە هەر لایە**

**بوو بە پێشبڕکێی چەکداری و**

**لەشکرکێشی و بەیەکدادان**

**بوو بە شەڕی براکوژیی**

**مان و نەمان**

**وایان زانی ئەم کارەیان**

**زۆر ڕەوایە**

**شەڕی حەقە و**

**شۆڕشی بیرو بڕوایە**

**وەك دوژمنی بابەکوشتە**

**یەکیان قڕ کرد**

**خوێنی گەشی یەکیان فڕ کرد ! !**

سنووری نێوان حکوومەتی هەولێر و حکوومەتی سلێمانی (دێگەڵە) بوو، کاتێك کە پارتی دەستی بەسەر (کەسنەزان)دا گرت، یەکێتی کە هەولێری کەوتبووە دەست بە ڕێگەی بیستانە–بەستی شەڵغە–دێگەڵە–کۆیە هاتوچۆی بۆ سلێمانی دەکرد. پارتیش لە مەسیف سەڵاحەددینەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و بادینانی لەبەر دەستدابوو، لێرەدا یەکێتی بێجگە لە رووی سیاسییەوە، لە رووی ئابووریش زیانی پێ گەیشت، چونکە داهاتی کوردستان لە ئیبراهیم خەلیل و حاجی ئۆمەراندا لەدەست پارتی بوو، کەچی یەکێتی ئەو داهاتەی نەبوو، ئێمە کارمەندانی پەرلەمانی کوردستان دوو مانگ مووچەی مانگانەیان پێنەدراین، تەنانەت زانکۆی سەڵاحەددینیش هەرچەند لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتیدا بوو، کەچی مووچەی دکتۆر و کارمەندانی پێ نەدەدرا، بۆیە لە مەسیفەوە پارتی مووچەکەی

دابین دەکرد و بۆی دەناردن.

ئەو پانۆرامایەی شەڕی براکوژی تا دەهات قووڵتر دەبوو تاکو مامۆستا (عەزیز محەمەد)ی سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی کەوتە نێوانیان و پێی سەلماندن دەبێ بە ڕێگایەکی ئاشتییانە ناکۆکییەکانی نێوانی یەکێتی و پارتی چارەسەر بکەن، وابوو هەردوولا شاندیان لە ئاستێکی بەرز دامەزراند بۆ گفتوگۆکردن لەپێناوی گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەکی بنبڕ بۆ ناکۆکییەکان، چەندان جار هەردوو شاندەکە دەمێك لە شەقڵاوە و دەمێکیش لە کۆیە کۆدەبوونەوە، کەچی چ ئەنجامێکی ئەرێنی نەبوو.

دەوڵەتە دۆستەکانی کورد بە پەرۆشەوە سەیری ئەو شەڕەی ناوخۆی کوردستانیان دەکرد و لەسەر داوای ئەو دەوڵەتانە سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی دەمێك لە تورکیا و دەمێکیش لە ڕۆژی ١٩٩٥/٩/١٢ تاکو ١٩٩٥/٩/١٥ شاندەکانیان لەشاری (دبلن)ی پایتەختی ئێرلەندە کۆبوونەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك بۆ بنبڕ کردنی شەڕی ناوخۆ، کەچی لە ئەنجامدا کێشەکە هەر چارەسەر نەکرا.

لە ڕۆژی ١٩٩٥/١٠/١٢یشدا شاندێکی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی (ڕۆبەرت دویچ) گەیشتە کوردستان بۆ وەستاندنی شەڕەکە و چارەسەرکردنی کێشەکە بە ڕێگایەکی ئاشتییانە، کەچی دیسان لە ئەنجامدا بێ سوود بوو.

لە شەوی ١٦ لەسەر ١٧ی ئابی ١٩٩٦ بۆ جاری سێیەم شەڕ لەنێوان هێزەکانی پارتی و یەکێتی هەڵگیرسایەوە و ئێران دەستی لەو هەڵگیرسانەوەیەدا هەبوو، وەك کاردانەوەیەك پارتی داوای هاوکاری سەربازی لە حکوومەتی عیراق کرد هەر بۆیە لە ٣١/ ئابی/١٩٩٦ هێزەکانی پارتی بەهاوکاری سوپای عیراق هێرشیان هێنایە سەر شاری هەولێر و هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وردەوردە شاریان چۆڵ کرد هەولێر کەوتە بەردەستی پارتی دیموکراتی

کوردستان.

دوای چەند رۆژێك ئەندامانی پەرلەمان کە لەپارتی و هاوپەیمانانی لە تورکمان و مەسیحی و چەند ئەندامێکی یەکێتی کەلە هەولێر مابوونەوە پێك هاتبوو یەکەم کۆبوونەوەیان لە مزگەوتی گەورەی شاری شەقلاوە، ئەنجام دا و تیایدا تەمەنی پەلەمانیان درێژ کردەوە، وە ئێمەی کارمەندی وەرگێڕان بڕیار و یاساکانی پەرلەمان کەوتینیەوە سەر وەرگێڕانی یاسای نوێ لە عەرەبی بۆ کوردی.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم شەڕە ناوخۆییە وێرانکەرەی کوردستانی ئازاد کراو ۆزر سەغڵەت بوو، داوای لە هەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی کرد، شاندیان بنێرن بۆ ئەمریکان وابوو لەوێ بە چاودێری و ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خاتوو مادلین ئۆلبرایت کۆبوونەوە و گەیشتنە چارەسەرێکی بنبڕ بۆ نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی، وابوو لە هەولێر وەزارەتی سێیەم بە سەرۆکایەتی دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس لە رۆژی ١٩٩٦/٩/٢٦دا دامەزرا و سوێندی یاساییان لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان خوارد.

ئەمریکا هەر بەردەوام بوو لە نزیك کردنەوەی هەڵوێستی هەردوو لای شەڕکەر تاکو وای لێهات لە رۆژی ٢٠٠٢/٩/٨ رێککەوتننامەیەك لەنێوان سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بە ئامادەبوونی بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود بارزانی لە مەسیف سەلاحەددین بە هەردوو فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی و لیستی مۆر لە هۆڵی پەرلەمان کۆببێتەوە، وابوو لە رۆژی ١٠/٤ بەپێی رێککەوتننامەکەی سەلاحەددین، پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێزان مەسعوود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی و مەدام میتران بە هەردوو فراکسیۆنی زەرد و سەوز و لیستی مۆر کۆبووەوە و تەمی براکوژی لەسەر دڵی میللەتی کورد سڕایەوە.

# پاشکۆ

ئـا لێـرەدا بیرەوەرییـەکانی شـارەزای بـاوك کۆتـایی دێـت کەلەخوێندنـەوەی دەردەکەوێت لەساڵی لەدایك بـوونی لـە ١٩٢٨ەوە دەسـت پێـدەکات تـا کۆتـایی ساڵی ٢٠٠٢ کۆتایی دێت، ئەو ساڵەی کەدۆخی هەرێم بەرەو سەقامگیری هەنگاوی دەنا و ئابووری وڵات بەرەو بووژانەوە دەڕۆیشت و ئـەوەی کـەبووە مایـەی زیـاتر دڵخۆشبوونی شارەزا روخانی رژێمی فاشی بەغدا بـوو لەنیسـانی ٢٠٠٣ و هاتنـە کایەی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوا (مجلس الحکم) بـەبڕیاری فـەرمانڕەوای سـەربازی ئـەمریکا کەلـە (٢٥) کەسـایەتی پێـك هـاتبوو و لەنێوانیانـدا چـەندین کەسـایەتی کـوردی لـەخۆگرتبوو و ئـەوەی بـووە مایـەی وەچـەرخانێك بـۆ گـەلی کـورد نووسـینەوەی دەسـتووری نـوێی عێـراق بـوو کـەکورد بەشـداریەکی کـارای لەنووسـینەوەیدا کـرد و دوای پێکهێنـانی حکومـەتی نـوێی عێـراق کەسـەرەڕای چەندین پۆستی بەرز و وەزارەت بەر کورد کەوت. بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی وەك یەکەم سەرۆك کۆماری کورد دەستنیشان کرا.

لەلایەکی ترەوە هەڵبژاردنی دووەمین خولی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا و کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم دەستبەکار بوو کەپێکهاتبوو لەزۆربەی لایەنە کوردستانییەکان و لەنێو پەرلەمان بەڕێز مەسعود بارزانی وەك سەرۆکی هـەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد، ئەو رووداوانـە بوونـە مایـەی ئاسـوودەبوونی دڵ و دەروونی شارەزای باوك و هانی دا کەبەگوڕتینێکی بەهێز روو بکاتە نووسین و لێکۆڵینەوە و لەو ماوەیـەدا تـوانی (٥) بەرهـەمی بـەپێز پێشـکەش کتێبخانـەی

کوردی بکات. سەرەڕای سەدان بابەت و ناونیشان لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە کەسەرەکیترین ناونیشانی بابەتەکانی یادکردنەوەی ئەدیب و نووسەر و کەسایەتییەکان بوو.

بەڵام بەداخەوە باری تەندروستی بواری نەدا کەماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت، سەرەتا چاوەکانی بەرەو کزی دەچوون و لەساڵی ٢٠٠٩ نەشتەرگەری چاوی لەهەولێر بۆ ئەنجامدا، بۆ ساڵی دواتر هەروەك پێشتر باسمان کرد دەستی ڕاستی لەکار کەوت و لەمانگی (٥)ی ٢٠١١ نەشتەگەری دەستی ڕاستی بۆ کرا.

لەساڵی ٢٠١٤ دووبارە چاوەکانی زۆر کز بوون و بەو مەبەستە دوو نەشتەرگەری لەتارانی پایتەختی ئێران بۆ ئەنجام درا، دوای گەڕانەوەی باری تەندروستی بەرەو باشی دەڕۆیشت بەڵام بەداخەوە لەرۆژی ٢٠١٤/١١/٨ لەئەنجامی کەوتنیدا تووشی خوێن بەربوونی مێشك بوو و نەشتەرگەریەکی قورسی بەپەلەی لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوای هەولێر بۆ ئەنجام درا و بەسوپاسەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی و پزیشك و کارمەندانی نەخۆشخانەکە گرنگیەکی باشی پێ درا و لەماوەی مانەوەی لەنەخۆشخانەدا چەندین کەسایەتی حکومی و حیزبی سەردانیان کرد، بۆ ماوەیەك دوای دەرچوونی لەنەخۆشخانە باری تەندروستی جێگیر بوو بەڵام بەداخەوە لەبەهاری ٢٠١٥ دووبارە نەخۆشی تەنگی پێ هەڵچنی و سەرەڕای سەردانی کردنی چەندەها ناوەندی پزیشکی حکومی و ئەهلی نەتواندرا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و سەرەنجام لەکاتژمێر (١٢) و بیست و پێنج چرکەی شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ی ئایاری ٢٠١٥ شارەزای بلیمەت ماڵئاوایی لەئێمە و خزم و کەس و رۆشنبیران و تەواوی گەلەکەمان کرد و لەسەر راسپاردەی خۆی لەگۆڕستانی دەروێش خدری شاری کۆیە بەخاك سپێردرا و بۆ ماوەی دوو رۆژ پرسەیەکی گەرم و گوڕی لەمزگەوتی سەوافی

شاری هەولێر بۆ ئەنجام درا بەبەشداری خەڵکانێکی زۆر لەئەدیب و نووسەر و رۆشنبیر و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان و دامەزراوە حکومیەکان و خزم و دۆست و برادەران لەشارەکانی هەولێر و کۆیە و سلێمانی و شەقلاوە و چەندین شوێنی تر و بەدەیان بروسکە و پەیوەندی تەلەفۆنیمان پێگەیشت کەلەنێوانیاندا بروسکەی سەرەخۆشی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و پەیوەندی تەلەفۆنی دکتۆر فوئاد معسوم سەرۆك کۆماری عێراق بوون. ئێمەش وەك بنەماڵەی شارەزا بەو کۆستە زۆر خەمبار بووین و سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر کۆچی دوایی باوکمان هەست بەبوونی بۆشاییەکی زۆر گەورە دەکەین لەژیانماندا کەبەکەس پڕ نابێتەوە، هەربۆیە باشترین وەفاداری بۆ ئەو باوکە مەزنە ئەوەیە کەخۆمان بەبەرپرسیار دەزانین کەپەیامەکەی تەواو بکەین و هەوڵ بدەین دەستنووسەکان بەچاپ بگەیەنین سەرەتا توانیمان لەساڵی (٢٠١٦) سەرجەم شیعرەکانی بەناوی (دیوانی شارەزا) لەدوو توێی پەرتووکێکی (٤٠٠) لاپەڕەیی بەچاپ بگەیەنین و پێشکەشی ئەدیب و رۆشنبیر و کتێبخانەی کوردی بکەین، وا ئەمجارەیان بیرەوەرییەکانیتان بۆ دەکەینە دیاری دڵنیاتان دەکەینەوە کەبەرهەمی تریشی بەچاپ بگەیەنین، سەرەڕای ئەو کارە لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا چەندین چالاکیمان ئەنجام داوە لەوانە:

– لەرۆژی ٢٠١٥/٧/٢ بەهاوکاری یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر یادی چلەی ماتەمینی شارەزا لەهۆڵی مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا ئەنجام درا کەسەدان کەس ئامادەبوون.

– لەبەهاری ٢٠١٦ ئەرشیفی شارەزا لەیەکێك لەهۆڵەکانی مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر کرایەوە.

– لەبەرواری ٢٠١٦/١٠/١٩دا بەهاوکاری (مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر) و بەبەشداری دەیان کەسایەتی حکومی و نووسەر و رۆشنبیران (دیوانی شارەزا) دابەش کرا.

– لەدووەمین سالڕۆژی کۆچی دوایی شارەزا لە ٢٠١٧/٥/٢٣ سەر لەبەیانییەکەی لەسەر گۆڕەکەیدا لەشاری کۆیە یادەکەی کرایەوە بەبەشداری خزم و کەس و دۆستانمان و چەندین کەسایەتی شاری کۆیە لەنێوانیاندا بەڕێز کاک رەهبەر سەید ابراهیم کەبەوتار خوێندنەوە و دانانی چەپکە گوڵینە بەشدارییەکی بەرچاوی کرد.

ئێوارەی هەمان رۆژ لەهۆڵی زەیتونی کتێبخانەی گشتی هەولێر و بەهاوکاری یەکێتی نوسەرانی کورد/ لقی هەولێر ئەو یادە کرایەوە و چەندین بابەتی بەپێز پێشکەش کران.

– لەسێیەمین سالڕۆژی کۆچی دوایی شارەزادا رێکخراوی چەتر بۆ گەشەپێدان کەلەکۆیە دەست بەکارە چالاکیەکی لەسەر گۆڕەکەی ئەنجامدا، زۆر بەڕێزەوە باسی شارەزا و دەوری خۆی و بنەماڵەکەی لەرووی خەبات و روناکبیریدا کرد، چەندین بەڕێوەبەر و بەرپرسی دەزگا حکومی و حیزبییەکانی شاری کۆیە بەشداریان تێدا کرد.

نابێ ئەوەش لەیادکەین کەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان قوتابخانەیەکی نوێی لەناو شار ناو نا بە (قوتابخانەی کەریم شارەزا) کەمایەی رێز و سوپاسی ئێمەیە.

لەکۆتاییدا سوپاسو رێزی بێ پایانم بۆ ئامۆزای خۆشەویستمان کاکە ئازاد دڵزار کە هاوکارمان بوو لە ئامادەکردنو بەچاپ گەیاندنی ئەو بەرهەمە.

# ئەلبوومی وێنەکان




**قوتابیانی قوتابخانەی دووەمی کۆیە ١٩٣٣/١٠/١**




**قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە تشرینی یەکەمی ١٩٣٩**



ئەحمەد دلزار برا گەورەی شارەزا ١٩٥٤/٧/١٨



عائشە عەبدولعەزیز دایکی شارەزا



**حکیمە مستەفا و خدیجە مستەفا (فریشتە)**

**خوشکانی شارەزا**




**لەگەڵ کۆمەڵێك لەخوێندکارانی خانەی مامۆستایان لەبەغدا ئەوانەی ناسراون لەریزی پێشەوە لەدەستە راستەوە کەمال رەشید حویزی- عەلی عەبدوڵڵا هەورامی- کەریم شارەزا- بولس گورگیس ١٩٤٩**




لەراستەوە مامۆستایان م کمال صادق- جلال حویز حویزی- تاهیر احمد حویزی- شارەزا- غریب مستەفا- معتصم عبدالمجید- عبدالله کاکە- بلال بهاءالدین- عبدالله احمد، ١٩٥٩/٩/٢٢ کۆیە



دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی ئولای کۆیە سالی پەنجاکان



وێنەی دەرچووانی خانەی مامۆستایانی بەغدا– ئەعزەمیە بۆ ساڵی ١٩٤٩–١٩٥٠



لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی شاری کۆیە / ساڵی شەستەکان

لەچەپەوە عەبدوڵڵا تەها– شارەزا– دانیشتووی یەکەم پەرستار خاتوو مریەم




یانەی فەرمانبەرانی کۆیە ١٩٥٩/٩/١٥

لەچەپەوە یەکەم مامۆستا عەبدولخالق عەلائەدین– شارەزا...... زاهیر رەشید

وێنەگر عەلی رابی رەش



شارەزا و پشتیوانی کوڕە گەورەی
١٩٥٧ کۆیە



کۆیە ماڵی مستەفا حەوێزی
لەراستەوە دلزار- شارەزا- ئازاد
دلزار- ئاوات- ئامانج- خەبات-
کامەران- بەهار- پشتیوان- بارزان
هاوینی ١٩٦١



**هەولێر ١٩٦٠/٨/١٥**

**بەبەشداری وەزیری معاریف زەعیم روکن (ئیسماعیل عارف) کردنەوەی دووەمین کۆنگرەی مامۆستایانی کورد**



**کۆنگرەی دوەمی مامۆستایانی کورد شەقلاوە کەئێستا ناوی نراوە کاوێس**




کۆنگرەی دووەمی سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عێراق

١- کەریم شارەزا . ٢- نەجیب محێدین (نەقیبی مامۆستایان). ٣- مێشیل غەریب (نەقیبی مامۆستایانی لوبنان) . ٤- حەربی جەلال (نەقیبی مامۆستایانی تونس ١٩٦٠/٢/٢٤



دووەمین کۆنگرەی مامۆستایانی کورد/ شەقلاوە ١٩٦٠/٨/١٦

لەراستەوە عومەر عەلی ئەمین- شارەزا- حوسین عارف- ناهیدە شێخ سەلام- نەناسراو- محمد مولود مەم



وێنەیەکی خێزانی شارەزا ١٩٦٢ (شەترە)



قوتابخانەی رەبیع ١٩٦٢/٤/٢٢



شەترە

لەراستەوە ئازاد دلزار- شارەزا- محمد علی دزەیی- عبداللە تەها- تقی الدین قادر- ئازاد محمد علی- کامەران شارەزا- پشتیوان شارەزا- بارزان شارەزا- ئازاد و نەوزاد تقی الدین

١٩٦٤/٤/٢٣



دیمەنی مامۆستایانی قوتابخانەی فەراج

مەخمور ١٩٦٧




**دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی کۆڕەك**

**هەولێر ١٩٧١/٤/٢٧**



**لەسەر گۆڕی وەزیر نافز جلال حویزی**

**١٩٧٢/٧/١٤**




**یادی بەیاننامەی ١١ی ئادار**

**یەکێتی نووسەرانی کورد/ هەولێر ١٩٧١/٧/١١**



**دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی هەڵگورد**

**١٩٧٣/٤/٣**



قوتابخانەی هەڵگوردی سەرەتایی
١٩٧٣/٤/٣



یادی کۆچی دوایی عبدالجبار ئاغا دۆغرەمەچی ناسراو بەکانی (١٩٧٧)



لەراستەوە شارەزا- م.عیزەدین فەیزی- د. عەبدوڵڵا حەداد



کۆڕێکی رۆشنبیری هەولێر ساڵی هەشتاکان
شارەزا لەنێوان مەدحەت بێخەو و تەڵعەت سامان



**لەراستەوە ئەحمەد هەردی – کەریم شارەزا**
**١٩٨١/١١/٦**



**شەقلاوە**
**لەراستەوە عبدالخالق سەرسام– شارەزا– محمود زامدار– پیربال محمود– مەدحەت بێخەو ١٩٧٨/٩/١١**



ڕێوڕەسمی دابەشکردنی ڕۆمانی (ئاگرین بن کا)ی م. سەعید ئاکام



کەریم شارەزا  لەگەڵ د. جەلیلی جەلیل  ڕۆژنامەی برایەتی ١٩٩٩/٤/٢٦



پەرلەمانی کوردستان ۱۹۹۹



دلزار– فریشتە– شارەزا



لەراستەوە شارەزا= دلزار– مەجید ئاسنگەر



کۆبوونەوەی بنەماڵەی حەوێزیان لەهەولێر



وێنەیەکی خێزانی/ هەولێر– رووناکی



باڵەخانەی پەرلەمان
لەگەڵ هونەرمەندی گەورە
مەزهەری خالقی
٢٠١٣/٤/٥



**چلەی ماتەمینی مامۆستا تاهیر حەوێزی**

**د. مارف- شارەزا**




**لەراستەوە قادر بەشدار- شارەزا- وووریا ئەحمەد**



بارەگای گۆڤاری رامان
ئازاد عبدالواحد- کەریم شارەزا-
محمود زامدار
٢٠٠٤/١٠/١



سلیمانی- سەرچنار لەگەڵ ژمارەیەك نووسەرو رۆشنبیران ١٩٩٨/٤/٢٦




لەراستەوە عبدالرقیب یوسف- شارەزا- دلزار- باکوری



چلەی رۆژی کۆچی دوایی خیریە عبدالرحمن هاوسەری شارەزا

کۆیە/ دەروێش خدر نیسانی/ ٢٠١٣



**٢٠١٤/٣/١٠ یەکەمین ساڵیادی کۆچی دوایی**

**خیریە عبدالرحمنی هاوسەری شارەزا (کۆیە)**



**شارەزا و دابین کامەران**

**نزیک گوندی سەرکەند دەوروبەری شەقڵاوە - نیسانی/ ٢٠١٢**



**نیسانی ٢٠١٤**

**بەنداوی جەلی**



**تاران ٢٠١٤/٨/٢٩**



تاران/ نەخۆشخانەی میهر
شارەزا– نازم عمر دباغ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان  لە(ئێران)
٢٠١٤/٩/٢



٢٠١٤/١٠/٤
یەکەم رۆژی جەژنی قوربان



سەردانی هەرسێ بەڕێزان قوباد تاڵەبانی– د. ڕێکەوت حەمەرەشید
وەزیری تەندروستی– د. سامان بەرزنجی ب.گ. تەندروستی هەولێر،
نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا ٢٠١٥/١١/١٨



نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا
سەردانی بەڕێز موحسین دزەیی – ٢٠١٤/١١/٢٠




کۆڕی چلەی ماتەمینی شارەزا
هەولێر/ هۆڵی سەعد عەبدوڵلا- ٢٠١٥/٧/٢



لەپەراوێزی چلەی ماتەمینی شارەزا
٢٠١٥/٧/٢




**پێشکەشکردنی وتاری بنەماڵە لەلایەن بارزان شارەزا**

**چلەی ماتەمانی شارەزا**

**هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا ٢/٧/٢٠١٦**




**سۆران شارەزا**

**لەبەردەم قوتابخانەی کەریم شارەزا/ هەولێر**

**پاییزی ٢٠١٥**



مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر
ئەرشیفی شارەزا – بەهاری ٢٠١٦



ئامادەبوونی بەڕێز عەزیز محمد لەرێوڕەسمی دابەشکردنی دیوانی شارەزا
مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر- ٢٠١٦/١٠/١٩




**ووتاری بەڕێز مومتاز حەیدەری لەرێورەسمی دابەشکردنی دیوانی شارەزا**

**٢٠١٦/١٠/١٩**




**ووتاری بەڕێز حەمە کەریم هەورامی لەرێورەسمی دابەشکردنی دیوانی شارەزا**

**٢٠١٦/١٠/١٩**




کامەران شارەزا پێشکەشکردنی ووتاری بنەماڵە
٢٠١٦/١٠/١٩



ووتاری بەڕێز پشتیوان صادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان
لەرێورەسمی دابەشکردنی دیوانی شارەزا ٢٠١٦/١٠/١٩



**مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر**

**دلزار لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەیان**

**٢٠١٦/١٠/١٩**




**دووەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی شارەزا**

**گۆڕستانی دەروێش خدر – ٢٠١٧/٥/٢٣**




**کەریم شارەزای ئەمرو**

**سۆرانی جوانە مەرگ**

**٢٠١٣/٣/١٠**




**بەڕێز رهبەر سید ابراهیم**

**٢٠١٨/٥/٢٣**

**گۆڕستانی دەروێش خدر**




**یادکردنەوەی سێیەمینساڵرۆژی کۆچی دوایی شارەزا لەلایەن رێکخراوی چەتر بۆ گەشەپێدان**

**کۆیە ٢٠١٨/٥/٢٣**


گڵکۆی
شاعیر و نووسەر و روناکبیری کورد
کەریم شارەزا

**ناوەرۆك**


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| چاو هەڵێنانی ژیانم | ٦ |
| بیرەوەرییەکی تاڵ لە ڕۆژێکی خۆشدا | ١٢ |
| یەکەم هەنگاوی گەشتی خوێندنم | ٢١ |
| دووەم هەنگاوی خوێندنم و trووسکەی هەستی نەتەوەییم | ٢٩ |
| لەناوەڕاستی تشرینی دووەمی سالی خوێندنی ١٩٣٩–١٩٤٠ | ٣٦ |
| یەکەم وانەی نیشتمان پەروەریم | ٣٩ |
| گەڕانەوەم بۆ قوتابخانەی یەکەمی کۆیە و یەکەمین بیرەوەرییم لەگەڵ دڵداری شاعیر و سیاسیدا | ٤٤ |
| یەکەم بیروەرییم لەگەڵ دڵداری شاعیر و سیاسی کورددا | ٤٨ |
| بیرەوەرییەکانی قۆناغی خوێندنی ناوەندیم | ٥١ |
| چۆن سالی ١٩٤٥ نەورۆزمان کرد | ٥٣ |
| مانۆرێکی سوپای عێراق لە شاری کۆیەدا | ٥٦ |
| خوێندنی پۆلی سێیەمی ناوەندیم و ڕووداوە گرنگەکانی ئەو ساڵە | ٥٩ |
| دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان و دەنگدانەوەی لە کۆیە | ٦١ |
| ڕووداوی دووەم سازدانی ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٤٦ | ٦٣ |
| بیرەوەرییەکانی سەردەمی خوێندنم لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەغدا | ٦٧ |
| دانیشتنێك لەگەڵ حوزنی موکریانیدا | ٧١ |
| منی خوێندکاری خانەی مامۆستایان و لاپەڕەیەکی شاردراوە لە ژیانی هەژاری موکریانیدا | ٧٥ |
| ڕاپەڕینی نیشتمانی عیراق و گۆڕانکارییەکی تەواو لە بیروباوەڕی سیاسیمدا | ٧٩ |
| دوو گرفتی سامناك لە ژیانی خوێندکاریی مندا | ٨٤ |
| من و ئەو ئەفسەری کوردپەروەر عەقید ئەمین ڕەواندزی و یادەوەرییەکی بەسوود | ٨٩ |
| دەستپێکی کاروانی ژیانی مامۆستاییم | ٩٣ |
| ڕاپەرینە نیشتمانییەکەی تشرینی دووەمی ١٩٥٢ی گەلی عیراق | ٩٦ |
| دەورم لە ڕێکخستنی حزبی شیوعی عیراقدا | ٩٨ |
| هەڵبژاردنەکەی ١٩٥٣/١/١٧ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە کۆیە | ١٠٠ |
| ژیانی هاوسەرگیریم و هەندێ ڕووداوی سیاسی | ١٠٥ |
| جموجوولی ئەمریکا بۆ دامەزراندنی پەیمانی بەغدا | ١٠٧ |
| هاتنی باڵوێزی ئەمریکا بە نهێنی بۆ شاری کۆیە | ١٠٨ |

| | |
|---|---|
| هەڵوێستی حزبی شیوعی بەرامبەر سەردانەکەی باڵیۆزی ئەمریکا بۆ کۆیە | ١٠٩ |
| هەڵوێستی حزبی شیوعی عیراق بەرامبەر بە پەیمانی بەغدا (سەنتۆ) | ١١٠ |
| رزگاربوونم لە کێشەیەکی ترسناک | ١١٢ |
| شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دەرگایەکی نوێ بوو لەبەردەم کاروانی ژیانمدا | ١١٥ |
| بەشداری کردنم وەك نوێنەری مامۆستایانی کۆیە لە کۆنگرەی یەکەمی سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عێراقدا | ١٢٠ |
| دیدەنی بارزانی نەمر لە بەغدا | ١٢٦ |
| چالاکییەکانم لە سەندیکای مامۆستایاندا | ١٢٨ |
| بەشداریکردنم لە رێکخراوی یەکێتی گەنجان و لاوانی دیموکراتی کوردستاندا | ١٣٩ |
| دوورخستنەوەم بۆ خوارووی عیراق | ١٥٠ |
| یەخەگیر بوونم بە رووداوێکی ترسناک | ١٥٩ |
| رووخانی حکوومەتی یەکەمی بەعس | ١٦٢ |
| باری عیراق دوای نەمانی حوکمی یەکەمی بەعس | ١٦٤ |
| گەشتێکم بۆ ناحیەی دەوایە | ١٦٦ |
| گەڕانەوەم بۆ پارێزگای هەولێر | ١٧٧ |
| گەرانەوە بۆ پارێزگای هەولێر دوای دوورخستنەوەم بۆ خوارووی عیراق | ١٧٩ |
| پرۆسەی خوێندنی کوردی لە سایەی رژێمی بەعسدا | ١٨٦ |
| من و یەکێتی نووسەرانی کورد | ١٨٩ |
| هەوڵ و کۆشش بۆ دامەزراندنی لقی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر | ١٩٥ |
| دەستەی دووەمی بەرێوەبردنی لقی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر | ٢٠٩ |
| کێشەی نێوان حزبی بەعس و یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر | ٢٢٣ |
| کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا | ٢٢٨ |
| یەکێتی نووسەرانی کورد خولی دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ | ٢٣٦ |
| راپەڕینە مێژووییەکەی جەماوەری کوردستان لە بەهاری ١٩٩١دا | ٢٥٤ |
| پاشکۆ | ٢٧٠ |
| ئەلبوومی وێنەکان | ٢٧٥ |
| ناوەرۆك | ٣١١ |

## بۆ مەرگی کەریم شارەزای برام

بە مەرگی کەریم شارەزای برام
لە هەموو شادی ژیان دابڕام

کەریم کەسێ بوو هێمن و سەنگین
خاوەن قەڵەمی بەکار و ڕەنگین

ڕۆژنامەنووس بوو بە هەردوو زمان
کوردی و عەرەبی بێ سستی و دامان

دیوانی شیعری بەهێز و پێزە
زۆربەی چامەکان شادی ئەنگێزە

بیست و سێی پێنجی پانزدە و دوو هەزار
کۆچی دوایی کرد (شارەزا)ی هۆشیار

هەزاران درود هەزاران سەلام
لە گیانی پاکی شارەزای برام

**ئەحمەد دڵزار**
**٢٠١٨**